تد.وير ابو عبد الرحمن الكردي

کوردۆلۆژی

www.iqra.ahlamontada.com
منتديات اقرأ الثقافي



لێکۆڵینەوەیەکی
سایکۆ سۆسیۆلۆژییە
لەمەڕ کۆمەڵگای کورد

نووسینی
ڕەحیم سابیر

چاپی دووەم
2005

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

ناوەڕۆك

١. پێشەكیەكی كورت.
٢. پێكهاتەی كۆمەڵگا و چەمكی دەسەڵات
٣. فاكتەرەكانی دروست نەبوونی دەوڵەتی كوردی
٤. كۆمەڵی مەدەنی لەبەر ڕۆشنایی چەمكە جیاوازەكاندا
٥. بە مەدەنی كردنی كوردەواری
٦. خێڵ و سیستمی خێڵ
٧. كەسایەتی كورد لەنێوان گرنگێتی و ڕاستەقینەدا
٨. بیناكردنەوەی كەسایەتی كورد دوای بەسەر چوونی مێژوو
٩. هەست و نەست لای كورد
١٠. پرۆسەی بوون بە مرۆڤ
١١. فاكتەرەكانی دروست نەبوونی كەسێتی نەتەوەیی كورد

پێشەکیەکی کورت:

دەتـوانم بڵێم ئـەم کتێبـە بەدەروازەیـەك دابنێـم بـۆ لێکۆڵینـەوە لەمـەڕ کۆمەڵگای کورد، لێکۆڵینەوەیەکی رامیاری، کۆمەلأیـەتی، سۆسیۆلۆژی، سایکۆلۆژی، هـەروەها دەڵێم من پسپۆڕ نیم لـەو بوارانـەدا بـەلاّم هـەوڵم داوە لەو چەمکانە بدوێم و شانی بخەمە بەر، بۆ زیاتر لێکۆڵینەوەی تێرو تەسـەل لەسـەریان لەلایـەن پسـپۆڕو رۆشـنبیرانی تـرەوە، هیـوادارم کەلێنێکی کتێبخانـەی کوردیم پڕکردبێتـەوەو بـەردێکم خستبێتە سـەر بەردێك بەو هیوایەی کۆمەڵگای کوردی بەرەو پێشتر هەنگاوی جدیانـەی خۆی بنێت.

رەحیم سابیر

پێکهاتەی کۆمەڵگەو چەمکی دەسەڵات

کۆمەڵگا خۆی لە خۆیدا پێکهاتەیەکی ئالۆزە کە هەمیشە لە ناوەڕۆکیدا هەڵگری گەلێك پێشکەوتن و لە هەمان کاتدا دواکەوتنە، واتە هەڵگری هەگبەی ئالوگۆڕ و هەڵچوون و داچوونە بە پێی گروپە یان خڕۆکە مرۆیی‌یەکانی نێو ئەو پێکهاتەیە کە هێشتا لە دایك نەبووە، کۆمەڵ بۆ پێکهێنانی پێکهاتەیەکی ڕێك و پێك هەمیشە هەنگاوی خۆی دەنێ، جاری وایە هەنگاوەکانی سست و خاوە واتە شێوەی کیسەڵی هەنگاو دەنێ و ڕێ‌دەکات، جاری واش هەیە قەڵەمباز بە خۆوە دەبینێ واتە هەنگاوی گەورە دەنێ، هەنگاوەکانیش بە پێی تێگەیشتنی کۆمەڵ دەڕوات و گەشە دەکات زۆر جار ئەو هەنگاوانە کۆمەڵ دوو چاری لادان و شکستی دەکات و سەر لە کۆمەڵ و پێکهاتەکەی دەشێوێنێ لە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵدا، هەنگاوی سست کە بگونجێ لەگەڵ قۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵدا هەمیشە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە سەرەڕای

ئەوەش مێژووی بۆ دروست کردووە و قۆناغی مێژوویی پێبەخشیوە، کەچی لە رەوتی کۆمەڵێکی قەڵەمبازدا زۆرجار کۆمەڵ تووشی شکستی و تێك شکاندن بووە و لە ڕێی گەشەکردنی خۆی لای داوە و دووچاری دواکەوتن بووە و لەوێشەوە پێکهاتەکەی تووشی سەر لێشێواندن کردوە و کۆمەڵگای لێل و گرژکردووە، دواجار لە قۆناغی مێژوویی دوور کەوتۆتەوە، واتە تووشی لادان بووە و نەیتوانیوە گەشە بەو قۆناغەبدات و مێژوویەك بۆ خۆی مسۆگەر بکات، ئۆگست کۆنت (١٧٩٨-١٨٥٧)ی فەرەنسی دەڵێ (دەشبێت لەنگەری بەرێوەچوونی ئاسایی کۆمەڵ لە قۆناغێکی دیاریکراودا تێك بچێت بە هۆی هەندێك کێشەو لایەنی لاوازەوە بەڵام بە هۆی توانای مرۆڤەوە دەتوانرێت ئەو نەوازشانە چاك بکرێتەوە و کۆمەڵ بگەڕێنەوە بۆ باری ئاسایی جارانی) ئەگەرچی لە روانگەی کۆمەڵناسی‌یەوە دەرکەوتووە کە مرۆڤ خۆرسکی ئەفریدە بویەکی کۆمەڵایەتی‌یە کە (ئیبن خەلدون) ئەم دیاردەیە ناو دەنێت (پێویست بوونی کۆمەڵایەتی و دروست بوونی دەسەڵات) دیارە ئەو کەسانە بەشی هۆشیاری کۆمەڵن کە رادەی گەڕانەوەی ئاسایی کۆمەڵ دەخەنەوە سەر هێڵی راستی خۆیان کە خۆیان بە بەشێکی هوشیاری کۆمەڵ دەزانن و رابەرایەتی ئەو قۆناغە سامناکانە دەکەن و دەیگرنە ئەستۆ، کە کۆمەڵ تێی دەکەوێ یان تووشی قەیرانێکی کۆمەڵایەتی دەبێت و لەنگەر دەگرێ، دیارە پەرەسەندنی گەشەی کۆمەڵایەتیش وەك

پێویستی مێژوویی گەشەی یاسایی بە چەند قۆناغێکی جیاواز و زنجیرەیەکی لێک نەپچڕاوپێك دەهێنێت، ئەم زنجیرەیەش لە تەك ڕەورەوەی مێژوودا بەرەو پێشەوە دەچێت و لەبەرئەوە دەتوانرێت لە هەر قۆناغێکدا ئاست و پلەی پێشکەوتنی هەموو قۆناغەکانی پێش خۆی ببینرێنەوە، پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی شێوەیەکی هێڵکاری لول پێچی وەردەگرێت بە خۆوە نەك شێوەی هێڵێکی ڕاست واتە ئەو پەرەسەندانەش بیردۆزێکی بێ چەند و چۆنە و بە شێوەیەکی کوێرانە ڕوونادات بەڵکو بە پێی چەند یاسایەکی تایبەت کە دەتوانرێت ئەو یاسایانە لە پێناوی داد پەروەرێتی کۆمەڵایەتیدا بدۆزرێتەوە و فەرمانڕەوایی یان پێبکرێت؛ گۆڕانکاری‌یەکانی کۆمەڵگای نەتەوەکان زۆربەیان تووشی ئەو گۆڕانە چاوەڕوان کراوە نەبوون کە ڕووی داوە و دوا جار تووشی هەڵە و سەرلێشێواندن بوون، شۆڕشی کۆیلەکان و شۆڕشی جوتیاران لە مێژووی کۆندا زۆربەیان تووشی ئەو شکستی‌یە بوون کە نەیان توانیوە پێکهاتەیەکی کۆمەڵ و پێکهاتەیەکی توێژی بۆ خۆیان دروست بکەن، هەمیشە بەرە و لادان و ڕووخان ملیان ناوە و واشیان لێهاتووە کاتی هەستانەوەیان زۆر زەحمەت بوو بێت و تاڵی زۆریان چەشتووە تا چوونەتەوە سەر هێڵی ڕاست و خۆیان کردۆتەوە بە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەیاندا و لەوێدا بە پێی پێویست جێی خۆیان کردۆتەوە و تێکەڵاوبوون، دیارە کۆمەڵ بەبێ پرسی کۆمەڵ خۆی

ناتوانێت هەل و مەرجی یاساکانی کۆمەڵ بخاتە کار واتە ئەو کۆمەڵە پابەند دەبێت بە هەل و مەرجی تایبەتی گەشەکردن و یاساکانی پرۆسێسی گۆڕانی کۆمەڵ لە کۆمەڵگا خۆیدا لە منداڵانیدا هەڵی گرتووە لەگەڵ هۆشیاری کۆمەڵدا لە دایك دەبێت کە خۆی داوای دەکات بۆ بەرە و پێشەوە بردنی کۆمەڵگا واتە پرس کردن بە کۆمەڵ گەشەکردنی کۆمەڵ دەردەخات بۆ پێکهاتەی ئەوەی یان ئەو چین و باوەڕەی کە دەیەوێ ببێ وەك حەتمیەتی مێژوویی ئەمەش گەورەترین گۆڕانی کۆمەڵ پێك دەهێنێ لە قۆناغی گۆڕانی کۆمەڵ و پێکهاتنی کۆمەڵێکی گەشەداردا کە خۆی وەك پێویست پێویستی‌یەتی کە دواجار بە هۆی بەرنامەیەکی تایبەتەوە سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ و لە هەناوی خۆیدا کۆمەڵێکی پێشکەوتوو گەشەدار سەر هەڵدەدات، یان لە دایك دەبێت واتە هوشیاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، مێژوو پێکهاتە چ لە رووی ئابووری و لە رووی کۆمەڵایەتی و لە رووی کەسێتی‌یەوە بێت بۆ ئەو کۆمەڵە هوشیارە دروست دەکات کە دواجار ئەو هوشیاریە دەبێتە بەرگێك یان بازنەیەك کە خۆی تیادا دەناسێتەوە و خۆی تیادا بەدی دەکات چوونکە لەدایك بووی ئەو هەل و مەرجەیە کە خۆی ویستویەتی، زۆربەی پێکهاتە کۆمەڵایەتی‌یەکان و شۆڕشی گەلان و چینە جیاجیاکان تەنانەت ئایدیۆلۆژیەکان لە ژێر کاریگەری ئەو هۆشیاریە کۆمەڵایەتیەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، کۆمەڵ خۆی خاوەنی هەموو شتێکە و

خۆشی بە خاوەنی سەرکەوتنەکان دەزانێ هەر خۆشی دوا رۆژی خۆی دیاری دەکات، بەڵام زۆرجار کۆمەڵ هەل و مەرجی گەشەکردنی، لەبەردەمدایە و هەنگاو نانێ بۆ گەشەکردنی مەلۆتکەی منداڵدانی خۆی، واتە هەر خۆی دەبێتە لەمپەرێك لەبەردەم گەشەی خۆیدا یان لەبارچوونی توخمی مەلۆتکەی منداڵدانی، لێرەدا نرخ و بەهای قۆناغی مێژوویی خۆی دەدۆڕێنێ و پێکهاتەی کۆمەڵی راستی خۆی لە دەست دەدات کە دەبوایە ببوایە، دوای شکست هێنانی ئەو کۆمەڵە و چەقینی لە قوڕی دواکەوتندا چاوەڕێی (فریاد دەرس)ێك دەبێت ئەویش لەوەوەی کە دووچاری شکستی کۆمەلایەتی قەیرانی سیاسی و ئابووری و ئاڵۆزی دەروونی بووە، لێرەوە کە کۆمەڵ وەك حەتمیەتی مێژوویی پێویستی بە تاکە کەسێك دەبێت کە ببێتە رزگارکەر بۆی، واتە گەران بە دوای (فریادرەس)ێکدا، واتە کۆمەڵ هەوڵ دەدات لەو هەنگاوە ئاڵۆز و گرژەدا تاکە کەسێك بدۆزێتەوە کە وەلامدانەوەی پرسیارەکانی پێبێت، یان چارەسەرەکانی لە هەگبەدا بێت و راست و هوشیارکەرەوەی و رێ نیشاندەری و لێوەشاوە بێت کە لەو قەیرانانە رزگاریان بکات، (ئوگست کۆنت) دەڵێ (فەرمانڕەوایی پێویستییەکی گرنگە و هیچ کۆمەڵێك بێ فەرمانڕەوا نابێت ئەمەش لەو ئارەزووە وە هاتووە کە هەندێك حەز بە فەرمانڕەوایی دەکەن لەبەرئەوە هەندێکی تر شوێنیان دەکەون) واتە پێویستییە مێژووییەکان زۆرجار سەرکردە دروست

دەکەن، هەر بۆیە کۆمەڵ لە دەوری تاکە کەس خڕدەبنەوە و دەیکەنە رابەر و سەرکردە و جڵەوی کۆمەڵگای نوێی دەدەنە دەست و دەسەلاتی رەهای دەدەنێ واتە هەموو هێزو توانای خۆیان پێدەبەخشن و کە دواجار هەموو بڕیارێك لەو تاکە کەسەدا کۆ دەبێتەوە، تاکە کەس یان ئەو سەرکردەیەش ئەو هەل و مەرجە دەقۆزێتەوە و ئەو هێز و توانایە لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە و بە ناوی سەرجەم دەوروبەر یاساکانی دەردەکات و بەناوی کۆمەڵیشەوە دەدوێ و فەرمانڕەوایی دەکات، سەرکردە زۆرجار رۆڵی خۆی نابینێ کە دەبێ وەك سەرکردە و هوشیارکەرەوەی کۆمەڵگا ببینێ کە دەبێتە هۆی لەدەست دانی سەرکردایەتی‌یەکەی، سپارتاکۆس زوڵم و زۆری دەرەبەگ وای کرد شۆڕشێکی کۆیلە بەرپا بکات، بێئەوەی خەڵکان سپارتاکۆس هەر ببینن یان بیناسن دوای شۆڕشەکەی کەوتن، بەلام بێ بەرنامەیی و بێ دیسپلینی سپارتاکۆس بۆ شۆڕش وای کرد شۆڕەشەکە شکست بهێنێ و کە دواجار سپراتاکۆس بووە قوربانی و کوژرا، بەلام دوای ئەوە جۆشێکی‌دا بە شۆڕشەکانی دوای خۆی و سەرکردەکانی دوای خۆی، هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە چەوساندنەوەی کۆیلەکان بوو ((هەروەك شۆڕشەکەی ناوی لێنرا شۆڕشی کۆیلەکان)) لەسەر دەستی چینی دەسەلاتدار و چەوسێنەرەکان کە ببوە فاکتەرێکی گرنگ بۆ شۆڕشێکی عەفەوی، واتە شۆڕشی کۆیلەکان دژی زۆرداری، کەوابێ راپەڕین و شۆڕش بێ بەرنامە و

دیسپلین و هوشیاری کۆمەڵایەتی و ستراتیژی دووری ئامادەکراوی تاکە کەس مەحاڵە سەرکەوتنی و مەحاڵە دروست کردنی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی کە ژێرخان و سەرخانیکەسایەتی و دەسەڵات دیاری دەکات.

دیارە سەرکردەی بلیمەت هوشیاری دەوروبەری لێك دەداتەوە و لە هەمان کاتدا ئاراستەشیان دەکات بۆچوونە پێشەوە بە پلەی ئاراستە کردنەکانی خۆی کەلەگەڵ کۆمەڵدا بگونجێ، ئەمەش زیرەکی و هوشیاری سەرکردە دیاریدەکات، بۆیەش خەڵکان واتە ئەوانەی دەوروبەر کە لەو سەرکردەیە خڕدەبنەوە و بە چاوێکی گەورە سەیری دەکەن و زۆرجار پەرگرانە رێزی دەگرن تا رادەی پەرستن، مێژوو شاهیدی زۆر لەو جۆرە سەرکردانەیە لە پێشدا لە مێژووی کۆنی مرۆڤایەتیدا ئەو سەرکردانە بە شێوەیەکی تر لە دایك دەبوون و سەریان هەڵدەدا و دەسەڵاتیان بەسەر کۆمەڵدا دەسەپاند، کەوابێ هوشیاری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دروست کردنی کۆمەڵێکی هوشیار و لەهەمان کاتدا سەرکردەیەکی هۆشیار دەدات بە دەستەوە، واتە تاکە کەس بێ کۆمەڵ هیچ بەهایەکی نابێت و کۆمەڵیش بێ تاکە کەسی بلیمەت و هوشیار دروست نابێت و بایەخیشی نابێت، کەواتە پێویستە سەرکردە هەبێت و دەبێت ببێت، هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی بێ سەرکردە نەبووە، کە ئەمەش بەرو رەنجی مێژووە، کۆمەڵیش خۆی بە پێویستی

دەزانێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێویستی بە سەرکردە هەیە بیبات بەرێوە، کە گۆران دەبێتە پرۆسەیەکی حەتمی زۆربەی کۆمەڵگا دەگرێتەوە بە هەموو توێژەکانەوە، دیارە چینی دواکەوتوو ناتوانێت خۆی راگرێت لەبەردەم شالاوی گۆڕان و پێشکەوتندا، بەلام قەوارە و پلەی ئەو گۆڕانە بە پێی یاسای گۆڕانی کۆمەڵ و هوشیاری کۆمەڵ و سیستەمی کۆمەلایەتی دەگۆڕێ کە کۆمەڵ رووبەڕووی قەیرانێکی گران دەبێتەوە و بەرگی پێکهاتەیەکی تر دەکاتە بەر خۆی یان لە پێکهاتەیەکی تردا کە نامۆیە بۆیی و دواجار پێکهاتەی کۆنی خۆی دەڕمێنێ و هەرەمێکی نوێ بۆ خۆی دروست دەکات، لەو ساتانەدا هەندێ سەرکردە سەر هەڵدەدەن و دەبنە ترۆپکی ئەو هەرەمە و هەرەمی دەسەلات پێك دەهێنێ بە خۆشیەوە واتە لەسەرەوە بۆ خوارەوە و بە پێچەوانەوە، کەوابێ ئەو سەرکردایەتی‌یە رابەرایەتی ئەو پێشکەوتنە دەگرێتە دەست، واتە گرتنە دەست جڵەوی ئەسپی کۆمەڵگا، ئەو دەسەلاتە یان ئەو سەرکردایەتی‌یە کە دەسەلاتێکی کاریزمایی (CHARISMA) دەبێ کە پشت بە وەلائی رەهایی پیرۆزیی‌یەکی دیاری کراوی وەك پالەوانێتی دەبەستێ، دیارە ئەو دەسەلاتەش پابەندی بارودۆخی مێژوویی هەیە و رەوتی گۆڕانی تاکەکەس بە خۆوە دەبینێ لە گۆڕانی کۆمەڵدا کە هۆشیاری و لێهاتوویی تاکە کەس رۆڵی سەرەکی تیا دەگێڕێ، واتە کەسێتی ئەم دەسەلاتە بە ئازایەتی و حیکمەت و پالەوانێتی و

چاونەترسی جیادەکرێتەوە، لەوێشدا پێکهاتەی کەسێتی‌یەکی جێگیری تایبەتی دەبێت، کە ئارەزوومەندە کەسانی هەوادارانی وەك خۆی بن و هەمان کەسایەتیان هەبێت، تاکەکانی کۆمەڵ لە دەوری ئەو کەسایەتی‌یە خڕدەبنەوە و متمانەی پێدەبەخشن و پشتیوانی لێدەکەن و فەرمانەکانی جێبەجێدەکەن و هەمووان رێزی لێدەگرن و وەك باوکی رۆحی سەیری دەکەن، زۆرجار نا هوشیاری کۆمەڵ و تێنەگەیشتنی لە کەسایەتی کاریزمایی وا دەکات کە زیاتر کەسێتی کاریزمایی یان سەرکردەی کاریزما یان خۆ بە پاڵەوان زانینەی وای لێدەکات کە زۆرجار شێوازی تاك رەوی بەکاربهێنێ و بایەخ بە زۆر بیروڕاکانی کۆمەڵنەدات و هەر خۆی هەموو شت بێت و ئەو هەموو هێزە نەسوناویانەی کە لە خۆیدا کۆی کردونەتەوە بیانخاتە گەڕو نەمری یەکجارەکی بە خۆی بدات، یان نەمری بە خۆی ببەخشێ، زۆرجار لای کۆمەڵ ئەو هەڵس و کەوتە بە شێوەیەکی نامۆ دێنە بەرچاو بۆیە زۆرجار ئەو پەیوەندیە رۆحی‌یە لە نێوان سەرکردەی کاریزمایی و تاکەکەس یان کۆمەڵ تێك دەچێ و یەك ناگرێ و لەق دەبێت و دەبێتە هۆی سست بوون و لاواز بوونی پەیوەندیەکانیان و ئەوانەی بە نامۆی سەیر دەکەن هەوڵ دەدەن لە ژێر ئەو دەسەڵاتە قورسەدا رزگاریان بێت تاوای لێدێت زۆرجار دژایەتی‌یەکی توند رەوانە بە خۆوە دەگرێ لە نێوان سەرکردەی کاریزمایی و جیابوونەوەکاندا یان لە کاتی زۆرناسکدا خیانەت لە سەرکردەی کاریزما

دەكرێ زۆرجار بۆ دەسەڵاتی خیانەتكارە بەسەر دەسەڵاتی سەركردەی كاریزمادا، لێرەدا هاوكێشەی نەمانی باوك و تێك چوونی شیرازەی خێزان دێتە ئاراوە، (ماكس ڤێبەر) لەو باوەڕەدایە كە سەركردەی كاریزمی لە كاركردنە سەر لایەنگرانی سەركەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنێ ئەگەر ژمارەیان كەم بێت و دەكرێ بەڵام دوای سەركەوتنی ئەو بزوتنەوانە و بڵاوبوونەوەی هەڵوێست و بۆچوون و زیادبوونی ژمارەی لایەنگرانی سەركردەی كاریزمی ئەو سیمایە لەدەست دەدات، لەبەر رۆشنایی بۆچوونەكەی (ماكس ڤێبەر)دا كاتێك. بچووكترین هەڵە لەناو دام و دەزگا و رێكخستنەكانی ژێر دەسەڵاتی كاریزماوە دەبێتە هۆی ناشرین كردنی ئەو هەرەمە پیرۆزەی كە بۆ ئایندەییەكی رووناك دایناوە، لە ژیانی مێژووی كۆمەڵگادا چەندەها سەركردە تێدەپەڕن، لە ژێر چەند ناوێك و لەژێر چەند بەرگێكدا، یان لە نێو جۆرە دەسەڵاتێك دەردەكەون وەك چۆن لە كۆندا روویان داوە، لە ژێر چەند بەرگێكدا، لە ژێر ناوی (كوڕی خودا)، (نێردراوی خودا)، (سێبەری خودا)، (پاپا)، (ئیمپراتۆر)، (پاشا)، (دكتاتۆر.. هتد) كە ئەمانە بە پێی سەردەم كاریان كردۆتە سەر رەوتی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، خۆیان بە كەسانێكی نموونەیی مەزن زانیوە و نموونەیان لە ژیانی ئاساییدانیە و وەك مرۆڤێكی بەهێز و ئەفسوناوی و بە توانا و بلیمەت دەردەكەون، یان خۆیان وا دەردەخەن، هەمیشەش خۆیان لە زاری خۆیانەوە بانگەشەی ئەوانەیان كردووە،

توانیویانە پشت بە باوەڕەکانی خۆیان ببەستن و سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیاندا رابکێشن و خەڵکان لە دەوری خۆیان خڕبکەنەوە خەڵکیش بە چاوی مرۆڤێکی ئەفسوناوی و خارق و نائاسایی و لەسەر و خۆیانەوە و بە سەرسوڕمانەوە تێی بڕوانن بەرگری ئەو سەرکردە کاریزماییانە وایان لێدەکات کە هەندێجار خۆیان بە دروست کەری مێژوو لە قەڵەم بدەن و خۆیان لەسەر و هەموو شتێکەوە ببینن، ئەمەش ئەو هەڵەیەیە کە سەرکردەی کاریزمایی تێی دەکەوێ و دوایی دەبێتە هۆی روخاندنی هەرەمەکەی، واتە لە دەست دانی دەسەلاتی، بەڵام سەرکردەی زیرەك هەمیشە دەڕوانێتە رۆحی تاکە کەسی کۆمەڵەکەی لەوێوە نەزمی خۆ بە دەستەوەدانی بۆ خۆی لێدەدات و وای لێدەکات خۆی بە قوربانی بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەل خولقێنەری ئەو پرۆسێسە یاسایانەی ژیانە بەنەدا دەردەکەوێ کە کۆمەڵ دروست کەری مێژووە و هەر کۆمەڵیش باڵادەست دەبێت نەك سەرکردە، چونکە سەرکردەش سەرکردایەتی ناگرێتە دەست گەر کۆمەڵ نەبێت، بۆیە سەرە رۆیی زۆربەی سەرکردەکان وایان لێدەکات کە بێبەش بن لە مێژوو، یان مێژوو لە دەرەوەی خۆیان سەیریان بکات، دیارە سەرکردەی لێهاتوو رۆڵی گرنگ دەبینێ لە مێژوودا و هوشیاری دەبەخشێ بە خەڵك و لە رێی هەڵدێر رزگاریان دەکات و ئاراستەی رێگەی راستیان دەکات، واتە پێویستە مێژوویی‌یەکان سەرکردەی مێژوویی دروست دەکەن لەرێی مۆڵەتی

کۆمەڵگاوە، کەواتە پێش هەموو شتێك هێز و توانای سەرکردە لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی پێشکەوتنخوازەوە وەرگیراوە کە ئەم سەرۆکە بۆتە رابەری و بەرێوەی دەبات کە سەرکردەش تووشی لادان بوو لە کۆمەڵگا ئەو کاتەش کۆمەڵگا هەرەمەکەی دەروخێنێ و سەرکردایەتی لەدەست دەردەهێنێ و لە جیاتی سەرکردەی رووخا و سەرکردەیەکی تر هەڵدەبژێرێ، واتە لەو پرۆسە مێژووەدا مرۆڤ خۆی دروست دەکات و کۆمەڵگایەکی هوشیار پێك دەهێنێ وەك مارکس دەڵێ (مرۆڤ ئەو کەرەستەیە کە مێژووی خۆی دروست دەکات). واتە ئەو دروستکەریەتی دیارە مێژوو چەند زەبر و زەنگی هەیە ئەوەندەش دەرفەتی هەیە، زۆرجار مێژوو دەرفەت دەدات بە نەتەوەیەك لە ناوەوەی خۆیدا گەشە بکات، یان دەرفەت دەدات کە سەرکردەیەك بۆ گەلێکی پەرتەوازە و سەر لێشێواو دروست بێت وەك پێویستی مێژوویی کە رۆڵی مێژوویی گەشەی ئاسایی ژیانی خۆی ببینێ، بەلام کە سەرکردە لەو بارودۆخ و لەو مێژووەدا رۆڵی خۆی نەبینێ و لەگەڵ رەوتی مێژوودا هەڵنەکات، یان بە پێی مێژوو هەنگاو نەنێ سەرکردایەتی‌یەکەی بێ سێ و دوو شکست دەهێنێ و دەرمێ و مێژووش دەیخاتە بەر زەبر و زەنگی بێبەزەیی‌یانەی خۆیەوە، چونکە دەرفەت هەبوو بۆ دروست کردنی سەرکردایەتی مێژوویی بەلام سەرکردەی بێئاگا بە رۆڵی مێژوویی خۆ هەڵناسێ دواجار ناتوانێ ئەرکە مێژوویی‌یەکان جێبەجێ بکات، ئەو

جۆرە سەرکردانە زۆرجار لەو هەناوە مێژووەدا کە هێشتا ماویەتی بۆ سەرکردایەتی ئەم بۆچلێیسی دەسەڵات دێتە مەیدانی شانۆ و دەیەوێ وەك سەرکردە خۆی دەرخات کە ئەو جۆرە سەرکردانە بە (تصادف- لەناکاو) لە دایك دەبن و لەناکاو دەبنە سەرکردە و جڵەوی کۆمەڵگا دەگرنە دەست، هەر بۆیە لە هەرەمی ملی دەسەڵاتیان، یان سەرکردایەتیان هەمیشە خیانەت و خۆ بەدەستەوەدەر و لاواز و نەخۆش دەردەچن و لە رەوتی کۆمەڵایەتی و گەشەی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ماکی نەتەوەیش لادەدەن و کۆمەڵ بەناوی سەرکردایەتیەوە بەرە و هەڵدێر دەبەن و سەرکردە متمانەی خۆی دەدۆڕێنێ و کەدواجار کۆمەڵ ئەو سەرکردەیە دەخاتە ژێر میکرۆسکۆبی مێژووە و دەیخاتە نێو دەستاڕی گرۆتینی خۆیەوە و بە چەکی مێژوو دەیڕوخێنێ و ملی پێنەوی دەکات و جڵەوی دەسەلاتی لێوەردەگرێتەوە و دەیکاتە قوربانی مێژوویەکی گەشەکردوو پێشکەوتووتر کە لە هەناویدا سەرکردەی راست لەدایك ببێ، یان هەڵگری تۆوی سەرکردەی بلیمەت و مێژوویی بێ، جاری واش هەیە ئەو دەرفەتە مێژووییە کە مێژوو دەیداتە سەرکردە، گەر ئەو سەرکردەیە لێهاتووبوو زیرەك بوو توانی لە مێژوو بگات، ئەوا ئەو هەلە دەقۆزێتەوە و رۆڵی خۆی دەبینێ لە رەوڕەوەی مێژوودا، کەواتە دەتوانێ رابەرایەتی بگرێتە دەست و کۆمەڵ لەو قەیرانە رزگاربکات، کەواتە دواکەوتن لە مێژوو، دواکەوتنە لە

خولقـاندنی سـەرکردایەتی و پێشـکەوتن، دواکەوتنـە لـە پێـك هێنـانی پێکهاتەی مێژوویی و مرۆیی کۆمەڵایـەتی، دواکەوتنە لە شارستانیەت، لێرەشـدا ژیـان بـێ سـەرکردە مـەحاڵ دەبێـت، واتــە پێداوسـتی‌یە کۆمەڵایەتیەکان و پێداویستی‌یە مێژوویی‌یەکان سەرکردە دەخوڵقێنن.

دەسەڵات

هەر لە بۆچون و شیکردنەوانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە سەرکردە بۆ دەست بەسەرا گرتنی کۆمەڵ و ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆی جۆرە دەسەڵاتێك دەسەپێنێ و وەك سیستەمێك دەیبات بەڕێوە لەوێشەوە وەك باوکێك بۆ ئەوانی ژێر دەستی خۆی هەڵس و کەوت دەکات و فەرمانیان بەسەردا دەسەپێنێ، واتە دوا پلە یان دوا ئامانجی سەرکردە دەسەڵاتە کە پێی دەگات و خۆشی بەشایستە دەزانێ، دەسەڵاتیش ئەو هەرەمەیە کە بە هۆیەوە فەرمانەکانی لێوە دەردەچێ، دیارە لە مێژووەوە دەسەڵاتەکانی ناو خێزان و کۆمەڵ و دەوڵەتیش و تەنانەت حزبیش هەمان هەرەمی هەبووە و هەمان پلیکانەی بەڕێکردووە، واتە هەمان دەسەڵاتی کاریزمایی بردویەتی بەڕێوە وەك یاسایەکی گەردوونی و سروشتی و مرۆیی، کەواتە دەتوانین بڵێین باوکی ڕۆحی کۆمەڵگا ڕۆحی کۆمەڵایەتی لە خۆیدا کۆدەکاتەو و بەرەو

ئاستی خۆ ناسینی ئەو رۆحە و پەی بە خۆبردنی دەبات و ئەنجام دەیگەیەنێتە ئاستی پێکهاتنی دەوڵەت، کە وابێ دەسەلات (POWER) دیاردەیەکی کۆمەلایەتی و مرۆڤ ئاشنای شێوە جیاوازەکانی بووە و بە شێوازی جیاوازکاری کردۆتە سەر رەفتاری مرۆڤ هەندێ جار لە یەککگرتنی مرۆڤ لە چوارچێوەی کۆمەڵە کەسانێکی تردا یان کەسانێکدا کاریگەری هەبووە و هەندێ جار لە چوار چێوەی دەسەلاتدا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جیابوونەوە و یاخی بوون لە ناو کۆمەڵە کەسانێك و کۆمەڵگادا، کەواتە دەسەلات بە بوویەرێکی کۆمەلایەتی لە قەڵەم دەدرێ کە لەهەر کۆمەڵێکی سەرەتایی و لێکدراوو خێزان و گەورەترین دەزگای ناو کۆمەڵدا کە دەوڵەتە هەیە، دەسەلات هێزێکی سروشتی یان مافێکی رەوای رەفتار و دەرکردنی فەرمانە لە کۆمەڵگایەکی دیاری کراودا ئەم جۆرەی دەسەلات بە ناوەندێکی کۆمەلایەتی گرێ دەدرێ کە ئەندامانی کۆمەڵ پەسەندی دەکەن و مل کەچی راسپاردە و فەرمان و بڕیارەکانی دەبن بەو پێیەی دەسەلاتێکی شەرعی‌یە، ئەو دەسەلاتەش لە ڕەزامەندی ئارەزوومەندانەی خەڵکی لە مافی تاك بۆ داڕشتنی یاسا و درەکردنی فەرمان سەرچاوەی گرتوە، دەسەلات بۆ کۆنترۆڵ کردنی خەڵك و گوشار خستنە سەریان بە مەبەستی مل کەچی کردنیان و دەست تێوەردان لەسەربەستیان و ئاراستە کردنی هەوڵەکانیان لە بواری دیاریکراودا

هەیە، (ماکس ڤێبەر)ی کۆمەڵناسی ئەڵمانی دەسەڵات و شەرعیەتی دەسەڵاتی بەسەر سێ جۆردا دابەشکردووە ئەوانیش بریتین لە:-

١. دەسەڵاتی کلاسیکی (تەقلیدی).

٢. دەسەڵاتی کاریزمایی ((Charisma)).

٣. دەسەڵاتی یاسایی ((عەقلانی)).

ئەو دەسەڵاتانەش بە درێژایی مێژوو وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لێهاتووە و لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەبووە و کاری پێکراوە، دەسەڵاتەکان لە کۆمەڵگای بەشەریەتدا دەگۆڕێت بە هۆی بارودۆخ و ناوچەیی و عەقلی کۆمەڵگاکە و باری هوشیاری کۆمەڵگاش جۆرە دەسەڵاتێك دیاری دەکات لە کاتی پێویستی و لە قۆناغێکی پێویستدا کە لەکرۆکی خۆیدا بێت و لە خزمەت ئەو ناوکەدا بێت، واتە دەسەڵات لەو شوێنانەی مێژوو یان هوشیاری کۆمەڵایەتی.. ئابووری.. مێژوویی یان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تێدا دروست نەبووە جێگیرنەبووە، هەمیشە دەسەڵاتیش بە لاوازی و بە نەخۆشی و ناوچەیی و گرژی دەمێنێتەوە دواجار ئەو دەسەڵاتەش لەو شوێنە تەنگە جوگرافی‌یەدا لەگەڵ رۆژگاردا رۆدەچێ و نامێنێ، ئەوەش دەبێتە نوشوستی یاساکانی گۆڕان کە کۆمەڵ لە پێشکەوتنەکان دوادەخات و بەرگی بوون بە شارستانێتی پێنادات و بێ بەشی دەکات لە مێژووی پیرۆز، بەڵام لە کۆمەڵگای هوشیاردا هەمیشە لە کاکڵی خۆیدا گۆڕان بەدی دەکرێ و هەوڵ دەدرێ

کە بگۆڕدرێ بەرە و باشتر، واتە خرۆکی ژیان هەمیشە لە گەشەدایە، تەنانەت گەر سەرکردەیەك لاچێ سەرکردەیەکی تر و باشتر لە جێی دادەنرێت، ئا بەو شێوەیە و لەگەڵ گۆڕانەکانی گەشەکردنی کۆمەڵ دوابەدوا دەسەڵات و کۆمەڵ و تاکە کەسیش دەگۆڕێ لەباشترەوە بۆ باشتر.

دەسەڵاتی کلاسیکی (تەقلیدی):

دیاره بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی کلاسیکی، سەرکرده پێویستی بە دواکەوتوترین چەمکی مرۆیی هەیە کە کۆمەڵ بەرێوەببات، ئەویش ئەو داب و نەریتە کۆنانەن کە کۆمەڵ خۆیان دەیانەوێ و پێی قایلن، یان بازنادەن بەسەر ئەو داب و نەریتە کۆنانەداو ناچنە نێو بازنەی گۆڕانکاریەکانەوە، کە ئەمیش مەترسی لە دەست دانی دەسەڵات دەگرێتەوە، یان خۆ دوورخستنەوە لە گۆڕان و گەشەی کۆمەڵگا، بۆ چەسپاندنی ئەو شێوە دەسەڵاتە، دیاره پێویستی بە هەندێك بناغە هەیە کە ئەو هەرەمەی لەسەر راوەستێ واتە ئەو دەسەڵاتە کلاسیکی‌یە، ئەویش کۆنترین و کۆنەپەرست ترین باوەڕە کە پشتی پێدەبەستێ و دەیکاتە ژێرخانی خۆی بۆ بنیات نانی دەسەڵاتی سەرخانی خۆی، تا هەرەمەکەی لەسەر راوەستێنێ، لەو جۆرە دەسەڵاتەدا ئەرك و فەرمان تەنانەت یاساش بایەخی نیە، بەڵکو ناوەندی شخصی رۆڵی گرنگ دەگێڕێ، دەسەڵاتی کلاسیکی لەو کۆمەڵەدا لە دایك دەبێت کە هوشیاری

کۆمەڵایەتیان پێوە دیارنیە و هوشیاری لایان دروست نەبووە، ئەمەش بووەتە ڕێ خۆشکەرێ بۆ ماوەی مانەوەی تەمەنی دەسەڵاتی کلاسیك، خۆشی واتە هەر سەرکردەی کلاسیك زیاتر پێ‌دادەگرێ بۆ ئەو نا هوشیاریە کە ئەو دەسەڵاتە هەمیشە گرێدراوە بە داب و نەریتە کۆنەکان و ئایین و ئەفسانەی دروست کراو کە دەسەڵاتی کلاسیك دەیکاتە ژێرخان و سەرخانی خۆی پێ‌بەهێز دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هوشیاریەك کە تەنگی پێ هەڵچنێ، هەرچی پێشکەوتنیشە ڕێی لێدەگرێ و نایەڵێ ئەو پێشکەوتنانە بەشداری بکەن لە گۆڕانکاریەکاندا، چونکە دەزانێ پێشکەوتن مەترسی‌یە بۆ دەسەڵاتەکەی بۆیە بە هەموو جۆرێك ڕێ لە پێشکەوتن دەگرێ، لێرەدا کۆمەڵگا لە ڕەوتی مێژوویی دوور دەبێ و کۆمەڵگایەکی داخراو دەبێت بۆیە هەمیشە کۆمەڵی نا هوشیار بە چاوێکی ئەفسانەیی کوێرانە وەك (سەرۆك خێل و... باوك و ... باوکی گەل و ... هتد) دەڕواننە ئەو سەرکردەیەی کە مێژووی ژیانی دەمێکە بەسەرچووە، بۆ ئەوەی نەمری پێ ببەخشن چونکە دەزانن بە نەمانی ئەو کۆتایی‌یان دێت، بۆیە دەیکەنە پاڵەوانی چاخ و چەرخ، هەروەك لە کۆمەڵگای کورددا دەرکەوتووە کە دواجار لێی دەدوێی‌ین، کۆمەڵگا لێرەدا لە دەرەوەی مێژوو خۆی دەبینێتەوە و بێبەش دەبێ لە مێژوو، کۆمەڵیش شێوەیەکی دیماگۆیانە دەگرێتە خۆ و کوێرانە ڕێدەکات، واتە لەو سەرکردە کلاسیکی‌یە ڕزیوە چی دی‌نابینن، کەوابێ

تەکتیکی ئەو بە هۆی کوێری عەقڵ و ناهوشیاری کۆمەڵەوە دەچێتە سەرو (واتە بۆی دەلوێ) پەرەش یان ماوەی مانەوەی تەمەنی زیاتر دەدات بە دەسەڵاتەکەی، بەڵام زۆرجار لە هەناوی ئەو دەسەڵاتەدا سەیر دەکەین بەشێکی کۆمەڵ بەوە قایل نییە، ئەو بەشەی کە گۆڕان خۆی دەسەپێنێ بەسەریدا و باوەڕی بە گۆڕان هەیە پاشقول لەسەرکردایەتی کلاسیك دەگرن و هەرەمەکەی پێلەق دەکەن و هەرەسی پێ دەهێنن تاوای لێدێ دەسەلات دەچێتە نیو دەست چینێکی هوشیار بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵگا، واتە هاتنە دەسەڵاتی نوێ بۆ سەرشانۆ، لەو هەناوەدا واتە لە کۆمەڵگای خێڵایەتی‌دا سەرکردەی کارزمایی کە پێشوتر کەمێك لێی دوایین سەرهەڵدەدات و کۆتایی دەهێنێ بە ژیانی پەترياکی کلاسیك و دەرەبەگ بە تایبەتی سەرهەڵدانی ئەو سەرکردایەتی‌یە لە نێو ئەو خێڵانەی یان ئەو نەتەوانەی تووشی گرێ کوێرەی کۆمەڵایەتی بوون، یان لە مێژوو حاڵی نەبوون، وەك کۆمەڵگای کورد، بەڵام ئەگەر بێت و ئەو کۆمەڵە ناهوشیارە هەر بیەوێ پێش نەکەوێ و زیاتر پیرۆزی بەسەرکردەی کلاسیك بدات و زیاتر ئەفسانە ئاسای پێ‌ببەخشی ئەوا ئەو ژێر دەستەیی‌یەی پێ‌ڕەوایە، یان ئەو کۆیلایەتی‌یەی پێ‌رەوایە و پڕ بە بەرگی خۆیەتی، چونکە نایەوێ پێش بکەوێت چ خۆی چ کۆمەڵگا چ دەسەلات وەك پێویست و حەتمیەتی مێژوویی.

دەسەڵاتی کاریزمایی(Charisma):

گۆڕان پرۆسەیەکی حەتمی مێژووە کە روودەدات، کە دەسەڵاتیش لەو پرۆسەیەدا جێی خۆی دەکاتەوە رۆڵی تایبەتی خۆی لە گۆڕانکاریەکان دەبینێ، ئەو کاتانەی کۆمەڵ دووچاری گرێ کوێرەی کۆمەڵایەتی و قەیرانی ئابووری دەبێت، هەروەها گوشارە باوە کۆنەکان و داب و نەریتە بەسەرچووەکان دەبنە مۆتەکە و لەمپەرێك بۆ داخستنی کۆمەڵ یان بۆ لول دانی کۆمەڵ لەو کاتانەدا یاساکانی گۆڕان وەك پێداویستی مێژوویی دێنە ئاراوە و رۆڵی خۆیان دەبینن لەڕەوڕەوەی مێژوودا، واتە بە هەرەس هێنانی سەرکردەی کلاسیك کۆتایی بە ناهوشیاری و ستەم و چەوساندنەوە و خیانەت و کۆیلایەتی دێت و سیستەمی پاتریاکی دەڕوخێ، واتە رووخاندنی دەسەڵاتی (باوە پیارە) زۆرجار سەرکردەکانی کورد لە باوك سالاری (پاتریاکی) فڕێدەدرێنە دەرەوەی کۆمەڵ و دەرەوەی مێژو لەبەرئەوەی ئەو سەرکردانە جێی باوکیان نەگرتۆتەوە بۆ نەتەوەی کورد بەڵکو جێی باوەپیارەیان گرتۆتەوە، ئا

لەوێوە سەرکردەی کاریزمی دێتە جێگایی و دەسەڵات دەگرێتە دەست بە پاڵپشتی کۆمەڵی هوشیار، واتە باوکی رۆحی لە دایک دەبێت بۆ کوشتنی باوەپیارە، کە لە نێوگەلدا وەك (فریاد رەس)ێك سەیر دەکرێ.

سەرکردەی کاریزمایی یەکەم جار وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات، لە چوارچێوەی شۆرشێکی کۆمەڵایەتیدا، کە دواجار سەرکردە ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یە دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و کۆمەڵیش لە ژێر دەسەڵات و لە چوارچێوەی کەسێتی خۆیدا دەهێڵێتەوە و بەکاریان دەهێنێ بۆ بیروبۆچوونەکانی لە پرۆژەیەکی دارێژراودا، واتە دەسەڵاتی کاریزمایی کە پشت بە رەلائی رەهایی پیرۆزی‌یەکی دیاری کراوی وەك پاڵەوانێتی دەبەستێ ئەو دەسەڵاتە پابەندی بارودۆخی هەنوکەیی نی‌یە بەڵکو بە هوشیاری و ئیرادەی بە هێزەوە رەوتی مێژوو لەبەرچاو دەگرێ، کەسێتی ئەم دەسەڵاتە بە ئازایەتی و حیکمەت و پاڵەوانێتی جیادەکرێتەوە و تاکەکانی کۆمەڵ لە دەوری خرِدەبنەوە و دەبنە شورایەك بۆیی و دەیکەنە دەم راستی خۆیان، هەر لەو روانگەیەوە سەرکردەی کاریزمایی زۆرجار هەستێکی تەواوی بە باوەڕ بە خوبونێکی رەها و باوەڕی بەشکۆیی ئامانجەکانی و قەناعەت پێهێنانی خەڵکانی دیکە بە ئامانجەکانی و توانای گۆڕینی داب و نەریت و یاسا کۆنەکانی کۆمەڵەکەی هەیە بێ ئەوەی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵ یان لایەنگرانی‌یەوە رووبەڕووی کێشەو گرفت بێتەوە، چونکە هەر فەرمانێك لەلایەنە ئەو سەرکردەیەوە دەربچێ بە یاسای دادەنێ و دەبێ کۆمەڵ جێبەجێی کات و لەو فەرمان و یاسایانە لانەدەن.

دەسەڵاتی یاسایی (عەقڵانی):

بەرزبوونی ئاستی هۆشیاری تاکەکەس دەبێتە بەرز بوونەوەی ئاستی هوشیاری کۆمەڵ واتە ئاستی هوشیاری کاریگەریان بەسەریەکەوە هەیە لە نێوان تاك و کۆمەڵدا، واتە هاوبەشی دەکەن لە گۆڕانەکاندا، بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان و باشکردنی پێداویستی‌یەکانی کۆمەڵ و سیستەمی کۆمەڵایەتی‌یە جیاوازی‌یەکان، واتە هەست کردنی تاك بە بوونی لە نێو دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا و لە هەمان کاتدا بەشداربوونی تاك لە کۆمەڵی هوشیاردا بۆ گەیشتنە بە دەسەڵاتی یاسایی (عەقڵانی) دیارە بیروبۆچوونەکان و تیۆری تاکە کەسە زانست خواز و پێشکەوتووەکان رۆڵی گەورە و بەهێز دەبینن لەو پرۆسە عەقڵانیەدا کە لە ژێربیر و باوەڕەکانیاندا یاسا لە دایك دەبێت کە لە ژێر کاریگەری کۆمەڵدا خۆی دەنوێنێ، ئەو بیرمەندانە رابەرایەتی کۆمەڵێك یان بەشێك لە کۆمەڵگا دەکەن و بەشداری لە دروست کردنی دەسەڵات و دەوڵەتی یاسایی (عەقڵانی‌دا) دەکەن، بۆچوونەکانی

ئەفلاتون کەمێك بە لای ئەو دەسەڵاتە عەقڵانی و یاسایی‌یەدا دەڕۆیشت و بۆ بەیاساکردنی واتە عەقڵانیەت کردنی سیستەمی ئەوسای یۆنان، زۆرجاریش گۆڕانکاریە حەتمی‌یەکان هوشیاری کۆمەڵایەتی و دەسەڵات دیاری دەکەن و ئەو بیرمەندانەش ڕۆڵی گرنگی تیادا دەگێڕن، سەدەی ۱۷ ، ۱۸، ۱۹ و سەرەتای سەدەی بیست پێکهاتەیەکی لەو شێوە دەسەڵاتەی گرتەخۆ، کە بووە گۆڕانکاری و لە سەدەکانی پێشووتری جیاواز بوو، کە زۆربەی بیرمەندان دەستی باڵایان هەبووە بۆ یاساکانی دەوڵەت و تەنانەت گۆڕینی بیروبۆچوونەکان و گۆڕینی شێوازی دام و دەزگا دەوڵەتی‌یەکان بە تایبەتی مەسەلەی دین، ڕاستە کە میر و پادشاکان لە سەردەمەکانی ناوەڕاست تا سەدەی ڕۆشنگەری دەسەڵاتێکی ڕەهایان هەبوو بە تایبەتی پیاوە ئاینی‌یەکان واتە دەسەڵات کلاسیکی بوو تێکەڵ بە (استبدادی) بەڵام سەرخانی دەوڵەت و پێکهاتەی کۆمەڵ عەقڵانی بوو کە لە نێو کۆمەڵدا پەیڕەو دەکرا کە دواجار بووە هۆی ڕوخاندنی زۆر لە دەسەڵاتی تاك ڕەوی و کلاسیکی بە تایبەتی لە فەرەنسا و بەریتانیادا، لەو سەدانەدا کە پێشوو باسمان لێوەکرد زۆرینەی یاساکانی مرۆڤ و دەوڵەت و بیروبۆچوونە عەقڵانیەکان سەریان هەڵدا وەك پرۆژەیەك بۆ دەسەڵات و دەوڵەت کە خاڵێکی گرنگی تایبەت بوو لە پرۆسەی گۆڕانکاری لە گەشەی کۆمەڵگادا.

پێکهاتەی کۆمەڵگای کورد :

تێکڕا لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیدا تێکەڵاوییەکی ئاڵۆز لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا هەیە و بەدی دەکرێ، قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی لێکتر ئاڵاون و سنوورێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا بە ئاشکرا نابینرێت بە مانایەکی دی هەر قۆناغە خەسڵەت و سیمای بنەڕەتی خۆی هەڵ نەگرتووە هۆی ئاشکرای ئەوەش بەندە بە چۆنیەتی گەشەی ژێرخانی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ پەیوەندیەکانی بەرهەم هێناندا، دیارە گەشەی کۆمەڵایەتی لەبار و دۆخێکی لەباردا و لە مێژوویەکی دیاریکراودا دروست دەبێت گەر ئەو پەرەسەندنە لەگەڵ رەوتی ئەو مێژووە هەڵ نەکات تووشی ئاڵۆزی و گرژی پێکهاتەیی دەبێت کە دەبێتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵ و هێشتنەوەی لە دەرەوەی مێژوو، لە هەمان کاتدا کەسایەتی‌یەکی شل و شێواوو شپرزە دروست دەکات و کەسایەتی پاک و لە قاڵب دراو نادات بە دەستەوە، لەوێشەوە قۆناغەکانی دوای ئەو تێک

شکاندنه هەر بە شکاوی و خواری دێت و گۆڕانکاریەکانیش زیاتر بۆ دواوەیە و زیاتر دووبارەبونەوە بە خۆیانەوە دەبینن واتە جارێ هەستانەوە و جارێ شکست، جارێ شکست و جارێ هەستانەوە، ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر تاکەکانی کۆمەڵ تاوای لێدێ ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی‌یە تووشی لول بوون و گرێکوێرەی مێژوویی دەبێت، کە بە زەحمەت کۆمەڵگا چارەسەری ئەو گرێیانەی پێدەکرێت و تووشی سەر ئێشەی ئێجگار گەورەی مێژوویی و دەروونی دەکات، مەسەلەی ئابووریش هۆکارێکە کە دەبێتە ژێرخانی ئەو پێکهاتەیە کە بە ژمارەیەك دادەنرێ لە دروست کردنی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەدا، واتە رۆڵی گەورە و هوشیار کەرەوەی کۆمەڵگا دەبینێ و گەشە بە رۆحی مێژوو دەدات، کە سەرخانی کۆمەڵگا دەبوژێنێتەوە و توخمی پێکهاتەیەکی تایبەتی بۆ داین دەکات دواجار کەسایەتی‌یەکی پتەو و بە هێزی بۆ دروست دەکات کە دەچێتە خانەی پێکهاتەی کۆمەڵ سەد دەر سەد، ئەمیش پابەندە بە هوشیاری ئەو کۆمەڵگایەوە خۆشی تیا دەبینێتەوە، لە ڕوانگەیەوە کۆمەڵگای کورد وەنەبێ گۆڕانکاری نەدیبێ بەڵام ئەو گۆڕانکاریانە لە دەرەوەی مێژووی بووە و لە خزمەت کۆمەڵگایەکی تردا بووە کە نامۆ بووە بۆی نەك لە خزمەت ژێرخانی کۆمەڵگای خۆیدا هەربۆیە کۆمەڵگایەکی شرۆشەق ماوەتەوە و پێکاتەیەکی گرژولول پێچی گرتۆتە خۆ، وە لە هەموو ڕویەکەوە دارخراوە واتە تووشی گرێ کوێرەی

کۆمەڵایەتی و مێژوویی‌بووە، ئەمەش وای کردووە کە چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی زۆر بە زەحمەت و گران جیابکرێنەوە و پۆلێن بکرێن، هەر بۆیە هیچ چینێکی کۆمەڵگای کوردی هاوچەرخ باڵا دەست نیە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی یەکێتی‌یەکی سیاسی دروست نەبێ بۆ سەرکردایەتی خەباتی ڕزگاری خوازانە، واتە بازنەیەکی وون بوو هەیە لە گەشەنەکردنیدا کە ئەو حاڵەتی وونبوونەش جەستەی پێکهاتەکەی شێواندووە و لە بارێکی سروشتیدا رای نەگرتووە، لێرەوە دەتوانین بڵێن کۆمەڵگای کورد کۆمەڵگایەکی نا هوشیارە کەواتە بە کۆمەڵگایەکی سەرەتایی دەدرێتە قەڵەم، (لازارییف) دەڵێ (ئەوەی ناوچە کوردنشینەکان پێی دەناسرێن لەو وولاتانەدا نزمی ئاستی گەشەکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە و شێوەی پێکهاتووی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە)، هەروەها دەڵێ (پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە بەشەکانی کوردستاندا وەك یەك نیە)، (هەموو بەشەکانی کوردستان لە گەشەکردندا هاوشانی یەك ناڕۆن)، لازاییف دەڵێ (هەروەها ئابووری نیشتمانی و فەرهەنگی گشتی هی کوردستان بە ئاستی ئەو وڵاتانە گەشەی نەکردووە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە نەگونجاوو ناهەموارانەی کە چەندین سەدەیە کورد پێیدا دەڕوات، شەڕی بێ پسانەوە، سەرکوت کردنی خوێناوی ڕاپەرین و شۆڕشەکان کە بۆتە هۆی وێران بوونی وڵات و چۆڵ بوون و دابەزینی توانای بەرهەم هێنان).

هۆکـاری خڕۆکـەی نـاوەوە، نـاوڕۆك ڕۆڵێکـی سـەرەکی دەبینێـت لـە جەسـتەی پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتیدا، دیـارە کۆمـەڵگای کوردیـش هـەر لەناوەوە ئەو خڕۆکانە ڕۆڵی بە ئۆرگان بوونی خۆی جێبەجێنەکردووە، بۆیـە ئـەو پێکهاتەیـە بەشـل و شـێواوی و شـەق و شـڕی ماوەتـەوە و بەناویەکدا چووە و پتەوی بە خۆوە نەدیوە، وەك هێلکەی کاڵ و شل و دەڵەمـەیی بـووە، ئەمـەش کاریگەریـەکی وای کـردووە کـە دەسـەڵاتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگای کورد زۆر لاواز لە دایك بن و لە سنوورێکی جوگرافـی تـەنگدا پـەنگ بخۆنـەوە و ڕۆڵـی خۆیـان نـەبینن و هـەر لـەو بازنەیەدا بەبێ ئاڵ و گۆڕ بخولێتـەوە و لـەناو خۆیـدا لـول بخـوات بـێ ئـەوەی تێکـەڵ یـان ئاوێتـەی یـەکدی بن، دواجـار بـیر لـەودیو گـردی جوگرافی نەکەن و تەنها بەردەمی خۆیان ببینن و کە ئەمەش بە درێژایـی مێژوو بە کەسایەتی‌یەکی سرك و لەهەمان کاتدا لوت وشك و کرچ و کاڵ لـە قەڵـەم بـدرێ و تـاوای لێهـات کـە بـیر لـە دەسـەڵات و دەوڵـەتیش نەکرێتەوە، دیارە دەمارگیری خێڵەکی تەسکبین ڕۆڵـی گـەورە دەبینـێ بۆ دروسـت کردنـی کەسایەتی‌یەکی لـوت بـەرز و خـۆ بـەزل زان و لەهـەمان کـاتدا پێکهاتەیـەکی شـەق و شـڕی پێدەبەخشـێ (لازارییـف) دەڵـێ (بەرچاوترین خسوسیەتی کە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کورد بـەدی دەکرێ، هێشتا مانـەوەی پـەیوەندی خێڵەکی‌یـە، کـە سیسـتەمی دەرەبەگایـەتی لـەژێر خۆیـەوە شـاردۆتەوە، ئەو پێکهاتـە کۆمەڵایەتیە کە

ڕێ و ڕەسمی مێژوویی هەیە بەناو جەرگەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا شۆڕبونەوە و شوێن پەنجەکانی بە ئاشکرا لەسەر ژیانی گشت گەلی کورد و هەر تاکێکی کوردیش دیارە، بۆ کورد سەر بە عەشیرەت بوون واتە هەستی خێڵەکی لە پێشەوە دێت وە لە پێشەوەی وشیاری نەتەوەیی و ئایینی دێت، ئەمەش مەبەست پێکهاتەی کلاسیکی کوردەواریە)، کۆمەڵگای کورد هەر لەژێر ئەو دەسەڵاتە بستە بالآیانەدا (Certinism) (کوڵە بنە چەشنێکن لە چەشنەکانی دواکەوتنی هۆش) کە ئاغا و شێخ و دەرەبەگ بۆ خۆیانیان دروست کردووە لە هەمان کاتدا بە گۆشە گیری ماونەتەوە لە نێو دەرووبەرێکی ئاڵۆز و جوگرافیایەکی لێك دابڕاودا بە خێوکردن و نەشیان هێشتووە کەسێك لە پێشیانەوە بێت، سەرەڕای ئەوەش پێکهاتەی ئەو شێخ و مەلا و دەربەگانە پێکهاتەیەکی تەواو نەبوون سەد دەر سەد بەڵکو پێکهاتەیەکی دروست کراوو بوو زۆر جار پێکهاتەیەکی دوو جەمسەریی دەدا بە دەستەوە یان سێ جەمسەری، وەك (ئاغا شێخیسش بوو) یان (مەلا ئاغا و مەلاش بووە و سەرکردەی ڕاپەڕینێکی بەدەستەوە بوو) هەر بۆیە پێشکەوتنی چینی هوشیار بە زەحمەت دەبێت چونکە سیستەمی پێشوی کاڵ و کرچ بووە و کامڵ نەبووە، کە ئەنجامی ئەوانەش خراپ کەوتەوە بۆ کۆمەڵگای کوردەواری و بزوتنەوەکەی، سەرباری ئەو هەوڵ و کۆشش و خەباتە خوێناویەی کە لە مێژووی ئەم سەردە و چارەکەی ڕابردوودا بەردەوام بووە، کورد لە

لایەك لە رووی گەشەی كۆمەڵایەتی‌یەوە وەكو پێویست گەشەی نەكردووە و شێواندنی باری گەشەی سروشتی ئەم كۆمەڵگایە بە هۆی فاكتەری داگیركردن و دابەش كردن و هۆكاری ئابووری و جوگرافی و ئەتنودیموگرافیەوە كە هۆیەكی سەرەكی بووە كە رۆحی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگا نەتوانێت وەكو پێویست لە پرۆسەی جوڵەی بڵند بووندائازادی و بوونی خۆی بە دەست بهێنێت و لەو ئاستەشدا لە رووی گەشەی هوشیاری‌یەوە دەوڵەت دروست بكات، یان هەوڵی بۆ بدات، سەرەڕای هۆكاری سەرەوە هۆكاری ناوەوەیشی ئەزمێكی تاڵتر دەدات بە دواكەوتنی گەشەی سروشتی كۆمەڵگای كوردی ئەویش خراپ بوونی پەیوەندی خوێن و دەمارگیری لە نێو گەوهەری پەیوەندیەكانی هەر خێڵێكدا دەبێتە هۆی هەرەس هێنانی ئەو خێڵە و پاشەكشەكردنی لە پرۆژەی عەمران دا واتە ئاوەدانكردنەوە، دەتوانین ئەو هۆكارانە دەست نیشان بكەین كە بووەتە هۆی روخاندنی پێكهاتەی كۆمەڵگای كورد:-

١. داگیركردن و دابەش كردنی كوردستان.

٢. شوێنی گرنگی كوردستان لە ناوچەكەدا كە دوژمن سوودی لێوەردەگرێت.

٣. شەڕی درێژخایەنی هۆزەكان + شەڕی ناوخۆ.

٤. ئاستی نزمی هوشیاری تاكەكەسی كورد بە تایبەت دەسەڵاتداران.

٥. مانەوەی پەیوەندیە کۆن و بەسەرچووەکان.
٦. کۆچپێکردنی بە زۆر و نیشتەجێکردنی عەرەب + تورک + فارس ئەمەش زیاتر کوردی پەرتەوازە کردو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی تێك شکاند.
٧. رووخانی ژێرخان و سەرخانی ئابووری کوردستان.
٨. تێنەگەیشتن لە رەوتی، یان قوناغی مێژوو.
٩. لەدەست چوونی هەلە مێژووییەکان.
١٠. دەمارگیری هۆزەکان (ناوچەیی) و پەرستنی تاکە کەسی بودەڵە و باوەڕکردن زیاد لەڕادە بە تاکە کەس.
١١. دووری یەکەکانی کۆمەڵگای کورد لە یەکتری بە هۆی باری جوگرافیاوە. لەو تێڕوانینانەی سەرەوە و لە هەناوی ئەو پێکهاتە تێك شکاوەدا کە نەتوانراوە دەسەڵات یان دەوڵەت یان باوکێك دروست ببێت تەنها دەسەڵاتە بستەبالاکان سەریان هەڵداوە و لە ماوەیەکی زۆرکەمدا نەماون و تەنانەت ئەو ناوچەیەشی کە بە دەستیانەوە بووە یان لە ژێر دەسەڵاتیاندا بووە لێیان سەندراوەتەوە یان لە دەستیان چووە، هەر بۆیە دەتوانین دەسەڵاتەکانی کورد لە نێو کۆمەڵگادا لە ژێر چەند دەسەڵاتێکدا یان چەند دەسەڵاتێکی میرنشینێکی بچوکدا دیاری بکەین و لەوێشەوە رۆح و پێکهاتەی سەرکردەی کورد. بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، دەسەڵات لای کورد دەکرێن بەسێ بەشی سەرەکیەوە:-

١. دەسەڵاتی هۆز

٢. دەسەڵاتی میرنیشینەکان

٣. دەسەڵاتی شێخەکان

دیارە سەرهەڵدانی سەرکردەیەکی کورد یان باوکێکی کورد لە نێو ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەدا شتێکی بەدەرنابێت لەو واقیعە تاڵە و هەر ئەوە پێویست بووە بۆی، لەوەش زیاتر زۆر جار گەوار نەکراوە، هەر بۆیەش سەرکردە یان دەسەڵات دەسەڵاتێکی شکست و خۆ بەدەستەوەدەر و ناتەواو و نەخۆش بووە، هۆکار هەر ئەوەنیە کە دەرەوەی کوردستان ببێتە هۆی تێك شکاندنی ئۆرگانەکانی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات، بەڵکو زۆرجار سەرکردە رۆڵی ناجێگیر بوونی ئەو پێکهاتەیەی بینیوە و زیاتر کۆمەڵگای کوردی نامۆ و ناثارام کردووە، هەروەها رێنەدراوە کە مێژوو رۆڵی سروشتی خۆی ببینێ لەجێگیربوونی ئەو پێکهاتەیەدا کە لەگەڵ رەوتی گۆڕانی کۆمەڵدا رێك دەکەوێ، واتە کورد هەمیشە لەدەرەوەی مێژوو بووەو خۆی لە دەرەوەی مێژوو کاری کردووە ئەمەش پێچەوانەی رەوت و قۆناغی گەشەی مێژووە، بە تایبەتی دەسەڵاتی کلاسیکی کە رۆڵێکی دواکەوتوویی بینی لەو نێوەندەدا، سەرەتای سەدەی نۆزدە لەو سەردەمەدا کە بە چەرخی زێڕینی فیوداڵی کوردی و چەرخی گەشەکردنی فەرهەنگ و کولتور زانراوە، کورد پەنجەرەی کراوە نەبووە بۆ سەر جیهانی دەرەوە، میرە کوردەکان لەبەر پاراستنی تەخت و تەلار

ئاسۆی بیریان لە سنووری ناوچەی دەسەلاتی خۆیان تێنەپەڕیوە و هەمیشە دوور بوون لە پایتەختەکانەوە و هیچکات بیریان لەوە نەکردۆتەوە لە ژێر یەك دەسەلاتی چەقی کوردستانیدا خۆ کۆبکەنەوە، بەڵکو هەردەم (لەناو میرنیشینی خۆیاندا) بۆ پاراستنی تەختی دەسەلاتی خۆیان جەنگیون، بێ سەرۆك هۆز کەس بۆی نەبووە هیچ شتێك بکات ئەمەش وای لە تاکە کەس کردووە کە دەرەوەی خێڵ نەبینێت و دیوارێك دروست ببێت لە نێوا ئەوان و جیهانی دەرەوەدا، ئەنجام دووبەرەکی و خۆ بەزل زانین و دەمارگیر سەرۆك هۆزەکان و بیروبۆچونی خێلایەتی تەسك وای کرد سەدەی نۆزدەهەم سەدەی شۆڕش و بزوتنەوەکانی کورد شکست بهێنێ و تەنانەت لەسەرەتای سەدەی بیست هەمیش نیوەی سەدەی بیستهەم بیر لە بزوتنەوە و شۆڕش نەکرێتەوە، هەر ئەو هۆکارە زەقانە وای کرد کە هوشیاری نەتەوەیی لای خەڵکان بێ هێز بێت و بەلاوازی بمێنێتەوە لە پرۆسەی بوون بە نەتەوە و بوون بە دەوڵەت گوێی پێنەدرێ و درەوەش بایەخی پێنەدات، تاوای لێ هاتووە لەگەڵ لەناوچوونی سەرکردەی کلاسیکی هەر بزوتەوەیەکدا ئەو هەرەمە پێکهاتەیە رماوە و هەرەسی هێناوە، دیارە سەرکردەی کلاسیك باو دەتوانێ رۆڵی گەورە ببینێ لە دەرەوە و ناوەوەی کۆمەڵگادا بە تایبەتی لە ڕووی (مێژوویی و هەستی نەتەوەیی)یەوە بەلام لای کورد ئەو رۆڵەی نەبینی وەك لەسەدەی

ناوەڕاستدا بینرا، تەنها بەرژەوەندی تایبەتی و بنەماڵە یان خێڵ و هۆزەکان لێك دراوەتەوە و لەسەر و هەمووشتێکەوە دایان نابوو، (مارتن فان برونەسن) دەڵێ (هۆزە کوردەکان بەو پلەو قۆناغی گەشەکردنە نەگەیشتوون کە بیانگەیەنێتە ئاستی دەوڵەت بەڵکە لەگەڵ گشت جوداوازیەکاندا خۆیان لە خۆیاندا قوتکراوەی دەستی وولاتانی هاوسێیانن) دیارە بۆ کورد سەر بە هۆزبوون لەسەر هەموو شتێکەوەیە تەنانەت نەتەوە و زۆرجار دینیش کە ئەمە بە خسوسیەتێکی دەمارگیری تەسك سەیر دەکرێ، (لازارییف) دەڵێ (پێشان ڕاپەڕینەکان خێڵەکی بوون سەرکردەکان دەرەبەگ و شێخ بوون (زۆرجار هەردوو سیفەت لەیەك کەسدا کۆدەبووەوە) کەمیان لەوانە توانیویانە ببنە پێشەوایەکی هاندەری زۆر یا بەرژەوەندی تایبەتی بوو ئەو ڕاپەڕینانەی بە شێوەی ڕەمەکی کە هەڵدەستا بە پشت بەستن بە خزم و تیرە و عەشیرەتە هاوپەیمانەکان، بە خێرایی شوێنێکی فراوانی دادەگرت و بەهەمان خێرایش دەنیشتەوە جا یا لە ژێر زەبری هێزەکانی حکومەت یانیش بە فەرمانی سەرکردەکانی ڕاپەرینەکە لەگەڵ ڕژێمدا ڕێك دەکەوتن ئەو ڕاپەڕینانە نەبوونە ڕاپەڕینی جەماوەری توند و تیژ و بە تەوژم دیارە ئەو جووڵانەوانە بە ئاسانی بەکاردەهێنران و نەسەربەستی و نە سەربەخۆییان بۆ کورد وەدەست نەهێنا)، تەنها فەرمانڕەوایەتی ئەیوبییەکان سەرکردە ڕۆڵی خۆی بینی ئەویش (صلاح الدين الايوبی)

بوو کە فەرمانڕەوایەکی کوردانە نەبوو بەڵکو فەرمانڕەوایەکی موسڵمانانە بوو، دیارە باری کۆمەڵایەتی گوزەرانی کورد بەرهەمی پەیوەندیە پەتریاکییەکانی (باوکسالاری)یەکانی نێو هۆزەکانە، هۆزەکان لەلایەن سەردارەکانیانەوە بەڕێوە دەبرێن و ئەمانە دەسەڵاتێکی یەکجار زۆریان بەسەر ئەندامانی هۆزەکەیاندا هەیە و وەکو باوبوو ئەم سەردارانە هەمیشە ئەندام و رۆڵەی بەهێزترین و دەستڕۆیوترین بنەماڵەی ئەو هۆزەن ئەگەر ئەندامی ئەو بنەماڵەیەش نەبن ئەوا بە رێگەی ژن و ژنخوازییەوە ئەو پایە و پلەیە بە دەست دەهێنن لە کۆمەڵگای باوکسالاری وادا دەسەڵاتی ئاینی هەمیشە بەشێوەیەکی توند گرێدار وە بە ئەرکەکانی بەڕێوەبردنەوە ئەو سەرەك هۆزانەی کە دەسەڵاتی ئاینیشیان لە دەستی خۆیاندا کۆ دەکردەوە ئەوا یەکجار بەهێز و خاوەن دەسەڵات دەبوون، واتە دینیان خستۆتە خزمەت دەسەڵاتی تاکەکەسی خۆیانەوە بەڵام سەرەڕای ئەوەش نەیانتوانیوە بگەنە ئامانجە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانیەکان (ئەگەر سەرنجی کۆمەڵگای کوردی بدەین بە درێژایی مێژوو گرفتی هەرە سەرەکی نەبوونی سەرکردە یان سەرۆك یان ڕابەر بووە کە زیاتر مەبەست باوکی نەتەوەیی‌یە کە بێ چەند و چوون ئەو باوکەش باوکی رۆحی دەبێت، کاتێ باس لە سەرکردە و ڕابەرە دەکرێت یان باوکی رۆحی راستەوخۆ باسی دەسەڵات و دامەزراوی دەسەڵات دەکەین، ئەو دەسەڵاتە کوردیە زۆرجار ناوچەیش

نەبووە بۆیە هەمیشە دەسەڵاتی کلاسیکی ی کورد بێ گیان و لاوازبووە و زەویەکی زۆر تەسکی گرتۆتەوە یان بنەماڵەیەکی گرتۆتەوە یان هێزێکی کەم ئەندامی گرتۆتەوە کە سەرخان و ژێرخانی دەسەڵاتی هی خۆی نەبووە و بەڵکو هی دەرەوەی خۆی بووە و بەرامبەرەکەشی هەمیشە لە دەرەوەی خۆی بینیوەتەوە و بە دوژمنی خوێنی خۆی زانیوە) تا ڕادەیەك توانیویانە لە ژێر کاریگەری دیندا ناوچەیەك یان کۆمەڵێك بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و دەسەڵاتیان فراوان بکەن، بەڵام نەیانتوانیوە لە ژێر هەمان کاریگەردا دەسەڵاتێکی فراوان و جوگرافیایی دروست بکەن ئەویش مەسەلەی نەتەوە و دەوڵەتە واتە (لە هیچ ڕێگایەکی چەمکی دەوڵەتیەوە کورد نەیتوانیوە بگاتە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت نە لە ڕێگای ئاینەوە نە لە ڕێگای دەرکەوتنی باوکی ڕۆحیەوە) ڕاستە مێژوو دەرفەت دەدات کە سەرکردە سەر هەڵدات لە بارو دۆخێکدا سەرەڕای دروست بوونی ئەو دەرفەتە بۆ کورد کە بچێتە نێو مێژووەوە و ببێتە خاوەن دەسەڵات سەرکردە کلاسیکی و باوەکان هەستیان بەو دەرفەتە مێژوویی یە نەکردووە و بایەخیان پێنەداوە هۆکارەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ دەرەوەی کوردستان (کۆماری میللی مهاباد) جوانترین نموونەیە کە لە سەدەی نوێدا وەك دەسەڵاتێکی کلاسیکی لە نێو کۆمەڵگای کورددا لە دایك بوو، لەوێدا مێژوو شانسی دا بە سەرکردەی کورد مێژوو لەبار بوو دەرفەت درا بە کورد کە

مێژوویەك بۆ خۆی دروست بكات و دەسەڵاتێكی كوردی دروست ببێت و سەركردەی كلاسیك رۆڵی خۆی ببینێ و خۆی لە مێژووی گشت نەتەوەكانی تردا جێگیربكات، بەڵام لاوازی هەستی نەتەوەیی و نا هۆشیاری رابەرایەتی كۆمار و تێنەگەیشتنی لەو دەرفەتە مێژوویی یەو نەبوونی كەسێكی بیر تیژ بۆ كۆمار لە جێی خۆیدا بووە هۆی ڕمانی ئەو كۆمارە و لە سێ دارەدانی سەركردەكەی، لەوێوە بۆمان دەردەكەوێ كە دەرفەت وەك پێویست رەخسا، بەڵام ئامادەباشی كۆمەڵگای كورد لەوەدا نەبوو، سەركردەش ئەو رۆڵەی خۆی نەبینی لەو دەرفەتەدا، دووچاری دوو واقیعی تاڵ بوونەوە یەكەم هەڵهاتن و دووەم خۆ بەدەستەوەدان، دە عبدالرحمن قاسملو دەڵێ (زۆر پێویستە كەم و كورییەكانی بزووتنەوەش بخەینە ڕوو، بە تایبەتی كەم توانایی سەركردەكانی، كەمتر هەڵكەوتنی كادری پۆلێكی و سپایی و شارەزاوو دڵسۆز بە گشت مەودایەكیانەوە دیاربوو) یان دەڵێ (هەروەك دەبێت كارایی رۆڵی دەرەكی لەبیر نەكەین) واتە رۆڵی دەروە لە روخاندنی (كۆماری میللی مهاباد)دا رووسەكان بە ڕاستی كوردیان كردبووە داری دەستی خۆیان، بۆ چەند سەدەیەك كوردیان هەڵخەڵەتاند بەوەی كە بارودۆخ لەبارنیە بۆ ئەوەی كوردستان سەربەست بێت، (كاربەدەستانی سۆڤێت زۆر بە راشكاوی بە قازی محمد و نوێنەرانی تری كوردیان وتبوو كە ئەوان باش لە نەتەوە بچووكەكانی جیهان دەڕوانن، بەڵام هێشتا كات بۆ سەربەستی

گشتی کوردستان لەبارنیە لەبەرئەوە کوردەکان دەبێت چاوەڕێ بن)، کاتێکیش کە کوردەکان وتبوویان دەیانەوێت بە مافی نەتەوەی خۆیان بگەن (باقرۆف) پێکەنینی هاتبوو وتبووی (ئێوە ناتوانن دەوڵەتی جیا دابمەزرێنن)، ئەوەندەی کورد بۆ روسیای کرد، ئەوەندەی شەهید دا لە پێناو روسیای قەیسەری و روسیای پرۆلیتاردا، بەلشەفیەکان ئەوەندەیان بۆ مۆسکۆ نەکرد، ئەوەندە سەرکردە کوردەکان بەوەفا بوون بۆ روسیای دۆستی گەلە چەوساوەکان!!، هیچ نەتەوەیەکی چەوساوە بەوەفا نەبوو بۆ رووس تەنانەت نەوەکانی (ستالین کورد فرۆش) بۆ روس بەوافا نەبوون مەلا مصطفی لە نامەیەکدا کە بۆ (باقرۆف)ی (سکرتێری ک.ن.پارتی کۆمۆنیستی بەلشەفی- ئازەربایجان)ـی رەوانە کردبوو زۆر بە ئاشکرا دەڵێ (ئەگەر سیاسەت رێگەی ئەوەی نەدەدا لەسەرمان هەڵبدەنێ، خۆ دەتوانرا بە چەك یاشتی تر یارمەتیمان بدەن، نەدەبوو ئاوا بمانفرۆشن و لەبەردەم شەقی زەمانەدا بە جێمان بهێڵن)، لە نامەیەکدا داوای لە باقرۆف کردبوو کە بە (باوکی گەلانی رۆژهەڵات ناوی بردبوو کە یارمەتی بدات چاوی بە (باوکی زەحمەتکێشان و گەلان) واتە (ستالین)بکەوێت، بەلام بێ هیوا مارەتەوە و لەناو مۆسکۆدا پەرتەوازەبوون، وەك لە (نامە بۆ ستالین سەبارەت بە ئەو هاورێکانی لە (فایلی زۆرتایبەتی ستالین) ١٠ی شوباتی ١٩٤٩)دا دۆزراوەتەوە، دیارە تەنها چاوی بە خرۆشۆف کەوتووە و رێگە نەدراوە چاوی بە ستالین

بکەوێت، زۆربەی سەرکردەی بزوتنەوەکان هانایان دەبرد بۆ رووس بۆ رزگارکردنیـــان، وەك سمـــایل خـــانی شـ کاك، عبدالقـــادر شــــەمدینان، عبدالسلامی بارزانی، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ مەحمودی نەمر، عبدولڕەزاق بەدرخان (لازارییف دەڵێت لە ساڵی ۱۹۰۱ ... عبدولڕەزاق پەیوەندی نهێنی لەگەڵ زینۆڤیـف هـەبووە)، تەنـها عبدولـڕەزاق توانی هوشیارانە بیر بکاتەوە و داوای لە روسیا کرد کوردان فێری زانست و خوێندەواری بکەن، خۆشـی لـەو بـاوەڕەدابوو کـە دەبێـت گـەل ی‌کورد هوشیار بکرێتەوە، ئینجا دەتوانرێت سەرکەوتن بەدەست بهێنرێت، لەبەر ئەوە کورد لە قۆناغێکی سەرەتایی کێویی پەرەسەندنی مێشك و ژیریدا ماوەتەوە هەر بۆیە نزیکخستنەوەی گەلەکەمان لە روسیا ئەوپـەڕژین و شورەیە لەبەردەمیدا لادەبات، کە لە شارستانێتی دایبڕیوە)، دوای چەند مانگێك داواکەیان هێنایە دی، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیـهانی رێگــەی لــەو کۆمەڵەیـــە و بەدیـهێنانی نەخشـــەکەی گــرت و لەســەرەتای شـــەڕدا کۆمەڵەکــە هەڵوەشـایەوە، (زنـــار سـلوپی) دەڵێــت (بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی شەڕ تا شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر، هاریکارییـان لەگەڵ حکومەتـی قەیزاریدا هـەبوو دوای ئۆکتۆبـەریش بـە یەکجارەکی بۆ تورکیا گەڕانـەوە، تورکـەکان یەکســەر بــە گەڕانـەوەیان عبدەولـڕەزاق بەدرخانیان گرت و بێ‌دادگاکردنی لە زینداننی موسڵ لـە سێدارەیان دا بەڵام سەید تەها و سمکۆ دەربازبوون) مێژوو شاهیدی ئەو رۆژگارانەن

که بەوەفایی کورد بۆ رووسیا دەردەخات (ن.اخالفین) دەڵێ (شەڕی ١٨٧٧-١٨٧٨) دەری دەخات کە نە پاڵە پەستۆ و زۆرلێکردنی سوڵتانی تورك و دەرەبەگەکان، نە زێڕی ئینگلیز کە بە لێشاو دەیڕشت، نەیانتوانی کورد بە دژی روسدا بکات و بەناوی جیهادەوە بەشداری پێبکەن تەنانەت ئەو کوردانەش کە خەڵەتێندرابوون بەشداری جەنگیان دەکرد بە دڵ شەڕییان نەدەکرد و لە یەکەم هەلدا ریزەکانی لەشکری تورکیان بەجێهێشت)، بێ وەفایی مێژووی رووس وای کرد کە شێخ مەحموودی نەمر لێیان راپەڕێت و پەلاماریان بدات لە خانەقین و لە سابڵاخیش بە یەکدادان لە نێوان کورد و روسدا رووی‌دابوو)، بەڵێ ستالین خەبات و خوێن و وەفایی کوردانی فرۆشت بە چەند کاڵۆنێ نەوت کۆمارێکی کوردی سەربڕی، دیاربوو کاڵ فامی سەرکردەکانی کورد لەوەدابوو کە دوی بەڵێنی دەرەوە دەکەوتن هەر بۆیە لە گەورەترین تەنگانەدا بەجێدەهێڵڕان و بێ کەس کوژدەکران، با سەرکردەکان لە کاڵ فامی سیاسەتی خۆیان بدوێن و دەڵێن (ئەویش لە وەسیەت نامەکەی قازی محمد یەکێکیان لەمەڕ ماڵ و منداڵی نوسیویەتی تیایدا هاتووە (بەو هەموو هۆیەوە کە لە ئیختیاری مندابو ئەگەر شەڕم کردبا رەنگ بوو تێنەشکێین بەڵام بۆ ئەوەی کە مەهاباد وێران نەبێت و بۆخاتر تێدا نەچوونی خەڵك شەڕمان نەکرد بەو هەموو ماشێن و هەلانەی کە لە ئیختیارمدا هەبووئەمتوانی لە مەهاباد هەڵبێم و دوو جاریش

لەوتارەکانی خۆمدا بە خەڵکی مەهابدم گووت، ئەمن دەمزانی ئەگەر هەڵبێم ئێرەش وەکو تورێزی لێدەهات و تووشی تالان و بڕۆ دەبوو، ئەمن بە خەڵکم راگەیاند کە رەنگە بمگرن و بشمکوژن، بەڵام بۆ ئەمەی ناموسی خەڵکی بپارێزرێت و تالان نەکرێت هەڵنایەم و خۆم بە قوربان ئێوە دەکەم، ئەوا من بە عەهدی وەفا ئەکەم و تا ئێستاش لە مێژوودا نەدیتراوە کەسێك فیداکارییەکی وای کردبێت، هەڵبەتە لەسەر ئێوەش پێویستە نیسبەت بە خزم و کەس و کاری من وەفادارین و تۆڵەی منیش بسێننەوە)، ئەمەش دەقی دوا وتوو وێژی نێوا پێشەوا و مەلا مصطفی‌یە (هەر لەبەر دەرگاکەی سەرجادەکە، مەلا مصطفی چووە پێش بەرێز پێشەواو فەرمووی:- (حەزرەتی پێشەوای فەرمانده -تکام ئەوەی کە لەگەڵما لە مەهاباد دەربچێت. ئەگەر بەتەنێ بمێنم حەوت ساڵ ئالآکەت لەسەر سەرم هەڵدەگرم، مانەوەت لێرە مەترسی لەدوایە، حکومەتی ئێران لە سێدارەت دەدا) پێشەوا فەرمووی کە حکومەتی ئێران لە سێدارەم دەدا، بەڵام من کە لە خۆشیدا لەگەڵ خەڵکی مەهابادا بووم ئەوا لە ناخۆشیدا بە جێیان ناهێڵم، مردن و ژیانم لەگەل ئەواندایە، گەر ئێستا بە جێیان بێڵم عەشیرەتەکانی مەهاباد بەردبارانمان دەکەن، بە کوشتنی خۆم رازیم نەوەك مەهاباد وێرانی ببینم فەرموو با بچین بۆ خانەقای نەهری.(مزگەوتی هەباس ئاغا) ئەگەر میللەت بیروڕای وابوو کە جێیان بهێڵم ئەوا مانعم نیە ئەگەر نا دەمێنمەوە تا لەشکری ئێران دێتە

ناو مەهابدەوە) پاشان رووی لە من کرد و واتە (عەقید بەکر کریم حەویزی) فەرمووی (ماشێنەکەی منیش بەرن و سوودی لێوەربگرن) ئەو کۆمارە گرنگترین دەرفەتی مێژوویی بوو بۆ کورد، بەڵام دەسەڵاتداران نەیانتوانی ئەو هەلە مێژووییە بقۆزنەوە، یان ببنە سیمبولێك بۆ بزوتنەوەکانی دوای خۆیان، کە دوایی وای لێهات مەترسەیەکی تر بخاتە سەر مەترسی یە مێژوویی یەکانی ترو لە دەروونی تاکەکەسی کورددا جارێکی تر بزوتنەوە سەر هەڵنەدات، گەر سەریش هەڵبدات ئەوا بە ناچاری سەر هەڵدەدات، وەك لەمەودوا لێی دەدوێین، هەر ئەو هۆیەش بوو وای کرد ستراتیژ گۆڕدرێ لە کۆمارێکەوە.. یان لە دەوڵەتێکی سەربەخۆوە بکرێتە داوای ئۆتۆنۆمی، واتە پاشە کشەکردنی ستراتیژی کورد، واتە شکستی بزوتنەوەی کورد، پاشەکشەکردنی دەسەلات و کەسێتی کورد، چونکە مێژوو ناهوشیاری کۆمەڵگای لەهەرەمەوە سەلماندو کۆمەڵیش خۆی لەوەدا دەبینیەوە، چونکە ئەو دەسەلاتەی پێ هەڵناسوڕێ و هەنگاویشی نەناوە بۆ دروست بوونی دەسەلاتی کورد، قازی محمد خەم خۆری خەڵکی مەهاباد بووە، سیاسەت و سۆزی نەستی تێکەلاوکردووە، لەوێشدا دەردەکەوێت کە ستراتیژی رۆڵی نەبووە، سیاسەتێکی قووڵی تایبەتی و چەسپاوی نەبوو کزولاوازی و لێڵی هزری وای لێکردبوو (سۆز و نەستی) زیاتر زاڵ بێت بەسەر ستراتیژی دووریدا، هەر بۆیە ئەو بەرخودانەی لە جەستەیدا دروست نەکردبوو کە هەمیشە

دژی داگیرکەر خۆبەدەستەوەدان و هەڵهاتن بێ و سەنگەری مردن و جەنگ بکرێ و دژی بجەنگێ تا دوا دڵۆپە خوێنی، دیاردەبوو بە شەهید بوونی لە نێو سەنگەری بەرگریدا رەورەوەی شۆڕش و مێژووی کوردی بەرە و پێشەوە دەبرد و رۆحێکی نوێی دەدا بە کەسێتیی سەرکردەکانی دوا خۆی، (نەوشیروان مستەفا) دەڵێ (بە گەیشتنی هێزەکانی ئەرتەش و خۆ بە دەستەوە دانی قازی و سەرکردەکانی تری حکومەتی کوردستان بە تەواوی هەرەسی هێنا.. قازی محمد ئەیتوانی سەرکردایەتی جەنگی بەرگری بکات بە شێوەی (شەڕی جەبهەیی) وەکو چەند مانگی رابردوو لە جەبهەی سەقز کردبویان یا بە شێوەی (شەڕی پارتیزانی) وەکو لە سالانی دووەم جەنگی جیهانیدا بوبو بە نەریتی خەباتی زۆر لە گەلانی ئەوروپاو ئاسیا دژی داگیرکەرانی نازیی و فاشیستی و ژاپۆنی یاخود ئەی توانی وەکو سەرکردەکانی ئازەربایجان رێگای هەڵاتن بگرێ هەموو ئەو ریچگایانەی لەبەردەمدا کراوە بوون بەڵام لەناو هەموویاندا رێگای خۆ بەدەستەوەدانی هەڵبژارد)، سەرکردایەتی لە نێو کورددا سەرکردایەتی‌یەکی شپرزە و شڵەژاوە لە بچوکترین قەیراندا سەری لێدەشێوێ یان دەگیرێ و لە سێدارە دەدرێ یان خۆی دەدات بە دەستەوە، ئەمەش پردی بە یەك گەیشتنی نێوان جەماوەر و سەرکردە دەروخێنێ، سەرکردەی کوردیش خۆی بە لاواز دەزانێ لەبەردەم بچوکترین قەیراندا، گرێ کوێرەکەشی کە دەروونی تەنگەتاو کردووە

ئەوەیە کە هەمیشە خۆی بەکەم دەزانێ یان بە بچووك خۆی دێتە بەرچاوو لە باوکدا یان لە سەرکردەدا خۆی نابینێتەوە چ بەرامبەر دەرەوە چ بەرامبەر ناوەوە، تاکەکانی کۆمەڵیش دووچاری هەمان نەخۆشی بوون خۆی لە (کوڕ)دانابینێتەوە بەڵکو خۆی لە (هەتیو-بێباوك)دا دەبینێتەوە کە هەمیشە چەپۆکی لەسەر بێت، زۆرجار لە خزمەتکارێکی کلۆڵدا خۆی بە باشتر دێتە بەرچاوو خۆی دەبینێتەوە، وا هەست ناکات کە دەبێ ئازاد بێت، وەك کەسانی دیکەی دەرەوەی خۆی ئازاد بێت مافی هەبێت، وەك ئەوەی بە بەرگی بڕابێت هەر ئەوەیە و لەوەش زیاتر نیە بۆی، ئەمەش تەمەڵی مێشك و نارژیری سۆز دەردەخات، لەوانەیە ئەم هەست پێکردنە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە کورد دوای رووخاندنی دەوڵەتی ماد وای لێهاتبێ تووشی ئەو نەخۆشی‌یە دەروونیانە بووبێت، (عبدالرقیب یوسف) لە کتێبی (تابلۆکانی شەرەفنامە)دا دەڵێ (جا نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی لەو کاتەوە بە پلەی یەکەم لەبەر سستی و بێهێزی بنیاتی نێو خۆی کورد خۆی بووە، هەتا کەریم خانی زەند کە هەموو ئێرانی داگیرکرد، نەك هەر دەوڵەتێکی کوردی دانەمەزراند، بەڵکو خۆیی بە شایانی ئەوە نەزانی ناسنامەی (شا) لە خۆی بنێت و نازناوی (وەکیل)ی لە خۆی نا واتە وەکیلی شا، لە کاتێکدا هیچ شایەك لە ئێران نەبوو، ئەوەبوو بە ڕەوای هەقی نەبینی خۆ بکاتە شای ئێران، ئەمە خاڵی بێهێزی دەروونی و کۆمەڵایەتی پیشان

دەدات کە لە ژێر دەستی‌یەکی لە مێژنەی کوردەوە هاتووە بەڵام محمد ئاغا خانی قاجاری تورکمان کە جڵەوی حوکمی لە دەستی‌یەکی لە مێژنەی کوردەوە هاتووە بەڵام محمد ئاغا خانی قاجاری تورکمان کە جڵەوی حوکمی لە دەستی زەندیەکان وەرگرت (شا)یەتی خۆیی راگەیاندوە خۆی ورە بەرزبوو ئەگەرچی نێرە مووکیش بوو خۆی بە لایەقی پاشایەتی ئێران زانی بە پێچەوانەی ورەنزمی کەریم-خانەوە)، لێرەدا دەردەکەوێ کە شکستی دەروونی خۆ بە کەم زانین کەسایەتی سەرکردە دەرووخێنێ و وای لێ دەکات گەر قابیلی سەرکردایەتیش بێت لە رووی دەرفەتی مێژوویی‌یەوە خۆی بە شایانی نەزانێت، خۆی بە بچووك بێتە بەرچاو، لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەو دەسەڵاتە لە هەناوی کۆمەڵگای کوردیدا لەدایك نەبووە ئەگەر لەدایکیش بووبێت نەناڕێکی لەدایك بووە واتە زۆربەیان لەدەرەوەی کۆمەڵگای کوردیدا لەدایك بوون واتە لە دەرەوەی مێژوو کە دێنە ناوەوەی مێژووی کورد وای لێ‌دەکات تووشی نەخۆشیەکی یان برینێکی کیمیاوی دەکات و هەرەمی دەروونی و دەسەڵاتی کوردی دەڕوخێنێ و دەرفەتە مێژوویی‌یەکەی تووشی شەلەل دەکات تا دەیکوژێ، سەرکردەی کورد بەرامبەر ئەو ڤایرۆسە کە دێتە ناوەوەی جەستەی مێژووەکەی، دژە ڤایرۆسی پێ‌نیە، بۆیە ئەو ڤایرۆسە کوشندەیە مێژووەکەی رادەوەستێنێ و تووشی سەر ئێشەی مێژوویی تری دەکات، واتە باری زیاتر گران دەکات، ئەمەش لاوازی

دەسەڵات و سەرکردایەتی سەرکردەی کورد دەردەخات، کە بە خۆی ڕانابینێ ببێتە دەسەڵات، یان بتوانێت دەسەڵات بگرێتە دەست، هەر بۆیە دەسەڵاتی کوردی لەناوچەیەکی تەسکدا سەرکوت کراوە و یان بووەتە داردەست، لێرەشەوە دەتوانین بڵێن کە تەنانەت ئەو ڕەوتە مێژوویی یە وای کردوە کە (فریاد ڕەس) بۆ کورد لە نێو کۆمەڵگای کورددا دروست نەبێت، یان لە دایك نەبێت، یان کەسەری هەڵدابێت لە قۆناغێکدا کاری بۆ نەکراوە و کاری نەکردووە، یان کاری بۆ پەیام و دیسپلینی پەیامەکەی نەکردووە، یان شێوازی سەرکردەی کاریزمی سەرهەڵنەدات، کەواتە دەتوانین بڵێن مێژوو ئامادەبوو بۆ دروست کردنی دەسەڵاتی کوردی بەڵام سەرکردایەتی هیچ ئامادەبونێکی تیادا بەرجەستە نەبووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ کردووە و کە کۆمەڵ پەراتەوازە بێت و لە سنووری پێکهاتە سەرەتاییەکەشی دەرنەچێت و بە قەد قەبارەی پێکهاتەی خۆی نەکشێ بەڵکو هەر بە بچووکی ماوەتەوە، وای کرد کە گەورەترین هەڵەی مێژووی لێبکەوێتەوە کە نەوە دوای نەوە پێوەی بناڵێنێ، تا کار گەیشتە ئەوەی هیچ تاکێکی کورد متمانە بە سەرکردەی کورد نەکات و بە مەترسیەوە بڕواننە دەسەڵات و هەمیشە سەرکردە بە شێوەیەکی دی سەیر بکەن کە نامۆبن بەرامبەر خۆیان و یەکە کۆمەڵایەتی یەکانی کۆمەڵگای کورد، (دێرسیمی) دەڵێ (ڕێکخەرە لاوەکانی کورد پڕوپاگەندەیان بۆ سەربەخۆیی دەکرد لە

بارێك رابەرانی یاخیبوو تەنیا خوازیاری (ویلایەتێكی) خـود موختـار بوون ئەویش لـەو ناوچەیـەی كـە دەسـتیان بەسـەرداگرتبوو)، ئەمـەش ئامادەبوونی كۆمەڵە بۆ سەربخۆیی و نائامادەیی سەركردە دەردەخات بۆ سەربەخۆیی و گرێ دان بە خوازیارێكی كەمەوە، واتە كۆمەڵ لەسەركردە هوشیارتر بـووە و سـەركردەش لـەو كۆمەڵگایـە نەگەیشـتووە، یـان نەیانتوانیوە لەگەل ئەو هوشیاریەدا رێك بكەوێ، یان مەبەست خیانەت بووە یان بەرژەوەندی تاكەكەس بووە، ئەمـەش دەگەرێتـەوە بـۆ لاوازی هوشیاری چینی رۆشنبیران كە نەیانتوانیوە ئەو رابەرانە راكێشنە نێو ئەو ستراتیژەوە، بەڵكو زۆرجـار رۆشـنبیران و پارتـەكان زەمینـەیان بـۆ شۆرشەكە ئامادەكردووە و دوایی سەركردایەتیان داوەتە دەست پیرانی تەریقـەت و مەزهەبـەكان وەك كۆمەڵـەی ئـازادی و رۆشـنبیرانی كـوردی توركیـا كـە سـەركردایەتیان دایـە دەسـت شـێخ سـەعیدی پـیران، لـەو بۆچوونانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین كە هوشیاری لای كۆمـەڵگای كـورد هـەبوو بە تایبـەت چینـی ناوەراست نموونـەش بۆ ئـەوە دروست بوونـی دەیان حزبی ناسیونالستی لە ژێر كاریگەری بیری ئازادی، سەربەخۆی... دیموكراتـی... هتـد، تەنـها پـارتی (خۆیبـون) كـە سیاسـی و رۆشـنبیران دایـان مـەزراند، رابەرایـەتیان نـەدا بـە دەسـت سـەرۆكە ئـایینی و خێڵەكیەكانەوە ئەمـەش یەكێك بو لە هۆیـەكانی بـەهێزی و تـا رادەیـەك درێژخایـەنی راپەرینەكە، بەلام پووكانـەوەی هـەندێ لـەو حزبانـەش یـان

توانەوەیان لە نێو حزبەکانی تردا ئەمەش نا ئامادەیی سەرکردایتیان دەردەخات بۆ دروست کردنی دەسەلاتی کوردی، واتە ئەو ئامادەبوونە تەنها قسەبووە و کاری بۆ نەکراوە، قسەش هیچ ناگۆڕێ، کەواتە ئەو تیۆرەی کاری بۆ نەکرێت و کاری پێنەکرێت لە پراکتیکدا جێبەجێنەکرێ بە مردوویی دەمێنێتەوە.

ئاوڕدانەوەیەك بۆ دواوە

هەروەك لەوەوپێش روونمان كردەوە كەجۆرەكانی دەسەڵاتی كورد بەسیستەمی تاریكو جیادا رۆشتووە، دەسەڵاتی هۆز، میرنشینەكان، شێخ كەزۆرجار ئەوسێ دەسەڵاتانە لەیەك كەسدا كۆدەبونەوەو دەسەڵاتێكی ئاڵۆزی پێك دەهێنا، هیچیشیان لەو ئاستەدا نەبوون كەبگەنە سەركردایەتی تەواو، هەرچۆنێك بوایە دەیانتوانی لەژێر ئەو پێكهاتە كۆمەڵایەتیەدا (خێزان، خێڵ، عەشرەت) سیستەمی دەوڵەتی خێڵ، هۆز، عەشیرەت، دروست بكەن یان دروستیان بكردایە، كەواتە خوێنو دەماریگری كورد نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەو گەشەیە كەبتوانن دەوڵەتی خێڵ بۆ خۆیان دروست بكەن، هۆیەكەشی هەر خێڵە كەبەتەنیایی خۆی ژیاوە، سەرەڕای ئەوەش یەكپارچەیی هۆزایەتیان نەبووە كە ئەمە خەسڵەتێكی لاوەكیە، ئەوجا دابەش بوونو پەرتەوازەیی جوگرافی هۆز كارێكی گەورەی كردۆتە سەر لەتكردنی هۆز لەنێو

خۆیاندا، کەزۆربەی زۆری هۆزی کورد لەنێوان سنوورەکاندا لەت لەت کراون و لەئەمدیو ئەودیوی سنووری عێراق و ئێران و تورکیا دابەش بوون، ئەو هۆکارو پەیوەندیانە وای کردووە لەبری دروستکردنی دەوڵەتی سەرەتایی خێڵ کەدەبێتە ژێرخانی دەوڵەتی گەورە میرنشینان بەرهەم هێناوە کەئەمیش لەچاو دەوڵەتدا لاوازە، هەروەك (ڤان بروتین سن) دەڵێ (بەماوەیەکی نزیکی سێ ساڵی دوای لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکانی کورد (١٨٤٧-١٨٨٠) کوردەکان چ لەنێو قەڵەمڕەوی حکومەتی عوسمانی یان لەنێو خۆیاندا کەمتر لێك نزیك بوونەوەو کەمتر توانایان رووەو پێکهێنانی حکومەتێکی تایبەت بەخۆیان بچنە پێش، بەڕای ئەو لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی میرنشینەکان جگە لەحکومەتێکی راستەوخۆ مانایەکی دیکەی نەبوو و لەڕووی گەشەساندنی کۆمەڵایەتی یەوە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێز هەنگاوێك بۆ دواوە بوو مەیل بۆ حکومەتێکی هۆزایەتی لەوە بەهێزتربوو) دەمارگیری هۆزایەتی لەسەر هەموو شتێکەوە بوو، بزوتنەوەی شێخ و مەلاو میرە کوردەکان لەژێر کاریگەری رەگی هۆزایەتی یەوە دەکرا، تەنانەت بزوتنەوەی شێخ و مەلاو میرە کوردەکان لەژێر کاریگەری هۆزو ئاینەوە دەکرا، خاڵی بادانەوە لەژێر کاریگەری ئەو سیتستەمەدا شۆڕشکەی شێخ سەعیدی پیران بوو کەشۆڕشەکەی کردە شۆڕشێکی نەتەوایەتی و کەمێك هۆشی هاتەوە سەرخۆ هەروەك

خۆی دەڵێ (جاران خەلیفەیەکی هاوبەشمان هەبوو، ئەوەش وای لەگەڵ ئایندارەکان کردبوو کەهەست بکات دەتوانێت لەگەڵ تورکاندا لەیەك کۆمەڵگادا بژی، بەڵام لەوەتی خەلیفەیان لابردووە، تەنیا هەستکردنمان بەزۆرداری تورکان بۆ ماوەتەوە.. ئیسلام بناغەی یەکێتی نێوان کوردو تورك بوو.. تورکەکان پێشێلیان کرد، ئێستا پێویستە کوردەکان دوا رۆژی خۆیان دابین بکەن)، دیارە هۆزەکانیش خۆیان دەبردەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەرو واتە لەڕووی رەچەڵەکەوە دەگەڕێنەوە بۆ پێغەمبەری ئیسلام، لەسەر بنەمای درەختەکانی بنەماڵە، ئەمە بەرژەوەندییەکی هۆزایەتی بوو بۆ دەست بەسەراگرتنی هۆزێکی دیکە یان دژە مەزهەبێکی دیکە وەك لەزۆربەی بزوتنەوەکان مەزهەبێك دژی مەزهەبێکی دی جەنگیوە، وەك لێدانی ئێزدیو قزڵباشەکان لەلایەن سەرۆك هۆزو میرنشینە کوردەکانەوە، ئەو دەمارگیری هۆزایەتی‌یە تا رادەی پێشگەیشتنی بەرز نەچووە پێشەوە بەڵکو هەمیشە بەرژەوەندی‌یەکان ئەو ئاواتەیان خنکاندبوو، هەڵوەشانەوەی میرنشینەکانو ئاکامەکانی زەمینەی خۆش کرد بۆ دەرکەوتنی شێخەکان وەك رێبەرانی سیاسی خۆش کرد، بەتایبەتی لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم (١٨٠٨-١٨٣٩) رێگای بۆ دەرکەوتنی شێخ عوبەیدوڵڵا وەك رێبەری نەتەوەیی خۆش کرد، واتە لەنێو چوونی میرەکان بووە هۆی بێسەروبەری رۆژ بەرۆژ دەگەیشتە رادەی پشێوی،

(جیرارد چاڵیان) لەساڵی ۱۹۷۷دا دەڵێ بزوتنەوە چەکدارەکانی ساڵای ۱۸۲٦-۱۸۳٤-۱۸۵۳-۱۸۵۵-۱۸۸۰ بەرابـــەری ســــەرەك خێڵــــە کلاسیکیەکان بوو، ئەو بزوتنەوە چەکداریە لەشێوەی جەنگی خێڵەکیدا بوون دژ بەزەبرو زەنگی دەوڵەت.. بەهیچ شێوەیەك سوودیان لەو ئایدۆلۆجیە نەتەوایەتیە مەزنەکەی سەدەی نۆزدەهەمی ئەورووپا وەرنەگرت بەزۆری سەرکردە کلاسیکیەکانیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەرەنگاری رژێم دەبوون، نەك لەرادەی ئامانجی هەرێم، یان بەگوێرەی رەوت و بۆچوونی رامیاری نوێ))، هەروەها شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (کە یەکێك بوو لەشێخە گەورەکانی نەقشبەندی کە رێبەرایەتی شۆڕشی ۱۹۲٥ی کرد) تەریقەی نەقشبەندی و شێخەکانی گرنگترین رێبەرایەتی یاخیبووە.. بوون.. ئەمە ئەنجامی پایەو پلەی ئاسایی.. ئەوان و ئەو رێزە بەرزە بوو کۆمەڵانی خەڵکی کورد لێیان دەنا شێخ سەعید گەورەترین و بەردەوام ترین یاخیبوونی سەربەخۆیی خوازانەی لەسەدەی بیستەم دا رێبەرایەتی کرد دوای مردنیشی چیرۆکی وابڵاو دەبۆوە کەدەیانگوت ئەو هێشتا زیندووە، رێبەرایەتی شێخ سەعید چاوەڕوانی مەسیحیایی و هەروەها سەربەخۆیی خوازانەی لەنێو پەیرەوکەرانی دا وورژاند.. سەرەڕای ئەوەش یاخیبوونی شێخ سەعید یاخیبوونێکی هۆزایەتی بوو دوایش بەسەرکوتی ناسیونالیزمی کورد لەتورکیا کۆتایی پێهات، کەواتە سڕبوونی بزوتنەوەی کورد خۆی

نیشانی دا کەشێخ سەعید مرد، (نەك هێشتا زیندووە) چونکە دوای ئەو هەوادارانی پەیامەکەیان بۆ نەچووە سەر کەواتە نەبوو بەرۆح تا زیندو بێت لەنێو رۆحی خەڵکدا، بەڵکو بەمردنی کۆتایی هات بە بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد بۆ ماویەکی درێژ، واتە قۆناغی شۆڕشێکی دی یان جیاواز، هەروەها (شێخ مەحمودی بەرزنجی) کەیەێکە لەسەیدە بەناوبانگەکانی بەرزنجە کەرەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر ئیمام عەلی و فاتمەی ژنی لای سونەو شیعەش رێزێکی زۆریان هەیە، (ماریتن ڤان بدونەسن) دەڵێ (شێخ مەحموود، شێخی تەنها تینووی دەسەڵات نا بەڵکە سەرکردەیەکی لەدڵ و دەروون و باوەڕە نیشتمانپەروەرو سەرکردەیەك کە ئینگلیز قەت نەیبەخشی چونکە لەبریتی ئەوەی وولاتەکەی تەسلیمی ئەوان بکات و خۆشی خەریکی دەستکەوت چنینەوە بێت هەوڵیدەدا ئەوان بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد هەڵسوڕێنێت)، ئەوەتا شێخ مەحمود دەڵێ (بەشێکی زۆر لەتەمەنم لەچیاو شاڵاخ و ئەشکەوت و دەربەدەری و دورخستنەوە لەخاکی نیشتمانم بەسەربرد.. هەمیشە پێچەوانەی شەپۆل و گەردەلوول مەلەم کردوە.. لەهەرە قوڵایی دەریاکانا ژێر مەلەم کردوە.. هەمیشە پێشەنگی بازو هەڵۆ بوم لەراوی دوژمناندا.. گەرچی جێی داخە (دواکەوتویی گەلەکەم) بووە ئاستەنگ بەسەر شانمەوە..!).

بێجگە لەو سەرکردەی بزوتنەوانە بەدەیان سەرکردەی تر خەباتیان کردووە بۆ رزگاری نیشتمان، لای خەڵکانیش رێزو پایەی تایبەتیان هەبورە؛ بەڵام بەهۆی نەبوونی ستراتیژی دوورو خۆبەستنەوە بەهۆزو ئاینەوە هەروەها شەڕی لابەلاو دوژمنایەتی هەمیشەیی و گوێنەدان بەمەسەلەی نەتەوەیی، بووە ئەوەی زۆربەی بزوتەوەکان سەرکوت بکرێن و سەرکردەکانیان، یان لەسێدارە دەدران یان هەڵدەهاتن بۆ دەرەوەی کوردستان، (وادی جوەید) دەڵێ (دەرکەوتنی شێخەکان وەك رێبەرانی نەتەوەیی لەنێو کوردان دا تەنیا لەبەرئەو رێزە نەبوو کە بەهۆی تایبەتمەندی پلەی ئایینییەکەیان هەیانبوو، بەڵکو بەم مانایە کەدوای لەناوچوونی پلە ئایینییەکەیان هەیانبوو، بەڵکو بەم مانایە کەدوای لەناوچوونی میرە گەورەکان لەنێو کەسانی ئایینیدا کەس نەبوو لەنێو خەڵکیدا رێزو دەسەڵاتێکی وای هەبێ، ئاسانی قبووڵ کرانی شێخەکان وەك رێبەر لەلایەن کۆمەڵێ کوردەوە نیشاندەری نیازێکیشە کە ئەم کۆمەڵە بەپڕکردنەوەی بۆشایی دەرەنجامی نەبوونی میرەکان هەستی پێدەکرد)، دیارە باری کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سەرەك هۆزو پیاوە ئاینیەکان لەکۆمەڵگای باوسکالاریداو ناکۆك و دوژمنایەتی هەمیشەیی خێل و تیرەکان جگە لەئابووری هەمیشە گۆڕاوی هۆزە کۆچەرەکان هەموو ئەمانە هەلی باشیان رەخساند بۆ دوژمن کەزیاتر کوردستان بەوئاقارەدا ببەن و پیلان و بەرژەوەندییەکانیان جێبەجێبکەن، دوای شکستی

شێخ و مەلاو ئاغاو دەرەبەگە کوردەکان لەبەرەو پێشەوەچونی بزوتنەوەی کورد، (ناسیونالیستی کورد لەکۆششی نوێسازیو دۆخ گۆڕانیدا ئەو دۆزی نەتەوایەتیەی پێشان ئاغاو سەرانی کلاسیك دەیانبینیو بەپێی بیروبۆچوونی خۆ لەجیهان و بارودۆخی رامیاری دەبزوان لەم دواییانەدا گۆڕاو بزووتنەوەی بۆرجوازی شوێنی گرت ئەمڕۆ وزەو دینامیکیەتی ئەو بوارە کەوتووەتە بەردەست وردە بورجوازی شارو لادێ ئاغای کورد کەزۆریان تا ماوەیەك لەمەوبەر رابەرێ رێزەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی میللی بوون، بەربەرەکی داگیرکەر رێبازی پێگۆڕین لەبەر ئەو نزیکبونەوەیان لەرژێم و رووکردنە بەرژەوەندی تایبەت ناوبانگیان لەناو کۆمەڵێ کوردەواریدا سووك بوو و سەرئەنجام بوون بە تەگەرە لەرێی گەشەو بەرەوپێش چوونی بزوتنەوەی نەتەوایەتی) دوور لەشۆڕش و ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بژیو لەناوەوەی خۆی بەداخراوی بمێنێتەوە.

باوكی كورد - دەسەڵاتی كورد

ئەو بزوتنەوەو راپەڕینانەی كراوە سەركردەكانیان لەبەرگی شێخ، ئاغا، مەلا، دەرەبەگ، دەرنەچون و لەهەمان كاتدا جێگای دیاری كراویان هەبووە لەكۆمەڵگای كورددا وەك (سەرۆك، سەرۆك عەشیرەت، رابەری ئایینی، بەگ و بەگزادە) سەیر كراون، بەڵام دامەزراوە كۆمەڵایەتیەكان ئەو رۆڵە گرنگەیان نەبووە لەهوشیاری كۆمەلایەتیدا، ئەمەش وای كردووە سەرجەم بزوتنەوەو راپەڕینەكانی كورد بەناوی تاكە كەسەوە ناوبنرێن نەك بەناوی نەتەوەیەكەوە یان چین و توێژێكی كۆمەڵایەتیەوە، بۆ نموونە بزووتنەوەی شێخ عەبدوڵای نەهری، سەید رەزای دەرسیمی، شێخ مەحمودی بەرزنجی، سمایل خانی شكاك، شێخ سەعیدی پیران، مەلا مستەفا بارزانی، واتە نەبوونی كەسایەتی‌یەكی گەورەی بەگزادە لەڕوانگەی كوردانەوە كارێكی سەیرو ناماقوڵ دەهاتە بەرچاو، چونكە ئەوان وەك نەوەی پێغەمبەران قەڵەم دەدران بەهۆی ئەوەی ئەوان سەر

بەتەریقەتی ئایینی‌یەکان بوون کەبەهێزترینیان قادری‌و نەقشەبەندین..
بـەهۆی دەمارگـیری هـۆزی‌و مەزهـەبی‌و ناوچـەیی‌و بنەماڵەیی‌یـەوە سیسـتەمی (شێخ، ئاغا، دەرەبەگ) کایـەی دیکتـاتۆری بسـتە باڵایـان دەبینـی لەبەرئـەوەی هۆزەکـانی هەمیشـە لـەگوماندا بـوون بەرامبـەر یـەکرتی، هـەروەها ئـەوانیش بەهـەمان شـێوە لـەگوماندا بـوون، بۆیـە خێڵایـەتی کورد خێڵایەتی‌یـەکی سـەرەتایی توندو تیژ بـووەو هـەر لـەو ڕووانگەیەوە کەدەرەبەگی کـورد دەرەبـەگێکی لەرادەبـەدەرو تونـدو تیـژ بووەو ڕۆڵی دیکتاتۆری بۆ خۆش کراوەو خۆیشی پێی خۆش بووە ئـەو دەورە ببینـێ، حەزیشـی لەفراوانی دەسـەڵاتەکەیدا کـردووە تەنـها لـەناو جوگرافیای هـاوخوێنیدا نـەك لـەدەرەوەی جوگرافیاکـەی، ئەمـەش وای کردووە کەدەوڵەتی خێڵ دروست نەبێت‌و نەشیتوانیوە توخمی دەوڵەت لـەمنداڵدانیدا هـەڵبگرێت، ئـەم پەیوەندیانـە خـۆی لـەی‌خۆیدا بنـەمای سیستەمی لمی پەترپاکی دەدەن بەدەستەوە کە سەرکردایەتی لای کورد باوکسالاری بـووەو ڕۆڵـی تاکە کەسـی ئامادەکراو دەکەوتـە پێش ڕۆڵـی دامەزراوە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە کە ئـەم حاڵەتـەش ڕوخسـاری کۆمـەڵگا دواکەوتووە سەرەتایی‌یەکانە، دیارە ئەو باوکسـالاریەش کوێرانە بووەو نەگەشتۆتە قۆناغی سـەرکردایەتی تـەواویان قۆنـاغی کاریزمـایی، واتـە باوکسالاری لەدەرەوەی خێزان، یان لـەناوەوەی خێزان بۆ تێکشکاندنی خـێزان، کـەهیچیان لـەو دوانـە بـە باوکسـالاری نـاژمێردرێن، چوونکـە

لەهەردووکیاندا هەر کۆمەڵگای کورد زەرەرەی کردووە، راستە لای کورد دەسەڵات هەبووە، بەڵام دەسەڵاتی رووکەش یان دەسەڵاتی ناتەواو تێک شکاو بووەو ئەو دەسەڵاتانەش هیچی باشی لێچاوەڕوان ناکرێ، تەنها پشێوی و سەر لێشواندن نەبێت، هەمیشەش لەخۆپاراستندا بوون، هەر کاتێکیش فشاری بەهێز لەسەریان بوایە خۆبەدەستەوەدان و هەڵهاتن باشترین چارەسەر بووە بۆیان، نەک بەرگری و سەپاندنی دەسەڵات، هەندێك لەو دەسەڵاتانە یان ئەو رابەرانەی رابەرایەتی بزوتنەوەکانیان کردووە خۆیان راستی ئەوە دەدرکێنن (دریرسیمی) دەڵێ (جودایی مەزهەب و بیروڕا لەنێو کوردانیدا زۆر یارمەتی تێ شکاندنی یاخی بوونی‌دا) (رۆبەرت ئۆلسن لەکتێبی (راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران)دا دەڵێ: (رێبەرانی یاخی بوونی قۆچگیری لەنیسانی ۱۹۲۱ لاوازی ناسیونالیزمی کوردی بەرۆشنی نیشان دا رێبەرانی یاخی بوون خۆشیان وێڕای ژماردنی هۆیەکانی شکست و دانیان بەو لاوازییانەدا نا لەیەکێك لەهۆکارە گرنگەکانی (جوودایی مەزهەب و تایفەیی نێوان کوردان بوو).

مێژوو دەری دەخست کەباوکێکی رۆحی بۆ کورد پەیدا نەبووە کەببێتە رۆح و تێکەڵ بەئاوەزی تاکەکانی کۆمەڵگای کورد بێت هەر لەدوای زەردەشتەوە کەس نەیتوانیوە رۆحی مرۆڤی کورد داگیر بکات و ببێتە

باوك بۆ كـورد هۆكارەكـانی دەتوانـین لـەم خالآنـەی خـوارەوەدا دیـاری بكەین:-

١-سۆزلای كورد نەبووەتە ئاوەزو لۆژیك بەڵكو هەر بەسادەیی ماوەتەوەو نەبووەتە (هەست).

٢-زۆرجار كۆمەڵگا ئامادە بووە بۆ بوون بەرۆح بەلآم سەركردە ئامادەیی تێدا نەبووە ببێتە رۆح و باوكی كۆمەڵگا.

٣-گەشەنەكردنی قۆناغەكانی كۆمەڵ و تێنەگەیشتن لەمێژوو.

٤-هەڵگیرساندنی شۆڕش و سەركردایەتی لەناچاریدا.

٥-دابڕینی كۆمەڵگا لەسەر كردەوە كە دوژمن بەم سیاسەتە هەڵدەستا بۆ لەنێوبردنی یەككگرتن لەنێوان تاكی كوردو سەركردەدا.

٦-شكسـت هێنـانی دەروونـی تـاكی كـورد لـەدوای نـەمانی دەوڵـەتی مادەوە.

سەرچاوەکان:

١-حکومەتی کوردستان و کورد لەگەمەی سۆڤێت - نەوشیروان مستەفا/ ١٩٩٢،

٢-تابلۆکای شەرەفنامە/ عبد الرقیب یوسف - چاپی دووەم/ ١٩٩٨.

٣-ئەو هۆکارانەی مەسەلەی کورد پێك دەهێنن/ لازارییف/ سعد عبدالله کردوویە بەکوردی/ بۆ مێژوو/.

٤-کوردو کوردستان/ ئەبو القاسمی لاهوتی/ د. جەبار قادر لەڕوسیەوە کردوویە بەکوردی و تێبینی بۆ نوسیوە/ هۆڵەندە ١٩٩٨.

٥-چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لەکۆمەڵگای کوردیدا/ عەتا قەرەداغی/ ١٩٩٩.

٦-پەیوەندی نێوان کوردو روسیا (کوردستانی قەفقاز یا سۆڤێتی) ئارام علی ستوکهوڵم/ ١٩٩٩.

٧-راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران/ رۆبەرت ئۆڵسن/ وەرگێڕانی بۆ کوردی ئەبوبەکر خۆشناو/ ١٩٩٩.

٨-ئاغاو شێخ و دەوڵەت/ مارتن ڤان بورنەسن/ کوردۆ لەئەڵمانیاوە کردوویە بەکوردی/ بەرگی یەکەم/ چاپی سێیەم/ سلێمانی ١٩٩٩.

٩-گەلێکی پەژمودەو نیشتمانی پەرت/ وەرگێڕانی لەعەرەبی و فارسیەوە م/ کۆمەیی/ لەئینگلیزیەوە/ حەوێزی -سوید ١٩٩٨.

١٠- ستراتیژ و کەسێتی نەتەوەیی کورد/ عەتا قەرەداغی/ سلێمانی ١٩٩٨.

١١-دەروازەی گۆڕینی کۆمەڵ/ بەیاد عبدالقادر/ بغداد ١٩٨٧.

١٢-مرۆڤ لەروانگەی مارکسەوە/ ئەریك فرۆم/ وەرگێڕ/ هەنگاو/ چاپی یەکەم ١٩٩٩.

١٣-گۆڤاری نڤار - ژمارە (٢) ساڵی یەکەم هاوینی ١٩٩٨.

١٤-گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی/ ژمارە (٢) ساڵی حەوتەم مایسی ١٩٩٩ سلێمانی.

فاکتەرەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی

نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی یان قەوارەیەکی رامیاری بۆ گەلی کورد. کێشەو گرفتێکی گەورەی نەتەوەی کوردە. کەتا ئێستاش کورد خەباتی بۆ دەکات و نەیتوانیوە بکات بەمافە رەواکانی خۆی. دیارە هەر لەدوای رووخاندنی دەوڵەتی (مادە)وە دەروونی کورد تووشی شکستی هاتووە بەرامبەر بەخۆی و بەرامبەر بەدەرەوەی خۆی. ئەوەش وای لێکردووە کەتووشی گرێکوێرەی مێژوویی و دەروونی بکات و دواجار خاوەنی کەسێتی تایبەتی خۆی نەبێت، بەڵام کورد بێوچان هەوڵی داوە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی. ئەویش لەچوارچێوەی قەوارەیەکی رامیاری وا کە مافی رەوای خۆیەتی وەك هەر نەتەوەیەکی‌تر. سەدەی نۆزدەم بیست بۆ کورد دوو سەدەی تاڵ و تراژیدی و بێهوودە بوو لەنێوان داگیرکردن و پەرتەوازەیی و دابەشکردن و خەڵەتاندندا ناڵاندوویەتی، کوردیش

بۆئـەوەی لەدەستی چووە هەمیشــە بــێئومێد نــەماوەو هــەوڵی داوەو شۆڕش‌و راپەڕینی کردووەو قوربانی داوە بۆ گەیشتن بەمافەکانی بەڵام تــا کۆتــایی ســەدەی بیســتەم نــەیتوانیوە قەوارەیــەکی رامیــاری یــان دەوڵـەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆی دروست بکات، دەتوانین ئـەو هۆکارانـە دیاری بکەین کە بوونەتە هۆی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی:-

١-هۆکاری جیۆپۆلەتیك.

٢-هۆکاری ئابووری.

٣-هۆکاری کۆمەڵایەتی.

٤-هۆزی کورد.

٥-بزووتنەوەی کوردو رۆڵی سەرکردە.

٦-هۆکاری سەرکردایەتی.

٧-پەیوەندی نێوان تاکی کوردو سەرکردە.

٨-هۆکاری ناوخۆ.

٩-هۆکاری دەرەوە.

١-هۆکاری جیۆپۆلەتیك:

شـوێنی کوردســتان‌و بەشـی جوگرافــی سیاســی کوردســتان کەوتۆتــە خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا. بەهۆی هەڵکەوتوویی شوێنەکەی لەنێو چەند نەتەوەیەکی جیاوازدا کە هەمیشە چاویان بڕیوەتە شوێنی کوردستان.

هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە تووشی سیاسەتی دابڕان و پچڕبوون هاتووە، بەپێی شوێنەکەی کوردستان یەکێکە لەناوچە هەرە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەنێو جەرگەی ئەو مەڵبەندەدایە، بەدرێژایی مێژوو جێگەی سەرنج و چاوتێبڕین و تەماعی نەتەوەکانی دەوروبەری بووە (ئەگەر فاکتەری جیۆپۆلۆتیک دەورێکی کاریگەر یا کەمی لەبڕیاردانی چارەنووسی گەلاندا هەبێت، ئەوا لێکۆڵینەوەی مێژووی کۆن و نوێی نەتەوەی کورد بەئاشکرا دەریدەخات کە هەڵکەوتی جوگرافی شوێنی کورد لەسەر ئەم خاکە دەوری بەرچاوی هەبووە لەدیاریکردنی چارەنووسی رابردوو ئێستەدا) کوردستان لەمێژە جەمسەری نێو دوو سێ دەوڵەتە (ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و بێزەنتی و عوسمانی و خەلافەتی عارەبان و ئێران). لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم باری جوگرافی سیاسی کوردستان گۆڕاو کوردستان بەش بەش کرا. بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم کە کوردرستانیان کردە چوار پارچە، بەم جۆرە کوردستان بەو بوویەرە جوگرافیەی هەیەتی بووە بەشێك لەژیانی ناوخۆیی و پەیوەندی نێو دەوڵەتی (تورکیا، سوریا، ئێران، عێراق) بەوەش کوردستان تووشی لێك داپچڕانی جوگرافی، سیاسی، فەرهەنگی، نەتەوەیی بووە کە دواجار بووە هۆی شێواندنی جوگرافیای سیاسی کوردستان و نەبوونی سنوورێکی سیاسی و هەربۆیە ئاسان نیە بەوردی ڕووبەرە جوگرافیەکەی بزانرێت دیارە شوێنگەی

جوگرافی و جیۆپۆلەتیک کاریکی یەکجار زۆر گرنگ لەژیانی رامیاری کوردستان دەکات بۆیە دەتوانین بڵێین مێژووی ئەو وڵاتە بە بەرهەمی ئەم فاکتەرە دادەنرێ.

کوردستان هەر لەسەدەی شانزیەمەوە هەتا جەنگی جیهانی گۆڕەپانی پێکدادانی هێزەکانی هەردوو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی (ئێران) و عوسمانی بووە، گەورەترین جەنگێ لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا رووی دابێت جەنگی (چاڵدێران) لەساڵی ١٥١٤ی زایینی بوو، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو (یەکێتی جوگرافی خاکی کوردستان بەتەواوی تێك چوو) بەشی رۆژهەڵاتی کەوتە بن دەستی سەفەوییەکان و بەشەکەی رۆژئاواشی کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکانەوە، دواتریش ئەم بەشە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و رووخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، جارێکی دیکە دابەش کرایەوە بەشی هەرە گەورەی بەر تورکیای تازە کەوت و بەشێکی دیکەشی خرایە سەر سوریا، ئەوەی کە ماشەوە (ولایەتی موصڵ) لەگەڵ لایەنەکانی بەغداو بەسرەدا، دەوڵەتی عێراقی ئەمرۆیان لێ دروست کرد، کوردستان بۆ وڵاتانی ئیمپریالی رۆژئاوادا شوێنێکی گرنگی ستراتیژی هەیە، چونکە لەوێ را (واتە لەکوردستان)ەوە دەکرێ هەڕەشە لەسنووری خوارەوەی یەکێتی سۆڤیەت و هەندێك وڵاتی رۆژئاوایی ئاسیا بەهۆی ناوچەی شاخاوی کوردستان و پەیوەستی سنوورەکەی بەدەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە وای

کـردووە بەتایبـەتی لـەڕووی بەرگرییـەوە شـوێنێکی گرنـگ بێـت و بـۆ مەبەستی تایبـەتی دوژمنـان بەکاربـهێنرێ، دیـارە دوژمـن ئـەو شـوێنە شاخاویانەی بەکارهێناوە لەڕووی ستراتیژی و تـەکنیکی سـەربازییەوە دژی نەتەوەیـەکی دی، دەوڵـەتێکی دی، دیـارە هـۆی بوونـی کـانزای جۆربەجۆر بەتایبەتی نـەوت و هـەندێ کـانزای تر هـەروەها تێپـەڕبوونی مـەزنترین دوو روبـاری ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت دیجلـەو فـورات کـە بەکوردستاندا تێدەپەڕی بێجگە لە دەریاچەکانی تر کە بایەخی ئابووری گرنگیان، هەیە تەنانەت کێشەی نێودەوڵەتی و بیکەنە هەڕەشە ئەم دژی ئەو، ئـەو شـوێنە گرنگـەی کوردسـتان سـەرنجی خـەڵکی کوردسـتانی ڕانەکێشا بەڵام لـەم دواییـەداو بەتایبـەتی لای داگیرکـەران بایـەخێکی یەکجار زۆری بووە بەتایبەتی کە ئەمڕۆ باس هەر باسی نەوتە، دیارە زۆربەی چاڵە نەوتەکان دەکەونە سنووری خاکی کوردستانەوە، هەڵبەت شوێنێکی وەها کە کورد بۆ خۆی درکی پێنەکردووە لەڕووی جوگرافی و گرنگی سیاسییەوەو سوودی لـێوەرنەگرتووە بـۆ مەسـەلەکەی، بـەڵام دوژمن زیرەکانە شوێنی جوگرافی سیاسی کوردستانی خستۆتە خزمەت خۆیـەوەو کوردسـتانی لـەڕووی جیۆپۆلەتیکـەوە کۆنـترۆڵ کـردووەو لـەپێناو بەرژەوەندییـەکانیدا بـەکاری هێنـاوەو نەیهێشـتووە بـەهیچ شێوەیەک کوردستان سنوورێکی جوگرافی سیاسی هەبێت.

٢-هۆکاری ئابووری:

ئابووری بەشێکی گرنگە بۆ ژێرخان و سەرخانی دەوڵەت و هۆکارێکی کاریگەرە لەدیاریکردنی پێکهاتەی کۆمەڵ و سیستەم و پرۆسێسی پێشکەوتن. کوردستان خاوەنی ئابوورییەکی سروشتی و کانزاییی یە سەرەڕای چڕی دارستانی و دەریاچەکانی و شاخەکانی کە زیاتر لەنیوەی تۆپۆگرافیای کوردستان پێك هاتووە واتە دوای نەوت و کشتوکاڵ گەورەترین کەرتی ئابووری پێك دەهێنێ، سەرەڕای ئەو ئابوورییە پێگەی ئابووری کوردستان پێگەیەکی کۆنەو کاریگەری کردۆتە سەر کەمی بەرهەم هێنان بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی ئابووری جێگیر ئەمەش وای کردووە کە ئابووری کوردستان سیفەتێکی تەقلیدی وەربگرێت، دیارە ئابووری کوردستان وەك یەك بەرێوەناچێت هۆیەکەی دواکەوتوویی پیشەسازییەو ئابووری کوردستان زیاتر لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە چونکە ئەو ناوچانەی نەوت و کارگەی پیشەسازی لێیە زیاتر دەکەونە بن دەستی دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە، ئەو هۆیانە وای کردووە کە دواکەوتوویی پەیوەندیەکانی کۆمەلایەتی ئێستای لێبکەوێتەوەو چینی پیشەیی و هۆشیاری لەهەناوی بەرهەمی خۆماڵیدا لەدایك نەبێت، چونکە کورد لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە دەچەوسێتەوەو درەنگترو بەئاستێکی زۆر کەمتر لەنەتەوەی بالادەست پێش دەکەوێت، چونکە کورد لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە دەچەوسێتەوەو درەنگترو بەئاستێکی زۆر کەمتر لەنەتەوەی بالادەست پێش دەکەوێت، ئەو

ناجێگیری و پەرتەوازە ئابوورییە کارێکی خراپی کردۆتە سەر کۆکردنەوەو یەك نەگرتنی گەلی کوردو چالاکی خەباتە سیاسییەکەی لەپێناو گەیشتنی بەمافە نەتەوەییەکانی گەشەنەکردنی ئابووری دەبێتە هۆی لاوازی هۆشیاری نەتەوەیی و دواتر دارمانی ژێرخانی ئابووری کەواتە دەتوانین بڵێین لەکوردستاندا پێشکەوتن رووی نەداوە لە ئابووریدا، بەوپێیە پێشکەوتن روونادات بۆ بیرکردنەوە لەدروست کردنی یان پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی.

٣-هۆکاری کۆمەڵایەتی:

بەهۆی پشێوی لاوازی باری ئابووری کوردستان و نەبوونی سیستەمێکی تۆکمەی ئابووری یان ئوتارکێکی ئابووری، هەمیشە باری کۆمەڵایەتی بەر لادان و پەرتەوازەیی کەوتووەو جێگیری بەخۆیەوە نەدیوە. بۆئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خۆی لەو قۆزاخە ئابوورییە سەربەخۆیەدا دروست بکات کە کۆمەڵ تیایدا سیستەمی ئابووری خۆی تیا دروست دەکات و لەهەمان کاتدا گەشەی پێدەدات و دەشیپارێزێت، بۆیە کۆمەڵی کورد کۆمەڵێکی شل و شێواوو ناجێگیر دەبینرێت و کۆمەڵگای کورد نەبووەتە کۆمەڵایەتی، دیارە ئەوەی ناوچە کوردنشینەکانی پێی دەناسرێتەوە لەو وڵاتانەدا نزمی ئاستی گەشەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەو شێوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە؛ هەروەك چۆن ئابووری

کوردستان لە بەشە جیاجیاکان وەك یەك نیە ئاوەهاش پەیوەندی کۆمەلایەتی لەبەشەکانی کوردستاندا وەك یەك نیە بەهیچ جۆرێك هۆشیاری کۆمەلایەتی بەئاستی ولاتە داگیرکەرەکانی گەشەی نەکردووە. هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە نەگونجاوو ناهەموارەی کەچەندین سەدەیە کورد پێیدا دەڕوات. شەڕی بێپسانەوە سەرکوت کردنی خوێناوی راپەڕینو شۆڕشەکان کۆچ پێکردنی بەزۆر پەرتەوازەو دوورخستنەوەی خێزانو هۆزی کورد بۆ ناوچەکانی دوور لەشارستانیەت، کە دواجار بووە هۆی وێران بوونی ولاتو چۆڵ بوونو دابەزینی توانای بەرهەم هێنانو دووربوونەوەی پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان لەچوارچێوەیەکی پتەوو تۆکمەدا دروست نەبووە ئەو توێژانەی وەرنەگرتووە کەپێی بڵێن کۆمەڵ. کۆمەلایەتی، کۆمەڵگای تەواو بەهۆی دووری کۆمەڵی کورد لەیەکترییەوە، ئەوەش لەژێر پیادەکردنی سیاسەتی پەرتکەو زاڵبە)دا بەڕێوەچووە کە دوژمن نەیهێشتووە دوو هۆز بن بەیەكو یەکگرتن لەنێو کورداندا دروست ببێت، دیارە دواکەوتوویی ئەو پەیوەندییە کۆمەلایەتیەی کوردستان لەسەر پێگەیەکی ئابووری کۆنو جێگۆڕکێ دامەزراوە، ئەمەش سیفەتێکی تایبەتی داوە بەئابووری تەقلیدی کوردستان، واتە ژێرخانی ئابووری پتەو دروست نەبووەو هەمیشە بەرلێدان کەوتووە، کوردستان لەڕووی پێکهاتەی کۆمەلایەتیو تەنانەت نەتەوەیی‌یەوە ولاتێکی یەکجار

ئاڵۆزەو بووەتە جێگەی چەند نەتەوەیەکی جیاجیاو چەند دین‌و ڕێبازێکی جیاجیا، ئەویش بەهۆی ڕێگەی هات‌وچۆگەرانی نێوان ئاسیاو ئەوروپا وا بووە واتە هەندێك لەو هات‌وچۆکەرانە لەبەر هۆی تایبەتی لە کوردستاندا جێگیرو نیشتەجێ بوون، دیارە (تەعریب‌و تەتریك‌و تەفریس کردنی ناوچەکانی کوردنشین ئەویش بەهۆی کۆچ پێ‌کردنی کوردەکان لەزێدی خۆیانداو نیشتەجێ‌کردنی نەتەوەکانی دی لەشوێنیان کەپێکهاتە کۆمەڵایەتی‌و نەتەوەیی‌یەکەی لەنێو بۆتەی ئەو بیانیانەدا لەدەست داوە بەهۆی جێگۆڕکری‌و ڕاماڵینیان نەتوانراوە ژیانی باری ئاستی کۆمەڵایەتی خۆیان ببینن‌و ببنە کۆمەڵگایەکی ڕێکخراوو تۆکمە کە بتوانن لەوێوە ئامادەباشیان تیادا بێت بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی، کوردستان بەدرێژایی مێژوو لەنێو داگیرکەراندا ئەم دەست‌و ئەو دەستی پێ‌کراوە جارێك یۆنانیەکان‌و جارێکی دیکەش عەرەب فەرمانڕەوایی‌یان تێدا کردووە. دەمێ تورکە سەلجوقییەکان‌و دەمێکی دیکەش مەغۆڵەکان دەستیان بەسەردا گرتووە. سەردەمێ نەتەوەکان و سەردەمێکی دیکەش سەفەوییەکان‌و عوسمانیەکان داگیریان کردووە دوای کۆتایی پێ‌هاتنی دەسەڵاتی ئەو فەرمانڕەوایانە هەموویان وڵاتیان چۆڵ کردووەو بەجێ‌یان هێشتووە ژمارەیەکی کەمیان ماونەتەوەو بەتەواوی جێگیربوون‌و دواتریش بوون بەبەشێك لەدانیشتوانی کوردستان، ئەمەش بووەتە هۆی شل‌و شێواوی

پێکهاتەی کۆمەلایەتی کۆمەڵی کوردیو کە دواجار بەلاوازی ماوەتەوەو بەژێر دەستەییو کۆیلەتی رازی بووەو هەمیشە لەحاڵەتی بەرگریدا ژیاوەو نەتوانراوە کۆمەڵێکی یەکگرتوو بۆ پێکهێنانی یەکێتی‌یەکی کۆمەلایەتی سەربەخۆ. یان دروست کردنی دەوڵەتێك (ابن خلدون) بۆ ئەو حاڵەتە دەڵێ: (لە شارێکدا کەهۆزی زۆی تیا دا بێت یان کۆمەڵی جیاجیای لەخۆگرتبێ زەحمەتە بتوانرێ دەوڵەتێکی بەهێزی جێگیر دروست بکرێت) سیاسەتی دوژمن ئەوە بووە کوردێك دژایەتی کوردێکی تر بکاتو هۆزێك دژایەتی هۆزێکی دیکەو ئیمارەتێك دژایەتی ئیمارەتێکی دی بکات، بۆئەوەی لەجەنگدا بنو بیر لەیەکگرتنو پێکەوەژیان نەکەنەوە. بەڕاستی ئەو سیاسەتەی دوژمن لەکوردستاندا زۆر زیرەکانە پیادەکراوەو بەڕێوەچووە سەرەڕای ئەوەش باری کۆمەلایەتی کورد بەهیچ شێوەیەك گەشەی کۆمەلایەتیو مێژوویی بەخۆوە نەدیوە تووشی بازدانی لابەلا بووەو لەکۆمەڵگای خۆی نامۆ بووە. کۆمەڵێکی پاشماوەیە لەکۆمەڵگای نیمچە دەرەبەگ واتە هێشتا ئەو پەیوەندیە کۆنە هەر ماوەو شێوە سیستەمێکی کۆمەلایەتی کورد پێك دەهێنێو لەو سیستەمەدا تووشی گێژاوی یان گرێکوێرەی کۆمەلایەتی کۆمەڵگاتی کورد بەدی دەکرێت هێشتا مانەوەی پەیوەندی خێڵەکی‌یە کە سیستەمێکی دەرەبەگایەتی لەژێر خۆیەوە شاردۆتەوە ئەو پێکهاتە کۆمەلایەتیە کە ڕێو ڕەسمی مێژوویی هەیە بەناو جەرگەی

کۆمەڵگای کوردەواریدا شۆڕبۆتەوەو شوێن پەنجەکانی بەئاشکرا لەسەر ژیانی گشتی گەلی کوردو هەر تاکێکی کوردیش دیارە بۆ کورد سەر بە عەشیرەت بوون واتە هەستی خێڵەکی لەپێشەوە دێت و لەپێشەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەتی ئەمەش بارێکی سلبی کردۆتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی کە کۆمەڵێکی سەرلێشێواوی سست و لاوازی لێدەربچێت و ببێتە کۆمەڵێکی داخراوی خۆخۆرو دەرەوەی خۆی نەبینێت و لە پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بێبەری بێت دواییش لەپرۆسەی بوون بەدەوڵەت بێبەش بێت.

٤- هۆزی کورد:

پێکهاتەی کۆمەڵگای کورد پێکهاتەیەکی خێڵەکی و ئاڵۆزەو لەناو چوارچێوەی سیستەمی دەرەبەگایەتیدا خۆی دەنوێنێت و پەل وپۆی هاویشتووە بۆ دەروونی هەموو تاکێکی کورد بەرچاوترین خاسیەتێك کە لەسیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی بەدی بکرێت هێشتا مانەوەی پەیوەندی خێڵەکییە لەسیستەمی دەرەبەگایەتی لەژێر خۆیەوە حەشار داوە، مانەوەی ئەو پەیوەندیە کارێکی سلبی کردۆتە سەر کۆمەڵ و شۆڕشی کورد، دیارە هۆز لەدروست بوونی کۆمەڵ و هەرەمی دەوڵەتدا رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ. کۆبوونەوەی هۆزەکان لەنێو خۆیاندا کۆبوونەوەی خوێن و نەسەبەو پێکەوە گرێدانی هۆزو سەرۆك هۆزەکانە.

هەر ئەو پەیوەندیە خوێنی‌یەیە کەسیستەمی هۆز بەڕێوە دەبات. لای هۆزی کورد ئەو پەیوەندیە خوێنی‌یە دروست نەبووەو برای خوێنی لەدایك نەبووەو لەبنەماڵەی هۆزداو کۆبوونەوەی خوێن و نەسەب پێك نەهاتووە بۆ یەکگرتنی هۆزەکانی کورد لەنێو خۆیاندا شێوەی (ئیتنکراسیۆنی- یەك نەگرتنی هۆز)ی وەرگرتووەو هەمیشە دوورکەوتنەوە لەیەکتری لەئارادا بووە.

تەنانەت زۆرینەی هۆزەکان ملیان بۆ رابەری بزوتنەوەیەکی کورد کەچ نەکردووە. لەبەرئەوەی لەهۆزی خۆیان نەبووە یان بەهۆی جیاوازی بیری ئایینی‌و مەزهەبیەوە یان سەر بەسنووری جوگرافیای هۆزایەتی‌یەکەیان نەبووە ئەمەش گرژی خستۆتە نێوان تاك‌و تاکی کورد/ هۆزو هۆزی کورد، سەرۆك خێڵ‌و رابەری بزوتنەوەکان/ ئەمەش واتەی پەرش‌و بڵاوی‌و گرژیەك لەپێکهاتەی هۆزدا دروست بووە، دیارە هۆی ناوخۆی باری هۆز دەگەڕێتەوە بۆ گرژی ناوچەکە واتە کوردستان کەناوچەیەکی شاخاوییە هۆزی کوردیش بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان کەپیشەی سەرەکی لادێ نشینەکان‌و بەتایبەتی هۆزەکان، کە لەشوێنێکی تەسکی کشتوکاڵیدا ئاژەڵەکانیان بەخێو دەکرد، ئەمەش وای کردووە کەبەروبووم‌و بژێوی ژیانی رۆژانەیان کەم بێت بۆئەوەی بەرهەمی ئاژەڵییان زیاد بکات پێویستیان بەشوێنێکی فراوانە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان‌و بەهۆی سنوربڕینی هۆز لەپێناو بەخێوکردنی ئاژەڵدا

دەبووە شەڕو پێك دادان ئەمەش وای کرد کە هۆزەکان لەیەك دووربکەونەوەو گۆشەگیربن لەوێشەوە وای کرد کە پێکهاتەی هۆزی کورد بەداخراوی بمێنێتەوەو هەر هۆزێك بجەنگێ لەپێناو سنووری) هۆزی خۆیدا بۆ پێکهێنانی ئەو ئامانجە ئابوورییە، هۆزەکان چەکداریان دروست دەکرد بۆ پاراستنی سنوورو بەرژەوەندیەکانیان. هەتا سنووری ئاژەڵداری زۆرو فراوان بێت ئەوا سنووری (هۆز) بەناچاری فراوان دەبوو ئەمەش واتای جەنگی دەنواند لەنێو هۆزەکاندا کەدواجار دەبووە جەنگی درێژخایەن لەنێوانیاندا، لێرەدا دەتوانین دوو هۆکاری جیاواز دیاری بکەین بۆ دروست نەبوونی ڕۆحی کۆمەڵایەتی و دوورو نزیکی تاکەکانی هۆز لەرەوتی بوون و نەبوونی بەکۆمەڵ بوونی هۆزی کورد.

أ- هۆزی کورد بایەخی بەکشتوکاڵ نەداوە بەڵکو هەر بایەخی بەئاژەڵداری داوە، کشتوکاڵ کاری زۆر دەوێ و کاری هەرەوەزیشی دەوێ کە لەوێدا سۆزو هاریکاری و پەیوەندی پتەو دروست دەبێت کەنەسەب و برای خوێنی پێك دێت و لەهەمان کاتدا هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بەهێز دەکات.

ب- هۆزی کورد بایەخی بەئاژەڵداری داوە، ئاژەڵداری لەجێگایەکی تەسکدا، ئەمەش ئەو هەستەی لای کورد دروست کردووە کە (ئێمە دژی ئەوانی‌تر بین) هەروەك ئیسماعیل بێشکچی دەڵێ، ئاژەڵداری

تواناكاری ئەوەی تیادایە كەپەیوەندی پێشبخات لەنێوان هۆزەكاندا لەوشێوە پەیوەندیانەش كەشێوەی خۆبەخۆیی لێ‌پەیدا بووەو دەبێ كەتەنها بیر لەخۆیان و خێزان و هۆزەكانیان بكەنەوەو بیر لەشتی‌تر نەكەنــەوە ئەمــەش پــێی دەڵێــن: (ژیــانی سەربەســت) هــەروەك ئیسماعیل بێشكچی دەڵێ، واتە هەستی پێكهاتن و پێكەوە ژیان و هەســتی نەتــەوەیی و بیركردنــەوە لەسەربەســتی گــەل و یــەكگرتن نەهاتۆتە ئاراوە بەهۆی باری ئابووری بەرهەمی ئاژەڵداری.

دیارە هەموو دەستێوەردانێكی دەرەكی بۆ نێو هۆزو سیستەمی ناوەوەی هۆزو سیستەمی ناوەوەی هۆز كردارێكی فعلی راستەوخۆی پێكهاتەكەی كەمەرجێكی بنەڕەتیە لەتێگەیشتن لەگەڵ داگیركەراندا بەجۆرێكی‌تر هۆز دەبێتە كۆیلەی ئەوەی داگیری دەكات واتە كۆیلەی هۆزەكانی‌تر ئەمەش ئەوكاتــە روودەدات كــە نــەتوانێت سیســتەمی نــاوەوەی بپــارێزێت دژی داگیركــەران، لــەم حاڵەتەشــدا هــۆز ناســنامەی خــۆی دەدۆڕێنێــت، ئــەو كۆمەڵــەی كەلــەو بارودۆخــە ئــابووری و كۆمەڵایــەتی و رۆشــنبیری‌یەدا پێ‌گەیشــتوون و ژیانیــان بردۆتــە ســەر دەبنــە خۆخۆیــی و تەنــها بــیر لــە سەربەستی خۆیان دەكەنەوەو بیر لەهۆزایەتی خۆ دەكەنەوە، كە ئەمەش داخراوی دروست كرد واتــە (كۆمەڵگایەكی داخــراو) بــۆ ســەربەخۆیی و سەربەستی نیشتمان دەبوایە تاكی كورد بیبەخشیایە بەسەربەستی بۆ نیشتمان بەڵام لای كورد / تاكی كورد / هۆزی كورد / سەرۆك هۆز / ئەوە

بەدی نەکراوە هەربۆیە سەربەستی نەتەوەیی و درك کردن بەسەربەستی نیشتمان هەستی پێنەکراوەو سەربەستی نیشتمان قوربانی سەربەستیی داخراوی تاکە کەس و هۆزکراوە، کەئەمەش پرۆژەیەکی ناوەوە بووە بۆ کوشتنی هۆزو - هۆز، ناتەبایی و نارێکی هۆز لەو درزانەوە پەیدا بووە کە زیاتر ناوچەیی بوو/ جوگرافی بەرژەوەندی بوو/ ململانێی سەرۆك هۆز بوو/ ئەمەش وای کرد کەرۆڵی کۆبوونەوەو یەککگرتن لەدەست بدەن و هەڵپەی ئیماراتی بکەن وەك لەوەی هەڵپەی دەوڵەت بکەن یان قەوارەی سیاسی بکەن، هەرەمی پێکهێنانی سیستەمی دەوڵەتی کورد بەتایبەتی لەسیستەمی هۆزایەتیدا هەرەمێکی سەرەو خوارە لەسەرەو بۆ خوارەوەیە نەك لەخوارەوە بۆ سەرەوە، کە ئەمەش دواجار وای لێهاتوە لەدەوڵەتەوە بۆ ئۆتۆنۆمی واتە (لە پیریەوە بۆ منداڵی) نەك لە (منداڵیەوە بۆ پیری) وەك لەم شێوەیەدا دیاری دەکەم:-

هەرەمی سیستەمی دەوڵەتی کورد (هۆزایەتی):-

*دەوڵەت....... دەوڵەتی ماد

*ئیمارەت .... بابان سۆران... هتد

*کۆمار.......... کۆماری سوور/ کۆماری مهاباد

*ئۆتۆنۆمی .... هەرەسی ١٩٧٤

*تۆنۆمی راستەقینە...........

- حكومەتی هەرێم

ئـەو دەسـتەواژە هەرەمی‌یـە شـیرازەی بـوون بەدەوڵـەتی تێکـداوە. نەدەشتوانرا یەکێتی‌یەکی سیاسی لەنێوان هۆزەکاندا پێك بێت لەسەر ئاستی سەرۆك هۆزەکان تەنها ئەوە نەبێت کەسەرۆك هۆزەکان ملکەچی هـەندێکی‌تر بوونایـە یـا هـەندێ لەدەسـەڵاتەکەیان بدایـە بـەوی‌تر بـۆ سـەرکردایەتیەکی یـەکگرتوو، کەئەمـەش زۆر زەحمـەت بـوو بـەهۆی سروشتی پێکهاتەی ناوەوەی هۆز خۆی، ململانێ بەر شتێکی گەورەیە لەنێوان هۆزەکاندا لەپێناو ناودەرکردن و نەسەب و شەرەفدا.. نەتوانراوە یەکێتی‌یەکی سیاسی دروست ببێت تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێت ئەویش یەکێك لەو هۆزانە زۆر بەهێز بوایەو بەوشێوەیە کە هەموو هۆزەکانی‌تری بخستایە ژێر رکێفی خۆیەوەو باجی بسەندایە ملیان کـەچ کردبا بـۆ سەرۆکەکەی کەئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ پێکهێنانی ناوەند، دیارە سەرۆك هـۆز هـەموو شتێك بووە لـەهۆزدا واتـە زۆرجـار دەبـووە رابـەری شۆڕشـێك یـان بزوتنەوەیـەك ئـەویش لـەژێر سیسـتەمی هۆزایـەتی و ئایینی‌یەوە. ئەم سیستەمە داخراوە وای کردبوو ئەوانەی دەوروبـەری گەر لەپێناو خیانەتیشدا بوایە رادەپەرین و دووی سەرۆك هۆز دەکەوتن، سەرۆك هـۆز نـەیدەتوانی سـتراتیژی دوور دابنێـت بـەڵکو هـەر دەسـتەو تاقمەکەی خـۆی دەبینیـەوەو بـەهۆی گـرژی مێژوویـی و سـەرکردایەتی خێڵەکی‌یەوە بەرامبەر رووداوەکان هیچی پێ‌نەدەکراو شکستی دەهێناو

زۆرجار دەبووە داردەستی دوژمن و کەسایەتیەکی خۆبەدەستەوەی لێدەردەچوو، سەرەڕای ئەوەش بەهۆی دەمارگیری هۆزیەوە لەنێو هۆزێکدا کە لەسەرەوە بۆ خوارەوەو لەخوارەوە بۆ سەرەوە ئەو دەمارگیرییە چڵ و پۆپی خۆی دروست دەکرد، واتە تاکێك لە هۆزێکدا هیچ نەبوو بەرامبەر سەرۆك هۆزەکەی بەڵام بەرامبەر هۆزێکی تر سەرکردەیەك بوو واتە خۆی بەسەرکردەیەك و دەسەلاتێك دەبینی لەوی تر ئەویش پاڵپشت بەهۆزەکەی هۆزێکیتریش هەمان هەرەم و هەمان بۆچوونی هەبووە، کەئەمەش زەمینەی نزیك بوونەوەی لەیەکتری نارەخسێنێ لێرەدا پێشەوایەتییان رابەرایەتی بەشێوەیەکی پەرش و بڵاو بوو لەڕێی فووکردن بەخۆداو لەژێر کاریگەری هۆزایەتیدا کە ئەو شێوەیە وای کردووە یەکێتی هۆز دروست نەبێت و نەتوانن بیر لەدەوڵەتی کوردی بکەنەوە.

٥-بزوتنەوەی کورد رۆڵی سەرکردە:

کورد بۆئەوەی ئەوەی لەدەستی چووە بیسەنێتەوە هەستا بەشۆڕش کردن لەپێناو سەربەخۆیی کوردستانداو شۆڕشیش نەیتوانیوە هەنگاوی ستراتیژی بنێت بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی کرودستان لەنێوان ئەو دووبەرداشەدا کۆمەڵی کورد کۆمەڵێکی بێهێزی لاوازی لێدەرچوو، شۆڕشەکانی کورد لەنێو ئەو دوو چەمکەدا تووشی نوشستی و

هەستانەوە هاتووەو چارەسەری تەواویان پێنەبووە بۆ داواکاریەکان یان بۆ هەڵورەوتەکانی مێژوو یان بۆ بنیات نانی دەوڵەت، زۆرجار شۆڕش بەهەڕەمەکی بەرپابووەو بەناچاری چووەتە پێشەوە بێئەوەی دوورونزیکی خۆی لێك بداتەوەو ئەریێو نەرێیی خۆی بزانێت، واتە بێبیرکردنەوە شۆڕش‌و ڕاپەڕینەکانیان گرتبووە ئەستۆ، بەمەش دیارە بزوتنەوەکانی کورد لەهەڵومەرجی تایبەتی خۆیاندا نەبوون‌و ئەو زەمینەیەش خۆش نەبووە یان لەبار نەبووە بۆ شۆڕش یان بۆ ڕاپەڕین واتە بەپێی پرۆسێسی گەشەی کۆمەڵایەتی شۆڕش نەکراوە بەڵکو لەژێر فشاری دەرەوەدا بەناچاری دەستکراوە بەشۆڕش هەربۆیە زۆر جار شۆڕشێکی گەورە دەپوکایەوە، زۆرجار مێژوو هەڵیداوە بەکۆمەڵانی خەڵك کەشۆڕش بەرپا بکەن‌و لەگەڵ ڕەوڕەوەی مێژوودا هەڵبکەن‌و لەگەڵ هەنگاوەکانی مێژوودا بەرەو بوون بەدەوڵەت بچن، بەڵام سەرکردە یان ڕابەری کورد ئەو ئامادەباشیەی تیادا نەبووەو ئەو هەلە مێژوویی‌یانەی چارەسەر نەکردووەو گەشەی بەبزوتنەوەکەی نەداوە بەڵکو دواکەوتووە لەرەوڕەوەی مێژوو، یان سەرکردە ئامادەباشی تیا بووە بۆ بەرپاکردنی شۆڕش‌و گرتنەدەستی ڕابەرایەتی بەڵام کۆمەڵی خەڵك ئەو ئامادەباشیەیان تێدا نەبووە کە لەگەڵ داواکاری سەرکردەکاندا هەڵ بکەن واتە پێبەپێ ڕووداوەکان بڕۆن‌و دوانەکەون لەمێژووی بوون بەدەوڵەت، ئەمەش بەدرێژایی مێژوو بووە بەنەخۆشییەکی دەروونی‌و

تووشی کۆمەڵگای کوردی هاتووەو وای لێکردووە مەودای بەدەوڵەت بوون دوورتر بێت و ئاڵۆزتر بێت و تووشی شکستیی یەک لەدوای یەکەکان ببێت، نە سەرکردە متمانە بەخەڵکان بکات و نەخەڵکانیش متمانە بەسەرکردە بکەن و دواجاریش گلەیی و گازندە دەگرنە مێژوو و مێژوو تاوانبار دەکەن، واتە (غەدری مێژوویی) دەکەنە بەهانە کە ئەمەش پاساو هێنانەوەیەو خۆگێل کردنە بۆ هەڵەی سەرکردایەتی یان هەڵەکانی کۆمەڵ خۆی.

زۆربەی بزوتنەوەکانی کورد لەژێر تێکەڵاوی ئایدۆلۆژی جۆربەجۆرو کاریگەری دەرەوەی ئاوەزی کوردی بەرپاکراون بەهیچ شێوەیەك مۆرکی چینێکی کۆمەڵگای کوردی پێوە دیار نەبووە لێرەشەوە هیچ ئایدۆلۆژێکی کوردی خاوەنی چینێکی تایبەت بەخۆی نەبووە بەڵکو هەمیشە ئایدۆلۆژەکان لەدەرەوەی هەناوی کۆمەڵگای کوردەوە دەهاتنە ناوەوەی هەناوی کۆمەڵگا، ئەمەش وای کرد کەچارەسەر بۆ برینو کێشەکان نەدۆزرێتەوەو جولانەوەکان لەواقع نامۆ بن و دوور بن لەکۆمەڵگای کوردی و دواجار خیانەت و خۆبەدەستەوەدان و بێئومێدی لێپەیدا ببێت چونکە چینێك لەکۆمەڵگای کوردی هاوچەرخدا بالادەست نیە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی یەکێتییەکی سیاسی دروست نەبێت بۆ سەرکردایەتی خەباتی رزگاری خوازانە لەپێناو دروست کردنی دەوڵەتی کوردیدا.

٦-هۆکاری سەرکردایەتی:-

دیارە سەرکردایەتی گەورەترین رۆڵ دەبینێت لەرەورەوەی مێژوودا و بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگا بۆ ئامانجە ستراتیژی و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ و لەوێشەوە بۆ هاوپەیمانی خەڵك بۆ بوون بەدەسەلات و دەوڵەت. لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردی پرۆسیسەکانی یاسای پێشەکەوتنی کۆمەڵی بەخۆوە نەدیوە. دیار بووە سەرکردایەتیش لەو بوویەوە تاڵە بەدەر نەبووەو بازدانیش بەسەر ئەو کۆمەڵگا ترادیسیۆنالەدا سەرکردایەتی تووشی لادان و سەرلێشێواوی دەکات و پەیوەندی نێوان سەرکردەو تاکە کەسی کورد دوور دەبێت واتە ئەو پەیوەندی‌یە رۆحی‌یە دروست نەبووە.

پەیوەندی نێوان سەرکردەو تاکەکەسی کورد پەیوەندی‌یەکی (سۆز) ی کرچ و کاڵەو نەبۆتە پەیوەندی رۆحی نێوان باوك و کوڕ یان پەیوەندی لەنێوان سەرکردەو تاکە کەسی کورد هەربۆیە کە سەرکردە دووچاری رووخان هاتووە شۆڕشێك تووشی رووخان هاتووە لەوێشەوە دەروونی تاکە کەسی کورد تووشی بێئومێدی و شکست هاتووەو تووشی ئەو گرێکوێرەی ئەو (ناپەیوەندی‌یە رۆحی)یە بووە کە دواجار وای لێهاتووە تاکە کەس لەسەرکردە جودا بێتەوەو دووری لەنێوانیاندا دروست ببێت و تاکە کەس حەوسەڵەی نەبێت شۆڕش بکات و دووی

سەرکردە بکەوێت، دوژمنیش ئەو هەلەی قۆستۆتەوەو نەیهێشتووە پەیوەندی نێوان تاکە کەسی کوردو سەرکردە دروست ببێت یان پتەو ببێت هەربۆیە ئەو پەردەی نێوانیانی تێک داوە یان بەهۆی کوشتن و لەسێدارەدانی سەرکردەو دوورخستنەوەی شۆڕش و خاکی کوردستانەوە یان بەهۆی ماڵی کردنی کۆمەڵی کورد لەلایەن دوژمنەوە بەرامبەر بەشۆڕش ئەویش بەهۆی گرێدانی کۆمەڵی کرود بەهۆزو ئیماراتەکانەوە یان بەهۆی سەرۆک هۆزەکانەوە (جاش/ شۆڕشی چەواشە) دروست بکات و کە لەو نێوەندەوە توانیویەتی گورزی کوشندە بوەشێنێت بەشۆڕش و سەرکردایەتی کورد، کە دواجار بێئومێدی دروست بووە چ لای سەرکردەو چ لای تاکی کورد ئەم بۆ ئەو، سەرکردایەتی لەژێر سیستەمی فیودالیداو پاشماوەی فیودالیداو هۆز بەڕێوەچووەو دیاریشە هەر سەرۆک هۆزێک یان سەرکردەی راپەڕینێک یان میری ئیمارەتێک ملی بۆئەوەی بەرامبەری کەچ نەکردووە بۆ بەرژەوەندی گشتی و هەر کەسە بۆ خۆی سەربەخۆیی خۆی ویستووەو خۆشی بەسەرکردەیەکی جیاواز زانیوەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان تێک شکاون و هەوڵ نەدراوە سەرکردایەتیەکی یەکگرتوو دروست ببێت بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی.

٧-پەیوەندی نێوان تاکی کوردو سەرکردە:

کۆمەڵ بێ سەرکردەیەکی لێهاتوو ناگاتە مەرامەکانی و هەروەها سەرکردەش بێ کۆمەڵ هیچ بایەخی نابێت و هیچ رۆڵێك نابینێت لەکۆمەڵگادا، بایەخداری و پێداویستی سەرکردە لەپەیوەندی روحییەوە پەیدا دەبێت کەتاك و سەرکردە پەیمانی رۆحی دەبەستن واتە پەیوەندی رۆحی لەنێوان تاك و سەرکردەدا بتوانێت رۆڵی سەرکردایەتی و لەهەمان کاتدا دەسەلات بگرێتە دەست. پاڵپشت بەو هێزەی کە لەکۆمەڵەوە وەری دەگریت و کە لەسەر ئەو پەیوەندیە رۆحییەوە کە دامەزراوە، زۆربەی سیستەمی سەرکردایەتی لەمێژوودا بەتایبەتی ئایینی بەو رەوتەدا بەرێوەچووە تا گەیشتوونەتە دەسەلات و دروست کردنی دەوڵەت ئەو پەیوەندیە رۆحییە لای کورد دروست نەبووە لەنێوان تاکی کوردو سەرکردەدا. ئەویش بەهۆی تێنەگەیشتنی لەو چەمکە دوایش بەهۆی دابرانی سەرکردە لەتاك لەلایەن دوژمنەوە ئەو پەیوەندیە پێك نەهاتووەو نەگەیشتۆتە حاڵەتی تێکەڵاوبوون، زۆرجار هۆکاری دروستنەبوونی ئەو پەیوەندیە رۆحییە لەسەرکردەدا بەدیدەکرێ ئەویش بەهۆی ئەوەی کە سەرکردەی بزوتنەوەکان زۆربەیان هەلی مێژوویی و رۆڵی مێژووییان لەبەرچاو نەگرتووە واتە نەبوونەتە جوڵێنەری مێژوو بۆ بەگەڕخستنی کۆمەڵ لەپێناو گەیشتنی بەمێژوو لەهەمان کاتدا نەشیتوانیوە رۆحی تاکە کەسی کورد داگیر بکات و بیخاتە خزمەت مەسەلەکەیەوە هەربۆیە جیاوازیەك دروست بووە لەنێوان ناهۆشیاری

سەرکردەو گەمژەیی کۆمەڵ، یان زۆر جار حاڵەتی وا دروست بووە کە کۆمەڵ هوشیار بێتو سەرکردە لەو ئاستە هوشیارییەی کۆمەڵدا نەبێت کە لەگەڵ هەنگاوی کۆمەڵدا بچێت بەڕێوە لەهەمان کاتدا پرۆسەی بۆ پێشەوەچوونی مێژوویی لەیاد کردووە کاریگەری دوژمن بۆ ئەو پەیوەندییە کاریگەریەکی بەهێزی هەبووەو نەیهێشتووە ئەو پەیوەندییە ڕۆحیە لەنێوان سەرکردەو تاکی کورددا دروست بێت ئەویش بەهۆی لێدانی سەرکردەو دوورخستنەوەی لەکۆمەڵو هێڵی ستراتیژی شۆڕش یان لەسێدارەدانی سەرکردە کەئەمەش خۆی لەهەرەسی کۆمەڵو شۆڕشدا بینیوەتەوە لای کورد. یان پاوان کردنی کۆمەڵ بەلایەکی‌تردا کەلادانی کۆمەڵایەتی‌و بێ‌هۆشیاری دروست کردووەو دواجار کۆمەڵ دژی سەرکردە بەکاردەهێنێت و وا دەکات کە کۆمەڵ لەسەرکردە بەگومان بن یان دووی نەکەون یان بێزار بن لێی واتە دوژمن هەمیشە لەو درزەوە زۆربەی شۆڕشەکانی کوردی پێکاوەو زیرەکانە ئەم بەرنامەیەی داڕشتووەو زۆربەی ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی بەو تەکتیکو سیاسەتە شکست پێ‌هێناوە زۆرجار کۆمەڵی کورد بێ‌سەرکردە ماونەتەوەو ئەمەش وای کردووە کە زیاتر پاوان بکرێنو پەرتەوازە بنو زۆربەیان لەبۆتەی نەتەوەکانی‌تردا بتوێنەوە یان ببنە داردەستو مەسەلەی ڕەوای خۆیان لەیاد بکەن کەئەویش دروست کردنی دەوڵەتە دەتوانین بڵێین کە ئەو پەیوەندییە ڕۆحییە گەورەترین هۆیە بۆ بوون بە دەوڵەت کۆی گشتی

هۆی دروست نەبوونی ئەو پەیوەندییە لەم چەند خاڵانەی خوارەوە دیاری دەکەین:-

أ-بێمتمانەیی سەرکردە بەکۆمەڵو تاکی کورد هەروەها بێمتمانەیی کۆمەڵو تاکی کورد بەسەرکردە، ئەمیش زۆرجار لەژێر فشارو کاریگەری دوژمندا بەڕێوەچووە، بەتایبەتیش بەهۆی شکستهێنانی شۆڕشو راپەرینەکانەوە.

ب-تێنەگەیشتنی (سەرکردە +تاك+ کۆمەڵ) لە مێژوو هەلی مێژوویی.

ج-تێنەگەیشتنی کورد بەسەرکردەوە لە (هەستو نەست)ی دەروونی کە وەك گەنجینەیەکە ئەو دوو ئاوێتەی تیادا کۆدەبێتەوە واتە کۆمەڵی کورد لەو دوو چەمکە تێنەگەیشتووەو نەشتوانراوە لێیتێبگەنو بیخەنە خزمەت ئاوەزو لۆژیك، لەهەمان کاتدا سەرکردەش نەیتوانیوە دەروونی کورد بۆ خۆی داگیر بکاتو داخوازییەکانو ئامانجەکان بپێکێ چونکە ئەو دوو چەمکە هەوێنێکە بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەنێوان تاكو سەرکردەدا ئەویش هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتو دەوڵەت.

د-جیاوازی مێژوویی لەنێوان تاكو کۆمەڵو سەرکردەدا زۆرجار هەل رەخساوە بۆ سەرکردە کە سەرکردایەتی بگرێتە دەستو رابەرایەتی کۆمەڵ بکات بەڵام سەرکردە لەو ئاستەدا نەبووەو نەیتوانیوە ئەو رۆڵە ببینێت کە ئەمەش بووە هۆی شکستهێنانی سەرکردایەتی لەنێوان کورددا، یان کۆمەڵ بەتاکیشەوە ئامادەباشی هەبووە بەڵام سەرکردە

درکی پێنەکردووە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پەیوەندی رۆحی لەنێوانیاندا دروست نەبێت، یان زۆرجار هەلی مێژوویی رەخساوە بۆ کۆمەڵ کە رۆڵی خۆی ببینێت لەدروستکردنی سەرکردەو دروست کردنی دەوڵەت بەلام کۆمەڵ ئامادەباشی نەبووەو لاواز بووەو هەستی بەلێپرسراوی مێژوویی نەکردووە ئەمەش وای کردووە نە سەرکردە دروست ببێت لەنێو رەورەوەو هەناوی مێژووداو نە دەوڵەتیش پێك بێت، ئەمەش لەدەستدانی پرۆسەی بەرەو پێشەوە چوونی خۆی دەنوێنێ و دڕاندنی مێژووەکەی بۆیە لای کورد مێژوو بوەتە تراژیدیایەك و چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە.

ە-جێگیر نەبوونی ئایدیۆلۆژیایەکی سەرتاسەری بۆ کوردو نەبوونی ستراتیژێکی دوور ئەمەش وای کردووە لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی دەوروبەردا کۆمەڵی کورد بخولێنەوەو دواجار بووەتە هۆی بێئومێدی و ناڕەزایی لەخۆو دەوروبەر زۆرجار تاکی کورد گەیشتۆتە حاڵەتی وا کە خۆزگە دەخوازێت کورد نەبوایە.

٨-هۆکاری ناوخۆ:

درێژەپێدانی پاشماوەی دەرەبەگی و خێڵەکی کارێکی کردۆتە سەر پێکهاتەی کۆمەلایەتی کورد وای کردووە کە هەمیشە کورد لەژێر ئەو سیستەمە گرژەدا بمێنێتەوەو چارەسەر بۆ دۆزی خۆی نەدۆزێتەوەو

لێك جیابوونەوەی چینەکان پەیدا نەبێت بەگوێرەیەك کە لەگەڵ گەشەی هۆشیاری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی‌دا هەڵئەکات، بەڵکو هەمیشە رێی لادان و تێکشکانی بەخۆوە دیوە بەتایبەتی لەناوەوەی کۆمەڵگای کورد کە بووە هۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێو کوردان دروست نەبێت و زیاتر لەناو خۆیدا لێکترازان و بیر لەیەکگرتنەوە نەکەن تەنها بیر لەتۆڵەو جەنگ و بەرژەوەندیە تەسکەکان بکرێتەوە.

درێژەکێشانی شەڕی ناوخۆ زیاتر کۆمەڵگای کوردی تێك شکاند کوردستان ئارامی بەخۆوە نەدیوە تا بتوانێت لەنێو خۆدا جێگیرییەکی هۆشیاری بۆ خۆی دروست بکات و بیرێك لەمەسەلەکەی بکاتەوە بەگشتی کوردستان لە هەموو روویەکەوە گەشەی نەکردووە. دیارە گەشەکردن و داواکانی ناوەوە دەتوانێ فاکتەرو فشاری دەرەوە بوروژێنێ و راکێشێ بەلای مەسەلەی دەوڵەت بوونیدا. بەڵام کاریگەری دەرەوە بۆ ناوەوە زیاتر بووەو وای کردووە ناوەوە بەگرژی بمێنێتەوە هەمیشە هەوڵەکان لەناوەوە چاوەڕوان بن و ئاراستەی دەرەوەی لەسەر بێت وەك چاودێرو بڕیاردەر بەکوردی و بەکورتی ناوەوە چاوەڕوانی دەرەوەیە ئەمەش گەورەترین زیانی لەدەوڵەت بوونی کورد داوە دەتوانین هۆکارەکانی ناوەوە بۆ ئەم خاڵانە بگەڕێنینەوە.

ا-پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەتوندی جیاوازیو ناتەبایی پێوە دیارە لەنێو شەڕی ناوخۆو ناکۆکیە لاوەکییەکان زیاتر ئەو پەیوەندییە شیرازەی تێك چووە.

ب-شێوەی ناڕەزایی کورد بۆ مەسەلەکەی مۆرکی نەتەوەیی دەمارگیری پێوە دیاربوو نەك جوڵانەوەیەکی ئابووری کۆمەڵایەتی ئەمەش بەهۆی سەرکوتکردنی کورد لەلایەن داگیرکەرانەوەو شێوازی لەناوبردنی بزوتنەوەکانو قڕکردنی کورد لەهەموو روویەکەوە بۆیە زۆرجار شۆڕشەکانی کورد شۆڕشێکی توندیان بەخۆوە دەبینی جوڵانەوەکانیش زۆرینەی لەژێر سەرکردایەتی (شێخ - ئاغا- دەرەبەگ - مەلا)دا بووەو زۆرجار مەسەلە نەتەوەییەکەی خستۆتە خزمەت مەسەلەی خۆیی رێبازی ئایینییەوە واتە لەدەستدانی مەسەلە گەورەکە.

ج-نەبوونی خەباتی چینایەتی ئەمەش کاریگەری ئابووریو رۆڵی سەرکردە لەشۆڕشەکاندا واتەی نەبوونی هوشیاری چینایەتی چینەکانی کۆمەڵگای کوردی.

د-شۆڕشەکانی کورد پەیوەندیان بەیەکەوە نەبووەو هەر شۆڕشێك لەهەلومەرجی تایبەتی ناوچەیی خۆیداو لەژێر کاریگەری دەوڵەتی سەردەستدا بەرپاکراوەو ئەمەش وای کردووە کە زۆرجار شۆڕشەکان ئەم دژی ئەو بێت. ئەمەش دیاردەی پێکەوە نەگونجاندنی هێنایە ئاراوە.

٩-هۆكاری دەرەوە:

مەسەلەی كورد وەكو كێشەیەكی نێودەوڵەتی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵدا، لەسەدەی بیستەمیش دوای شەڕی یەكەمی جیهانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتان بایەخی زیاتر بوو. لەم ماوەیەی دواییدا مسەلەی كورد گۆڕانێكی گەورەی گرنگی لەلایەنی سیاسەتی دەرەوە بەسەر هاتووە لەنێوان ئەو دوو سەدە جیاوازەدا مەسەلەی كورد چووە نێو برسی دەوڵەتە ئیمپریالە زلهێزەكان بەتایبەتی ئەمریكا - روسیا - بەریتانیا - فەرەنسا، هەر دەوڵەتە لەروانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە سەیری كوردستانی كردووەو لەخزمەت خۆیدا بەكاریهێناوە. هەبوو لەژێر ناوی بەرگریكردن لەنەتەوەیەكی بێدەوڵەتو بەش خوراوو ژێر دەستەو داردەستی ناوچەكە وەك وەرەقەیەكی سیاسی مەسەلەی كوردی بەكارهێناوە، ئەوجا لەدیدی ئایینیو ئاینزاییەوە یاریان بەمەسەلەی كورد دەكرد. ئەم بەرژەوەندییانە بەتایبەتی لەكێشەی هەردوو سیستەمی جیهانی (سەرمایەداری -سوشیالیستی) بەزەقی دەركەوتن، كوردستان كرایە گەیشتن بە مەرامەكانیانو تا بتوانن لەوەێوە بەرژەوەندییەكانیان بپارێزنو بگەنە ئامانجی سیاسی خۆیان. هەروەها لەلایەكی ترەوە دەوڵەتانی ئیمپریالی هانی سیاسەتی شۆڤێنیانەیان دەدا دژی گەلی كورد لەو وڵاتانەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەلایەكیتر دەست تێوەردانی بێگانەیان دەكردە بەهانەیەك بۆیە زیاتر مەسەلەی كورد

ئاڵۆز بوو کرا بەکێشەی نێو ئەو دەوڵەتانەو لەژێر چاودێری هاوپەیمانی ئیمپریالی کەجوڵانەوەی کوردو مەسەلەکەی بەلاوازیو بێچارەسەر مایەوە. ئیمپریالیزمی جیهانیش ئەوەی گەرەك بوو هەروەها دژی سەربەخۆیی کوردستانو دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بوون لەناوچەکەدا چونکە بەرژەوەندی ئەوانو داگیرکەران لەدابەشکردنی کوردستاندا بوو نەك لەیەك پارچەییدا هەربۆیە مەسەلەی کورد درێژەی کێشاو زیاتر پاوان کرا بەچەند ئایدۆلۆژیەکی ترەوە، بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەسەلەی کوردیش تووشی گۆڕان بووە زیاتر بەرەو گرژبوونو ئاڵۆزی چووە، واتە دوای ئەوەی کە دەوڵەتانی داگیرکەری (راستەوخۆ - ناڕاستەوخۆ) بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی ئیمپریالی دەگوێزایەوە بۆ لایەنێکیدی ئیمپریالی ئاوەهاش مەسەلەی کورد.بەرەو ئاقارێکیدی رێی دەنا، واتە بەرەو رۆژگارێکی نادیار کەهەمیشە دەکەونە بەر هەڕەشەو گوڕەشەی دەرەوەو ناوەوە کەسیاسەتی (پەرتکەو زاڵبە)ی بەسەردا جێبەجێدەکرا، واتە کوردستان لەناوەوە تووشی خوێن داچۆڕانێکی دوورودرێژ دەبوو، جوڵانەوەی کوردیش لەئاستی ئەو سیاسەتە نێو دەوڵەتیەدا نەبوو کە چارەسەرێکی پێبێت بۆ مەسەلەکەی هەربۆیە دەکرانە کەرەستیەك بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان کەلەژێر دروشمی هاوپەیمانی ئیمپریالی بەڕێوە دەچوو، ئەوجا هێنانە ناوەوەی چەند

ئایدۆلۆژێکی نامۆ بۆ ناوەوەی کوردستان بۆ پێکهێنانی قەڵەمڕەوی خۆیان و دواجار لادانی کورد لەمەسەلەکەی کە وای لێکرد کورد جارێك ئەملا بگرێ و دژی ئەولا بێت و جارێك ئەولا بگرێت و دژی ئەملا بێت تەنانەت هەندێ بزوتنەوەی کوردی دژایەتی جولانەوەی رزگاریخوازیشیان دەکرد، ئەم سیاسەتە واتە سیاسەتی دووفاقی (ازدواجیة)ی داگیرکەرو بەتایبەتی ئیمپریالیزم کاریگەریی زۆری کردە سەر مەسەلەکەی. دوای گەشەکردنی جولانەوەی کوردو گرژی پەیوەندی نێو دەوڵەتان بەتایبەتی دوای جەنگی ساردو رووخاندنی سیستەمی سۆشیالیستی سۆڤێت بەتایبەتی دوای راپەرینی بەهاری ۱۹۹۱ مەسەلەی کورد هاتەوە سەر شانۆو کورد جارێکیتر بەجیهان ناسرایەوە. کوردیش بەئاگاهات و سیاسەتی ئیمپریالیزمی ناسی و کەوتە کۆکردنەوەی ماڵی خۆی بۆ هێنانەدی مافەکانی، بەڵام جارێکیتر دەوڵەتە زلهێزەکان بەرژەوەندییان خستەوە گەڕو پەیوەندی نوێیان لەنێوخۆدا بەست ئەو ئاڵوگۆڕانە وای کرد کەهەمیشە بەرژەوەندی کورد وەلا بخرێت و هەمیشە کوردستان بخرێتە تۆڕی ئەو بەرژەوەندیەوە کە دەوڵەتان بۆ خۆیان رسیویانە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، دیارە دەبێت لەنێو ئەو ململانێ و بەرژەوەندی و گرژییەدا کورد هەوڵ بدات خۆی لەژێر فشاری دەرەوە دەربهێنێ و خۆی وا لێبکات کە دەوڵەتان دان بنێن

بەمافەكانیداو قەوارەیەكی رامیاری پێك بهێنن، لێرەدا دەتوانین بەچەند خاڵێك ئەو ئامانجە بپێكین:-

ا-پتەوكردنی بەرژەوەندییەكان لەسەر ئاستی دیبلۆماسیو سیاسی، ئەویش لەسەرشانی مەسەلەی كورد نەبێت.

ب-دارشتنی ستراتیژێك بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسییەك لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەكانو دەوروبەرەوە.

ج-كۆكردنەوەی هەموو دەنگەكانی دەرەوە بۆ چارەسەركردنێكی دیموكراتیانەو ئاشتیانە بۆ كێشەی كورد لەرێگەی هەموو پارتو گروپەكانی كورد وغەیرە كورد بۆ مەسەلەی كوردو كوردستان.

د-لەبەرچاوگرتنی هەلی مێژوویيو مامەڵەكردنی كوردو لەگەڵ هەلی مێژوويیداو لەدەست نەدانی مەسەلەكەی.

ه-سیاسەتی دەرەوە بەهیچ شێوەیەك لەبیر نەكریٚو حساباتێكی ووردو تایبەتی بۆ بكریٚ.

و-هەوڵبدرێت پەیوەندییەكانی كۆن روون بكرێتەوە بۆ كردنەوەی ئەو گریٚكوێرانەی كەچەند دۆستێكی كورد هەندیٚ لەو ولاٚتان تێیكەوتوون ئەویش بۆ پتەوكردنی مەسەلەی كورد جارێكی دیو لێك نزیك بوونەوە پەیدا ببێت.

سەرچاوەکان:

١-جوگرافیای کوردستان/ عەبدوڵڵا غەفور - چاپی دووەم - سلێمانی ٢٠٠٠.

٢-ئەو هۆکارانەی مەسەلەی کورد پێك دێنن/ لازار رییف/ وەرگێڕانی سعد عبدالله/ بێ مێژوو.

٣-کوردو شۆڕش و هەلی مێژوویی/ حوسێن محەمەد عەزیز/ چاپی دووەم ٢٠٠٠

٤-کردستان مستعمرة دولية/ اسماعیل بێشکچی/ ترجمة زهیر عبدالملك ١٩٩٨.

٥-پێکهاتەی کۆمەڵگاو چەمکی دەسەڵات/ رەحیم سابیر/ گۆڤاری نڤار/ ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٠.

کۆمەڵی مەدەنی لەبەر ڕۆشنایی چەمکە جیاوازەکاندا

بە کۆمەڵ بوون خۆی لە خۆیدا ئاوەزییە، هەروەك چۆن ڕێزگرتنی کەسانی دی، وەزیفەیەکی ئاکاری و عەقڵانییە. ئەو بۆچوونە ڕۆشنگەریە، بالاترین ئاکار لەخۆ دەگرێ بەپێی بۆچوونـ -، (ئادەم فیرگسون Adam Fergsus ١٧٢٣-١٨٠٦) کۆمەڵی مەدەنی، لای فیرگسون، وەك کارێکی پێشکەوتنە لە منداڵییەوە بۆ هەرزەکاری، یان لە (الخشونە- ڕەقییەوە Rudeness کە ئەوەش وشەیەکە سەلبی نیە. لای (فیرگسون) بۆ مەدەنیەت (Cilivilization)، بەرژەوەندی خەڵکان پێویستە لە بەرژەوەندیە گشتیەکاندا ئاشکرا بکرێن، ئارەزووی جیابوونەوە لە کۆمەڵ مەیلێکە بۆ دارمانی خۆی، ئامۆژگاری پێویست ناکات کە سەپێنراو بێت یان بە ئازار بێت، یەکسانیش لە هەڵس و کەوتدا لەگەڵ کەسانی تر بە بەزەیی هاتنەوە نیە بەڵکو چاکەیەکە پێی هەڵدەستین بۆ خۆمان.

(رۆسۆ) وای بۆ دەچێ کە کۆنترین کۆمەڵی تاك و سروشتی کۆمەڵی خێزانە، منداڵان پەیوەستن بە باوکیانەوە، لەبەرئەوەی ئەوان پێویستی‌یان پێ‌یەتی لە پێناو مانەوەیاندا ئەم پێویستی‌یەش، کۆتایی پێدێت هەروەها لەگەڵیدا پەیوەندیە سروشتی‌یەکانیش نامێنێ، ئەگەر بەردەوام بوون لە مانەوەداو بە یەکگرتویی دوای ئەوە ئەو مانەوەیە مانەوەیەکی سروشتی نابێت، بەڵکو ئیرادەیی دەبێت، لێرەشدا خێزان دەبێتە خێزان بەپێی پەیمان، ئەم سەربەستی‌یە هاوبەشە ئەنجامی سروشتی مرۆڤە، خێزان یەکەم شێوەیە بۆ کۆمەڵە مرۆیی‌یەکان، سەرکردە شێوەی باوك وەردەگرێ و گەلیش شێوەی منداڵ وەردەگرێ، کاتێ بە یەکسانی و بە سەربەستی لەدایك دەبن، وازناهێنن لە سەربەستی خۆیان، تەنها لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا نەبێت. ئا بەو شێوەوەیە گوێزانەوە لە حاڵەتی سروشتیدا، بۆ حاڵەتی مەدەنی، لە مرۆڤدا ڕوودەدات. وەك گۆڕانێك بە ئەلتەرناتیڤێکی غەریزەیی لە یەکسانیدا. هەروەها لە کردەوە ئاکاریەکانیشدا. چەمکی هیگلیانە بۆ کۆمەڵی مەدەنی فراوانترە لەبەرئەوەی تەنها پەیوەندی‌یە ئابووریەکان و پێکهاتە چینایەتی‌یەکان پێك ناهێنێ، نوێکردنەوەی هیگڵیانە، کۆمەڵی مەدەنی دروست دەکات. وەك حاڵەتێکی نێوەند لە نێوان خێزان لەلایەك و لەلایەکی ترەوە لەنێو دەوڵەتدا، لەبەرئەو هۆیەش چەمکی هیگل، هەموو دەزگاو پەیوەندی‌یەکانی پێش دەوڵەت ناگرێتە خۆ وەك (خێزان)

هەروەك حاڵەتی كۆمەڵێ سروشتی لای (لوك) بەڵكو پلەیەكی لە پەیوەندی‌یەكانی ئابووری بە رێكخستنە دەرەكی‌یەكانەوە بەپێی رێبازی دەوڵەتی لیبرال واتە كۆمەڵی بۆرژوازی دەوڵەتەكەی دەگرێتەخۆ. بازنەی كۆمەڵی مەدەنی رووەو دەوڵەتمان دەبات، كەواتە ئێمە لەبەردەم بۆچونێكداین لە خێزانەوە دەردەچێ بۆ كۆمەڵی مەدەنی بۆ دەوڵەت، هیگڵ دەڵێ (ئەگەر دەوڵەت و كۆمەڵی مەدەنیمان تێكەڵ كردو ئاسایش و پارێزگاری موڵكایەتی تایبەتی و سەربەستی كەسایەتیمان بۆ دابین كرد بەرژەوەندی تاكەكان دەبنە ئامانج كە لە پێناویدا كۆبوونەتەوە، هەمووش وا خۆ دەردەخەن كە قوربانی دەدەن لە پێناو بەرژەوەندی هەمووداا، هەموو درۆ دەكەن، لەبەرئەوەی كەس خێری گشت ناوێ تا ئەو كاتەی كە لەگەڵ بەرژەوەندی‌یەكانیاندا نەگونجێ. پێویستە ئەو بۆچوونە، بچێتە نێو بابەتێكی سیاسی راست، كە دەگەرێ بۆ خۆش گوزەرانی بەشەر. كۆمەڵی مەدەنی دروست نابێت تا ئەو كاتەی كۆمەڵ لەدەوڵەت جیاواز نەبێت، ئەگەر دەوڵەت جیاكەرەوەی خۆی بێت هەر بە خۆ دروست بووبێت بێ كۆمەڵ ئەو دەوڵەتە دروست نابێت تا كۆمەڵ دروست نەبێت، دەوڵەتیش كوڕی نوێ بوونەوەیە، لە هەمان كاتیشدا كۆمەڵی مەدەنی دروست نابێت لە لاوازی دەوڵەتدا، كۆمەڵی مەدەنی لەدایك بووی هێزی دەوڵەتەو لە پێناو بەرامبەركی ئەو هێزەدایە، كۆمەڵی مەدەنی واتە سیاسی، هەروەها واتای سیاسیش ناگرێتەوە،

واتای دەوڵەت هەروەها نادەوڵەتیش ناگرێتەوە، بەڵام مێژووی هزری کۆمەڵ بەسەربەخۆیی لەدەوڵەت دەست پێدەکات لەگەڵ پێشکەوتنی هزری پەیمان لە یاسای تایبەتدا، جیاوازی لە نێوان کۆمەڵ و دەوڵەتدا لەوەدا نیە کە لە نێوان کۆمەڵ لە دەرەوەی دەوڵەتدا بێت، یان دەوڵەتێك لە دەرەوەی کۆمەڵ بێت، بەڵکو جیاوازیەکە لە نێوان کۆمەڵی مەدەنیدا هەروەك (مونتیسکۆ) دەیبینێ و جیاوازیەکە لە نێوان کۆمەڵی مەدەنیدا هەروەك (لوك) دەیبینێ، دابەش کردنە وەزیفی‌یەکان بەمێننەوە، هەروەها ڕۆچوونی کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ دەوڵەتدا دەمێنێتەوە، گوێزانەوە لە کۆمەڵی مەدەنی بۆ دەوڵەت بەشێوەیەکی پلەکی دەبێت، لەبەرئەوە دەوڵەت لەناو کۆمەڵی مەدەنیدا هەیەو کۆمەڵی مەدەنیش لەناو دەوڵەتدا هەیە. هیگڵ لە قۆناغێکی پێش وەختدا ئەوەی دۆزیەوە کە دەوڵەت خێزانێکی گەورە نیە، هەروەها دەوڵەتی جیاکردەوە لە پەیوەندی خێزانی، هەروەها لە پەیوەندی دینیش جیای کردەوە، بەڵام جیاوازی لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵی مەدەنیدا، خۆی لە خۆیدا، سەرەتای دەوڵەتە، کە لە نەی لێکراوی جەدەلیانەی پەیوەند پەیمان، بەڵام کۆمەڵی مەدەنی لەسەر بناغەی پەیوەندی پەیمان دەست پێدەکات، واتە کۆمەڵی مەدەنی جیاوازە لە خێزان کە بە پێی پەیمان دروست دەبێت، دەوڵەت ئەوە گەوار (قبول) ناکات و نەفی دەکات، ئەمەش جیاوازی‌یە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵی مەدەنیدا، واتە دەوڵەت

خۆیبوون دەکات لە کۆمەڵی مەدەنیدا و دوایش بەرەو پێشی دەبات، بۆ ئاستێکی بەرز، کە لەسەر بناغەی پەیمانی خێزانی و دینی هەڵناستێ، بەڵکو لەسەر تاوانی مرۆڤ و ئاکاری مرۆڤ، ئەویش لە جیاوازی کردنی مرۆڤەوە بۆ خێرو شەڕ، ئەوەش دەوڵەتە کاتێك کۆمەڵی مەدەنی، خێزان نەفی دەکات. واتە خزم نەفی دەکات، ئەمەش بەهۆی پەیمانەوە کە کەسانێك دەبێت بۆ ئاڵ و گۆڕ. کاتێکیش دەوڵەت کۆمەڵی مەدەنی نەفی دەکات بەرهەمی خزم دێنێتەوە بەرهەم بەڵام وەك خێزان نا بەڵکو وەك کۆمەڵێکی ئاکاری کە لە هەناویدا مافەکانی تاك و ئەرکەکانی هەڵگرتبێت، لێرەدا خۆی نادات بەدەست کۆمەڵێکەوە کە خێرو شەڕو بەرژەوەندی‌یەکانیان نەزانن، هەروەها پشتیش نابەستێ بە پەیمانی کۆمەڵایەتیان. چونکە خێزان لە ئاستێکی نزمدا دەبینرێ و دەبێ بەپێی ئەو پەیمانە کە خۆی دەیەوێ بەرەو پێش بچێت و خۆی بسازێنێ لەگەڵ دەوڵەتدا، دەوڵەت لێرەدا ئەو خێزانە نەفی دەکات، چونکە بەرهەمی خزم دەهێنێتەوە بەڵام دەیکاتە کۆمەڵێکی ئاکاری و کە بزانێ ماف و ئەرکەکانی چی‌یە، واتە دەیکاتە کۆمەڵێکی ئاکاری و دەیهێنێتە بەرهەم، ئەو کۆمەڵەش خۆیان لەگەڵ هەنگاوی ئەو دەوڵەتەدا کە هەردوو لا پێی رازین هەڵگری ماف و ئەرکەکان دەبن، لە هەناویاندا و بۆ پێشکەوتنی دەوڵەت لە کۆمەڵی مەدەنیدا وەك هێزێکی دەرەکی دەردەکەوێ وەك دەوڵەتێکی فریاگوزاری دەردەکەوێ، لەهەمان کاتدا وەك دەوڵەتێکی

خـۆش گوزەرانـــی کۆمەڵایـــەتی دەردەکـــەوێ، کــە هەڵدەســـتێ بـــۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکان، لە کۆمەڵی مەدەنی دروستی دەکەن یان بۆ وردبینی دەربارەی دژایەتیەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەو قۆناغەدا چەند ئەرکێك دەبینێ:

١-ئیدارەی کردنی یەکسانی.

٢-رێکخستنی ئابووری دژی هەژاربوون.

٣-پاراستنی یاساو سیستمی ئاسایشی گشتی.

پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵی مەدەنی، خۆی لە خۆیدا ئامانجێکە بۆ رێکخستنی سیاسی، بۆ کۆمەڵ دەوڵەتیش کەرەسەیەك دەبێت بۆ گەیشتن بۆ ئەو ئامانجە نەك ئامانجێك بێت بۆی.

کەوابێ کۆمەڵی مەدەنی ئامانجێکە دەکەوێتە نێوان کۆمەڵ و دەوڵەت، بە واتایەکی دیکە قەڵەمڕەوێکە بالاتر لە بەرژەوەندی تاك و نەشکەوتۆتە ژێر دەسەلاتی رەسمیش، لێرەدا ئیدی دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ تاك تاکی خەڵك ناکا، بەڵکو کاری بە گرووپە رێکخراوەکانەوە کە خواستەکانیان لە چوارچێوەی یاسادا دەخەنەڕوو (ئەو دوو تایبەتمەندییە بنچینەی کۆمەڵی مەدەنیە، کە هەموو شتەکانی دیکە دەگرنەخۆ لە پێش هەموویانەوە سەربەخۆیی لە دەوڵەت و وەك رادەی نێوان خەڵك و دەوڵەت دەردەکەوێ، ئەوجا جیاکردنەوەکانی دی دەست پێدەکات.

به هاوولاتی بوون

گوێزانەوە لە کۆمەڵی مەدەنی بۆ دەوڵەت، خۆی لە خۆیدا، گوێزانەوەی تاکە بۆ هاوولاتی. هاوولاتی ئەندامێکە لە کۆمەڵی مەدەنیدا، هەروەها لە خێزانیشدا، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە وەك هاوولاتی، تێربوون نیە بەڵکو توانای لەسەر بڕیاردان هەیە لەوەی خێر چی‌یە و شەڕ چی‌یە، لەسەر ئەو ئاستە تاك سەربەستی خۆی نادۆزێتەوە لە خێزاندا، هەروەها لە کۆمەڵی مەدەنیشدا نایدۆزێتەوە، بەڵکو تەنها لە دەوڵەتدا دەیدۆزێتەوە. تەنها زەبور زەنگیش دەوڵەت ناپارێزێ، بەڵکو ئەو سیستەمە دەیپارێزێ کە هەموو ئەو جۆرە دیسپلینەی کە تاکەکان بڕیاردەدەن لەسەر ئەوەی کامە خێرەو کامە شەڕە؟

(سبینوزا) دەڵێ: (ئەو نزیکایەتیەی کە کوڕ و کۆیلە و هاوولاتی پێکەوە دەیبەستێ، هەریەك بۆ مل کەچی جیاوازی‌یەکی زۆر گەورە هەیە، لە نێوان کۆیلەو کوڕ و هاوولاتی‌دا. بەو شێوەیە دایدەڕێژێ، کە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی تێدایە، بەڵام هاوولاتی ئەو کارانەی کە دەسەلات پێی دەدات و ئەو پێی هەڵدەستێ، لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی لە هەمان کاتدا بەرژەوەندی خۆشی، هاوولاتی ئەو کەسەیە کە فەرمانەکان جێبەجێ دەکات و لە هەمان کاتدا مل کەچی یاساکان دەبێت و هەروەها هاوبەش دەبێت بۆ پێدانی ڕێپێدان بە یاسا، (بودان) هەنگاوی یەکەمی ئەو تیۆرەی داڕشت پێش (هوبز) کاتێك هاوولاتی

کرده (ئەندامی چینایەتی‌یە سیاسیەکان) هەروەها غەیرە هاوولاتیەکانی ئەوانەی کە سەر بە هیچ چینێکی سیاسی نین رەعیەتن لە پەیوەندیەکانیان بە دەسەلاتی رەهاوە) ئەمەش بە نەفی کردنی (للحق الطبیعی) لە سەدەی ناوەڕاستدا باو بوو وەك سیستەمێکی راستەقینە کە قەوارەی کۆمەلایەتی (هەموو) پێشتر بووە لە قەوارەی (کیان) تاکی (بەش) قەوارەی تاك وا لێدەکات کە ماناکەی لە ئەندام یان لە ئەندام بوونەوە پەرە بسەنێ بۆ هەموو، لە تیۆری (بودان)دا هاوولاتی ئەندام نیە لە دەولەتدا، بەلکو بووە بە نیشتەجێ بوو. بەو شێوەیە کۆمەل یەکسان دەبێت لە چینە سیاسیەکاندا ئەوانەی ئەندامن و ئەوانەی ئەندام نین دەبنە رەعیەتی گەورەکان، بەشێوەی تیۆری جیاوازی نێوان هاوولاتی لابرا ئەویش بە ناسینی پێشینەی کە خاوەن ئیمتیاز و هەروەها ناهاولاتیش شێوەی یەکسانی پێشینەی وەردەگرێ بەشێوەی نەرێیەتی، هەروەها یەکسانن لە بەردەم دەولەتدا لەبەرئەوەی رەعیەتن بۆی، لەم حالەتەدا بەرگری‌کردن لە هاولاتی شێوەیەك وەردەگرێ کە بەرگری نەبێ لە مافی هاوولاتی تاك تەنها (مەدەنیەت) لەبەردەم دەسەلاتی دەولەتدا، بەلکو شێوەی بەرگری کردن دەنوێنێ لە ئیمتیازاتە کۆنەکان کە ماونەتەوە بۆ دەستەکان واتە (نبلاء) و (الاکلیروس) دوایش چینی سێهەم.

(هوبن) ناچێته خانەی ئەوەی کە بەرگری بکات لە هاوولاتی، بەڵکو هەنگاوێك بۆ پێشەوە دەچێ لە هزری رێنیسانسدا بەتایبەت لەلای (بودان و ماکیاڤیللی) لێك داپچڕاندنی تەواو لەنێوان هاوولاتی و مرۆڤدا، ئەویش بە لێك داپچڕاندنی لە نێوان حاڵەتی سروشتیدا کە (الحق الطبیعی) شێوەی باوی وەرگرتبێ، کە مافی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانی هەموو شێوە کەرەسەیەك بەکاردەهێنێ بۆ گەیشتنی، هەروەها لە نێوان حاڵەتی مەدەنیەتدا کە مرۆڤ دەگوازێتەوە بۆ هاوولاتی واتە رەعیە بەوەش بواری دەکرێتەوە بۆ هزری سیاسی مەدەنی، بۆ پێشکەوتن بەرەو هاوولاتی نەك لەسەر گەڕانەوە بێت بۆ ئیمتیازە بەجێماوەکان، یان بەپێی هەبوونی لەنێو پەیوەندی دارەکاندا، بەڵکو لەسەر بنچینەی پێشکەوتن بە شێوەیەکی پلەکی بەرەو هاولاتی گشتی نوێ کە لەسەر ماف و ئەرکەکان لە پەیوەندیەکاندا لەگەڵ ئەوانی تردا، هەروەها لەگەڵ دەوڵەتیشدا، لە حاڵەتی لیبارلیدا، یان بازدانی شۆڕشگێڕانە بۆ یۆتۆپیا کە بەرهەمی یەکگرتن دەگەڕێنێتەوە لە نێوان مرۆڤ و هاوولاتیدا، بەڵام لەسەر بنچینەی کۆمەڵایەتی (نەك سروشتی) لە حاڵەتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی یان کۆمۆنیستیدا.

(رۆسۆ) دەڵێ (نابینە مرۆڤ تا نەبیتە هاوولاتی) ئەمەش واتەی تواندنەوەی کۆمەڵ لە دەوڵەتداو تواندنەوەی مرۆڤ لە هاوولاتیدا، جیابوونەوەی کۆمەل لە دەوڵەتداو تواندنەوەی مرۆڤ لە هاوولاتیدا،

جیابوونەوەی یەکەم لە مێژووی کۆمەڵی مەدەنیدا، جیابوونەوەیە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵدا، دەوڵەت و ئابووری، بەڵام جیابوونەوەی تاك و گۆڕینی بۆ هاوولاتی، کە ئەو کەسێکە یان بۆ کەسێك کە ئەو هاوولاتی‌یەیە، ئەم کێشەیە رووبەڕووی هەندێ لە دەوڵەتە دیموکراتیەکان دەبێتەوە، کێشەی گوێزانەوە تاکە بۆ هاوولاتی کە وەك قەوارەیەکی ماف دانی پیادابنرێ و هەروەها زیندوکردنەوەی هزری کۆمەڵی مەدەنی کۆن، لەگەڵ یادنەکردنەوەی بەرهەمەکانی دیکە، بەڵام زیندووکردنەوەی کۆمەڵی مەدەنی بە تەنها ئامانجێکە بۆ خۆی نەك هۆکارێك بێت بۆ هێنانەکایەی سیستەمێکی دیموکراتی کە ئەوەش جێی خۆپارستنە لێی، کۆمەڵ مەدەنی لای (مونتسکیو) ئەم شێوەی خوارەوە دەگرێتەخۆ:

١-بڕیاری یاسا.

٢-جیاوازی لەنێوان کۆمەڵ و دەوڵەت.

٣-هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتداراندا یان هاوسەنگی لە نێوان هێزەکان لە دەوڵەتدا.

هیگڵ دەڵێ: (شیکردنەوەی جەدەل بۆ کۆمەڵی مەدەنی کۆتایی پێهات، کۆمەڵی مەدەنی ناتوانێت ئاوەزو سەربەستی لەخۆوە دەستەبەر بکات، بۆ ئەمەش هیگڵ پێشنیاری کرد، کە دەوڵەتێکی بەهێز هەبێت بۆ بە گەیشتن بەو ئامانجە، ویستیشی لە نێوان دەوڵەت و نێوان هزری

سەربەستیدا سازکاری بکات، یان بیسازێنێ، ئەویش لە ڕێگای دانی مۆڵکایەتی تایبەتیەوە کە سروشتێکی دەستوری بەهێز دەگرێتەخۆ.

دەوڵەتی نوێ

کۆمەڵی مەدەنی لە کۆی پەیوەندیەکانی تاکە مادیەکانەوە پەیدادەبێت، لە قۆناغێکی تایبەتیدا لە پێشکەوتنی هێزە بەرهەم هێنەرەکاندا، واتە هەموو شێوە ژیانەکان بازرگانی و پیشەسازی دەگرێتە خۆ، بۆ قۆناغێکی دیاری کراو. بەمەش دەوڵەت و نەتەوە تێدەپەڕێنێ، هەروەها سەرەڕای ئەوەش دەبێ خۆی جەخت کاتەوە لە دەرەوەی خۆی وەك دەوڵەت، لەگەڵ ناوەوەی خۆی، وەك نەتەوە، هاوکاری کردن لە نێوان تاك و دەوڵەتدا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێ نێوەندێك، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هاوکار نەتەوەییە (بارسونز) دەیەوێ نەتەوەی نوێ لەسەر پێگەی هاوولاتی دابمەزرێنێ، واتە هاوولاتی یان هاونیشتمانی بەسیەتی لە پێناوی لایەنگریدا بۆ نەتەوەکەی، کۆمەڵ لە ئەبستکراتیدا هاوشێوەیە لەگەڵ هزری نەتەوەدا، بەڵام ئاراستەکراوە بۆ ناوەوە نەك بۆ دەرەوە، واتەی کۆمەڵ دەگەیەنێت بە ئاراستەی ناوەوەو واتای نەتەوە دەگەیەنێ بە ئاراستەکردنی بۆ دەرەوەی کۆمەڵی مەدەنی بەو شێوەیە ناتوانرێ پۆلێن بکرێت کە تەنها بێ لە لێك دابڕانی لە دەوڵەت. لە ڕاستیدا خۆی هاوشێوەیە لەگەڵ نەتەوەدا، کەواتە کۆمەڵی مەدەنی ئەو کۆمەڵە نیە کە تەنها لێك دابڕان بێت لە دەوڵەت، شێوەی پەیوەست بوون

کە هێزی بەرهەم مەرجی بۆ دادەنێ لەسەر پلەیەکی تایبەتی لە پێشکەوتنی مێژوویدا کە لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵی مەدەنی مەرجیەتی شانۆی راستەقینەیە بۆ مێژوو کە هەموو جۆرە پەیوەست بوونی مادی لە نێوان تاکەکاندا لەسەر ئاستی تایبەتی لە پێشکەوتنی پیشەسازی‌یە، بەو مانایە دەوڵەت و نەتەوە تێدەپەڕێنێ کە خۆی بۆ دەرەوە ئاراستە دەکات، لە شێوەی دەوڵەت، کاتێکیش نەتەوە رزگاری دەبێت لە ناسینەوەی ئەندامەکانی بە رۆشنبیری و شوناسی (الاثنیة) لە کۆمەڵی مەدەنی نزیك دەبێتەوە، نەتەوایەتی دەگوێزرێتەوە بۆ شوناسێکی تر لە شوناسە بچووکەکان، ئەو شوناسە سەردانەواندن نابێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە بەرزناکرێتەوەو بەهایەکی لەخۆی زیاتری نادرێتێ، مل کەچ بوون بۆ پابەندبوون وەکو هاوشێوەکانی شوناس دەگۆڕدرێ بۆ بەها، وە رۆڵی دەبێت لە دروست کردنی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی. هیچ یەککگرتنێکی بەزۆر بۆ تاك ناتوانێت بە نەتەوایەتی بوون دروست بکات، بەهەر شێوەیەك لە شێوەکانی (موریس بارس) دەڵێ (نەتەوە بە نیسبەت تاکەوە وەك گڵ وایە بۆ دار، پەیوەندی لە نێوانیاندا پەیوەندی ئیرادەی سەربەست نیە بەڵکو پەیوەندیەکی پێویستە هەستی مێژوویی، هەستی سروشتی سامی گەوار کردنی پێویست، کە ئەمەش مانای نەتەوایەتی‌یە، ئەو ئاستەی کە (ئاکتون) دیاری‌دەکات لە نێوان دەوڵەت و نەتەوەیەتیدا ئاستێکی پارێزرراوە بەڵام جیاوازی دەکات لە نێوان هەردووکیاندا، ئەم جیاوازیەش وا دەکات کە دەوڵەت لەگەڵ نەتەوەدا،

یان زیاتر بێت لە ناوەوەیدا، جیاوازی کردن لە نێوان نەتەوەو دەوڵەتدا لەلای (ئاکتون) وەك ئەو جیاوازییە وایە لە نێوان دین و دەوڵەتدا، هیچ بوارێك لە نێوەندیاندا دروست نابێت لە کۆمەڵی مەدەنی و لە نەتەوەدا، بیری نەتەوەیی هیچ بوارێك ناهێڵێتەوە بۆ بیری کۆمەڵی مەدەنی، لەبەرئەوەی هیچ جیاوازیەك نابینێ لە نێوان کۆمەڵ و نەتەوایەتیدا کە لەسەر تاك پێویست دەبێ تێکەڵی ببێت، کۆمەڵ و تاك سەربەستی خۆیان وەردەگرن کاتێك لەگەڵ نەتەوەدا دەگاتە ئامانج. بەڵام لە کۆمەڵی مەدەنی ئاراستەکراوی دژ بە دەوڵەت دەگوازرێنەوە بۆ کۆمەڵی نەتەوەیی (اثني)، پاڵ پێوەنانی کۆمەڵ دژی دەوڵەت، کۆمەڵێکی مەدەنی لەدایك نابێت بەڵکو بە پێچەوانەوە هەرکاتێك نەتەوەیەکی سیاسی لە هاوولاتی هەبێت ئەوا کۆمەڵێکی مەدەنی دروست دەبێت و سەرهەڵدەدات، ئەمەش نەك تەنها دەربارەی دەوڵەت، بەڵکو دەربارەی نەتەوەش. تەنانەت گەر بە یەك بگەن و یەك شێوەبن لە دووریانی مێژووی یەکتریاندا، کۆمەڵی نوێ یان کۆمەڵی مەدەنی نەتەوەیییە لە پەیوەندیەکانیدا لەگەڵ دەوڵەت و نەتەوەدا، کۆمەڵێکی مەدەنیە لەگەڵ پەیوەندیەکانی بەدەرەوەدا، کاتێك نەتەوەیەك گشت گیرە واتە ئاراستەیە بۆ ناوەوە کۆمەڵێکی مەدەنی دەبێ، کاتێکیش کۆمەڵی مەدەنی بەرەو دەرەوە دەچێ دەبێتە نەتەوەیەکی نوێی کۆمەڵی مەدەنی، ئەوکاتە دروست دەبێت کە بەهۆی توانای مێژوویی ئەندامەکانیەوە کە بۆچوونیان وابێت کە جیاببنەوە لە دەوڵەت، بەمەش دەبێتە نەتەوەیەکی

نوێ بەهۆی ڕۆڵی نوێوە کە دەیگێڕێ و ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی (اثني) هاوچەرخ داڕشتنێکی پێش نوێگەری ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی نیە، بەڵکو بەرهەمی نوێیە بۆ دابڕانی ڕووکاری مێژوویی (جیهانگیری) و (بەشکاری) (العولمة و التجزؤ) هەردووکیان سنووری دەوڵەت و نەتەوە دەبڕن و لە دەرەوەو لە ناوەوە ئەم هاوکێشەیە دەردەچێ کاتێ چوارچێوەی سیاسی لەخۆگرت، لەو دەوڵەتانەی کە دەگوازرێنەوە بۆ نەتەوەی نوێ لەبەرئەوەی لەخۆوە دروست نابێت، وەك ئەنجام کاری پشەیی و ئابووری نەتەوەی نوێ بەڵکو وەك کەرەسەیەك بۆ دروست کردنی ئابووری نوێ لە دەوڵەتە ئەوروپاییەکان، بەڵام هەندێ شوێن هەن ئەو جۆرە پرۆسیسەی تیا دروست بوو دوای ئەوەی دروست کردنی نەتەوە بەهۆی دەوڵەتەوە بەسەرچوو، لەبەرئەوەی هوشیاری نەتەوەیی بێ ئەو دروست بووە (بلسنر) و فەرهەنگی (نەتەوە دواکەوتووەکان)ی بۆ دانان دەلالەت بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە سەرەوە یەك دەگرن، بەهۆی دەوڵەتەوە، کە ڕووبەڕووی ئێستا (کلۆڵی خۆی) دەبێتەوە بە محاوەلەکردنی زیندووکردنەوەی دەوڵەت بە ڕابردووی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری کە کاکڵەی نەتەوەیی جێگیرە، بەڵام هەندێ گەل هەن کە لە (گەلی دواکەوتو)ش دوا بکەوێ.

سەرچاوەکان:

١-تطور النظرة الواحدية الى التأريخ- جورج بليخانوف- ترجمة محمد متجير مصطفى، مراجعة د. وهبة بيروت. بۆ مێژوو.

٢-اشكالية مفهوم المجتمع المدني- د. كريم ابو حلاوة الطبعة الاولى سورية ١٩٩٨.

٣-المجتمع المدني دراسة نقدة- د. عربي بشارة- مركز دراسات الوحدة العربية الطبعة الاولى بيروت ك٢، ١٩٩٨.

٤-كردستان مستعمرة دولية- اسماعيل بيشكچي- ترجمة زهير عبدالملك ١٩٩٨.

٥-الفرد و المجتمع- ب بيخوفسكى- ترجمة هندي رياض. الطبعة الثانية/ بيروت ك٢ ١٩٧٨.

٦-کۆمەڵزانی و کورد- فوئاد تاهیر سادق- سلێمانی ١٩٩٩.

٧-کۆمەڵی مەدەنی- وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو ٢٠٠٠.

٨-گۆڤاری مەدەنیەت ژمارە (٢ و ٤)ساڵی یەکەم ١٩٩٩.

٩-گۆڤاری نڤار ژمارە (٢) هاوینی ١٩٩٨.

١٠-گۆڤاری نڤار ژمارە (٥) بەهاری ١٩٩٩.

بە مەدەنیکردنی کوردەواری

بە هۆی داگیرکردنی کوردستان و سەرکوت کردنی مرۆڤی کورد لە ژێر قورسایی ئامراز و ئایدیۆلۆژیە جیاوازەکاندا، یان لە ژێر پاڵەپەستۆی ئایدیۆلۆژی دەرەوە، کوردەواری تێك شكا و بێ گەشە و گۆڕان مایەوە لە هەموو روویەکەوە، مرۆڤی کورد بێبەش بوو نەك تەنها لە خاکەکەی، بەڵکو لە مافە سەرەتاییەکانیشی وەك (مرۆڤ - کۆمەڵ).

لێرەشەوە مافی هاونیشتمانی و هاووڵاتی و مافی جودایی لێسەندرایەوە، چونکە ئەو رژێمانەی کە کوردەواریان قان داوە ئایدیۆلۆژیایەکی رەگەزپەرستانە و دیکتاتۆرانەیان بەکاردەهێنا، ئەمە تەنها کۆمەڵی کوردی نەگرتبۆوە، بەڵکو کۆمەڵی خۆشیان سەرکوت کردبوو، ئەمەش بواری بۆ رەگەزپەرستی خۆش کردوو دەرگای دیموکراتی قفڵکرد، داگیرکەران بواریان بە کۆمەڵی خۆیان نەداوە کە

نزیك ببنەوە لە كۆمەڵی كورد بۆ ئەوەی شێوە تێگەیشتنێك روونەدات لە نێوان تاكی داگیركەر و تاكی داگیركراودا، لێرەدا، كورد لە شارستانیەت، لــە كۆمــەڵی هاوچــەرخ دورکەوتــەوە، واتــە دووربــوو لــە پێشــكەوتنە كۆمەڵایەتیی و روناكبیریەكان، بەوەش داگیركەر سیستەمێكی تۆكمەی هاوچەرخ و كۆمەڵێكی سـەر بـە سیستەمی خـۆی مسـۆگەركرد لەسـەر شانی كۆمـەڵێكی تـر و لـە خزمـەت كۆمـەڵێكی تـردا، واتـە بێخواسـتی كـوردەواری كۆمـەڵی داگیركـەر كۆمـەڵێك دروسـت بـوو لەسـەر شـانی كۆمـەڵێكی دی، هـەر لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەوە تـا كۆتـایی سـەدەی بیست كوردەواری تێك شكاو نەبووە كۆمـەڵ، بـە تایبـەتی لەبەرەبەیانی سـەرهەڵدانی هـزری نیشـتمانی و دەوڵـەتی نەتـەوەییدا كـە سـەدەیەكی زێرین بوو بۆ گەلان، كـە بوونـە كۆمـەڵ و نەتـەوە و دەوڵـەت، بـەڵام كـورد ئەوەشـی هـەیبوو لـە دەسـتیدا و لێـی سـەندرایەوە، سیسـتەمە داگیركـەرەكان داپچڕانێكیـان كـردە جەسـتەی بەهاونیشـتمانی بـوون. بەشـداربوونی كـوردەواری لـە نێـوا كۆمـەڵدا، ئـەو پرۆسـەیە وایكـرد كوردەواری هەنگاوی ئاسایی خۆی نەنێ و لە گەشەكردن بێبەش بێت كە گەلان پێیدا تێپەڕین، جا بۆ ئەوەی كورد ببێتە كۆمـەڵ و شـان بـە شانی كۆمەڵەكانی دی ڕێبكات و بگاتە ئاستی ئـەو كۆمەڵانـە و ببێتـە كۆمەڵێك لە دەستەی ئەو كۆمەڵە دەبێت هەنگاوی وا بنێ كە شایستەی ئەوەبێت بچێتە نێو كۆمەڵی هاوچەرخ، كە لێی بێبەری بووە و بوونـی

خی بسەلمێنێ، خۆهاویشتنە نێو ئەو کۆمەڵە هەر وا ئاسان نیە، بەڵکو خەباتی دیموکراتی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەوێ، ئەو کۆمەڵەش، کۆمەڵێ مەدەنییە، کە ڕەنجی چەندەها ساڵەی خەباتی گەلانە بە تایبەتی فەیلەسوف و بیرمەندان.. هتد.

لە سەدەی بیستەمدا، کورد شێوەکانی پێکهاتی دەوڵەتی لە دەست داو لە باریچوو، ئیتر بە هۆی هۆکاری دەرەوە بێت، یان هۆکاری ناوەوە، بەلام لە سەدەی بیست و یەکدا و لە هەزارەی سێهەمدا کورد کەوتە نێو کۆمەڵی جیهانییەوە واتە کەوتە بەرچاوان و ڕێی بۆ کرایەوە گەشەی خۆی بکات و لە قۆزاخەی گۆشەگیریی و دواکەوتویی بێتەدەرەوە وەك (تاك-کۆمەڵ-نەتەوە-لەوانەشە چوارچێوەی سیاسیش) ڕێگەی خۆی بگرێت و بەرەوپێش ڕێبکات، کارکردن بۆ چوونە نێو ئەو کۆمەڵە، هەروا کارێکی ئاسان نیە؛ بەڵکو زەحمەتی دەوێ شۆڕشی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنەی دەوێ، ململانێی دەوێ، خۆڕاگری و ئازادی و دیموکراتی دەوێ، شۆڕشی روناکبیری دەوێ، بۆ چوونە نێو ئەو بابەتەش دەتوانین لە چەند دەرگایەك بدەین:

کوردەواری

کوردەواری بە هۆی بارودۆخی دیموگرافی و جوگرافی و سیاسیەوە، بووەتە کۆمەڵێکی شەق و شڕ، ئەو هۆکارانەی وایکردووە کە پێکهاتەی

کۆمەڵ لە نێوخۆدا دروست نەبێت، کە دواڕۆژ ببێتە جێی دڵخۆشی بۆ بە کۆمەڵ بوونی کوردەواری بە گشتی کوردەواری، لەچین و توێژە جیاجیاکان پێك نەهاتووە هەر بە شەلەلی ماوەتەوە، ئەگەر توێژەکانیش جودابوونەتەوەوەك شێوەیەکی سادە ئەوابە هەمان شەلەلی لەدایك بووە و بەرێوەچووە، واتە کوردەواری بە پێی قۆناغەکانی پرۆسێسی، چینی سروشتی دروست نەبووە هەربۆیە کۆمەڵ تووشی سەرلێشێواندنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بووە چ لە رووی دەروونی و چ لە رووی کۆمەڵییەوە، چونکە ئەو کۆمەڵە لە دەرەوەی خۆی گەشەی کردووە و چووەتە ناوەوەی خۆی کە ئەمەش بووەتە هۆی تێك شکاندنی خۆ لە خۆدا و لە دەرەوەی مێژووش، کە ئەمەش پرۆسیسی لەدایك بوونە لە دەرەوەی منداڵداندا.

لێرەوە کۆمەڵێکی خەڕەکەشکاو دروست بوو، لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە خواریشەوە بۆ سەرەوە، کە تاك و کۆمەڵ هیچ رۆڵێك نابینن بۆ گەشەی کۆمەڵ بەڵکو زۆرجار دەبنە تێکدەر لە نێو کۆمەڵی خۆیاندا، واتە هەردووکیان لەو چوارچێوەیەدا بێئەوەی یەك بگرن لە پێناو خۆیاندا دەبنە (دوو توخم) دژی یەکدی رادەوەستن و یەکتری تێك دەدەن، دوایش بووەتە داڕمانی ژێرخانی پێکهاتەی کوردەواری لە خۆدا، نموونەی ئەو هۆزە کوردانەی لە جوگرافیایەکدا دەژیان، هەمیشە دوور لە یەکتر، کۆشەگیر لە یەکتر، ئەم دژی ئەو دەجوولایەوە، ئەمەش

ڕێخۆشکەر بوو بۆ هۆکاری جوگرافیا کە کار زیاتر بکاتە سەریان و زیاتر لێک دابڕێن و دابەش بن و خۆیان تێک بشکێنن (ئیسماعیل بێشکچی) دەڵێ:

دیاردەی دووری هۆزەکان و لێک دابڕانیان لەسەر حسابی بەرژەوەندی سەرۆک هۆز وای لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی‌یەکان کرد کە تێک بشکێن و یەک نەگرن سەرەڕای ئەوەش هۆکاری جوگرافی و دووری نێوان دێکان وایان کرد کە پەیوەندی و تێکەڵاوبوون لەلای تاکەکەسی کورد دورست نەبێت)، هیگل راستی کرد کە دەڵێ (شاخەکان خەڵکان دابەش دەکەن، بەڵام دەریاکان و ڕووبارەکان نزیکیان دەکەنەوە لە یەکتری)، واتە شاخەکان بوونە هۆی ئەوەی زیاتر (تاک-کۆمەڵ)ی کورد لێک بترازێن و دوربکەونەوە لە یەکتری و دواجاریش یەک نەگرن، لەزهنی تاکی کورددا هەر ئەو ڕوانینە سادەیەی هیگل و واقیعیەکەی ئیسماعیل بێشکچی خۆی دەنوێنێ، چونکە شاخ و بەرزایی و گرد، سنوورێک بۆ دەروونی کورد دادەنێ، کە نابێ لەگەڵ ئەودیو شاخ و گرددا نزیکی دروست ببێت، یان ناتوانێت نزیک ببێتەوە، ئەویش بە هۆی ئەو بەربەستە دەروونیەوە کە خۆی لە شاخە وێنەدارەدا دەبینێتەوە، ئەمەش کاری میکانیکی (خڕکردنەوەی تاکی لە کۆدا و- کۆی لە تاکدا)ی وەستاند واتە تاکی کورد نەیتوانی لە کۆمەڵی خۆیدا سووڕی گەشەی ژیانی پێبگات هەربۆیە کودەواری بە (تاک... تاک) مانەوە و کۆمەڵێکی

تۆکمەیان لەناو خۆیاندا پێك نەهێنا ئەمەش واتای نەبوون بە (کۆ-کۆمەڵ-نەتەوە-دەوڵەت)، کە کۆمەڵ لە پێکهاتنی چەند تاك و تیرەیەك و خێزانێك و کۆمەڵێك پێك دێت، دەتوانن پێکەوە کۆمەڵێکی گەورە دروست بکەن و دواجار دەتوانن بە هۆی گەشەی هوشیاری و بوونی کۆمەڵایەتی‌یان دەوڵەت دروست بکەن بەڵام کورد بە هۆی دووری خۆیان لە کۆمەڵەکەیان تووشی نامۆیی بەکۆمەڵ بوون و لێرەشەوە تووشی جۆرە وەهمێکی مەزنایەتی بوون یان تووشی شێتی مەزنایەتی (پارانۆیا Paranoia) کە زادەی پەرش و بڵاوی دەسەڵاتە، کە دواجار بووە هۆی دروست بوونی دەسەڵاتی بستەباڵاکان (هۆزی-پەتریارکی-کلاسیکی.. هتد) کە چەند سەدەیەکی خایاند لە کوردەواری و، کوردەواریشی زیاتر تێك شکاند و لە (بوون بە کۆمەڵ)ـی بێبەش کرد، تاوای لێهات کۆمەڵێکی لاواز و گرژ و بێچارە دروست بوو لە دەرەوەی کۆمەڵ ئەم شکست خواردنی کۆمەڵایەتی‌یە وای لە تاکی کورد کردکە متمانە بە دەرەوەی خۆی بکات و پشت بە دەرەوەی خۆی ببەستێ، ئەمەش دووری دەروونی نێوان تاکەکانی کوردەواری دیاری‌دەکات و لە هەمان کاتدا بڕوا نەبوونە بە خۆ (بۆ بوون بە کۆمەڵ) دەتوانین ئەو تەگەرانەی بوونەتە هۆی دواکەوتنی کوردەواری دیاریان بکەین بۆ ئەوەی زیاتر لە کوردەواری بگەین، دەتوانین تاکی کورد لە روی دەروونیەوە شیبکەینەوە و ئەو تەگەرانە دەست نیشان بکەین، کە بوونەتە هۆی

ئـــەوەی کـــورد، لـــە کۆمـــەڵدا خـــۆی نەبینێتـــەوە و دووربێـــت لـــە پەرەسەندنەکانی بوون بە کۆمەڵ.

تاکی کورد

تاک یەکەیەکی مادی کەرەستەییە لە کۆدا، بە بێ تاک بوونی کۆمەڵ مەحاڵ و بێ کۆمەڵیش تاک مەحاڵ دەبێت، دەتوانین بڵێین کاری میکانیکی لەیەکتر دەکەن، گەر تاک لە دەرەوەی کۆمەڵدا کاربکات، کارکردنەکەی بۆ خۆی مردینکە، . زۆی لێرەدا دەبێتە لەمپەرێك بۆ بوون بە کۆمەڵی خۆی. کە زیان دەبەخشێ بە کۆمەڵ لە رووی چەندایەتی‌یەوە زۆرجار لە رووی چۆنایەتیشەوە، پێشکەوتنی تاك بە کۆمەڵەوە بەندە و بە پێچەوانەشەوە، لەناو ئەو کۆمەڵەدا ململانێ سەرهەڵدەدات لە نێوان تاك و کۆمەڵ، کە دیاریشە سەرکەوتن بۆ کۆمەڵ دەبێت، نەك تاك، چونکە رێژەی کۆمەڵ زۆرترە وەك لە رێژەی تاك، گەر تاکیش هوشیار بێت، چونکە تاك بە تەنیا بوونی کۆمەڵی دیارناکات، هەروەك مارکس دەڵێ: (هوشیاری خەڵك بوونیان دیاری‌دەکات) تاك لە دەرەوەی کۆمەڵدا، نابێتە تاکێکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو دەبێتە تاکێکی کلۆڵ و وشکهەڵهاتوو، لە هەمان کاتدا، واقیع بینانە نابێت و بیرکردنەوەی لە بازنەی گۆشەگیری تاکی خۆیدا خول دەخواتەوە و گەر هەوڵیش بدات لە کۆمەڵ بدوێ، لە دوورەوە ئەوا بێ‌کەڵك دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا کە کۆمەڵ هوشیار نەبێت، بەڵام بەلای کۆمەڵێکی هوشیارەوە ئەوا ئەو تاکە لەوانەیە ببێتە رێگەی بزاوتێك لە کۆمەڵدا، بەڵام کۆمەڵیش ئاراستەی هێڵی خۆی پیشان دەدات

و لەو ڕێگایەوە تاك دەخاتە نێو بازنەی خۆیی و لە خۆیدا دەیهاڕێ، واتە دەیکاتە یەکێك لە کۆمەڵ و کۆمەڵی پێدروست دەکات و لە هەمانکاتدا دەیخاتە خزمەتی کۆمەڵ و بوونی ئەو کۆمەڵایەتیەش هوشیاری ئەو تاکە کەسە و ئەو خەڵکانە دیاری دەکەن، لێرەدا مرۆڤ یان تاك دەبێتە تاکێکی بەرهەم هێن و چالاك، نەك تاکێکی تەمەڵ و مشەخۆر و گۆشەگیر و ڕاکردوو لە کۆمەڵ، بەم پێیە تاکی داخراو و دوور، دەچێتە نێو کۆمەڵ و گشت کۆمەڵێك دروست دەکەن.

کە تاك ڕۆڵی تیا دەبینێ لە پێشخستنی کۆمەڵدا و پێکهاتەیەکی تەواوی پێ دەبەخشێ و کۆمەڵ ڕزگاری دەبێ لە پەرش و بڵاوی خۆیی و تاکەکانی خۆی کۆدەکاتەوە لە پێناو کۆمەڵ و ڕەگەزەکەیدا کە تاکە ئەو تاکەی کە دەبێتە تاکێکی کۆمەڵایەتی.

ئۆگست کونت (١٧٩٨-١٨٥٧)ی فەرەنسی مەرجە بنەڕەتیەکانی سیستەم و ئارامگیری کۆمەڵایەتی لە ئیستاتیکای کۆمەڵایەتیدا، لە کۆمەڵزانییەکەیدا دەڵێ: (مەرجی بنەڕەتی بەدیهێنانی ئیستاتیکای کۆمەڵایەتی بریتیە لە پێکەوە گونجاندنی گشتی هەموو لایەنەکان).

کۆمەڵایەتی کوردەواری

بە هۆی لاوازی ژێرخان و سەرخانی کوردەوارییەوە، گەشەی کۆمەڵایەتی قۆناغی خۆی نەدیوە، وەك کۆمەڵایەتی کە پێی بناسرێ، چونکە کۆمەڵ لە کۆمەڵایەتی خۆی نامۆ بووە ئەمەش وای کردووە کە کۆمەڵی کورد لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا چەق بەست بێت و بمێنێتەوە

بۆ ئەوەی سەرخان بەکاربهێنرێ بیرێ لە ژێرخانی دارماو بکرێتەوە و دواجار بیکاتە فاکتەری دروست بوون، بۆ بوون بە پلان و پرۆسەی دروست بوونی کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بە گونجاندن لەگەڵ گەشەی سەرخانی (تاك-کۆمەڵ) لە هەموو روویەکەوە، واتا بەپێی هەل و مەرجی تایبەتی.

کە گۆرانکاری دەپێکێ لە کۆمەڵێکی دواکەوتوودا چوونە نێو کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتییەوە، کە خۆی پێشکەوتنە لە خۆدا، لە کۆمەڵێکی دواکەوتوودا زۆرجار گۆڕان دروست دەبێت بۆ بنیات نانەوەی، هەر نەبێ ئەوەی لە دەست چووە ئەویش بەهۆی پەرۆشی کۆمەڵ بۆ ئەو هەل و مەرجە تایبەتەی کە کۆمەڵ تێی کەوتووە، واتە جەختێکی تایبەت بۆ سەر گۆڕان، گۆڕانی کۆمەڵ لە بارێکەوە بۆ بارێکی دی، ئەم گۆڕانەش گۆڕانی کاتی دەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەی بوون، بە کۆمەڵایەتی لە بارنەچێ، تا ئەو کاتەی وردە وردە پرۆسەی بوون جێگیردەبێت و کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێ و سەرلەنوێ کۆمەڵ بنیات دەنرێتەوە. لە هەموو روویەکەوە، ئەمەش رێگایەکە بۆ پاڵنان بە رەورەوەی باری وەستاوی دواکەوتوو، بۆبەرەوپێچشەوەبردنی کۆمەڵ و، بووژانەوەی کۆمەڵ، لێرەدا کارێکی میکانیزمی دروست دەبێت بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاك و کۆمەڵدا بۆ بوونبە کۆمەڵایەتی، واتە هاڕینی دوو کەرەستە لە یەکتردا کە وادەکات یەك بگرن، واتە پردی دووری

نێوان تاك و كۆمەڵ دەڕوخێنێ و لە یەكتردا ئاوێتە دەبێت، كە پرۆسەیەكی مەزنی بە كۆمەڵایەتیكردنی كۆمەڵە (چەمكی ئەركخوازی Functionism) ئەو زانایانەی كە پێیان وایە، تاك، نەسەقێكە و یەكێكیان ئەوی تر راست دەكاتەوە، هەروەها مەبەست لەم ئاقارە پێویستی زانینی رادەی ئەو تێكچڕژانە بێت، كە لە نێوان ئەو سیستەمانەی ژیانی كۆمەڵ وەك گشت پێك دێنن، لەگەڵ بەشی هەر سیستەمێك پاراستنی بەیەكەوە بەستراوی ئەو كۆمەڵە و لەبەردەوامبوونی یەكێتیەكەی))، لە كۆمەڵێكی دواكەوتودا هەندێ ئاستەنگ دێنە بەردەم ئەو سیستەمەی بەدیهێنانی ئەوەی لێ داواكراوە، یان ئەوەی دەیەوێ هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت، ئەو ئاستەنگانە بەرە و رووی دەبنەوە، زۆرجار خۆیان لە سیستەمی ئایینی و ئابووری و ئایدیۆلۆژی خۆیان دەبیننەوە، بۆئەوەیئەو لەمپەر و ئاستەنگانە نەمێنێت، دەبێت سیستەمی نوێ، ئەو بەربەستانە بناسێت و چارەسەریان بكات. تا ئەو سیستەمە پشتیوانی پلان و دانانی گۆڕانكاریەكان بێت و بەرهەڵستكاریان نەكات.

هەروەك باسمان كرد لەبەرئەوەی كوردەواری نەبووەتە كۆمەڵێكی كۆمەڵایەتی چونكە نە تاك خزمەتی كۆمەڵی كردووە و نە كۆمەڵیش هەستاوە بە ئەركی پێویستی خۆی، بەرامبەر تاك. بە تایبەتی كە دەسەڵاتێكی تۆكمە بەدیناكرێ، كە یەكەكانی كۆمەڵ پێكەوە گرێبدات، لەبەرئەوەی تاكی كورد، دوورە لە كۆمەڵ و، كۆمەڵیش، نرخ و بەهای تاك

نازانێ و، تاکیش هەمیشە لە دەرەوەی کۆمەڵدایە و کۆمەڵیش بە هیچ نازانێ، ئەمەش واتای دووریەکی لێك تێنەگەیشتن، کە لاوازی ئەرکەکان دەردەخات لە نێوان خۆیاندا، لەسەرێکی ترەوە ئەو دەرفەتە نەڕەخساوە کە کۆمەڵ لەناو خۆیدا و لە ناوکی خۆیدا ببێتە کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی، داگیرکەری کوردیش ئەو هەلەی نەداوە بە کورد کە کوردەواری ببێتە بەشێك لە کۆمەڵایەتی لە هەمان کاتدائەو بەشە کۆمەڵایەتی‌یەی خستۆتە خزمەت ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵی خۆی، بەڵام ئەمەش پاسا و نیە، بۆ ئەوەی کوردەواری، نەبێتە کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو هەلی‌نزیکبوونەوەی‌تاك لە کۆمەڵ و بەشداریکردنی لە پرۆسەی بوونبە کۆمەڵ، بۆ ئەوەی هەلی بە کۆمەڵ بوونی کوردەواری، لەدەست نەچێ. دەتوانین هۆکەی لەم دیدەی خوارەوەدا ببینین:

هۆی بە کۆمەڵایەتی نەبوونی کوردەواری

بە کۆمەڵایەتی بوونی کۆمەڵ، پرۆسەیەکی حەتمی‌یە، بۆ یەك گرتنی کۆمەڵ لەناو یەکتردا. واتە کارلێکردنی کۆمەڵایەتی لە نێوان دوو کەس و زیاتر لە پێناو قەدەغەکردن یان کەم کردنەوەی ململانێ و جیاوازی، ئەوەش شێوازێکە بۆ پێکەوە ژیان بە ئاشتی لە نێوان تاکەکان و گروپ و کۆمەڵەکاندا، یەك لە گەڵ یەکدی کە پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتیەکانی نێوانیان لە خۆدەگرن. ئەمەش دەبێتە گۆڕان لە شێوازی ڕەوشت و

هەڵس و کەوتیان، بە مەبەستی گونجان لەگەڵ کەسانی تردا، تاکی کورد نەیتوانیوە نە لە خۆی بگات نە لە کۆمەڵی خۆی، هەربۆیە بە زەحمەت دەتوانرێت یەك بگرن و یەککگرتنێك دروست ببێت، لەبەرئەوەی کوردەواری بە تاکەکانیەوە بەو قۆناغەدا تێنەپەڕیوە، کە چۆن پێکهاتەی کۆمەڵێك دروست دەبێت هەمیشە لە نێوان تاکەکای کورددا، هەستی زاڵ بوون هەیە، ئەم بەسەر ئەوی‌تردا، بەمەش بە هۆی ناهوشیاری کەسایەتی‌یان واتە تاکی کورد ویستویەتی کۆمەڵ بخاتە خزمەتی تاکی خۆی کە ئەمەش پێچەوانەی بوون بە کۆمەڵایەتی‌یە، لەبەرئەوەی (هوشیاری کۆمەڵایەتی گرنگی‌دانی تاکەکان بۆ ئاشنابوون بە رەوشتی کۆمەڵەکەیان و بەشداریکردن بۆ لە ئەستۆگرتنی لێپرسراوێتی)، چونکە تاکی کورد دەسەڵاتی نەدیوە لە سەروخۆیەوە، ئەو دەسەڵاتەشی کە دیویەتی لە ماوەیەکی کورتدا تێك چووە و رماوە، ئەمەش واتە بە هۆی رەشبینی تاکی کورد، بەرامبەر دەسەڵاتی کورد، تاکە کەسی کورد لە کۆمەڵ جیابۆتەوە و خۆی دوورڕادەگرێ لە کۆمەڵ، واتە بەشدارنەکردن لە بنیاتنانی دەسەڵات و بەڵکو چاوەڕوان کردنی دەسەڵات کە لە پاشەڕۆژدا وا لە تاکە کەسی کورد دەکات، کە دەسەڵات بیهێنێ و بیبات نەك ئەم پێگەی دەسەڵات دامەزرێنێ و کاری خۆی بکات، لەپرۆسەو بوونی دەسەڵاتدا، خۆ بینینەوە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات و کۆمەڵ، واتە دوورکەوتنەوە لەدەسەڵات و کۆمەڵ وای لەتاکی کورد کردووە جۆرە

کەسایەتی‌یەك دروست ببێت کە بە زەحمەت رۆحی مل کەچ بوون بۆ کۆمەڵی خۆی یان بۆ تاکە کۆکەڵی خۆی هەبێت، ئەمەش شێوەی گونجان و لەیەك گەیشتن و پێکەوە هەڵ کردن دەشێوێنێ و گونجانی کۆمەڵایەتی پێك ناهێنێ داگیرکەریش ئەو کارەی بۆ چووەتە سەرو زیاتر درزی خستۆتە ئەو نێوەندەوە واتە لەتاك و تاکی کورددا و کۆمەڵ و کوردەواریدا، بۆ ئەوەی نەبنە کۆمەڵ و پێکەوە ژیانێکی کۆمەڵایەتی دروست نەکەن، کە پرۆژەی کوشتنی بەکۆمەڵایەتی بوونە. دیارە نەبوونی دەسەڵاتێکی گونجاو بۆ کوردەواری وادەکات کە تاکی کورد پەرش و بڵاوبێت و بیر لەیەك گرتنەوە نەکەن یان پرۆسەی بوون بەکۆمەڵ دوابکەوێ، سروشتی کەسایەتی کورد ئەوەی پێوە دیارە کە هەمیشە بۆ کۆمەڵی خۆی مل کەچ ناکات و لێبوردنی نی‌یە، کە یەکێکە لە کردارەکانی گونجانی کۆمەڵایەتی، کەچی تاکی کورد بۆ دەرەوەی خۆی لێبوردنی هەیەو ئامادەیە بۆ مل کەچ کردن کە سستی و لاوازی کورد دەردەخات بەرامبەر دەرەوەی خۆی هۆکاری ئەمەش ئەو رووداوە مێژووی‌یانەیە کە بەسەر کوردەواریدا هاتووە. بەتایبەتی چەوساندنەوەو قڕکردن، وای لە تاکە کەسی کورد کردووە کە هەمیشە رەشبین بێت سەرەڕای ئەوەش شکست هێنانی شۆڕشەکانی کورد جەختێکی تر بوون بۆ سەر تێك شکاندنی کەسایەتی و کوردەواری، بێگومان نامۆیی تاکی کورد لەوەدایە، کە نازانێت چەمکی گونجان و لێبوردن بەکاربهێنێ، بۆ

خزمەت خۆی، ئەویش لەئازادیو رادەربڕینو دیموکراسیەتدا خۆیان بەرجەستە دەکەن، تەنانەت لەپرۆسەی ئاشتی دەترسیو نازانێ بەکاری بهێنێ چونکە کورد ئاشتی راستەقینەی بەخۆیەوە نەدیوە سەرەڕای ئەوەی کە کورد هەمیشە لەپێناو ئاشتیدا جەنگاوەو قوربانی بۆ داوە، بەڵام بۆ نەگەیشتن بەئاشتی تووشی رەشبینی بووەو بەلایەوە نامۆیە لێبووردنو مل کەچ کردن، کە شێوازێکی عەقلانی و هوشیاری‌یە بە پێویستی نازانێ بەڵکو بە زۆری دەزانێ و بەکەمزانی سەیری دەکات.

بۆیە بە زەحمەت ئەو تێکەڵاویە دروست دەبێت بۆ هارپینی تاکی کورد لە کۆدا، ئەمەش دەردێکی مێژوویی خۆی هەیە کە هەر تاکێکی کورد خۆی بە ئاغایەك دەزانێ، تەنانەت زۆرجار تاك بە ناوی کۆوە دەدوێ و کۆش بە ناوی تاکەوە دەدوێ، واتە ئەم خۆی بەو دەزانێ و ئەویش خۆی بەم دەزانێ، کە بیرتەسکی و وشکی عەقڵی پێوەدیارە لەهەمان کاتدا پچڕ پچڕکردنی گوریسی کۆمەڵە. کەواتە پەندە کوردیەکە راستە کە دەڵێ: (تۆ ئاغا و من ئاغا کێ جێمان بۆ ڕاخا)، بە ئاغابوونی تاکەکەسی کورد، هەر لە مێژەوەیە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی نواندووە، ئەو دیاردە ناشازە، بە هۆی تاکی کوردە و کاریگەرێتی لەسەر کەسایەتی تاکی کورد، بڵقی کردووە و سەر ئاو کەوتووە، بۆیە تاکی کورد زۆرجار لە ئاخاوتنیدا دەڵێ (ئێمە) ئەم (ئێمە) یەی پاڵپشت بووە بە هۆزێك - حزبێك نەك پاڵپشت بە سەرجەم کۆمەڵ، یان زۆرجار تاکی کورد لە

ئاخاوتنیدا دەڵێ (من) ئەم (من)ەی خۆی ئاغایەتی خۆی دیاریدەکات و پاڵپشت بە خۆیی و دەستەوتاقمەکەی نەك سەرجەم کۆمەڵ، لێرەش ئاغایەتی و تیرەیی و باوك سالاری، پێش کۆمەڵ و کۆمەڵ هاتووە و لێك داپچڕانێکی کۆمەڵایەتی دروست بووە، لە ژێر ئەو پرۆسە بستە بالایانەدا، نەك یەککگرتن، ئەمەش وایکردووە کە دیاردەی دەسەڵاتی جیاجیا و پەرش و بڵاو لای هەریەك لە تاکەکانی کۆمەڵ دروست ببێت و لەگەڵ خۆیدا ڤایرۆسی کوشتنی ناوکی کۆمەڵ هەڵگرێ.

ململانێ لەنێو کوردەواریدا

ململانێ هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە، بووەتە دیاردەیەکی سروشتی مرۆڤ، لەکۆمەڵ چین دارو کەسەکاندا ململانێ رۆڵی پێشکەوتن و عەقڵانیەتی کۆمەڵ دەبینێ و دەریدەخات، بەڵام ململانێ لەکۆمەڵێکی پەرشوبڵاوو خەرەکە شکاودا، رۆڵی تێك دەرانە دەبینێ، چونکە ئەو ململانێیە بێچارەسەر دەبن، بۆ کۆمەڵ و لەچوارچێوەی ململانێی شەریفانە تێدەپەڕن و جەنگ و کوشتن، جێگەی ململانێ دەگرنەوە، لەنێو کوردەواریدا.

ململانێ دروست نەبوو، تا لەسەر بنەمەکانی عەقڵ و لۆژیك بەرێوەبچێت، هەرەمەکی بوەو لەپێناو بەرژەوەندی کۆمەڵدا نەبووە، بەڵکو لەپێناو (کەسێك - بنەماڵەیەك - تاقمێك - حزبێك) دا بووە، ململانێ دەبێ

پێشکەوتن، پێشکەش بەکۆمەڵ بکات. لەخزمەتی کۆمەڵدا بێت، نەك هەوڵدان بۆ زاڵ بوون، ئەم بەسەر ئەویتردا.

دیارە تاکی کورد رۆڵی ململانێی نەدیوە، لەگەڵ خۆیدا، یان تێی نەگەیشتووە، لێرەشەوە ململانێی ناو ناوکی کۆمەڵو لەپێناو کۆمەڵدا پەیدانەبوون، تا بیکاتە چەکێکی عەقلانیو بەکاریهێنێ، کوردەواری دووربووە لەململانێی لۆژیکانەی ناوخۆ بەڵکو هەمیشە ململانێی بووە لەپێناو مانەوەی خۆیدا، واتە دژی دەرەوەی خۆی پەیڕەوی کردووەو ململانێی ناو ناوکی خۆی لەیاد کردووەو فەرامۆشی کردووە، کە گەورەترین پرۆسەیە بۆ پێگەیشتنی کۆمەڵ، هەربۆیە زۆرجار ئەو ململانێیەی لەنێو کورددا روودەدەن، یان سەرهەڵدەدەن، توندوتیژی بەخۆیانەوە دەبینن، زۆرجار دەگاتە جەنگی تەواو، واتە رووبەڕووبونەوە بەچەك، کەئەمەش پێگەی دیموکراتیو ئازادیو ئاشتی دەکوژێ.

چەمکی لێبوردن لای کورد

دەمارگیری بەهەموو شێوەیەکیەوە، دەبێتە بەربەستێکی ئەبستۆملۆژیو کۆمەڵایەتی، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی ئەرێنیەتی کاردەکاتە سەر پەیوەندیەکانی نێو کۆمەڵی مەدەنی، کەفرەییو، هەمەجۆری تەنانەت لێکنەچوونەکانیش دەگرێتەخۆ، سەرەڕای ئەوانەش دیالۆگو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان لەنێو چینەکانی کۆمەڵدا، تێك

دەدات، دەمارگیری لەکاکڵەکەیدا نەفی کردنی ئەویترە و زاڵ کردنی رایە بەسەر ئەویتردا، کە خۆی لەباوەڕو ئایدیۆلۆژیادا دەبینێتەوە، کۆمەڵێ بەشەری پێویستی بەبڵاوکردنەوەی بەهای باوەڕی لێبوردن هەیە، وەك دیدێکی مرۆڤایەتی و ئاکاری و گشت گیری، بیری گەوارکردنی ئەویتر لەهەموو مەیدانێکدا وەك سایسەت، دین، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی.

دیارە لێبوردن یەکێکە لەکردارەکانی گونجانی کۆمەڵایەتی، پرۆسەی لێبوردن، بۆ پاراستنی دۆستایەتی و گونجان و هاوکاری و هاریکاری، بۆ پاراستنی باری کۆمەڵایەتی و هاوسەنگ و لەنگەر راگرتنی هێزە کۆمەڵایەتیەکانە، دەتوانین بڵێین، پرۆسەی لێبوردن، پێویستی یەکی کۆمەڵایەتی و مێژووییە، بۆ کوردەواری، بۆ پێك هاتنەوەی کوردەواری و روخاندنی تەگەرەکان، لێبوردن پێویستە بۆ کۆمەڵێك کەبارودۆخی کۆمەڵەکەی شپرزەو نالەبار بێت، لێبوردن لای کورد چەمکێکی وشکی بەخۆوە گرتوە، ئەویش بەهۆی ئاڵۆزی و بیرکردنەوەی وشکی کەسایەتی مرۆڤی کورد، لێبوردن شێوازەکانی کەسایەتی و باری کۆمەڵایەتی بەرەو پێش دەبات و لەوەستان و گرژی رزگاری دەکات. کورد لێبوردن بەچەمکێکی زۆر قورس دەزانێ و بەتەنازولی دەزانێ، واتە گەر لێبوردنی هەبێت ئەوا خۆی بەکەم دێتە بەرچاو، ئەمەش ناهوشیاری کۆمەڵایەتی کورد دەردەخات، هەروەها زادەی نەبوونی ئەو ململانێ ژیریەیە کە کوردەواری پەی پێنەبردووە، تاکە کەسی کورد شان ناخاتە ژێر چەمکی

لێبوردن و خۆی لێنادات، لێرەشدا نەبوونی دیموکراتی بووەتە هۆی کوشتنی پرۆسەی لێبوردن و ڕێی لەلێبوردنی تێك داوە.
کەسایەتی کورد کەسایەتیەکی تێك شکاوە و دوژمن فێری کردووە کە هەمیشە ملکەچی بێت و بیکاتە داردەستی خۆی، تاکی کوردیش بەدرێژایی ئەم مێژووە شکستە، وای لێهاتووە، تاکێکی ملکەچی لێدروست بێت، بۆ دەرەوەی خۆی و دڵ ڕەق و سەرکێش بێت، بەرامبەر کۆمەڵی خۆی، واتە دژایەتی کردنی کۆمەڵی خۆو نەبوونی لێبوردن بەرامبەر بەخۆ.
(ئیسماعیل بێشکچی) دەڵێ: (کورد لەکاتی داگیرکردنەکاندا لەلایەن دوژمنەوە مەبدەئی ڕازیبوونیان هەبووە بۆ داگیرکەران، بەڵام بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەو داگیرکاریانە هیچیان نەکردووە، بۆئەوەی وڵاتەکەیان بپارێزن، کەواتە سەربەستی تیرەو سەربەستی هەر تاکێکی نێو تیرەیەك پارێزراو بووەو هەروەها داگیرکەران دەستیان نەخستۆتە نێو کاروباری ئەو هۆزانە.. دەبینین کوردان بۆئەوە مل کەچ بوون و سەریان دانەنەواندووە بۆ داگیرکەران کە بەرژەوەندیان پارێزراو بووە، تا وای لێهاتووە، کەسەردانەواندن لەپێناو پاراستنی هۆزێك و کەسانی هۆزێك گەوار (قبول) بووە لەسەرشانی کۆیلە بوونی نەتەوەیەك)(٤).
هۆزی کورد بەهۆی ئەو سەربەستیەی دوژمن پێی داوە، کەبەرامبەر خاکەکەی بووە، لەهەمان کاتدا، ڕقەبەرایەتی‌یەکیشی داوەتێ بۆ

بەرامبەرەکەی واتە بۆ تیرەیەکی‌تر، چونکە بەخشینی سەربەستی لەخۆڕا نی‌یە، بەڵکو مەرجی تێدایە، ئەویش سەربەستی‌و بەرژەوەندی تیرەو مل کەچ کردن‌و دژایەتی‌کردنی تیرەی دی، ئەمەش وای کردووە کە بەدرێژایی مێژوو ئەو رق‌و کینەو دژایەتی‌یە گەورە بێت‌و باری ئاسایی لێبوردن، لەکوردەواریدا بەڕێوەنەچێت‌و توندوتیژی بەرامبەر یەکتری هەمیشە جێگەی لێبوردن‌و دیموکراتی بگرێتەوە.

هەنگاوەکانی کورد بۆ پرۆسەی لێبوردن قورس‌و گرانن ئەمەش دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی دیموکراتی و لێک تێنەگەیشتن، دوژمن سەربەستی هۆزێکی بەلایەوە گرنگتربوو، چونکە تۆوی ناکۆکی بڵاودەکردەوە، تۆوی رق‌و کینەی بڵاودەکردەوە، هەروەك (ئیسماعیل بێشکچی) دەڵێ: (سەربەستی هۆزێك پیرۆزتر بوو لەسەربەستی گەلێك‌و کۆیلەکردنی، ئەمە رەوشی زۆربەی هۆزەکانی کورد بوو لەلای دوژمن)، کەوابێ لێبوردن و خۆپێکەوە ژیان‌و خۆهەڵگردن‌و خۆگونجاندن کارێکی پیرۆزە بۆ کورد، بۆ پێکهێنانەوەی بەشەکانی کۆمەڵ. ئەم هەڵە مێژووییەی ئێستا وا پێویست دەکات، کەلێبوردن‌و تێکەڵاوبوون وەك (جان جاك رۆسۆ) دەڵێ: (هیچ کەس قازانج لەوە ناکات بەرامبەرەکەی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە)(٥)، کەواتە ئەمە راستی ئەو مرۆڤەیە کە دەبێت لەسەر لێبوردن بژی، تاکو خۆشەویستی بڵاوبکاتەوە، چونکە مرۆڤ لەکۆمەڵدا دەتوانێت بژی کەلێبوردن‌و گفتوگۆی تێدا بێت، ئەم تێڕوانینەی مارکس لەنێو چەمکی دیموکراسیەتدا باسی لێوەدەکات.

تاکی کورد، بەدرێژایی مێژووەکەی، لەژێر دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکاندا چەوساوەتەوە، هەربۆیە بەچاویتر سوتۆقێنەرو داپڵۆسین سەیری دەسەڵات دەکات، ئەمەش وەك گرێیەکی دەروونی لای تاکی کورد دروست بووە،، ئەم رەشبینییە کەتووشی هاتووە بەرامبەر بەدەسەڵاتی کوردی لەچەوساندنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەراندا بووە، کوردەواری، لەژێر فشاری ئەو دەسەڵاتانەدا، کۆمەڵێکی داخراوی سەرکوت کراویان لێدەرچووە، کەهەمیشە ترسیان هەبێت بەرامبەر بەدەسەڵات، کورد بۆ خۆشی نەیتوانیوە سیستەمی داگیرکەر بگۆڕێ، چ لەناوەوەو چ لەدەرەوە، لەهەمان کاتدا نەشیتوانیوە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، خەباتی پێقبوڵ نەبووەو لەهەمان کاتدا، کوردەواری هوشیار نەبووە، تا شۆڕشێکی دی بکات. بێجگە لەشۆڕشی چەکداری درێژخایەن، مەسەلەی دەسەڵاتیش بەشێوەیەکی میکانیکی گواستراوەتەوە بۆ هەزری هەر تاکێکی کوردو لەخۆیدا بەرجەستەی کردووە و وەك هەر تاکێك پێی گەوارەو پیادەی دەکات، ئەمەش وەك کلتورێك لەدوژمنەوە بۆی ماوەتوە، دیارە ئەو دیاردەیە، ترسناکەو زیان بەدەسەڵاتو تاکی کورد دەگەیەنێت، کە لەژێر یەك دەسەڵاتدا کۆنەبنەوە بەڵکو پەرش وبڵاوبن بەڵام بەهەمان دەسەڵاتی تاك گەرایی توندڕەو دوایش دوورکەوتنەوەی تاکی کورد لەدەسەڵات، واتە دەرکەوتنی هێڵێکی وەهمی لەنێوان تاکی کوردو دەسەڵاتی کورددا،

دوای ڕاپەڕین دەسەڵات و دوو شێوەی گرتەخۆ:

یەکەم:

بەهۆی ڕاپەڕینەوە، توانرا دەسەڵاتێکی کوردی دروست ببێت، ئەو دەسەڵاتەی وەك پێویستی مێژوویی توانی جێگای خۆی بگرێت لەنێو دەرەوەدا، بەڵام لەنێوخۆدا تووشی لێك دابڕان هات، هەندێ هۆکاری ناوەوەو لەپێناو بەرژەوەندیە تایبەتیەکاندا، ئەمەش وایکرد کە ئەو دەسەڵاتە پەرش وبڵاوبێت و لەژێر ڕەشماڵێکدا هەڵنەکەن و تاکی کوردی بێهیوا کرد لەدەسەڵاتی کوردی.

دووەم:

تاکی کورد، پێش ڕاپەڕین، لەدەسەڵات دەترسا. بەڵام دوای ڕاپەڕین، دەسەڵاتی کردە دەسەڵاتی خۆی، بەهۆی باری نالەباری جوگرافی و سیاسی کوردستان، ئەو دەسەڵاتەی کە کورد خەونی پێوەدەبینی، ئەو دەسەڵاتە نەبوو وەك دەسەڵاتی کۆمەلانی خەڵك، هەربۆیە ئەو بۆشاییە لەنێوان کوردو دەسەڵاتی کورددا دروست بوو کە تاکە کەس لەگۆڕانکاریەکان و بەرەو پێشەوچوونی دەسەڵاتدا کارنەکات و کاریگەری خۆی نەبێت بۆیە لێك ترازانێك دروست بوو لەنێوان تاکی کوردو دەسەڵاتی کوردیدا.

چارەسەر بۆ ئەو تەگەرەیە دەتوانین لەدوو خاڵدا کۆیان بکەینەوە:

ا–دەبێ تاکە کەسی کورد، بکرێتەوە بە بەشێك لەدەسەڵات، هەروەها ئەو دەسەڵاتە پەرش و بڵاوانە بگەڕێنێتەوە بۆ دەسەڵاتی خۆی، واتە بۆ حکومەت. ئەوجا دەسەڵات بداتەوە بەکۆمەڵ، ئەمیش لەرێگای هوشیاری کۆمەڵ خۆیەوە، بۆئەوەی ئەو گرێ دەروونیە بڕەوێنێتەوە کە تاکە کەسی کورد لای دروست بووە، بەرامبەر بە دەسەڵات، کۆمەڵیش دەبێ خۆی لەو دەسەڵاتەدا بدۆزێتەوە، ئەمەش هەلێکە بۆ کۆمەڵ کە دەسەڵاتی خۆی هەبێت و ئەوەی پێشوو لێی سەندراوەتەوە بۆی بگەڕێتەوەو ئاشنایەتی دروست ببێت لەنێوان تاکی کوردو دەسەڵاتی کوردیدا، ئەمەش لەرێی پێگە ئابووری و کۆمەڵایەتی و روناکبیرییەکانەوە بەدی دێ.

ب–لەو روانگەیەی سەرەوە تاکی کورد شەرعیەت بەدەسەڵاتی سەرەوە دەدات و لەهەمان کاتدا خۆشی تیا دەدۆزێتەوە کە تاکێکە کاریگەری خۆی هەیەو، قورسی خۆی هەیە، بۆ بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵ، لەهەموو روویەکەوە. بۆیە دەبێ درێغی نەکات لەو هەلەی خۆی کە دەوڵەت یان دەسەڵاتی سەرەوە، دەیداتە دەستی، واتە دەسەڵاتی خۆبۆخۆو لەخزمەت کۆمەڵدا، ئەمەش بەشداریکردنە لەدەسەڵاتدا. بۆیە پێویستە لەسەر تاکی کورد ئەو هەلە مێژووییەی ئەمڕۆ لەبەرچاو بگرێ و بچێتە نێو ئەو دەسەڵاتەوەو بەشداری چالاکانەش بکات، لەپێناوی دەسەڵاتی خەڵکدا، لەژێر هزی پێشکەوتندا.

بۆئەوەی دیاردەی دەسەڵاتی سەرکوتکەر، لەدەروونی مرۆڤی کورددا بڕەوێتەوە، دەبێ تاکی کورد، کۆبکرێتەوە لەژێر رەشماڵێکی کۆمەڵایەتیدا، بۆ بەشداریکردنەوەی لەبنیاتنانی ئەوەی خۆی دەیەوێ، واتە دەسەڵاتی (خۆ- خەڵك) ئەوەش تاکە کەس دەکاتە مرۆڤو بەرهەم هێنەرو دواجار ناچار دەبن بەهۆی پەیوەندییە (ئابووری - کۆمەڵایەتی)یەکانەوە بێنە ناو دەسەڵاتەوە، کە بە بەشێکی خۆیان دەزانن و ئەو ترسە دەرچێ لەدەروونی کورددا، کەدەسەڵات دەسەڵاتی خەڵکەو سەرکوتکەر نیە واتە دسەڵات لەخەڵکەوە بۆ خەڵکە.

توماس ئەکوینی (١٢٢٧-١٢٧٤) (ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە کۆمەڵی مرۆڤایەتی لەکۆمەڵە کەسانێك پێك دێت بەرێك‌وپێکی دەژین‌و ملکەچی کۆمەڵێك یاسای دادپەروەرن‌و لەپێناو یەك ئامانج‌و یەك ئامانجی هاوبەشدا، هەوڵدەدەن لەبەرئەوە کۆمەڵ پێویستی بەرێکخستنی کۆمەڵایەتی هەیە بەمەبەستی رێکخستنی دەزگاکانی ئەو رێکخستنەش حکومەتە، بۆیە حکومەت بەپێویستی‌یەکی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێن) (٦). مارکس لەشیکردنەوەی ماددی‌یەکەی خۆی‌دا بۆ گۆڕانی مێژووی مرۆڤ جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئینسانەکان بۆ مانەوەی ماددی‌و فیزیکی خۆیان‌و بۆئەوەی وەکو مرۆڤ دووبارە خۆیان بەرهەم بهێننەوە، ناچارن کەبێنە ناو پەیوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنانەوە، لەتێڕوانینی ماددی مارکسیدا بۆ شیکردنەوەی هۆیەکانی گۆڕان‌و ئاڵوگۆڕی مێژووی

مرۆڤ، لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی کۆمەڵایەتی بەرزترو گەشەکردووتر، کۆمەڵ خراوەتە پێش مەرجی بوونی مرۆڤ.

شۆڕشی تاك – شۆڕی کۆمەڵ

بۆ گۆڕانی هەر سیستەمێك، یان هەر کۆمەڵێك، لەبارێکەوە بۆ بارێکیتر، بەشۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەبێت، ئەمەش بزوێنەری کۆمەڵی مرۆڤایەتییە لەبارێکی وەستاو و دواکەوتوو بۆ بارێکی گەشەکردوو بوژاوە، شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکان، لەهەناوی کۆمەڵدا لەدایك دەبن، کەخۆیان بەخواستی خۆیان پێی هەڵدەستن، ئەمەش بەهۆی پەنگ خواردنەوەی قەیرانە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فکریەکانەوە سەرهەڵدەدەن، بەهۆی داگیرکردنو شێواندنی کوردەواری، لەلایەن داگیرکەرانەوە.

شۆڕشەکانی کورد، شێوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی وەرنەگرتووە، بەڵکو سیمای شۆڕشی نەتەوەییو وەرگرتبوو لەپێناو بەدیهێنانی مافی (خاك)، ئەوە سەدەیەکی تەواوی خایاند، بۆئەوەی کوردیش وەك نەتەوەکانی تری جیهان ببێتە خاوەن خاك، ئەو خاکەی کەلێی زەوت کراوە، بەڵام قەدەرو شانسی مێژوو ئەو هیوایەیەی بۆ کورد نەڕەخساند هەربۆیە شۆڕشەکانی کورد لەچوارچێوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، نەگیرسایەوە. بەڵکو شۆڕشێکی درێژخایەنی دژ بەداگیرکەربوو، دەتوانین

بڵێین شۆڕشی کۆمەڵایەتی لای کورد نامۆیە، ئەوجا ئەو ململانێ کۆمەڵایەتی و چینایەتی‌یە دروست نەبووە کە کورد یان کۆمەڵانی کورد رۆڵی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ببینن، بەڵکو هەر شۆڕشێك بووە دژی دەرەوەی خۆی، ئەمەش کاتی بۆ نەرەخساندووە کەشۆڕشی کۆمەڵایەتی دروست بکات و لەهەمان کاتدا لەو چەمکە نەگەیشتووە کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی، چ کاریگەری‌یەکی هەیە بۆ سەر تاك و کۆمەڵ، هەمیشە شۆڕش بەشێوەیەکی کۆمەڵی عەفەوی و سۆزی رووی‌داوە و کۆمەڵ و تاك، رۆڵی کۆمەڵایەتیان تیادا نەبینیوە. ئەمەش نزیك بوونەوەی نێوان تاك و کۆمەڵی دروست نەکردووە لەنێو بازنەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیدا تاکی کورد دوورەپەرێز بووە لەکۆمەڵ، کۆمەڵیش هەروەها بایەخی بەتاکە کەس نەداوە، ئەمەش واتای نەبوونی پەیمانی کۆمەڵایەتی لەنێو کوردەواری‌دا، دیارە بوونی کۆمەڵ و هوشیاری رۆڵی گرنگ دەبینێ لەو بوارەدا، گرنگی‌دانی تاك بۆ ئاشنابوون و تێگەیشتن لەرەوشتی کۆمەڵایەتی بەشداریکردن بۆ لەئەستۆگرتنی لێپرسراوێتی و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و چاك کردنی بارودۆخی کۆمەڵ، لەهەموو رویەکەوە، کەواتە لەسەر تاکە کەس پێویستە و لەجێگای خۆیەوە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات، بەرامبەر کۆمەڵی خۆی، بۆئەوەی ببێتە کۆمەڵ و خۆی تیا بدۆزێتەوە. (دی سانت اکسوبری) دەڵێ (بۆئەوەی ببیتە مرۆڤ هەستی بەرپرسیارێتیت تیادا بێت) لای

هیگل (تاکه کەس، تاکێکی سەربەخۆ دەبێ وەکو (بەش) پاشان دەبێ لەگەڵ کەسانی دیکە پەیمانو پەیوەندی ببەستێ، بەوەش (بەش) لەئاکامی کبوونیان لەگەڵ یەکدی، گشت پێکەوە دێنن دوای ئەمە قەوارەی دەوڵەت، دەبێتە بەرجەستەیەکی پێویستی (بەش)و (گشت) دەوڵەت کۆبەندی تاكو گشتە، یاخود یا بڵێین: تاكو گشت بەجیا پێکەوە بنەوبنەمای هەرەمێك پێك دێنن، دەوڵەتیش سەری هەرەمەکەیە.
مرۆڤ کەخۆی دروستکەری ئامێرو ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بێت بەخۆی بنچینەی کردەی گۆڕانی کۆمەلایەتییە، لێرەدا مەرجو پێویستییەکانی کۆمەڵ کردەی گۆڕانی کۆمەلایەتی هەڵئەسورێنن. گۆڕانی کۆمەلایەتی پەرەسەندنو پێشکەوتنی کۆمەڵ، کێشەیەکی بابەتەکییە، پێش ئەوەی حەزو ویستی خۆیەکی بێت. پەیوەندیە کۆمەلایەتییەکان لەنێوان خەڵکان لەسەر رێچکەیەك نامێنێتەوە، بەڵکو هەمیشە بەرەو پێشەوە دەچێ، بەلام لەواقیعدا، هەر رووداوێك کە رودەدات، بۆ گۆڕانی رەوتی مێژوو تاکەکان، دەچنە نێو ئەو رەوتە کۆمەلایەتییە مێژووییەوە و رۆڵی خۆیانی تیادا دەگێڕن رێکی دەخەنو چوارچێوەی کۆمەڵێکی بەشەری دروست دەکەن، واتە تایبەتمەندێتی بۆ دروست دەکەن بۆئەوەی ببنە بەشێك لەمێژووی بەشەری لەجیهاندا.
دەتوانین پشت بەپرۆژە تیورە ببەستین بۆ هەنگاوەکان بەمەدەنیبوونی کوردەواری، ئەمش لەرێنماییەکانی پەیمانی کۆمەلایەتیدا:

١-پەیمانی تاك - كۆمەڵ

ئەمشە پرۆژەیەكە، بۆ دروستكردنی، كوردەواری لەرێی لێك گەیشتن و گونجاندن و پێكەوژیان، لەو هەلومەرجە تایبەتەدا.

٢-پێویست بوونی دەسەلآت

ئەمەش وەك پێویستی ناچاری، بۆ خڕكردنەوەی كۆمەڵ، لەژێر رەشماڵی دەسەلآتدا، كە كاریگەری دەكاتە سەر دەروونی تاكە كەسی كورد بۆ ئاشنابوون بەدەسەلآتی كوردو لەوێشەوە هاریكاریكردنی دسەلآت (لێرەدا دەوڵەت رووبەڕووی كۆمەلآنی خەڵكی یە، لەبەرئەوەی كۆمەڵی مەدەنی پێك نەهاتووە. (هیگڵ كۆمەڵی مەدەنی بەجودا لەگەڵ كۆمەڵی سیاسی یان دەوڵەت بەنوێنەری كۆمەڵ بەتایبەتی ماف و ئاقار دەزانێ) (٧). لەدیدی ئەودا كەسەكان لەرێگای كۆمەڵی مەدەنی یەوە دەگەنە ئاستی هاونیشتمانی واتە ئەنداميتی لەكۆمەڵی سیاسی دا، هەروەها (گرامشی) دەوڵەت بەمانا فراوانەكەیەوە، بەخاوەن دوو لایەن و دوو كاریگەری دەسەلآت و رێبەری دەزانێ، كەهەردووكیان تەواوكەری یەكترن.

٢-پەیمانی دەسەلآت - كۆمەڵ

ئەمەش دەبێتە دروست بوونی دەسەلآت و، لەهەمان كاتدا خڕكردنەوەی كۆمەڵ، لەژێر دەسەلآتدا، كە هوشیاری بەخۆیەوە دەبینێ (توماز هابز) كۆمەڵی مەدەنی بە بەشێك لەكۆمەڵی سیاسی دەوڵەت دەژمێرێ) (٨).

٤-پەیمانی کۆمەڵ - کۆمەڵ

واتە پەیمانی کۆمەڵایەتی لەنێوان (تاك - کۆ)دایە. ئەمەش دەستپێکە بۆ خۆبەڕێوەبردن و زاڵ بوون بەسەر خۆدا، لێرەدا هوشیاری کۆمەڵ لەنێو خۆیدا پیشان دەدات و لەژێر چاودێری دەسەڵاتدا کە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و هوشیاری بەخۆوە دەبینێ. بۆ هێنانەدی دەسەڵاتی کۆمەڵ، واتە هوشیارکدنەوەی خەڵك لەنێو خۆیانداو لەژێر چاودێری دەوڵەتدا دواجار یەککگرتنیان لەپەیمانێکدا بۆ گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ خەڵك و خزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵك.

٥-پەیمانی کۆمەڵ - دەوڵەت

دوای شۆڕشی کۆمەڵایەتی و هوشیاری هاوسەنگی دروست دەبێت لەنێوان کۆمەڵ و دەسەڵات (دەوڵەت)دا، کەئەمەش مەرجی بنەڕەتیە بۆ گەیشتن بەدیموکراسی و پێگەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

سەرچاوەو پەراوێز:

١)(كردستان مستعمرة دولية ل٢٩٥).

٢) تطور النظرة الواحديةی الی التاريخ، ص ١٠٧- بليخانوف.

٣) گۆڤاری (مەدەنیەت) ژمارە ٢م (١٠٤).

٤)كردستان مستعمرة دولية - اسماعيل بيشكجی ل (٢٩٦).

٥)(گۆڤاری مەدەینەت ژمارە ٢ ل٣٩٢).

٦) گۆڤاری مەدەنیەت ژمارە ٤ م١٠١).

٧) کۆمەڵی مەدەنی - ئەبوبەکر خۆشناو ل ٦٢.

٨) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

خێڵ و سیستەمی خێڵایەتی

خێڵ رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە ژیانی سیستەمی خێڵەکیدا خێڵەکان بۆ ئەوەی لەناونەچن و مانەوەی خۆیان بپارێزن هەستاوون بە دروستکردنی سیستەمێکی داخراوی تۆکمە بۆ ناوکەکانی خێڵ و پاراستنی ناوخۆی کۆمەڵ لە هەڕەشەی دەرەوە، ئەویش بەهۆی پاراستنی داب و نەریت و کەلتوورو بەرگریکردن و شەڕو شۆڕەوە، کە ببوە نەریتی خێڵەکان، دیارە پۆلاینی خێڵ خۆی لە تاکەکەسدا دۆزیوەتەوە، نەك زۆرینەی ژمارەی خێڵ، ئەویش بەهۆی لێهاتوویی کەسێکی پاڵەوان و جەربەزە کە بوەتە دەم راست و ریش سپی و سەردارو دوایش کراوەتە سەرەك خێڵ، دەبوایە سەرکردایەتی لەنێو خێڵدا بێجگە لە سیفەتە خێڵەکییەکەی سیفەتی پاڵەوانی ئەفسانەیی هەبوایە کە ئەویش بەو هۆیە پیرۆز دەکرا تا سەرکردە وای لێهاتووە

مردن و ژیان بەدەستی بێت، دەتوانین بڵێین بەرهەمی سەرکردایەتی پاڵەوان و جەربەزە خێڵ بووە، لە چوارچێوەیەکی بوچکدا کە دواجار توانیویەتی ئەو سەرکردایەتییە فراونتر بکات ئەویش بەهۆی دەست بەسەرداگرتنی خێڵەکانی ترو کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی تر لە هەموو روویەکەوە، گەر دسپلین سەرکردەی خێڵ نەبوایە نەدەتوانرا سەرکردایەتی ناوچەیەکی گەورە بگرێتە دەست و بیروباوەڕەکانی بەسەر ناوچەکەدا پەخشبکات، کە بەوەش زۆر جار دەبووە رزگارکەر بۆ گەلانی تر لەژێر چەوساندنەوەی سیستمێکی تردا، دیارە زەبور زەنگ کاریگەری گەورەی کردۆتە سەر مرۆڤی سەرەتایی چونکە هێزو بازوو توانی رێڕەوەکانی قۆناغی مرۆڤایەتی بگۆڕێن کە لە خێڵدا بە بنەمای یەکەم سەیر دەکرا، دەتوانین بڵێین بەهۆی ئەو زەبرو زەنگەوە خێڵەکان یەکتریان گرتووەو لەیەك خێڵی گەورەداو لە سیستمێکی فراوانی دەسەڵات داردا کۆبینەوە و مل کەچی ئەو واقیعەی خۆیا بن و یەك سەرداریان هەبێ ئەمەش رژێمێکی فیدراسیۆنی خێڵایەتی دروستکردو هێنایە بەرهەم، ئەوەیش بەهۆی تواندنوەی خێڵە بێهێزو لاوازەکان لە بۆتەی سیستەمی خێڵێکی گەورەدا، واتە دروستکردنی پێکهاتەی خێڵێکی پتەوو گەورە کەلە دەوڵەتێك سەرەتایدا خۆیدەبینیەوە، دیارە ئەو فراوان بونەو ئەو سیستەمە پێویستی بە دام و دەوگایەکی پتەو هەبوو بۆ بەردەوامبوونی ژیانی خێڵ، هەموو سیفەتەکان یان هەموو ئەو

هێزانە كۆدەكرایەوە لە سەركردەی خێڵدا بەرجەستە دەكرا بۆ ئەوەی شیرازەی ئەو سیستمكە تێكنەچێت سەركردەی خێڵیش بەهۆی مل كەچ بوونی ئەندامانی خێڵ و ریشسپیانی خێڵەكانی دی پیرۆزی زیاتر بۆ خۆی مسۆگەر دەكرد، كەوابێ سەركردەی خێڵ هەم پارێزەری خێڵ بوو هەم پارێزەری كلتوورو داب و نەریتی خێڵ بوو، لە هەمانكاتدا تاكی خێڵ بووە، ئەویش لە بەرەكانی جەنگدا شانبەشانی ئەندامانی خێڵ دەجەنگاو خێڵی لە شالاوە دەرەكیەكان دەپاراست ئەمەش وایدەكرد كە سەركردەی خێڵ رۆحی ئەندامانی خێڵ داگیربكات و ئەندامانی خێڵ زیاتر قوربانیان دەدا و زیاتر لە دەوری خڕدەبوونەوە، دەتوانین بڵێین بەرهەمی ئەو سەركردەیە خۆی لە خۆیدا كۆمەڵگەیە، كۆمەڵگەش خۆی دەخاتە نێو بازنەی سیستمەكەیەوەو ملی بۆ كەچ دەكات كە دەزانێ دەیپارێزێ و بژێوی بۆ دابیندەكات سەركردەی بلیمەت ئەو هەلانە دەقۆزنەوەو بەلای خۆیدا رایاندەكێشێ و لەو هێزەوە كە هەیەتی دەكەوێتە بڕیاردانی هەندێ یاسای دی كە لەسەرو یاساكانی خێڵەوەیەو دەیهێنێتە نێو ئەو پێكهاتە خێڵەكییەوەو بەتۆپزی دەیسەپێنێ بەسەر ئەندامانی خێڵدا ئەمیش بەهۆی ئەو پەشێویەی كە زۆرجار لەنێو خێڵدا روودەدات بۆ ئەوەی شیرازەی خێڵ و سیستەمی خێڵ تێكنەچێت، چونكە سەركردەی خێڵ دەزانێ كە شیرازەی خێڵ تێكبچێت شیرازەی سەركردایەتی تێكدەچێت و لەدەستی دەدات هەر بۆیە ئەو یاسایانە

دەکاتە بەشێك لە داب و نەریتی خێڵ ئەمەش پاڵپشت بە ئەفسانەکانی کۆن و کلتوری باپیرانی خێڵ، خێڵیش لە حاڵەتی پشێویی دەگۆڕی بۆ حاڵەتێکی پێویست بوون و کۆمەڵایەتی بوون واتە لە سیستەمی خێڵایەتییەوە بۆ سیستمێکی فراوانتر ئەمەش هۆکاری ئەو هەل و مەرجانەیە کە رۆژانە لەناو خێڵدا روودەدەن سەرکردەی خێل لەو فراوانبوونی خێڵەدا زیاتر پێویستی بە دسپلینی یاساکانەو زیاتر خۆی توندو تۆڵدەکاتەوە، لێرەوە سەرکردەی کاریزمی خێڵی دروست دەبێت کە دواجار خۆی دەچوێنێ بە کەسێکی جیاواز و ئەفسانەیی و تەنانەت خۆی لە پاڵەوانی ئەفسانەکان بەدیدەکات و بەرجەستەی دەکات و کەسایەتیەکی تر دەدات بە خۆی کە خۆی لە سەروو ئەندامانی ترەوە سەیردەکات ئەوانی تر تەنها گوێڕایەڵ دەردەچن، ئەم جۆرە سەرکردانە دوای مێژوویەکی دوورو درێژی خێڵ سەرهەڵدەدەن، زۆرجار سەرکردەی کاریزمی بەهۆی لووتبەرزی و خۆ بەگەورەزان و خۆبەپاڵەوان و مل هوڕزان شیرازەی خێڵ تێکدەچێت و سەرکردایەتی لەدەستدەدات، ئەویش یان بەهۆی ئەوەی ئەندامانی خێڵ لە زمانی سەرکردەی کاریزمی ناگەن یان سەرکردە، وای لێدێت گوێ بۆ بۆچوون و دابونەریتی خێڵ نەدات، هەربۆیە خێڵ سنووری خۆی دەشکێنێ و بەگژ کاریزمادا دەچێ و سەرکردایەتی لەدەست دەچێ‌و سیستەمی خێڵ لەناوەوە تێکدەشکێنێ کە یەکگرتنەوەیان زۆر زەحمەتدەبێ.

خێڵ لای کورد

کورد لـە بەرەبـەیانی مێژوویەکەیـەوە لـەنێو سیسـتمێکی داخـراوی خێڵەکیدا دەژی، داخراو بەرامبەر بە بـرای خوێنـی و کـراوە بەرامبەر، بەرامبەرەکەی، (دوژمنەکەی) واتە هەر کەسێ دژی بەرامبەرەکەی (برای خوێنی) بێ ئەم لەگەڵیدا بووە ئەمەش کاکڵەی فیدراسیۆنی خێڵـەکی تێکشکاندووەو خێڵـەکان بە پەرتـەوازەیی ماونەتـەوەو دوور لـە یـەکتری، خێڵی کورد زۆر جار خۆی خڕ کردۆتـەوە لەژێر سـەرکردەیەکی ئـاینی ئەمەش هەوڵدان بووە بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی گەورەی تر لە خێڵ، بەڵام لەناوچوونی سەرکردەی بزوتنەوەکان و گۆشەگیری هەندێك خێڵ و خیانـەتکاری هەندێکیان وایکردۆتـەوە کە هەمدیسان خێڵـەکان بچنـەوە باری گرژی و بەگژ یـەکدا بچنەوەو سیستمێکی خێڵایـەتی پتـەو فراوان دروسـت نـەبێت، زۆرجـار بـەرژەوەندی کـۆی کردونەتـەوە بـەڵام زۆری نەخایاندووە ئەو بارە تێکچـووە، ئـەویش بـەهۆی بـەرژەوەندی زیـاترو زۆرتـر، دیـارە هۆکـاری یەکنـەگرتن و دروسـت نـەبوونی سیسـتمێکی خێڵایـەتی پتەو دەگەڕێتـەوە بـۆ بـەرژەوەندی بنەماڵـەکان و سـەرکردەی خێڵەکان ئەوجا مەسەلەی دین و مەزهەبەکان کە هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ لێکترازانی بنەماڵەکان و خێڵەکان، کە دەبوایە مەسەلەی دین کارێکی ئیجابی بکردایە بەڵام کارێکی سلبی کردە سەر رێکخستنی خێڵەکان، کە

به هۆیانەوە زۆربەی بزووتنەوەکانی کورد توشی پوکانەوەو روخاندن و شکست هاتن، کەوابێت خێڵ لای کورد ئەو سیستەمەیە کە هەر خێڵێك بەرژەوەندیە تایبەتییەکانی خۆی تیادا دەپارێزێت بەهەر نرخێك بێت گەر لە دەستدانی خێڵێکی تریشبێت لێرەوە (ئێمە دژی ئەوانی ترین) بوە یاسای نێو خێڵ و سیاسەتی دەرەکی زیاتر ئەو دژایەتیەی فراوانتر دەکرد چونکە یەکگرتنی خێڵەکان لەناوچونی بەرژەوەندیەکانیان بوو، یەکگرتنی خێڵەکان دروستکردنی سیستمی دەوڵەت بوو، هەر بۆیە سیاسەتی رۆژانەیان و خێڵە کوردەکانیان دژی یەکتر دەگرد، بەهۆی ئەو دەستتێوەردانانە دەرەکییەوە نەتوانراوە بارێکی ئاسایی بۆ کوردو خێڵی کورد برەخسێ تا بتوانرێت لە ماوەیەکی مێژوویدا خۆی خڕبکاتەوە، خۆی رێکبخات و خۆی دروستبکات وەك خێڵێکی گەورە دیاربکەوێت، ببێتە جێی مەترسی بۆ دەوروبەر، هەر خێڵێك یان هەر سەرکردەی خێڵێك گەر توانیبێتی کنترۆڵی چەند خێڵێکی تربکات یان چەند ناوچەیەك لەژێر سیستمی خۆیدا بەرێوە بەرێ بۆ پێکهێنانی ئامانجێکی گەورەتر لەخێڵ، سەیردەکەین دوای ماوەیەکی کەم ئەو سیستمەی رووخاوەو نەماوە، هۆکارەکانیش هەمدەرەکی بووە هەم ناوەکی بووە، بەلام هۆکاری دەرەکی زیاتر جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە یەکگرتن دروست نەبی لەناو خێڵە کوردەکاندا سەرکردەی خێڵیش کاری دوژمنی ئاسانتر کردووە چونکە هەمیشە بەرژەوەندی

خۆی زیاتر پاراستووه وەك لە بەرژەوەندی هەموو، ئەمەش بووەتە هۆی دروستنەبوونی سەرکردەیەکی خێڵی یان کاریزمایەکی خێڵی کە هەموو خێڵەکان ببات بەڕێوە، بەڵکو ئەو کاریزمایانە بەهۆی جوگرافیاو سیستمی خێڵەوە لێرەو لەوێ دەرکەوتوون ئەویش لەسەر بنەمای خێڵایەتی نەك ئایدیۆلۆژی یان نەتەوەیی یان نیشتمانی.

خێڵی کوردو سەرکردە

لەبەر لێك ترازان و پەرتەوازەیی سیستمی خێڵ لەناو یەکتریداو بڵاوبوونەوەیان بە پانتایی جوگرافیایەکی گرژدا لێرەو لەوێ سەرکردەی خێڵ شێوەی سەرکردەی کۆلکە کاریزما دروستبوو، کەسایەتی وشك و دەمارگیری بنەماڵەییان ڕێی پێنەداون لەگەڵ بەرامبەرەکەیاندا پەیمانێك ببەستن لە پێناو بەرژەوەندی هەمووداا بەڵکو ئەو کەسایەتییە لەبەر لوتی زیاتر هیچی تری نەدەدی لێرەشەوە (منی بالا) (هەرمن سەرکردەم) وەك یاسای سەرکردایەتی دەرکەوت لەنێو بازنەیەکی تەسکدا کە هەمیشە داخراو و دوور لە گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر واتە هەمیشە دووری و هەمیشە دوژمنایەتی، ئەم دوو چەمکە وشکەو بێ بنەمایە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ پیرۆزی سەرکردەی خێڵ لە ناوەوەو سەرکردەش ئەو بارە نائاساییەی قۆزتەوەو خۆی زیاتر پیرۆزکردن ئەویش بەهۆی پاراستنی داب و نەریتی خێڵەوە، لێرەشەوە هەم لای ئەندامی خێڵ ر

دەرەوە خۆیان بەدینەکردوەو هەمیشە لە ناوەوەی دروّی خۆیاندا ژیاون که ناکاته هیچ، سەرکردەی خێڵیش لە ڕێگای شەڕوشۆڕو زیاتر لاوازی و ملکەچکردنی بۆ دەرەوەی خۆی (دژە برای خوێنی) توانیویەتی خێڵ زیاتر بپەستێ و بیترسێنێ و لە هەمانکاتدا بۆ پاراستنی خۆشی لە ئەگەرەکانی کوشتن و لەناوبردن، سەرکردەی خێڵەکان نەیانتوانیوە پەتی خێڵایەتی بپچڕن و خۆیان لەو گرژییە رزگاربکەن ، چونکە بەرژەوەندی وای دەخواست کە سەرکردەی خێڵ دەبێ سەرکردە بێت لەنێو خێڵدا لە دەرەوەی خێڵ هیچ بایەخێکی نامێنێ، ئەمە نەك سەرکردەی خێڵی دەگرتەوە بەڵکو ئەندام خێڵیشی دەگرتەوە کە دەرچوون لە سیستمی خێڵ لە دەستدانی قەوارەو ناسنامەی بووە، چونکە ناسنامەی ئەندامی خێڵ بە تۆ کێیت؟ سنووردار نیە بەڵکو بەتۆ کوڕی کێیت، یان سەر بە چ خێڵێکیت؟ سنووردار کراوە بڕوانە (العصبیه و الدوله/ د. محمد عابد الجابری/ لاپەڕە ٢٥٦ بغداد)، نە سەرکردەی خێڵ و نە ئەندامی خێڵ نەیانتوانیوە لە دەرەوەی خۆیاندا بدۆزنەوە و بیریش لەوە نەکراوەتەوە واتە چۆن هاتووەو ئاواش ڕۆیشتووەو بووەتە هۆی خۆخۆری لەنێو ئەندامانی خێڵدا، ئێستاش کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییەو بنەماڵەییە بەلام کەمێك فراوانە واتە سیستمێکی تری بۆ خۆی پێکهێناوە ئەویش سیستەمی (حزب)ە، کە خێڵ حزبێك بەڕێوەدەبات یان بنەماڵەیەك ئەمەش واتای گۆڕینی بەرگی

خێڵە بۆ نێو بەرگی حزب، لەو سیستەمەدا واتە لە سیستمی حزبدا بۆیە دەبینین زۆر لە خێڵەکان گۆشەگیر بوون و پەیوەندی نابەستن بەو سیستمە نوێیەوە، چونکە دەزانن لەناو دەچن، واتە تێکەڵ دەبن و دەتوێنەوە، لێرەشەوە مانەوەی خێڵ لە دەرەوەی حزب مەترسییە بۆ حزب کە لە چەند خێڵێك یان بنەماڵەیەك پێکهاتوون و سەرەڕای ئەوەش چەند چین و توێژێك لەخۆدەگرێت، سیستمی حزبیش دەزانێت کۆمەڵگەی کورد لە دەرەوەی حزبەکەیدا کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییە ئەویش ناچار دەبێت بە زیاتر بوژاندنەوەی خێڵ و خێڵایەتی و لایەنگیرکردنی خێڵ و سەرکردەی خێڵ بۆ ئەوەی ژمارەی حزب (چەندایەتی) زۆر بێت و سنوری حزبەکەی زیاتر فراوان بکات و لە هەمانکاتدا پتەوی بکات، ئەمەش لە پێناو بەرژەوەندی دەسەڵات بۆیە زۆرجار دەبینین حزبێك کێشەی خێڵێك چارەسەر دەات بەو بۆنەیەشەوە دەتوانێت رایکێشێت بەلای خۆیداو سنووری خۆی پێ بەهێزبکات، سروشتی خێل ئەوەیە خۆی لە ئەگەرەکانی دەرەوە بپارێزێت، خێڵ لە دەرەوەی سیستمی حزب تا دەتوانێت خۆی دەپارێزێت لەنێو چوونە نێو حزب، بەڵام بەهۆی هەندێك شتی لاوەکی و دوژمنایەتی و خوێنڕشتن وایلێدێت خۆی بخزێنێتە ناو سیستمی حزبێکەوە کە هەر هەمان پێکهاتەی خێڵی تێدایە بەڵام لە چەند گروپە خوێنێکی جیاواز خڕبوونەتەوە، ئەمیش خوێنی بڵاو دەبێتەوەو نامێنێ، واتا لە دەستدانی خێڵایەتی، دەتوانین بڵێین

تواندنەوەی خێڵ لەناو حزبێکدا کارێکی باشە بۆ نەهێشتنی خێڵایەتی و سیستمی خێڵایەتی، بەڵام دەبینین زۆر جار حزبەکان لەبەر هۆی شەڕو بەرژەوەندی تایبەتی هەڵدەستن بە بوژاندنەوەی خێڵ، تەنها بۆ ئەوەی حزبێکی تری پێ بڕوخێنن، ئەمەش واتای یاسای خێڵەکی بەڵام بەشێوەیەکی دی، کەواتە خێڵ لە پشت هەموو شتێکەوە دەبینرێن ئەم بایەخدانەش ئەوە دەگەیەنێ کە سیستمی خێڵ تا ئێستاش هەر لە ئارادایەو بنەبڕ نەکراوە، دەسەڵات و حزبەکان ئەو سیستمە دەپارێزن و زۆرجار بەرگریشی لێدەکەن، کە لاوازی حزبەکان نیشاندەدات، سەرکردایەتیش لای کورد لاوازە، نەیتوانیوە بەسەر خێڵدا زاڵ بێت، یان لەنێو خۆیدا بیتوێنێتەوەو کەسایەتییەکی تری پێبناسێنێت و دەسەڵاتێکی تر بە خێڵ بناسێنێ کە لە سەرو خێڵەوەیە ئەویش دەسەڵاتی حکومەتە، ناچار هەمیشە خێڵ لەبەرچاو دەگیرێت و چین و توێژە رۆشنبیرەکە ناوخوێنێتەوە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین خێڵ لە پێشەوەی کۆمەڵگەی کوردی بە ژمارەیەك دێت و حسابێکی وردی بۆ دەکرێت ئەمەش وایکردووە کە کۆمەڵگای کوردی لەنێو ئەو سیستمەدا بێت و بچێت بە شێوەیەك نە ئەوەتا پێشبکەوێت و سیستمی خێڵ بەجێبهێڵێت یان دوابکەوێت و ببێتەوە بەخێڵی بەبەر، تا ئێستاش هەمان سیستمی کۆن پیادەیەو هەمان خێڵ و هەمان سەرکردەی خێڵ دەیبات بەڕێوە بەڵام لە بەرگێکی ترداو لە سیستمێکی تردا.

کەسایەتی تاکی کورد لەنێوان گرگنێتیو راستەقینەدا

هەندێ کەس هەن وا تێدەگەن کە کەسایەتی ئەوەیە رووکەش بێتو تەنها لەدەرەوەی کەسایەتی ناوەوە ببینرێتو تاوای لێدێت گوزارش لەکەسایەتی ناوەوە دەکات، ئەمەش ئەوجۆرە کەسایەتیەیە کە تاک دووچاری دێت بۆ پڕکردنەوەی کەسایەتی ناوەوەی خۆی، واتە بۆ پینەکردنی ئەوەی نیەتی بەڵام لەڕاستیدا ئەمە کەسایەتیەکی بۆشو دوور لەواقیعی خۆی نیشان دەدات، ئەمە جۆرە نەخۆشییەکی ساویلکانەیە کە تاکە کەسی بێ کەسایەتی دووچاری دێتو تووشی حاڵەتەکانی گومانو هستیریاو لەخۆبایی و فشەڵ دەبێتو تاوای لێدێ ئەو کەسە دەبێتە میزەڵدانو زیاتر بۆ رواڵەتەکانی دەرەوە فوو دەکاتە خۆی بۆئەوەی کەسایەتی مت بووی ناوەوەی خۆی یان کەسایەتی لەبیرکراوی خۆی پێبدۆزێتەوەو بیکاتە سەنگێك بۆ خۆی وا پیشان بدات کە ئەم کەسایەتیە بووەتە هەمان کەسایەتی ناوەوەی، بەڵام ئەمە

هەڵخەڵەتاندنی خۆی یان خۆی وا نیشان دەدات و زیاتر دوورکەوتنەوە لەکەسایەتی خۆی والاّ دەکات، بەزۆر دروست کردنی کەسایەی بۆ تاك کەدەبێتە نالەباری تاك خۆیی و وون کردنی خۆ لەکۆمەڵداو دواجار وەك نەخۆشیەکی دەروونی نێو کۆمەڵگا دەردەکەوێت و سەرجەم کۆمەڵگا تووشی ئەو پەتایە دەبێت، تاکە کەس بەهۆی شکستی دەروونی و قەیرانی کۆمەڵگاوە دووچاری ئەوجۆرە کەسایەتیانە دەبن کەوەك کرگن خۆیان دێتە بەرچاو، ئەمەش بەهۆی زاڵبونی کەسایەتی ناڕاستەقینە بەسەر کەسایەتی راستەقینەدا کە لەدەروونی تاکدا بەدی دەکرێ واتە خۆبەزل بینین و خۆبەگەورە بینین لەهەمان کاتدا هیچ لەبار نەبوو کەئەمەش وا دەکات ئەو کەسایەتیە گرگنە هەمیشە وێزەی کەسایەتی راستەقینە بگرێ و نەیەڵێ وەك خۆی یان وەك کەسایەتی سەربەخۆ هەڵتۆقێ یان لەدایك ببێ.

هەمیشە زاڵبوونی کەسایەتی گرگنی بەسەر کەسایەتی راستەقینەوە دیارە بۆیە هەمیشە سەیر دەکەین کەسایەتی گرگن لەڕواڵەتیەوە سەیری ناوەوەی دەکات و ناوەوەش هەمیشە چەپێندراو دەبێ بەهۆی سەختی و زاڵبونی کەسایەتی گرگن بەسەر کەسایەتی راستەقینەدا تاوای لێدێت ئەو کەسایەتیە لەوەهمێکی دەروونی قوڵدا بژی و خۆی نەدۆزێتەوە، ئەو کەسایەتیە گرگنە ناوەوەی مرۆڤی کوردی داگیر کردووەو لەگەڵیدا دەژی وەك ملۆزمی لێهاتووە بۆ پێکهاتەی کەسایەتی کورد کەنایەڵێ خۆی

پێکبهێنێ، وەك ئەوەی پێی بڵێ (نابێ لەمن جودا ببیتەوەو دەبێ تامردن لەگەڵ مندا بژیت)

کەسایەتی راستەقینە وای لێهاتووە کەپەی بەخاڵە لاوازەکانی کەسایەتی گرگن نەکات بۆئەوەی بیدات بەزەویداو خۆی لێ‌جودا بکاتەوەو خۆی لەو ملۆزمە رزگار کات، چونکە دروستکەری سەرەکی خۆیەتی بۆیە کەسایەتی گرگن گاڵتەجاڕی پێ‌دەکات‌و دووری دەخاتەوە لەڕاستی خۆیی‌و بەلایەکی تردا دەیبات‌و کەسایەتی راستەقینە ناشتوانێ ئەو ململانەیە بکات لەگەڵیدا چونکە چاڵ دەزانێ کوشتنی خۆی تیا دەبینێتەوەو کوردیش یان بڵێین کەسایەتی کورد ئەو ئامادە باشیەی تیا نیە کەخۆی جارێکی‌تر بکوژێت‌و کۆتایی بەژیانی ئیمپراتۆریای گرگنی خۆی بهێنێ‌و کەسایەتی راستەقینەی خۆی راگەیەنێت. دیارە یان بۆی ناچێتەسەر یان ناتوانێ، ئەمەش لەحاڵەتەکانی ژیانی رۆژانە دووبارەو سێ‌بارە دەبێتەوە مێژوویەکی درێژیشی خایاندووە کەهەمیشە هەر سەیری دەرەوە کراوەو ناوەوە لەبیر کراوە تەنها لەیەك مەبەست سەیری ناوەوە کراوە ئەویش لەخۆدوان‌و بەس واتە کەسایەتی گرگن هەمیشە سەیری خۆی کردووەو لەناوەوەی کەسایەتی راستەقینە دوواوەو لەبری ئەویش قسەی کردووەو خۆی والا کردووەو نەیهێشتووە کەسایەتی راستەقینە بێتە زمان لەوێشدا مافی نەداوەتێ‌و ئەو مافەشی لێ‌سەندۆتەوە بواری نەداوە خۆی لەخۆی بدوێ بەڵکو ئەم لەجیاتی ئەو

دواوه واتـه گرگـن لـەجیاتی کەسـایەتی راسـتەقینە دواوە، کەسـایەتی راسـتەقینەش زیـاتر ئـەو دەرگایـەی لەبـەردەم والا کـردووە هـەروەك مەسـەلەکانی‌تر کـە دەرگـای بـۆ خسـتۆتە سـەر پشـت ئاوەهـاش ئـەو دەرگایـەی بـۆ خسـتۆتە سـەر پشـت کـە لـەجیاتی خـۆی گرگـن بـدوێ، هەربۆیـە کەسـایەتی کـورد لـەکاتی قسـەکردندا لەخۆیـەوە دەسـت پێ‌دەکات‌و زیاتر باسی خۆی دەکات وەك لـەوەی لەمەسـەلەیەکی گشتی بدوێ، ئەو کەسایەتیە گرگنـە چووەتە نێو هەموو کەناڵەکانی ناوەوەی تاکی کوردو داگیری کردووەو کردوویەتە کۆڵۆنیەکی خۆی، بەئارەزووی خـۆی دەیبـات‌و دەیـهێنێ، ئەمـەش لاوازی کەسـایەتی راسـتەقینە دەردەخـات بەرامبەر بەکەسایەتی گرگـن کەچـەند لەبـەردەمیدا سسـت‌و مـت‌و لاوازە، دیـارە کەسایەتی راسـتەقینە زۆرجـار دەبێتـە مەسـخەرەی گرگن‌و جێی گاڵتەجاڕی، کەسایەتی گرگن سەرەڕای فشەڵی‌و لەخۆبایی کەسـایەتیەکی فێڵبـازە هـەم خـۆی هەڵدەخەڵـەتێنێ‌و هـەم دەیـەوێ دەوروبەری خۆی هەڵخەڵەتێنێ لەهەمان کاتدا لەسەر ژیانی کەسایەتی راسـتەقینە دەژی واتـە مشەخۆریشـە بۆیـە حاڵەتـەکانی رزگـاربوون لەکەسـایەتی گرگـن لێـڵ‌و نادیـارە، بـەوەی کـە کەسـایەتی راسـتەقینە لەکەسایەتی گرگـن تێ‌ناگـات‌و نازانـێ چـی دەوێ‌و بـۆ وای لـێ‌دەکات بەوەش کە کەسایەتی راستەقینە بەگرگن ناوێرێ، بۆیە لەحاڵـەتی مت بوون‌و شلەژاندا ژیان دەباتە سەرو لەپێکهاتەیدا تێك شکاوەو لەناخەوە

خۆی دەخواتەوەو هیچیشی پێناکرێ، ئەمەش حاڵەتی (لەچاوەڕوانی گۆدۆ)دا دەبێ کەگۆدۆ نایەتو.. نایەت.. کەچی چاوەڕوانین، ئەم حاڵەتەی کەسایەتی راستەقینە بەدەست خۆیەتیو خۆی دەتوانێ خۆی رزگار بکات لەوەی کەکۆڵۆنی کردووە، ئەویش گەڕانو هەوڵ دانە بۆ دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی کەسایەتی گرگنو دانی بەزەویداو رزگاربوونی لەو کەسایەتیە درۆزنەی کەخۆی ئازادی پێبەخشیوەو خۆی دروستی کردووەو زیاد لەپێویست گرگنێی پێداوە، بۆیە گەڕانەوە بۆ نێوخۆی، بۆ بیرەوەریو یادەوەریەکانی خۆی، بۆ نێو مێژووی خۆی، بۆ واقیعی خۆی، دەتوانێ هۆو هۆکارەکان بدۆزێتەوەو بەو کەرەستانە کەسایەتی گرگنی خۆی بدات بەزەویداو خۆی لەو ملۆزمە رووکەشە بۆگەنە فێڵبازە رزگار بکات کەوەك هەشت پێ لەهەموو لایەکەوە تەنگی پێهەڵچنیوەو داگیری کردووە.

بیناکردنەوەی کەسایەتی کورد دوای بەسەرچوونی مێژوو

مێژوو حاڵەت و کردارێکی ئێستایە واتە دروستبوونی بەیانی مێژوو ئێستا دەبێتە دوێنێ و دوێنێش دەبێتە مێژوویەکی دوور لەیاردەوەرییەکانی کەسایەتیدا دەبێتە مێژوو کە لەگەڵیدا هاوتاو هاوتەبا دەبێت و واتە لەگەڵ هۆشیاری کەسایەتیدا هاوتەریب دەبێت. هەروەك (بلیخانۆف) دەڵێت: هیچ واقیعێکی مێژوویی نییە بۆئەوەی حاڵەتی هۆشیاری لەگەڵدا نەبێت، یان پێبەپێی نەبێت یان پێشی نەکەوتبێت، (بڕوانە العامل الاقتصادي في التاريخ-جورج بليخانوف) هەموو هۆشیارییەك کەدەبێتە سایکۆلۆژی کۆمەلایەتی مێژوویەکی هۆشیار دروست دەکات و ناهوشیاری و نەزانینیش تێنەگەیشتنە لەمێژوو، ئەو سایکۆلۆجییە کۆمەڵایەتییە کەپابەندە بەهۆشیاری ئابوری، هۆشیاری کۆمەڵایەتی، هوشیاری رامیاری، پێگەی خۆی لەسەر

کۆمەڵگای خۆی دروست دەکات، لەوێدا خەڵکان بۆ پێداویستیەکانی خۆیان واتە داواکارییە هۆشیەکان، مێژوو دروستدەکەن کەسروشت سروشتی ئامادەکراو ئەو پێگەیە دابین دەکات و دواجار لەسەر ژێرخانی ئەو سروشتە مێژوویەک پێکەوە دەنێن کەهاوکێشەیە لەگەڵ هۆشداو کەدواجار دەبێتە بەشێك لەمێژوو و لێی جیانابێتەوە. ئەو پرۆسیسە دەبێتە هۆی گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کەدوایش سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی دەگۆڕدرێت بەپێی پێداویستە مێژووییەکان کەخۆیان لەهۆشدا دەبیننەوە، لێرەوەش کۆمەڵ دەبێتە هەڵگری هەندێك ڕێبازو بیروباوەڕی هەست پێکراو، ڕێگەی بیرکردنەوە. کەرەستەی پێداویستی ڕۆژانە، بەڵام ئەگەر هێزی بەرهەمهێن بەهێزتربوو کاری کردە سەر کاکڵەی ژێرخانی کۆمەڵایەتی ئابووری. هەروەها پەیوەندییەکانی چینایەتی لەنێوخۆدا، سایکۆلۆژی ئەو چینەش دەگۆڕدرێت، ڕۆحی سەردەمیش دەگۆڕدرێت، سروشتی نەتەوەیشی دەگۆڕدرێت پێکهاتەی کەسایەتیشی دەگۆڕدرێت، ئەم گۆڕانەش هەندێك بیروباوەڕی نوێ دەهێنێتە کایەوە، یان هەندێك بیروباوەڕی نوێ دەهێنێتە کایەوە. یان هەندێك فەلسەفەی نوێ دەهێنێتە کایەوە. هتد کەوابێت مێژوو ئەوکاتە خۆی لەنێو حاڵەتەکاندا دەبینێتەوە کەبەرەو گۆڕان و پێشکەوتن دەچێت و لەوێوە کاری خۆی دەکات بۆ سەر کەرەستەکانی دەوروبەرو دواجار بوونی خۆی دەسەلمێنێت لەناو ئەواندا، واتە کارتێکردنە سەر

یەکتری و ئەم بێ ئەو مەحاڵ دەبێت و گەڕانەوەش بۆ دواوە مەحاڵ دەبێت، بەڵکو هەمیشە بەرەو پێشەوەچوون سەنگی مەحەك دەبێت. کەوا بێت کارکردن لەناوەوە کارکردنە بۆ دوستکردنی ناوەوە خۆی واتە دروستکردنی کەسایەتییەك کەدەرك بکات بەهوشیاری خۆی کەبەپێی قۆناغەکانی مێژوویی خۆی پێگەیشتووە. ئەم کەسایەتییە کاری بکەر دروست دەکات و خۆی بکەر دەبێت چ لەنێو مێژوودا و چ لەدەرەوەی مێژوودا بەلاّم پێچەوانەی ئەوە واتە خولانەوە لەنێو مێژوودا کاری بکەر لەکەسایەتی دەسێنێتەوەو دەیکاتە کەسایەتیەکی تەمبەڵ و فشەڵ و بەرکار، کارکردن لەخۆدا بۆ خۆ بیناکردنەوەی خۆ یان کەسایەتی کەس پرسیارو بەدواداچوون دەهێنێتە بەرهەم کەئەمەش کەسایەتی لەتەمەڵی و بەرکاری دوورەخاتەوەو دەکیانە کەسایەتیەکی بکەرو لەنێو دەروون و هەست و نەستدا کاری خۆی ئەنجام دەدات و ڕێگا بۆ خۆی خۆش دەکات و مێشك لەتەمبەڵی ڕزگار دەکات ڕای لێدەکات کەهەمیشە بیر بکاتەوەو لەشت بکۆڵێتەوە بۆ نوێکردنەوەی کەسایەتی و ڕاگرتنی ئەو پێکهاتەیەی کەهوشیاری پێی بەخشیوە. ڕۆژانە تۆ پێویستیت بەپرسیارو وەلاّم و بیرکردنەوە هەیە بۆئەوەی خانەکانی مێشك نەمرن و لەهەمان کاتدا هەست و نەست تووشی نەخۆشی نەزۆکی نەبن، ئەمشە بەهۆی کارکردنە لەنێو هەست و نەستی خۆتدا کە گرێدراوی کۆ هەستی مێژوویی لەپشتەوەیە واتا پاککردنەوەی مینتاڵیتی مێشك لەو خلّتانەی

کەهەست قبوڵی ناکاتو مێژووش خستوویەتە بەراوێزی خۆیەوە مرۆڤ گەر بیەوێت پێش بکەوێت دەتوانێت لەسەر خۆی کاربکات، کار لەنێو خودی خۆیدا بۆئەوەی تێك نەشکێت، چونکە دەزانێت بەتێکشکاندنی خۆ دەبێتە دەردەسەریو سەرئێشە بۆ خۆییو بارێکی گرانیش بەسەر کەسانی دیەوە. هەربۆیە کەسەکانی نێو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان، هەمیشە لێکۆڵینەوە دەکەن لەدەوروبەرو رووداوەکان بەڕاستی لێیان دەدوێنو چارەسەر بۆ کێشەکان دەدۆزنەوە، هەروەها بۆئەوەی بزانن تاچەند دەروون / هوشیاری / کۆمەڵ / تاك / هەست / کاردەکات تا چەند دەتوانێت لەکەسانیتر پێشتر بکەوێت. ئەمەش دەبێتە شوناسی کەسایەتی بۆ خۆیو کۆ هەستی کۆمەلایەتی پێشکەوتوو مۆدێرن دەهێنێتە بەرهەمو لەوێوە کەسایەتیەکی تایبەت دەدات بەخۆو بەدەرەوەی خۆی کەجیاواز بێت لە کەسایەتی کەسانیتری دەوروبەری، زۆرجار ئەوجۆرە کەسایەتیە کاریگەری خۆی دەکاتە سەر کەسایەتیترو دەشتوانێت ئەو کەسایەتیە فشەڵە. هەرەس پێبهێنێتو داگیری بکات، کەوابێت تێگەیشتن لەمێژوو یان هەست پێکردنی خۆی لەخۆیدایە، واتە لەهەستو هوشیاری دەروونی مرۆڤدایە پێش ئەوەی لەدەرەوەدا رەنگ بداتەوە، ئەم هوشیاریە وێنانە سروشتییەکانو دەرەکییەکان بەشێوەیەکی ژیرانە دەهێنێتە ناوەوەی مرۆڤو مرۆڤیش بەپێی هوشیاری خۆی لێکی دەداتەوەو پێگەی کەسایەتی خۆی لەسەر بینا

دەکاتـەوە، یـان دروسـتی دەکاتـەوە، دواکـەوتنی هەسـت لـەمێژوو یـان ئەرکەکانی مێژوو وا دەکات کە کەسایەتییەکی تێکشکاو پەیدا بێـت و هەمیشـە بـەدوای مێـژوودا رابکـاو نـەیگاتی لەبەرئـەوەی مێژووەکـەی بەسەرچووە ئەم نەزمە وا لەو کەسایەتیە دەکات کە لەدەرەوەی مێژوو خۆی ببینێتەوەو دۆستایەتی لەنێوانیاندا پەیدا نەبێت. کەسایەتی کورد ئەوەی بۆخـۆی لـەلا باشـترە واتـە (دەرەوەی مێـژوو) وەك ئـەوەی لـەنێو بازنەی مێژوویەکی بازنەیدا کەهەمیشە دەخولێتـەوە بـەدەوری خۆیـدا، لەهـەردوو حاڵەتەکـەدا چـەمکی تێنەگەیشـتن لـەمێژوو دێنـە ئـاراوە، نـاتوانین مێژوویـەکی بـە سـەرچوو بخەینـەوە گـەڕ لەئێسـتەدا بـەڵکو هەمیشـە ئێسـتا دەخەینەوەگـەڕ بـۆ مێـژووی بـەیانی، چونکـە نـاتوانین مێژوو بگەڕێنینەوە، لەبەرئەوەی سروشتی مێژوو هەمیشە بۆ پێشەوە ڕێدەکات و خۆ نوێدەکاتەوە، ناشتوانرێت مێژوو رابگرین و لەتوانای هیچ هێزێکدا نیە ئەوە بکات بەڵام خیانەتی لێدەکرێت ئەمەش ئەوکاتە دێتە گۆڕێ کەهوشیاری فڕی بەسەر هیچەوە نەبێت گەڕانەوە بۆ دروستکردنی مێـژووی دوێنـێ لـەپێناو مێـژووی بـەیانیدا، ئەمـە مەحاڵـە چونکـە پێشکەوتنەکان ئەوە قبوڵ ناکەن، هەربۆیە ئەو کۆمەڵگایەی ئەو هەوڵە دەدات دواکەوتنی خۆی نیشان دەدات لەرەوتی پێشکەوتنی نەتەوەکانی بـەر لەبەسـەرچوونی مێـژوو کـەوابێت دروسـتکردنەوەی کەسـایەتی لەسایەی مێژووی رابردوو، یان لەسایەی ئەو مێـژووەی بەسـەرچووە،

دروستکردنەوەی کەسایەتییەکی بەسەرچووە کەلەگەل ئێستا ناکۆکە - ناگونجێت - بیرکردنەوەی لەو تەرزە وای لەمرۆڤی ئێستا کرد تەمەڵ بێتو بەرکاربێت ئەمیش پاڵپشت بەمێژووی بەسەرچوو، وای لێکرد ئێستای لەبیربچێتەوەو دووری بخاتەوە لەبەیانی، کە گەلان ئەو مێژووە شکۆدارەیان تێپەڕاندووەو مێژووی نوێ بۆ خۆیان بنیات دەنێنەوە، بەڵام تا ئێستاش تاکی کورد خەونی قوڵی پێوە دەبینێتو خۆی بەو مێژووەوە بەستۆتەوە کەپێشتر خۆی لەگەڵیدا ناتەبا بووەو سەرکێشیی کردووە بەرامبەری، دەتوانین ئەو کەسایەتییە بنیات بنێینەوە، یان دروست بکرێتەوە، ئەویش لەنەستو یادەوەرییەکاندا بۆی بگەڕێن کەمێژووییەکی دووردرێژە مت بووە، سڕبووە، لەقۆزاخەدا خۆی مەڵاس داوە، کە دواجار وای لێهات تووشی نەخۆشی (نەزۆکی لەدایك بوون بێت) ئەو یادەوەریانە لەنەستدا هەنو هوشیاری دەرکیان پێناکات ئەویش لەبەر تەمبەڵی ژیری کورد، کەوابێت دەبێت هەمیشە تاکی کورد خۆی ئاگادار بکاتەوە پێش وەختو خۆی ئامادە بکات پێش وەخت، بۆئەوەی ئەو گرێ کوێرانەی مێژوو بکرێنەوەو مێژوویەك بەخۆیو بەمێژووەکەی ببەخشێت، لەگەڵ هەنگاوەکانی مێژوودا ڕێبکات، کەوابێت کارکردن بۆ بنیاتکردنەوەی کەسایەتی دوو تەرزی دەوێت، رووخاندنی خۆی (رزیو) لە ناوەوەو دروستکردنەوەی خۆ لەناوەوە، واتە بنیاتنانەنەوەی کەسایەتی تۆکمە دوو ئیشکردنو دووکارکردن کە

هەردووكیان پێویستن بۆ كەسایەتی كورد، بۆئەوەی بێنەوە ناو مێژوو، یان تەماهیەك دروست بكەن لەگەڵ مێژوودا، ئەمەش بەكاری كۆهەستیو هەرەوەزی هوشیاری پێك دێت، واتە بوونە مرۆڤو لەوێشەوە بوونە كۆمەڵگایەك كە دەتوانن بڵێین (ئێمە كۆمەڵگاین)، یان بڵێین (ئێمە ئامادەییمان تێدایە بۆ بوون بەكۆمەڵگا)، لێرەوە مرۆڤ یان ئەو كەسایەتیە پەتی بەربەریەت دەپچرێنێتو دەبێتە مرۆڤ، واتە هەڵگری مەعریفە ئەمەش نزیكبوونەوەی مرۆڤە لەپێشكەوتنەكان خۆ خستنە نێو كارە قورسەكانە نەك پاڵدانەوەو بێئاگاییو بێباكی، بەڵكو كاركردنو بیركردنەوەو لێكۆڵینەوە - لەسەرخۆ- بەرامبەر - خودی- خۆ- دەوربەر- بەم پێیە دەبێت مرۆڤی كورد نەشتەرگەری خۆی بكات لەناوەوەی خۆی، خۆی نەخۆشیەكانی خۆی تیمار بكات لەو كەسایەتیە تێكشكاوە رزگاری ببێو چاوەڕوانی خوداوەندو ئەفسانەو پێغەمبەر كە مێژوویان بەسەرچوو نەبێت، گەر مرۆڤ بیەوێت مێژوو دروست بكات دەبێت لێی تێبگات لەوێشوە كاری بۆ بكاتو لەگەڵیدا هەنگاو بەهەنگاو بڕوات. خەڵكان ناتوانن مێژوویەك دروست بكەن كەلێی تێناگەن، خەڵكان ناتوانن بەیانیەك دروست بكەن كەهەنگاویان بۆ نەناوە، ئەمەش وا دەكات كە مێژوو ئەو خەڵكانە دروست بكاتو بەڕێوەیان بەرێ ئیتر هەرچۆنێك بێت ئەو دروستكردنە ئەوا هەڵەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كەسایەتیەی كە لەو قەدەرە مێژووە دێتو دەچێت، هەربۆیە

دووبارەبوونـەوەی مێـژوو بەشـێوەیەکی زۆر زەقانـە بـەدی دەکرێـت کـە ئەمەش راچەنینی هۆشیاری مێژوە بۆ کەسایەتی تەمبەڵو تەوەزەل بۆ دەرککردنـی بـەو غەدرانـەی کـەمێژوو لێـی دەکـات، کـە مێـژوو لـێرەدا بەشێوەیەکی غەدری نایەتە پێشەوە بەڵکو ئەوانەی لەگەڵیا هاوجووت نین پێـی دەڵێـن (غـەدری مێـژوو)، مێـژووش مـافی خۆیـەتی هەسـتێت بەهەرشێوەکارێك بەرامبـەر کەسایەتی تەمبەڵو تـەوەزەل، ئەمـە وا لـەو نەتەوەیـە دەکـات کـە هەمیشـە بـەدوای رزگارکـەرێك -غەیبانیـەك - پەیامبـەرێك - موعجیزەیـەك - ئەفسـانەیەك - بگـەڕێنو لـەو مەینەتیـە رزگاریـان ببێـت، ئـەم بۆچوونـە لـەکاتو سـەردەمی خۆیـدا جێـی خـۆی دەگرتەوە بەڵام دوای بەسەرچوونی ئەو مێژووە قاڵبی خـۆی وەرناگرێت بەڵکو مێژوو دەگەڕێنێتە دواوە، هەربۆیە کێشەی مێژوو دروستبووە لای کورد وەك کێشەیەکی (مێژوو دژی کورد - کورد دژی مێـژوو)، کەواتـە نەخۆشیەکە هـەر لـەنێو خوددایـەو هـەر لـەوێوەوە چارەسـەر دەکرێـت، کـەوابێت کێشـەی کـورد کێشـەی خۆیـەتی لەگـەڵ خۆیـدا نـەك لەگـەڵ مێـژوودا، گـەر کێشـەی کەسایەتی خـۆی چارەسـەر کرد ئـەوا دەتوانێـت کێشـەی نێـوان خـۆیو مێـژووش چارەسـەر بکـات، لــەناوەوەو چ لـەدەرەوەدا، ئەمشـە گێچەڵـە کـەمێژوو پێـت دەفرۆشـێتو لەیەخـەت نابێتەوە، ناشتوانیت خۆتـی لـێ لادەی چونکە ئـەوە حەقیقەتـە، هەربۆیـە کورد یان تاکی کورد تووشی حاڵـەتی بێهودەییو رەشبینیو تەمـەڵی

دەبێت لەو مێژووەدا کەخۆی نەیتوانیوە دروستی بکات، ئەم بێهودەییەو بێباکییە لەجێگای خۆیدایە، ئەم تێکشکاندنە لەقاڵبی خۆیدایەو دەبێت ئەو جامە ژەهرە بنۆشین، واتە دان بەو هەڵانەدا بنێین، مرۆڤی کورد دەتوانێت بۆ رزگاربوون لەو حاڵەتە ناشازە رزگاری بێت ئەویش گەڕان بەنێو هەست و نەستداو دۆزینەوەی کەسایەتی راستەقینەو کەسایەتیە گرگنەکەی ناخی خۆی بکوژێت و کەسایەتی خۆی کە بۆ خۆی دەگونجێت، بهێنێتە بەردەمی خۆی و لێی بکۆڵێتەوە بۆئەوەی مرۆیی خۆی لەدەست نەدات، ئەمەش گەڕانە بەنێو خوددا، بۆ بیناکردنەوەی کەسایەتی خۆی دوای بەسەرچوونی مێژوو.

هەستو نەست لای کورد

لۆژیك بەشێکە لەزمانی هەستی مرۆڤ، لەشی کردنەوەی ژێر بێژەکیدا، لۆژیك ئەوکاتە دەبێتە لۆژیك کە ئەو پەیوەندیە تێکەڵاوەی لەنێوان هەستو نەستدا هەیە دایبېڕێتو لێکیان جیا بکاتەوە، واتە هەر بەشە سەربەخۆی خۆی بێت، ئەم کارەش هەروا ئاسان نیە تا مرۆڤ خۆی لەخۆیدا ئەو شیکارە دەروونیانە نەهێنێتەوە سەر ڕێگای خۆی، واتە لەلادانو بەیەکداچوون ڕزگاریان بکات، کە ئاڵۆزی ئەو دوو خەتە پانەی دەروون (هەست - نەست) لێك جیا ببنەوەو خانەکانی بەشی مێشکی مرۆڤ بەئاگادێنەوەو لەو خەونە قوڵە بێدار دەبنەوە کە تا دوێنێو بۆ مێژوویەکی دوور نەست هەستی هەڵخەڵەتاندبوو لەهەمان کاتدا بەکاری دەهێنێ بۆ پتەوکردنو ڕاستکردنەوەی زیاتر هەست کە لەچوارچێوەی لۆژیکدا دایدەڕێژێو پێکهاتەی لۆژیك تۆکمەو بەرجەستە دەبێت، کە ئەو

چوارچێوەیە هەمیشە لەکشاندایە بۆ لۆژیك بوونێكی زانستانەو زیاتر عاقڵانە و دوور لەشێواندنو پەرتەوازەیی، نەك ئەویش گۆشەگیر بێت لەچوارچێوەی خۆیدا گەر وا بێت ئەوە هەمان كاری نەست بەڕێوە دەبات و دواجار دەخرێتە نێو گەنجینە تاریكەكانی نەستداو لەو تاریكیە خەستەدا وون دەبێت، ئەو كشانە Extraversion گەر بایەخ دان بی لەناوەوەی مرۆڤ بۆ دەرەوەی كارێكی باش و چاكە بەڵام زۆرجار ئەو كشانە تاك وا لیدەكات بایەخ بەجیهانی دەرەوەو دیاردە كۆمەڵایەتیەكان نەدات زیاتر بایەخ بەخودی خۆی بدات، لێرەدا ئەو مرۆڤە گۆشەگیرو داخراو دەبێت، گەر لۆژیك چارەسەری واقیع ببینانەی بۆ دابین نەكرێ تووشی شكست و گەڕانەوە دەبێت بۆ دواوەو هەمدیسان نەچێتەوە نێو بازنەی گرژی جاران كەنەستەو جارێكیتر كپ دەكەوێتەوە، ئەمەش كاریگەری دەكاتە سەر دووبارە بوونەوەی مێژوو، بەتایبەتی لای كۆمەڵگای كورد ئەوە بەدیدەكرێ كەمێژوو بووەتە تراژدیایەك، واتە شكست هێنان بەلۆژیك، لێرەدا لۆژیك تووشی گرژو ئاڵۆزی دەبێت و هەمیشە ئازارەكان دەچێژی و زمانیش ئەو هەست و ئازارانە بەشێوەیەكی تێك دەرانە دەردەبڕێ، هەمیشە هەست لەچاوەڕوانی لۆژیكدا دەبێت كەبیكاتە دەم راستی خۆیی و لەنائاگایی ئاگایی خۆی رزگاری بێت، هەوڵدانی نەست بۆ شكست هێنانی هەست بەجۆرە دەسەڵاتێكی ناماقوڵانە سەیر دەكرێ لەكۆمەڵگایەكی

پێشکەوتوودا، بەڵام لەکۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا ئەوجۆرە دەسەڵاتە ماقوڵ دەبێت و ڕێکاشی بۆ خۆش دەکرێ و ڕێزیشی لای زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵی دواکەوتوو هەیە، وەك کۆمەڵگای کورد کەنەست زۆر بەسەر هەستدا بێئەوەی پێبزانێ، لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا هەست و نەست تووشی سستی و سڕبوون دەبێت، بەڵام توخمە ناکۆکەکان دەیانجوڵێنێت بۆئەوەی ئەو کێشمە کێشمە دروست ببێت و لایەك بەلایەکدا بخرێ، بەڵام بەهۆی لاوازی هەست بۆ درکاندن بەنەست ئەو ململانێیە زۆر دەخایەنێ و هیچ ئاڵوگۆڕێك دروست نابێت، تەنانەت زۆرجار بەزەبری لەدایك بوونیش، چونکە هیچیان پەی بەهیچیان نابەن، کۆمەڵگای کورد تووشی ئەو حاڵەتە بووە کەهیچ ئاڵ و گۆڕێکی بەخۆوە نەدیوە، کەبێ ئاگاداری تاکی کوردە لەهەست و نەست و دواجار پەی نەبردووە بەناکۆکی‌یەکان سەرەڕای زاڵ بوونی نەست بەسەر هەستدا وەك کارێکی دینامیکی هەربۆیە ڕاژەی سەپێنراوەکانی نەست زۆرتر دەبێت وەك لەهەست، سەرەڕای ئەوەشی نەست ناوچەیەکی فراوانی داگیرکردووە لەمێشکدا، ئەمەش وادەکات کەنەست زۆرجار ببێتە لۆژیك و ڕۆژانە کاری پێبکرێ و ژیان بەڕێوەبەرێ و شێوازەکانی دینامیکی ژیان پێچەوانەتر دەبنەوەو بەڕاستی و واقیعی سەیر دەکرێت، چونکە نەست بەبێ ئاگای هەست فێری کردوون و ڕێنیشاندەریان بووەو جێی‌ۆ میکانیزم و دینامیکی هەستی گرتۆتەوە، دیارە جێگرتنی نەست

لەجێی هەست مەترسی گەورەی لێدەبێنەوەو ژیان رادەوەستێ و مرۆڤ تووشی سەرلێشواندن دەکات و دەروونی ئاڵۆز دەکات و تووشی خەمۆکی و چەپاندنی دەکات، (بافلۆف) دەڵێ (هەست رۆڵی پێشڕەوایەتی دەبینێ لەژیانی دەروونی مرۆڤدا نەك نەست)، چونکە هەست رووی ئامێری (جهاز) دەروونیە کەپەیوەندی هەیە بەجیهانی دەرەوە، نەست ئەو پەیوەندیەی پێوە نیە، کەواتە لێرەدا فشار خستنە سەر هەست لەرێگای نەستەوە فشارێکی ناماقوڵ و قورس و گرانە هەربۆیە زۆرجار هەست بەرگەی ناگرێت و لەهەمان کاتیشدا ناتوانێت خۆی بدات بەدەستەوە چونکە دەزانێ لەگەنجینە تاریکەکاندا وون دەبێت و نامێنێ، گەر هەست بەرەنگاری نەبێتەوە تووشی لادانی دەکات و دەیڕوخێنێ چونکە نەست گەنجینەیەکی هۆکاری عەقلیە لەبۆ رووخاندنی مێشك (الانهیار العصبي) گەر نەخرێتە خزمەت هەستەوە، لێرەدا دەردەکەوێ کەژێرخانی نەست پتەوترە لەژێرخانی هەست بەلام بەهۆی کاری ساویلکانەی ئامرازەکانی دەوروبەر لۆژیك دەبێتە باو.. رۆژانە کادرانی باو هەڵدەستن بۆئەوەی ژێرخانی لۆژیکی باو پتەوبکەن و هەست زیاتر نەست داگیر بکات و بیخاتە خزمەت خۆی، سەرەڕای ئەوەی ژێرخانی نەست پتەوە کەچی زۆرجار ژێرخانی پێ لەق دەکات چونکە ئەویش هەر بەزۆر یان بەناتەواوی ئاخێنراوەتە چوارچێوەی خۆی، ئەوانەشی کاری پێدەکەن و کاری بۆ دەکەن لۆژیکی

تەواویان پێ نیە بۆ ڕەگەزنامەی نەستیان، چونکە نامۆیەو سەر خانەکانی نەستی خۆی نیە، لێرەدا نەك هەر بەتەنها هەست تووشی نەخۆشی دەبێت، یان تووشی نەزۆکی دەبێت، بەڵکو نەست پێش ئەوە تووشی بووە، کەوابێ نەست بێ رزگاربوونی هەست ناتوانێ رزگاری بێت لەو نەخۆشیانە، بەڵام نازانێ کەرزگاربوونی بەدەستی هەستەو بەدەربڕینی ئامادەبوونی خۆشیەتی گەر بیەوێ لەو نەخۆشیانە رزگاری ببێت، نەك هەستی وەهم کەلوت وشکانە پڕوپاگەندە بۆ خۆی دەکاتو فوو بەخۆیدا دەکات، کەوابێ کەهەست نەخۆشبێت ئەو نەخۆشییە نەستیش دەگرێتەوە چونکە لەسەر یەك هێڵی باریکی هوشیاری دێنو دەچن، پێش فرۆید فەلسەفە وای دانا کەنەست تەنها نائامادەیی هەستە واتە رۆڵی خراپە، بەڵام لەگەڵ (فرۆید)دا نەست بوو بەشتێکی باشو کاریگەری کردە سەر ژیانی مرۆڤ بەهەند ئەوەندەی هەست کاریگەری کرد، واتە رۆڵی خۆی وەك هەست بینی، چونکە زۆرجار لەڕێی نەستەوە هەستو هوشیاری دەدۆزێنەوەو دەرك بەشتەکانی ناوەوەو دەرەوە دەکەین، سەرەڕای ئەوەش نەست وەك سندوقێك کۆنی داخراو وایە کەیاداشتە کۆنەکان دەپارێزێ هەروەها جێگای ئەفسانەو دینو سیحرو یادەوەریەکانو شتە خورافەکانی گرتۆتەوە، کە ئیرادە پەی پێ نابات بەڵگەش هەواڵەکانە کە کاریگەریو جێپەنجەی خۆیان دیاری دەکەن لەسەر هەست لەکاتی ڕوودانیاندا هەڵناگیرێن بەڵکو کاری خۆیان دەکەن

بەشێوەیەکی ڕێك‌وپێك ئەمەش بەواتای کارکردنە سەر سلوکی نەست، دەلالەتیش بۆ هەڵگرتنی نەست‌و کارە هەمەکەیی‌یەکانی‌تر، ئەمەش لەڕێی هەست کردنی دەروونەوە کە لەکاتی ڕوودانی شتێکدا بانگهێشت دەکرێ واتە لەکاتی پێویست‌و کاتی ئارەزووکردن، هەستیتش کاری خۆی دەکات کاتێ دەزانێ یان دەزانین کەچی ڕوودەدات ئەمەش دوو بواری لێ‌دەبێتەوە، بواری ناوەکی‌و خەستی (البؤری والمرکز) دیواری پەراوێزی کەشان بەشانی وریا بونەوەکان دەجوڵێت واتە لەحاڵەتی وریا بووەنە کت‌وپڕو لەناکاوەکاندا، کەوابێ تێکەڵاویەکی دەروونی هەیە لەنێوان نەست‌و هەستدا، تا ئەوکاتەی نەست دەبێتە نەست‌و، هەست دەبێتە هەست‌و لێك جودا دەکرێتەوەو هەریەکە سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ بەڵام بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی‌یەکانی کەباسمان لێوەکرد دەبێت بەزۆری زۆرداری (زەبرو زەنگ) لێك دابڕێت یان جیابوونەوە دروست ببێت، بۆ بەکارهێنانی زەبووزەنگ کەزۆرجار پاشەکشە بەلۆژیك دەکات ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی هەڵەی زەبرو زەنگ دەیشێوێنێ وەك (دیاردەی ستالین) لەشۆڕشی بەلشەفیدا، یان دەیخاتە خزمەت خۆیەوەو پێکهاتەیەکی تەواو دەدات بەلۆژیك، زەبرو زەنگی نالەبار بۆ کۆمەڵگایەکی نالەبارو دواکەوتوو ناهێڵێ عەقڵ‌و زمانی پاراوی لۆژیکیانەی خۆی بەکاربهێنێ‌و بۆیە لۆژیك جەستەی خەڵتانی خوێن دەبێت هۆکارەکەشی ئەوەیە کە:—

١-فشاری دەرەوە (بەجۆرو هێزی کەرەستەکانی خوێن رشتن) وەك پرۆسەیەك بۆ تێك شكاندنی كۆمەڵگا لەبازنەی سیاسەتی تێك دانی كەلتوورو قڕكردن خۆی دەبینێتەوەو دەبێتە گەورەترین فشار بۆ تێك دانی كۆمەڵگا لەناوەوە.

٢-كاری ناوەوە (شەلەلی كۆمەڵگا) كاردانەوەیە بەرامبەر فشاری دەرەوە، دیارە ناوەوە بۆئەوەی لەدەرەوەی خۆی رزگاری بێتو خۆی لەژێر ئەو فشارە قورسەدا رزگار كات ئەمیش بەهەمان شێوە زەبرو زەنگ بەكاردەهێنێ دژی دەرەوەی خۆی بەڵام كە گۆڕان روونادات ناچار دەبێ فشار بخاتە ناوەوەی كۆمەڵگاو زەبرو زەنگ بەكاربهێنێ (زەبری لەدایك بوون Birth Trauma) كە لێرەدا ئەو زەبرو زەنگە كۆمەڵگا تووشی شكست هێنان دەبێ چونكە كۆمەڵگا هوشیار نیەو لەو زەبرو زەنگە تێناگات كەخزمەتە بەخۆی، بەڵكو كۆمەڵگا وای سەیر دەكات كە فشارێكیترە واتە كۆمەڵگا لەنێوان چەكوشو دەزگادا دەژیو تووشی تێك شكاندن دێت، بۆیە زۆرجار دژی رادەوەستێ، دیارە كۆمەڵگا لەو نێوەندەدا (چەكوش - دەزگا) تووشی سەرلێشواندنو ناجێگیری دەبێتو دواجار شەڕی ناوخۆی لێدەكەوێتەوەو كۆمەڵگایەكی پەرتەوازەو شەڕخوازی لێدەردەچێو لۆژیك رەوتی ئاسایی خۆی وەرناگرێ بەڵكو هەمیشە تووشی گرژبوون دەبێ، ئەمەش واتە خوێن رشتن دوور لەزمانی لۆژیكانە لێرەشدا ووشكو تەڕ پێكەوە دەبنە

خۆراکی ئاگرو چەکوش‌و (هەست نەست) تێك دەچیٚ‌و باری ئاسایی خۆیان لەدەست دەدەن، لەنێوان (چەکوش‌و دەزگادا) کۆمەڵگاش پێکهاتەیەکی ترادسیونال بەخۆیەوە دەبینێ ئەو پێکهاتە لەبەر نەبوونی لۆژیك‌و هوشیاری تووشی گرێ کوێرەی مێژوویی دەبێت‌و تووشی سەرلێشێواندن دەبێت نەنێوان شکست‌و هەستانەوەدا، لەنێوان (من) و (ئێمە)دا واتە خۆی نادۆزێتەوەو تووشی نامۆیی فکری دەبێت یان نامۆیی مێژوویی کەزۆرجار بەکلۆلترین کۆمەڵگا دەدرێتە قەڵەم، یان بە (هەتیو) دەدرێنە قەڵەم‌و کەس ئاوڕیان لێ‌ناداتەوەو هەمیشە بەر زللەی مێژوو یان زللەی دەرەوەی خۆیان دەکەون، کۆمەڵگای کوردی بەدەر نیە لەو بازنەیەی سەرەوە، یان لەو بۆچوونەی سەرەوە، زیاتر لەسەر نەستی خۆی دەژی‌و زۆرجار وەك مشەخۆرێك بووە بۆ خۆیی‌و سروشتی کەوی وەرگرتووە لەبەر بەرژەوەندی کەسێك هۆزێك تێك چووە، لەبەر شکستی رابەرێك نەتەوەیەك پەرتەوازە بووە.. شۆرشێك تێك چووەو پوکاوەتەوە بەواتایەکی‌تر (من) نەبووەتە (من)و نە (ئێمە)ش بووەتە (ئێمە) چونکە لەکاتی قۆناغەکانی (من) و (ئێمە)دا کە لەمێژوودا گۆڕانکاری بەسەرهات هەریەکە جێگەی خۆی گرتووەو چووە قالبی تایبەتی‌و پێکهاتەی تایبەتی خۆی دروست کرد، کۆمەڵگای کورد لەدەرەوەی مێژووی خۆی یان لەدەرەوەی ناکۆکییەکان کاری کردووە لەگەڵ هەنگاوەکانی مێژووی هوشیاری‌دا نارێك بوو، بەڵکو زۆرجار دژیشی رادەوەستا، بەڵام

کەهوشیاری نەبوو هەردوو چەمکی (هەست و نەست) شێوەی گلۆڵە دەزوولەیەکی تێك ئاڵاو وەردەگرن‌و سەر لەهوشیاری دەشێوێنن‌و زۆر بەزەحمەت سەری ئەو گلۆڵە دەزوولەیە دەدۆزێتەوە، هۆشیش ناچارە لەدەرەوەی ئەو دوو چەمکە سەرلێشێواوە خۆی بدۆزێتەوەو دوور لەوان بژی کەناتوانرێ بێ‌ئەوان بژی واتە (هەست و نەست) بەڵام لەناچاریدا ژیان دەباتە سەر وەك ئەوەی هیچ وەزیفەیەکی نەبێت وای لێ‌دێت ئەمەش بەوەخت‌و کات ئەو مەودا هوشیاریانەی کەلەلای گەڵاڵە بووە لەیادەکانیدا تووشی سڕینەوەو سووان دەبن‌و دواجار گەر فریاد رەسێك نەبێت لەناودەچن.

زۆرینەی شۆڕشە ناسیۆنالیستەکانی کورد ئەوجۆرە ناچاریانەی بەخۆوە دیوە بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتیان واتە زۆرجار بەناچاری شۆڕش کراوە. گەر فریاد رەسی نەبێت ئەوا ئەو کۆمەڵگایە تووشی پەرتەوازەیی دەبێت‌و پۆل پۆل دەبنە ئەندامی خێڵەکانی دەوروبەریان کە لەوێڕا دەتوێنەوە لەنێو شارستانیەتی ئەو خێڵە نوێیەدا، یان دەبنە خزمەتکاری کۆمەڵگایەکی‌تر، وەك خێڵی بەختیاری کەتا ئێستا روون نەکراوەتە کە کوردن یان غەیرە کوردن یان (لوڕ)ەکان کەخۆیان دەڵێن ئێمە (لوڕ)ین بەڵام رەگەزمان فارسە، دیارە خزمەت کردنی کۆمەڵگایەکی تر مەرجی تایبەتی تێدایەو واقیعی ئەو کۆمەڵگا نامۆیە وا لەهوشیاری هەڵگری ناهوشیار دەکات کەهەمیشە و بێ‌سڵەمینەوەو بەسنگێکی

فراوان بچێتە پێشەوەو زۆر بەرازی بوون خزمەتکاری کۆمەڵگای دەرەوە بکات تاوای لێدێت تیایدا دەتوێتەوە مەرجەکەش گەر کۆمەڵگا دەرەوە بزانێ ئەو هوشیاریە لەسەری دەکەوێ ئەوا دەیخاتە نێو بازنەی فەرمانی نەستی و پیرۆزی دەکات سەرەڕای ئەوەشی دان نانرێ بەفاعیلەکەیدا، گەر ئەو هوشیاریە لەسەری نەکەوێ ئەوا دەیخاتە نێو بازنەی سیاسەتی دیماگۆجی و بەماوەی مێژوویەکی دوور فاعیلەکەی تاوانبار دەکات، ئەو پرنسیپە دوو لایەنە دەروونی کوردی هەم نامۆکردوو هەم دژی خۆی کرد واشی لێکرد کەرازی بێت بەو نالۆژیکە بێئاگاییەو تائێستاش لەنێو ئەو بازنانەدا دەخولێتەوەو زۆریش. لەئەندامانی کۆمەڵگای کوردی بەهەموو شێوەیەك پیرۆزی دەکەن و بەرگری لێدەکەن کەئەوەش جۆرێکە لەهەڵخەڵەتاندن و هەڵفریواندنی خۆ، ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ کەسایەتیەکی بۆش دوور لەواقیع و سەربەخۆی خۆی لەدەست بدات و بەئارەزووی خۆی پێشکەشی دەرەوەی خۆی بکات و دەرەوەشی بەئارەزووی خۆی هەڵسوڕێنێ و لەهەمان کاتدا دەرەوە چاك دەزانێ کە ئەو هوشیاریە بووەتە خاڵی بادانەوە لەمێژووەکەیدا کەچی لەبەرئەوەی سەر بەخێڵی خۆی نیە یان و سەر بەکۆمەڵگای خۆی نیە سەیر دەکەین هەمیشە ڕەتی دەکاتەوەو دووری دەخاتەوە لەبازنەی کۆمەڵایەتی بوون و کەسایەتی بوون. نایەڵێ هەمان کەسایەتی هەبێ کە خۆی هەیەتی بەڵکو هەمیشە وای تێدەڕوانێ کەخزمەتکارەو بەس و تەنها بۆ خزمەتکاریش

بەکاردێت، ئەم بۆچوونە بووەتە باوو زیاتر کۆمەڵگای ناهوشیار خۆیان دەخزێننە ئەو بازنەیەوەو زیاتر قوربانی دەدەن بەکۆمەڵگای دەرەوە بەڵام بێهودەیە هەر لەبەرئەوەی تەڵێکی نامۆ دیاردەکەوێ لەنێوان دەروونی ئەوانداو دەروونی ئەماندا، پاساو هێنانەوە بۆ دروستکردنی ئەو پەیوەندیە یان گێلی‌یە یان خیانەتە، مێژووش بایەخ بەوانە نادات، دیارە هوشیاری سەرەڕای دووری لە (هەست و نەست) خەم خۆری ئەو دووریەیە بۆیە زۆرجار ناچار دەبێت زەبرو زەنگی خۆی بەکاربهێنێ بۆ ڕاچەنینی هەردوو (هەست و نەست) کەبێنەوە سەرە ڕێگاو لەو خەونە قووڵە بەخەبەر بێنەوە، زۆرو کوتەکیش زۆرجار ئەو (هەست و نەست)ە تووشی پشێوی دەکات و زیاتر دەیرمێنێ لەجیاتی ئەوەی چاکی بکاتەوە، چونکە هەردوو خەسڵەتەکە هوشیار نین و زەمینەی هوشیاریان بۆ ئامادە نەکراوە بۆیە زەبرو زەنگ لێرەدا زیانی هەیە وەك لەوەی سوودی هەبێت هەروەك، (ئەریك فرۆم) دەڵێ (مارکس پێی وابوو کەهێز ناتوانێت هیچ شتێکی ئەوتۆ بخولقێنێت، ئەگەر ئەو زەمینانە لەئارادا نەبن و بۆ گەشەکردنی پرۆسە سایسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا، جا ئەگەر بەکارهێنانی هێند بووە شتێکی پێویست... ئەوا تەنها ئەگەر وردتر قسەی لەسەر بکەین دەتوانین ئەو پاڵە بداتە پرۆسەی گەشەکردن کەپێشتر لەڕووی کرداریەوە هەبووە، بەڵام دیسانەوە هێز هەر ناتوانێت شتێکی تری نوێی واقیعی بخولقێنێت).

بەلای مارکسەوە (هێنز بریتی‌یە لەتوانستی هەر کۆمەڵگایەکی کۆن کە هەڵگری کۆمەڵگەیەکی نوێ بێت) هێند لای مارکس (لەدوا ئاکامیدا تەنها خاوەن بایەخێکی کاتی‌یەو هەرگیز رۆڵی توخمێکی هەمیشەیی ناگێرێت لەپرۆسەی گۆڕینی کۆمەڵگادا) کەواتە کۆمەڵگای کورد ئەو کۆمەڵگا بێ هۆشە بووە کە لەکاتی خۆیدا هێزی خۆی بەکارنەهێناوەو کاتی گونجاوی زێڕینی خۆی فەرامۆش کردووەو بەمەش هوشیاری مێژوویی لەدەست داوە، ئەمەش بەهۆی هەڵخەڵەتاندنی هوشیاری کوردەوە بووە لەلایەن داگیرکەران و نەیارانی نەتەوەی کوردەوەو، تاوای لێ‌هاتووە کۆمەڵگای کورد بووەتە دار دەست، مێژوو شاهیدی حاڵەت و رووداوەکانەو ناشتوانرێ پاساوێکی تری بۆ بهێنرێتەوە بێجگە لەوەی کەبڵێین کە کۆمەڵگای کورد زیاتر هەوڵی داوە بۆ دەرەوەی خۆیی و خۆی لەبیرچۆتەوەو هەمیشە بەرامبەری خۆی دەبینێ نەک بەرامبەر خۆی وێنەی واقیعی خۆی ببینێ و ئەمەش بەمارەی مێژوو وای لێ‌هاتووە کەتەنانەت ئەو رووداوانە هەڵبگرێت و لەبیر بچنەوە تا ئەوکاتانەی رووداوێکی دڵتەزێن رووداوێکی جەرگ بڕ روودەدات ئەوجا ویژدانی نەست و (منی باڵا) (من) بەخەبەر دەهێنێتەوەو جارێکی تر مێژووی کۆن دێتەوە بەرچاوی (من)ی کوردو بەڵام لەبەرئەوەی رووداوەکان زۆر دوورن بۆیە (من) ناتوانێ ئەو پەیوەندیە ببەستێ بەیەکەوە کە لەدوێنێی لێڵ و دوورو ئەمڕۆی شڵەژاوادا گرێیان بدات هەربۆیە (نەست و منی باڵا)

هەمیشە (منو نەست)ی کورد دەخەنە ژێر سزایەکی قورس کەوا هەست بەشەرمەزاری بکات زۆرجار ئەو شەرمەزاریە یان خۆ بەکەم زانو کلۆلی‌یە لای کورد دەبێتە هەستێکی نامۆو تاکی کورد خۆزگە بەوە دەخوازێ (کە کورد نەبوایە)، لەبەرئەوەی (منی بالا) زۆرجار پەیوەندی بەدەرەوە دەکاتو ئەوجا بڕیاری خۆی دەدات بەسەر (من)و (منی بالادا)، دیارە بۆ ڕاگرتنی کۆڵەکەی کۆمەڵگاو یەکخستنی کۆمەڵگاو رزگارکردنی کۆمەڵگا لەپەرتەوازەیی (منی بالا) بە گەورەترین ڕۆڵ هەڵدەستێ، چونکە (من) ی کورد هەمیشە بیری لەدژایەتیو خراپەکاریو خیانەتکاریو تۆڵە کردۆتەوە، تەنانەت گەر (من) بیر لەشتێکی خراپ بکاتەوەو کردەوەشی لەگەڵدا نەبێت هەربۆیە (منی بالا) وەك پۆلیسێك وایە بۆ تاكو کۆمەڵگا، دەتوانین بڵێین کە (منی بالا) ئاکامی ژیانی کۆمەڵایەتیو ڕەوڕەوەی نەبینی شارستانیەتە، (من)ی کورد نەك هەر پەیوەندی نێوان (منی بالا/ ئەو)ی نەبەستۆتەوە بەڵکو ئەو پەیوەندیە تێك دەداتو بەهۆی فووکردنە خۆو خۆبەزل زان ئەو دوو بناغەیە تێك دەشكێنێو دەیخاتە خزمەت خۆی کە ئەمەش پرۆسەیەکی‌دەروونی کوردە بۆ تێکشکاندنی کەسایەتی خۆی یان (من)ی خۆی هەروەك لەپەندە کوردیەکەدا هاتووە دەڵێ (من منم تۆ کێیت؟).

کەواتە لەدەست چوونی کاتو قۆناغی مێژوویی بووە هۆی شکستی کەسایەتی کورد، هەربۆیە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەوکاتە لەبیرچووە زۆر

بەزەحمەت بۆی دەگەڕێتەوە واتە لەسفرەوە دەست پێدەکات کەئەمەش لەناوکی شۆڕشەکاندا خۆیان بەدی دەکەن و دەردەکەون لەشکستو هەستانەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا، کە دواجار ڕۆدەچێتە دەروونی هەر تاکێکی کوردو وای لێدەکات بێهیواو بێئومێدی لێدێ، دیارە شۆڕشەکانی کورد کەسروشتی سیزیفیانەی پێوە دیار بووە بێئومێدی زیاتردا بەدەروونی کوردو وای لێکرد پاڵ بداتەوە وەك لەوەی هەستێتەوە، کەواتە کارێکی گرانەو زۆر ئاڵۆزەو پرۆسەیەکی دەروونی و زەمەنێکی سەقفی دەوێ کەهەست لەنەست جیابکرێتەوە واتە هەست نەست تەلاق بدات، بۆئەوەی هەریەکەیان پێکهاتەیەکی تایبەتی خۆیان وەربگرن و سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن (من)یش هەستێ بەرۆڵی تەواوی خۆی، ئەو پێکهاتەیە لەنێوان هەستو نەستدا دەگەڕێتەوە بۆ سێ سیستەم (ئەو/ من/ منی بالا) ، لەکۆمەڵگای کورددا سیستەمەکان بۆ دروستبوونی پێکهاتەی کەسایەتی تێکشکاوە لەچوارچێوەی پێکهاتەی خۆیاندا جێیگرنەبوون، لەهەمان کاتدا هەستو نەست تێك شکێنراوەو بەزەحمەت دەناسرێنەوەو لێك جودا دەکرێنەوە، نەست هەمیشە ئامادەیە بۆ لێدانی هەست بۆئەوەی کۆیلەی کاتو سەربەخۆیی خۆی وەرنەگرێ، چونکە سەربەخۆیی هەست شکاندنی ئەو رادەگەیەنێ (شکستی نەست)، هەربۆیە دەبێتە ڕێگرێك بۆیی و وەك مڵۆزم لەبەردەمیدا قووت دەبێتەوە، هەرچی هۆشیشە هەمیشە چاوەڕوانی

هەست دەكات كەبیكاتە لۆژیك بۆیە هۆشیش لەجێگای خۆی بیست و لاوازو سیستەمێكی بێدەنگی دروست دەكات و هیچ نارەزایی دەرنابڕێ چونكە لاوازە، دیارە تێكەڵاو بوون شتی‌باش دەدات بەدەستەوە وەك هەر سیستەمێكی نوێ، یان گۆڕانی بارێكی كیمیاوی لەبارێكەوە بۆ بارێكی دی گۆڕانێكی نوێ دەدات بەدەستەوە جاری واش هەیە ئەو تێكەڵاو بوونە لەناوەوەی (ذهن)و خانەكانی هۆشدا زیانی زیاترە وەك لەسوودەكەی‌و ئەو پێكهاتە پاكژە دروست ناكات، یان قازانجی ئەو پێكهاتە هۆشی‌یە لەوەدایە كەیەكگرتن لەمیكانیزمەكاندا بەقازانج دەگەڕێتەوە جاری واش هەیە بەزیان دەگەڕێتەوە بۆ دروست بوونی ئو پێكهاتە بەواتە بارودۆخی دەروونی‌و میتاسایكۆلۆژی تەنها بەوەسف كردنی دیاردە دەروونیەكان ڕاناوەستێ بەڵكو ڕازەیان دەكات لەژێر تیۆری چەمكیدا بەشێوەی دینامیكی واتە (ململانێ لەنێوان هێزی دەروونیدا) وە ئابووری لەشێوەی چەندایەتی بۆ ئەو هێزە، هەروەها پاڵنەری غەریزی‌و پاڵنەری دژە غەریزە) هەروەها تۆپۆگرافی‌یە یەكتایی‌كردنی شوێنی ڕەوڕەوە دەروونیەكانی هاوشێوەی نەست و هەست) ئەوەش لەهوشیاری‌دا خۆی دەدۆزێتوە كەتا چەند قازانج كراوە بەڵام كەهوشیاری نەبوو هەردوو چەمكەكە شێوەی گلۆڵە دەزوویەك وەردەگرن‌و سەر لەهوشیاری دەشێوێنن‌و زۆر بەزەحمەت سەری ئەو گلۆڵە دەزووە دەدۆزرێنەوە، هوشیاریش لەبەرامبەر (ڕەمەك)ە (غریزة

Instinct) جی‌بەجێکراوەکاندا هوشیار دەبێ و هوشیاری پێدەبەخشرێ بەڵام کاتێك ئەو رەمەکانە رێیان لێ‌دەگیرێ دەروونی مرۆڤ تووشی (چەپاندن - كَبت - Repression) دەبێ ئەو چەپاندنەش ووزەی مرۆڤ دەمژێ و لەپێناو مەبەستی نزمدا بەکاری دەهێنێ ئەمەش وا لەنەست دەکات بەنەستی بمێنێتەوە، چونکە چەپاندن خۆی رێی پێ‌نادات نەست بێت بەهەست، ئەمەش لەژێر بۆچوونی میکانیکی دەروونیدا پەخش دەبێ، لەبەرئەوەی چەپاندن ری لەهەندێ شت دەگرێ (کەس- تاك) نایبینێ کە لەئاستی بینیندا بێت یان هەرچی ببینێ هەڵی‌دەگرێ،

دووجۆر چەپاندن هەیە:-

١-چەپاندنی سەرەکی نابەجێ.

٢-چەپاندنی بەجێ.

چەپاندنی سەرەکی نابەجێ قەدەغەیە هەڵبژاردنی بابەتی رەمەکی دەکات کە (هەست)ی نەبووە هەتاکو ببێتە هەست، بەڵام کەسێتی بەجێ (من - خود) مامەڵە بکرێت لەگەل سەرەتای بیرکردنەوە بۆ هەڕەشەکردن لەلایەن هێزە پاڵنەرەکانەوە بۆ (منی باڵا) لەهەڵسوکەوت یان بۆ هەست کەدەبێتە چەپاندنێکی بەجێ چەپاندنی بەجێ کەبەئاسانی پێی دەڵێن چەپاندن وا لەیادی مەترسیدار دەکات یان بیر دەکات یان دەرك کردنی حسی کە لەدەرەوەی بازنەی هەستدا بێت، لەهەمان کاتدا ئاستەمەکانی دادەنێ دژی هەر شێوە بەرگری بزوێنەرانە، لەبەرئەوەی (خود - الذات)

بارەگای چەپاندنە لەوانەیە لەژێر فەرمانی (منی باڵا) کاربکات، کاتێك چەپاندن دروست دەبێت، بەڵام کە کاریگەری (منی باڵا) فشار دەخاتە سەر دروست کردنی کەسایەتی چەپاندن زیاتر دەبێت ئەو چەپاندنەی کە بەهۆی (منی باڵا)وە دەبێت وا دەکات کە گۆڕانی تێکەڵاوی ناوەوە بۆ کەمەن کێشکردنی باوان کە دەسەپێنرێت بەسەر منداڵدا، کاتێکیش چەپاندن ڕۆدەچێ ووزەی خۆی ئازاد دەکات کەهێزە هێرشکەرەکان بەکاردەهێنێ ئەوا بەرهەم دەدات بەدەستەوە کەوا چەپاندن کاتێك ڕەمەك مەنفەسێکی سروشتی بۆ خۆی نادۆزێتەوە لەلای تاکە کەس حاڵەتی دڵەڕاوکی و ئازارو ململانێ دروست دەبێ سروشتیش ئەو ئازارە کەم دەکاتەوە ئەویش بەچەپاندنی پاڵنەری ڕەمەکی‌یانە بەهۆی لابردنیەوە لەبالای هەستی ژیانی عەقلی‌یەوە پالی پێوە دەنێ بۆ نەست لێرەدا کارکردنی چەپاندن خۆی نەستی‌یە چونکە ئێمە نازانین یان دەرکی پێناکەین چی‌ڕوودەدات لەناو مێشکماندا، کەواتە ئەو ڕەمەکیانەی کەهەڵگری ووزەن کەپێ‌یان دەژین دەبێ زۆر بەگرنگی بایەخیان پێبدرێ ئەویش لەڕێگای نەگرتنی کەناڵەکانی کەپیایدا تێپەڕدەبن ئەگەر وانەبێ ئەوا ئەو هێزەی پاڵنەرە بۆ کەسایەتی مرۆڤ بۆ پێشەوە لاواز دەبێ، بەڵام بەپێشکەوتنی تەواوی کەسایەتی، ئەو ڕەمەکانە سەربەست دەبن‌و سەرهەڵدەدەن لەسەر ڕووی هەستی عەقلی‌و کاتێکیش هەڵەکان لەبارنین بۆئەوەی ڕەمەکی‌یەکان ئاراستە بکرێن بۆ گەیشتن بەئامانجیان ئەوکاتە

ئاراسته دەكرێت بەرەو ووشك كردنەوەو مژینی ووزەكان لەپێناو ئامانجەكانی‌تردا لەپێناو شتی تردا ئەمەش رامان دەكێشێته نێو بابەتی (گوزارش - چەپاندن- التسامی) كەوابێ تێگەیشتنمان لەنەست رێرەوێكە لەتیۆری چەپاندنەوە سەرچاوەی گرتووە، چەپاندن یەكەم بلۆكە بۆ نەست، دەبێ ئەوەش بزانین كەدوو جۆر لەنەست هەیە، ئەو نەستەی دەبێته تەواو و لەگەڵ ئەوەی بتوانێ ببێته هەست ئەو چەپاندنەش كەناتوانێ یان توانای ئەوەی نیە ببێته هەست، بۆچونیشمان بۆ ئەو دینامیە دەروونیە ئەوەیە، تەنها دەتوانرێ شوێنەوارێك بەجێ‌دەهێڵێ لەلیستی زاراوەكان‌و پیاهەڵداندا، ئەو شتەی دەبێته نەستی بەمانای پیاهەڵدان نەك بەمانای دینامی، ناوی لێ‌دەنێین (پێش هەست - قیشعور) (قبل الشعور)، (پێش هەست)یش بەڕای ئێمە نزیكترە لەنەست وەك لەهەستەوە، پێش هەست دووشێوەن یان دوو پلەن وەك ئەوەی بلێ‌ی دەروونین، راستیش ئەوەیە كە هەموو چەپاندنێك نەستی‌یە، بەڵام هەموو نەستێك چەپاندن نیە، هەروەها دەزانین كە(من)یش لەوانەیە ببێته نەستی لێرەدا نەستی كەسایەتی هەرێمی دراوسێ‌ی (من)ی پێك هاتووە لە شارەزاییە هەستی‌یەكانی رابردوو بەڵام چەپێندراون یان پشت گوێ‌خراون یان هەر لەسەرەتادا لاواز بوونەو شوێنەواری خۆیان بەجێ‌هێشتووە رێگای نێوان نەستی كەسایەتی‌و

هەستکردنی دراوسێی کراوەیەو ڕێگای گواستنەوەش هەیە لەنێوانیاندا، ئەمەش بۆچوونی (یونگ)ە.
شتێك چۆن دەبێتە پێش هەست؟ لەم حاڵەتەدا وەڵام بەم شێوەیە دەبێت (بە پەیوەندی کردنیەوە بەنمونەییە زارەکی‌یە لێك چوونەکاندا دەبێ) ئەم نمونە زارەکیانەش کەخۆی پاشماوە یاداشتەکانە، کە لەپێشوودا ئیدراك بوو وەك زۆربەی شتە یاداشتەکانی‌تر وابوون دەتوانرێ لەنوێ وە ببێتە هەست، ناتوانرێ ببێتە هەست کە پێشووتر ئیدراکی هەستی نەبوبێت، هەر شتێکیش لەناوەوە دێت بێجگە لەسۆزەکان دەتوانرێ ببێتە هەست وەك حەتمیەتێك هەوڵ دەدات کەخۆی تەرجومە بکات بۆ ئیدراکە دەرەکیەکان ئەمەش ڕێگادانە بە دەرامەتی پاشماوە یاداشتیەکان، ئەی چۆن چەپێندراو دەبێتە پێش هەستەوە لەڕێگای کاری شی‌کردنەوەوە لەسەر ئەم بنچینەیە هەست لەجێگای خۆیدا دەمێنێتەوە بەڵام بێ‌ئەوەی بگاتە پێش هەست واتە بەرزبوونەوەی بەرامبەرەکی بۆ گەیشتن بەهەست، چەپاندنی دەروونی کاردەکاتە سەر نەك تەنها دەروون بەڵکو کاردەکاتە سەر ڕەمەکی‌یە جیاوازیەکانی مرۆڤ یان تەماهیەکانی مرۆڤ تا ئەوکاتەی ترس لەدەروونەدا نامێنێ ئەوجا چەپاندن ڕۆدەچی‌و بوونی نامێنێ، چونکە چەپاندن دەبێتە هۆی تێکشکاندنی (من) لەبەرئەوەی زۆرجار تەماهیە جۆراوجۆرەکان لێك جودا دەبنەوە بەهۆی بەرگریەکانەوە ئەو حاڵەتە نهێنی‌یانەی کەپێی

دەڵێن چەندایەتی کەسایەتی یان (هەمە کەسایەتی Multiple Personolity) دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەتەماهە جیاوازەکان کاریگەر دەبن لەژێر هەستدا و بەسەرە داگیری دەکات، ئەمەش هۆی ئەوەی کە (من) لەسەرەتادا زۆر لاوازە بەزانینی ئەرك‌و بابەتەکان هیچ لەبەردەمیدا نامێنێ تەنها ئەوە نەبێت کەهەوڵ بدات بۆ ئەوەی خۆی لێ‌دووربخاتەوە ئەمیش بەهۆی بەردەوامی چەپاندنەوە (من)ی هستریاش خۆی دووردەخاتەوە لەدەرك پێکردن بەو ئازارانە کەپێ‌ی داوەتێ، کەسەرچاوەی رەخنەیە (منی بالاّ) بەهەمان ئارەزو کەخۆی بەرگرە لە خۆی دژی ئەرکی بابەتەکی، لێرەدا هەڵدەستێ بەکاری (چەپاندن) لەسەر ئەم بنچینەیە هەست کردن بە (ذنب) نەستی‌یەو لەبێ‌هەستیدایە لەئالۆزیکیدایەو دوایی خۆزگە خواردنە بەنەبوونی پەیوەست کردنی بەدەرەوەی خۆی، ئەوەش بۆ (من) دەگەڕێتەوە چونکە (من زۆرجار هەڵدەستێ بەکاری چەپاندن لەخزمەتی (منی بالاّ) دا دوایش لەخزمەتی خۆیدا، کە لێرەدا (منی بالاّ) رۆڵی نامێنێ لەشتە دەرەکیەکان‌و تەنانەت ناوەکی‌یەکان کە (من) یەکێکە لەو شتە ناوەکیانەی مرۆڤ، کەواتە (من) نێوەندی راستی تەنگەتاوە کاتێ مەترسی دێتە سەر لەهەرسێ رووەکەوە لەدووربینی دینامی/ دووربینی تۆپۆگرافی/ دووربینی ئابووری یان چەندایەتی) بەهۆی هۆکاری راکردنەوە خۆی پێش دەخات، (من)ی تێکشکاو وای لێ‌دێت کە بەدوای پلەیەکی تردا بگەڕێن لەسەرو (من)

دەبێت‌و کەخۆی لەخۆیدا پێگەیشتنی جیاوازیەکانی ناو خۆی (من)ە کە
ئەو پلانە ناو لی‌بنێین (من) یان (منی بالاّ)، (من)یش ئەوکاتە واز لەخۆی
دەهێنێ کەدەزانێ یان کە هەست دەکات جێی نارەزایی‌و چەوساوەتەوە
لەلایەن (منی بالاّ) وە لەجیاتی ئەوەی لای خۆشەویست بێت، چونکە
(من) نەستەو (منی بالاّ)ش هەستە، تێنەگەیشتنی (من - نەست) بۆ
(منی بالاّ - هەست) گرژوو رووخانێك روودەدات واتە کارەساتێکی
ترسناك بەرێگاوە دەبێت بۆ تێك شکاندنی هوشیاری تاك لەتاکیشەوە
زۆرجا کۆمەڵ دەگرێتەوە بەتایبەتی لەکۆمەڵە خێڵەکی‌یەکانداو کۆمەڵگا
دواکەوتووەکاندا، ئەو حاڵەتە لای تاکی کورد بەدی دەکرێ چونکە تاکە
کەسی کور (من)ی نەخستۆتە خزمەت (منی بالاّ)و (منی بالاّ)ش ئامادە
نیە ببێتە چاودێرێك بەسەر (من)ەوە هەربۆیە گرژی‌و لولپێچیەك رووی
داوە لەنێو ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەداو کەسایەتیەکی کەللەرەقی لێ‌دروست
کردووەو زیاتر گرژتری کردووەو کاریگەری خەستی کردۆتە سەر
کەسایەتی کورد، کەسایەتیەکی گێل‌و سەخت دوور لەپێشکەوتنەکان،
بێجگە لەوەش مەترسی دەوروبەری لەسەرە هەمیشە وەك کارێکی
میکانیکی ئەمەش زیاتر لەرێی دەرەوە واتە (تۆپۆگرافی + ئابوری +
دینامی) کە ئەو سێ چەمکە ژیانیەی رۆژانە فشارێکی گەورەن بۆ سەر
(من)ی کرودو (منی بالاّ)ش ئەوە ناخاتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوەو تەنانەت
(من)یش ناخاتە نێو دادگای خۆیەوە یان هێڵی سووری لێپرسینەوە

هەربۆیە بوەتە جێی مەترسیی و تێکشکاندنی هوشیاری کورد، ئەویش وەك پرۆژەیەك کە لەنێوەوەی خۆیدا بەرامبەر بەخۆی بەکاری دەهێنێ، واتە (من) هەمیشە تێنەگەیشتنە لەپاشەڕۆژدا کەسایەتیەکی (سایکۆپاسی - ناکۆمەلایەتی) دروست دەکات، سەرەڕای ئەوەش کەسایەتیەکانی گونجاو نین بۆ چوونە نێو قالبی کەسایەتی تەواو بەلکو بەکولەبنە دەمێننەوە (cretinism) کە ئەمانەش چەشنێکن لەچەشنەکانی دواکەوتنی هۆشی کەدواجار تووشی رووخاندنی Frustration دەکات کەبەمەش تاکە کەس گیر دەخوات بۆ گەیشتن بەئامانج و هەروەها دواکەوتنی لەپەروەردەی پێشکەوتن یان گرتنی رێگای گەیشتنی بەئامانجی هەستی یان نەستی، واتە دروست کردنی کەسایەتی لای تاکە کەس کەلەژێر کاریگەری یەکتری دروست دەبێت وەك (فرۆید) دەلێ (کەسایەتی تاك لەسێ پێڕەوی بنەڕەتی دروست بووە (ئەو id من Ego، منی بالا super Ego)، لێك کارکردنی ئەم سێ پێڕەوە لەیەکتری سنووری رەوشی دیاری ئەکات) لەپیشەکانی دروستکەری لەدیمانەی فرۆیدەوە ئەوەیە مرۆڤ لەسەر جۆری جیاجیای هوشیاری کاردەکات وەك (هەست - پێش هەست - نەست)، (منی بالا)ش وەك رۆلی پۆلیس و ویژدانی دەبینێ لەسەر (من)و (ئەو)ی دەرەوە ئەگەر (من) رێگای پێبدات بۆ لێدان لەدەرگای چەپاندن و کەئەویش بەهۆی شکاندنی ترسە لەدەروونداء کۆمەلگای کوردی هەر لەبەرەبەیانی مێژوویی یەوە ئەو

ترسـانه چوونەتـه نێـو دڵـی لـەنێو دەوروبەریـەوه ئـەویش بـەهۆی کەرەستەکانی زەبرو زەنگ‌و چەوساندنەوه، که ئەوەش بەپێی رۆژگارو ماوەی مێژوویی کاریگەری کردۆته سەر دەروونی‌و ترسێکی لا پـەیدا کردووه کەهەمیشه بسڵەمێتەوەو هـەنگاوی جدیانه نەنێت بۆ شکاندنی کۆتـی تـرس کەئازادبوونی کەسایەتی خۆی رادەگەیـەنێ کـەچی ناچـار دەبـێ کـەترس بـەترس چارەسـەر بکـات کـه ئەمـەش لەکۆمـەڵێکی دواکەوتوودا بەمەترسی دادەنرێ بۆ سەر کۆمەڵگاو ئاکامەکەی بەخراپ دەگەڕێتـەوه بـۆ سـەر کەسـایەتی کـورد وای لـێ‌دەکات لـەناچاری چارەسەرکردن بۆ کێشه دەروونیەکان ناچار بێت هەستێ بەهەندێ شت کەهەست‌و نەست پێی رازی نەبن‌و لۆژیك قبوڵ نەکات.



وێنەی بیروبۆچوونی فرۆید بۆ کەسایەتی

سەرچاوەکان:

١-علم النفس الجمعي وتحليل الأنا- سيغموند فرويد - ترجمة جورج طرابيشى الطبعة الاولى بيروت ١٩٧

٢-الأناو الهذا- سغموند فريود - ترجمة جورج طرابيشى الطبعة الاولى بيروت ١٩٨٣

٣-مبادئ علم النفس الفرويدى - تأليف كالفن -س- هول/ تعريب دحام الكيال الطبعة الثالثة بغداد ١٩٨٨

٤-علم النفس الاكلينيكى - د. مصطفى فهمى دار مصر للطباعة - بێ مێژوو

٥-بافلوف و فريود - تأليف هارى ويلز - ترجمة شوقى جلال الجزء الاول الهيئة المصرية العامة للكتاب ١٩٧٥

٦-قاموس علم النفس - د.عبدالستار طاهر شريف - الطبعة الاولى ١٩٨٥.

٧-مرۆڤ لەڕوانگەی ماركسەوە - ئەريك فرۆم - وەرگێڕانی هەنگاو چاپی يەكەم ١٩٩٩

پرۆسەی بوون بە مرۆڤ

پێش دروست بوونی کۆمەڵگا مرۆڤ لە حاڵەتی سروشتیدا دەژیا، یەککرتنێك هەبوو لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا، هەروەك مارکس دەڵێ (مرۆڤ ناوکە بڕە نەبوو بوو لە سروشت)، ئەو مرۆڤەی بە زەبری بازووی خۆی دەژیاو نەگەیشتبووە ململانێ لەگەڵ سروشتدا، سروشت سەرچاوەی یەکەم بوو بۆ مرۆڤی سەرەتایی؛ بەڵکو زیاتر لەوە ئەم ئەوی تەواو دەکرد، سروشت توانی مرۆڤ لەژێر کاریگەری خۆیدا بهێڵێتەوەو کۆیلەی خۆی بکات و بۆ چەند سەدەیەك توانی هەر بە سەرەتایی و گێلی بیهێڵێتەوە، واتە مرۆڤ لە بەرایی ئەو مێژووەدا کە بە پێش مێژوو ناسرابوو بە شێوەیەکی کوێرانە لەلایەن سروشتەوە کلۆڵ و زەلیل ببوو، وە نەبێ مرۆڤ رازی بوبێ بەو ژیانە، واتە هەوڵی داوە بۆ رزگاربوون لە سروشت و ئەو پەیوەندیە تێك بچێت و داکەوێ لە سروشت، لێرەوە مرۆڤ پەتی خۆی دەپچڕێنێ و سەربەخۆیی خۆی وەك بوونەوەرێکی

جیاواز رادەگەیەنێ و دواتر بەهۆی کارو ژیریی و بیرکردنەوە سروشت بەلای خۆیدا رادەکێشێ بەلام ئەمجارە دەیخاتە خزمەت خۆیەوە، لەم کارکردنەدا مرۆڤ خۆشی خۆی دەگۆڕی لە بوونەوەرێکی کۆیلەی سروشت و نیمچە ئاژەڵ و دەبێتە ئەو مرۆڤەی خۆ دەناسێ، خۆی بە جیا لە سروشت سەیر دەکات و دەڵێ (من جیام لەوانی دی، من هەست بە سەربەخۆیی و بوونی خۆم دەکەم، کەوابێ من چیم!!؟) بەم پرسیارە مرۆڤ بەدوای ئەو وەلامەدا دەگەڕێ کە پرسیارەکەی تێر بکات، ئەم بیرکردنەوەیە سەرەتایی دروست بوونی پێکهاتەی کەسێتی مرۆڤە، لای ئەرستۆ مرۆڤ بیرکەرەوەیە،

لە قۆناغێکی دیاری کراوی مێژوودا، مرۆڤ بەهۆی ململانێی نێوان خۆیی و سروشت گەشە دەکات، بەهۆیەوە دەگاتە چارەسەرکردنی ململانێکەو کۆتایی بە مێژووی کۆنی خۆی دەهێنێ و خۆی لەنێو مێژوویەکی تردا بەرجەستە دەکات، کە مێژووی مرۆڤایەتی واتە بوون بە مرۆڤ لە واقیعدا دەست پێدەکات، مێژووی وەهم و خەیالات و وێناندن تێدەپەڕێنێ و پێ لەسەر زەوی دادەگرێ، بوونی خۆی دەسەلمێنێ و بەرەنگاری مێژووی کۆنی خۆی دەبێتەوە ئەویش لە رێی بیرکردنەوەو ژیرییەوە نەك بەهێزو بازوو.

سروشت و مرۆڤ

هەوڵ دان بۆ سەربەخۆیی بوونی مرۆڤ، خۆی لە خۆیدا بە گەورەترین هەوڵدان دەژمێردرێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە دیالەکتیکی مێژوودا بە گرنگترین پرۆسەی خۆگۆڕین دەژمێردرێ، چونکە مرۆڤ نەیویستووە هەمیشە لەژێر کاریگەری سروشت و دەوروبەردا بمێنێتەوەو ئازادی خۆی لەدەست بدات، بەڵکو ویستوویەتی بگات بە خۆیی و ئازادی خۆی، هەر بۆیە مل کەچی قبوڵ نەکردو لە سروشت خۆی جیاکردەوەو خۆی رزگار کرد، ئەمەش لە ڕێی بیرکردنەوە (سپینۆزا لە ئاستێکی گەشەکردووتردا حسابی بۆ (بیر) کردەوە وەختێك مرۆڤ دەڵێ (نا) ئیدی لێرەوە وەزیفەیەك بە مرۆڤ دەدرێت) (گۆڤاری ژیار ژمارە (٥) ساڵی دووەم ٢٠٠٠ لاپەڕە (١٧)، بەو نارەزایی و دابڕانە گەورەیی خۆی سەلماند، ئەوەش ئەم ئاکامە دەدات بە دەستەوە کە مرۆڤ لە مرۆڤێکی تەمەڵ و کۆن و بەرکارو کەم عەقڵەوە دەگۆڕدرێ بۆ مرۆڤێکی بکەرو

ژیرو ئازاد کە خودی خۆی لە خۆیدا دەدۆزێتەوە و لە هەمان کاتدا سەربەستی دەدات بە خۆیی و لە کۆیلایەتی رزگاری دەبێت، ئەریك فرۆم دەڵێ (مرۆڤ پێش ئەوەی ببێتە خاوەن هوشیاریەکی خودی، واتە، پێش ئەوەی ببێتە مرۆڤ. لە یەکێتی‌یەکدا بوو لەگەڵ سروشتدا (ئادەم و حەوا لە بەهەشتدا) کردەی یەکەم بۆ ئازادی کە درکاندنی وشەی (نەخێر) بوو چاوی ئەوی کردەوە)، (مرۆڤ لە روانگەی مارکسەوە- ئەریك فرۆم- وەرگێرانی هەنگاو، چاپی یەکەم ١٩٩٩ لاپەرە (٧٨)، لێرەوە مرۆڤ پەتی خۆی دەپچرێنێ و دەبێتە گەورەو پیاوی خۆی، (مارکس دەڵێ: مرۆڤ ناتوانێت خۆی بەسەربەخۆ بزانێت، ئەگەر خاوەنی خۆی نەبێت) (هەمان سەرچاوەی پێشو لاپەرە (٥))، مرۆڤ بە ئازادی لەدایك دەبێت، بەلام سروشت ئەو ئازادیەی لێ کوت دەکات و دەیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە ئەویش لە وێناکردن و راڤەکردنی کاریگەریە کۆنەکاندا فشار دەخرێتە سەر مرۆڤ بۆ ئەوەی ئازاد نەبێت، واتە لە سروشت جیانەبێتەوە، بەلام پێداگرتن لەسەر ئازادی مرۆڤ خۆی پێ داگرتنە لەسەر سەربەخۆیی و گەرانەوە بۆ ئازادی یەکەم، ئەوکاتە بوونەوەر دەبێتە مرۆڤ کە ئەو یەکێتی‌یەی نێوان خۆیی و سروشت تێك بدات و جودای بکاتەوە، واتە خۆی ناوکی خۆی ببرێ، کە ئەمەش بەهەوڵ و ژیری مرۆڤ خۆی دەبێت تا ئەو کاتەی پێویست بوون بە سروشت کۆتایی دێت و ئەو پەیوەندیە ناچاریە نامێنێ،

بوون بە مرۆڤ:

پرۆسەی بوون بە مرۆڤ، پرۆسەیەکی ئاڵۆزو درێژخایەنە لە رووی رەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی لەدەست نەدات هەمیشە هەوڵی داوە لەژێر فشارە نامۆکاندا دەرچێت و رزگاری ببێت، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی بوونی خۆی وەك مرۆڤ لەدەست نەدات بەدوای خۆیدا گەڕاوە لەنێو خودی خۆیی و جوڵەی مێژوودا، لە هەمان کاتدا خۆی پاراستووە، تا ئەوکاتەی سروشت و دەورووبەری ناسی و دواجار خۆی ناسی، بۆ جودایی کردنەوەی خۆی لەوانی تر، سروشت و ئاژەڵ، ئەم پرۆسەی بە مرۆڤ بوونە، گەڕانی مرۆڤە بەدوای خۆیداو دروست کردنی پێکهاتەی کەسایەتی مرۆیییە، ئەمەش وای لێکرد کە رۆژ دوای رۆژ گەشە بکات، چ لە رووی ژیریی و چ لە رووی بایۆلۆژییەوە، ئەمەش رێ خۆشکەر بووە بۆ دروست کردنی شوێن و رێگەی خۆی و هەڵهاتن لە سروشت، واتە ژیان بردنەسەر دوور لە سروشت و ئاژەڵ، بۆ پاراستنی هەم خۆی هەم ئازادی خۆی وەك مرۆڤ (مرۆڤ بوونەوەرێکە لە پرۆسەی دروست بوونی کەسێتیدا لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە دەبێتە بوونەوەرێکی مرۆیی کەسێتی (Personality) دواجار دەبێتە بوونەوەرێکی مرۆیی (کۆمەڵایەتی)، (هەمان ژمارەی گۆڤاری ژیاری پێشوو لاپەڕە (١٨)، پاراستنی خۆ واتە پاراستنی رەگەزی مرۆڤ، کە

ئەمەش پێویستی حاڵەتی سروشتی مرۆڤە بۆ ئەوەی رەگەزی خۆی بپارێزت و تووشی وێرانکاری نەبێت، لێرەدا مرۆڤ تووشی راگواستنی خۆ دەبێ لە گیروگرفتی حاڵەتە سروشتیەکان بۆ کۆمەڵگا، ئەویش بەهۆی خۆ کۆکردنەوە لە جوگرافیایەکدا لەنێوخۆدا بۆ بەردەوامی رەوتی مرۆیی خۆیان کە ئەمیش هەر بە حاڵەتێکی سەرەتایی سەیردەکرێت کە دەتوانین پێی بڵێین حاڵەتی پاراستنی رەگەزی مرۆڤ لە وێرانکاری. ئەمەش حاڵەتی پێش کۆمەڵگایە، یان پێش دروست بوونی کۆمەڵگا (کۆمەڵگایەکی کۆمەڵایەتی)، کەوابێ بە شێوەیەکی سروشتی مرۆڤ ئەو حاڵەتە پێکەوە ژیانە دروست دەکات، یان دروست دەبێت لەبەر پێویست بوون. بۆ پاراستنی تاك لە هەمووداو هەموو لە هەمواندا،

مرۆڤی تەواو:

ئەم حاڵەتەی مرۆڤ بەوە جودا دەکرێتەوە یان پۆلێن دەکرێت کە مرۆڤ دوای جیابوونەوەی لە سروشت و لە حاڵەتی ئاژەڵی و دڕندەیی و ناهوشیاری دەچێتە نێو کۆمەڵێکی دی کە پێی دەڵێن کۆمەڵگای مرۆڤ، کە جێگەیەکی بەجێ بووە بۆ مرۆڤ خۆی وەك پێویست بوون بۆ مانەوەی خۆی و لەدەست نەدانی رەچەڵەکی، لێرەدا مرۆڤ دەبێتە مرۆڤێکی ژیر (homo sapiens) پەیرەوێکی دی جێبەجێ دەکات لەنێو کۆمەڵگادا، کە لە دەرەوەی هەڵسوکەوتی سروشتی خۆی نەبێت

بەڵكو هەمان سروشتی مرۆڤە بەڵام مرۆڤایەتیەکەی وای لێدەکات کە ببێتە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی لەسەر پەیڕەوێکی پێشکەوتوو هێزە جیهانیەکانی دەرەکی وای لێدەکەن کە بیر بکاتەوەو کاربکات بۆ مانەوەی خۆی، مرۆڤ لێرەدا بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانی سەرکەتو بێت لەگەڵ کەسانی ترداو لەگەڵ توخمی جیهانی دەوروبەردا کە بە هۆیەوە توانیویەتی شارستانیەتێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات کە لە سەرو جیهانی بایەلۆجی و ئاژەڵیەوە بێت، ئەویش جیهانی ئاوەژوو بوونی عەقڵانیە، واتە مرۆڤی تەواو و کامڵ، لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا مرۆڤەکان دەکەنە هەڵپەو ئاروەزوو جارێکی تر پەیوەندیەکانی مرۆڤ تێك دەچێ، تێك چوونی شیرازەی کۆمەڵگا (ئەم حاڵەتە پێش کۆمەڵایەتی بوونی کۆمەڵگایە) ئەمجارەیان بە شێوەیەکی تر ئەویش لەنێو کۆمەڵگاداو دوور لە سروشت، لێرەدا بەهۆی سروشتی مرۆڤەوە ئەو پەیوەندیە کە لەسەر بنەمای پێکەوە ژیان و بنەمای دروست کردنی کۆمەڵگا پێك هاتبوو، بەهۆی گۆڕانکاریەکانی ئاوەزی مرۆڤ و خۆویستی مرۆڤ شیرازەی ئەو کۆمەڵگایە تێك دەچێتەوە، (مرۆڤ دەبێتە گورگی مرۆڤ) هەروەك (هۆبز) دەڵێ، داروینی کۆمەڵایەتی و تیۆرەکەی (ململانێ لە پێناو مانەوەدا) یان (مانەوە بۆ باشترو بەهێزترە) وەك یاسایەکی سروشتی نێو ئەو کۆمەڵگایە رۆڵی خۆی دەبینێ، ئەو تیۆرەی داروین لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤی تەواودا بە شێوەی هێزی بازوو یاسای گورگ پیادە ناکرێ بەڵکو

بەهۆی ئاوەزەوە دادەکەوێتە خوارەوەو دەبێتە یاسایەك لەنێو کۆمەڵگادا، ئەو کۆمەڵگایەی کە یاسای تێدا نیە، بەڵکو سەرکەوتن بۆ ئەوەی زیاتر توانای هەبێت، ئەو سیستەمە دیاری دەکات کە دەتوانێ چ لە توانایدا هەبێ بیبات هەندەی ئەوەی کە دەتوانرێت پارێزگاری لێبکات واتە هەرکەسە بەلای خۆیدا راپێچی دەکات،

لێرەدا هەرکەسێك، ئازادی/ یەکسانی/ ئارەزووی خۆ/ پاراستنی خۆ/ دەسەڵات/ ی بۆ خۆی دەوێ، ئەمەش واتای تاکگەرایی دەنوێنێ، سەرەڕای ئەو تاکگەرایی‌یە مرۆڤ ناتوانێ بە تەنهاو دوور لە کۆمەڵگا بژی، دەردی نیچە دەڵێ (راگەیاندنی مردنی خۆیە) ناشتوانێ بگەڕێتەوە دۆخی دواکەوتن و لە کۆمەڵ خۆی جوداکاتەوە، بەڵکو پێکەوەژیان ناچاری و حەتمی دەبێ، لەبەرئەوەی بووەتە پرۆسەی یاسای کۆمەڵایەتی، واتە بە کۆمەڵایەتی بوونی کۆمەڵگا، بەم پێیە دامەزراندنی کۆمەڵگا پێویست بوونی خۆی هەیە، ئەمەش لە پەیمانە کۆمەڵایەتیەکان و رێکەوتن و کۆکبووندا دیاردەکەوێ لەسەر ئەو بنچینە هاوبەشە، لەسەر ئەو بنەما هاوبەشە کۆمەڵگای خۆی حوکمڕانێتی دەکات، بۆیە بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی "Social Contract" لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزرا، واتە لەدەست سەندنەوەی ئارەزووەکانی تاك و گەڕانەوەی بۆ گشت، هەروەها تواندنەوەی تاك لە کۆدا، نەك کۆ لە تاکدا، چونکە تاکەکەس لە زۆر باردا مل کەچ نابێ بۆ تاکێکی دی رەگەزی

خۆی)، بەڵکو مل بۆ هەموو /گشت/ شل دەکات و بەمافی خۆشی سەیری دەکات، ئەمەش دەچێتە خانەی کۆمەڵگایەکی سیاسی یان کۆمارێك کە گشت بەشداریان تیادا کردووە، ناودەبرێ، بەشداربوونیش تیایدا ناوی گەل وەردەگرن و تاکیش بەهاوڵاتی بانگ دەکرێت، ئەم پرۆسێسە کە مرۆڤ دەیەوێ بیگاتێ و لە حاڵەتی سروشتی بۆ حاڵەتی کۆمەڵگا بچێ و لەوێوە دەچێتە حاڵەتی مەدەنیەت چونکە بێ ئەو دەسەلاتە مرۆڤ گورگی مرۆڤ دەبێت،

پەیمانی کۆمەلایەتی:

کۆبوونەوەی مرۆڤەکان لە نێوان خۆیانداو لەنێو کۆمەڵگایەکی هۆشیاردا خۆی لە خۆیدا پێگەیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش، لێرەشەوە پێویست بوونی کۆمەلایەتی لەدایك دەبێت ئەویش پێویست بوونی دیاردەی مرۆڤ خۆیەتی بۆ بوون بە کۆمەلایەتی، کە خۆی وەك هاوڵاتی تیا دەدۆزێتەوە، ئەو پرۆسێسە نایەتەدی گەر لەژێر پەیمانێکدا نەبێت، ئەویش پەیمانی کۆمەلایەتی‌یە، پەیمانی کۆمەلایەتیش واتە پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵ کردن، کە تاکەکەس لەو پەیمانەدا هەست دەکات کە کەسێکی سەربەخۆیە لەو کۆمەڵەدا دەژی و مل کەچی کۆیە نەك تاك هەروەها خاوەن کۆمەڵێك ماف و ئازادی‌یە، لە هەمان کاتدا بەرامبەر بە کۆمەڵ لێپرسراوێتی هەیە کە خۆشی دەگرێتەوە، ئەو کەسەی کە هەست

بکات کە دەبێ بەشداری بکات لە کۆمەڵگادا بۆ بنیات نانەوەی کەسایەتی خۆی ئەوە حاڵەتی مرۆڤ تێدەپەڕێنێ و دەبێتە هاوڵاتی، (گواستنەوە لە حاڵەتی سروشتی بۆ حاڵەتی مەدەنی گۆڕانێکی بەرچاو لە مرۆدا دروست دەکات ئەمەش بە گۆڕینەوەی غەریزە لە ڕێڕەویدا بە دادوەری و بەتێرکردنی کردارەکانی بە مۆراڵ) (گیرگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی- د. کەریم ئەبو حەلاوە- وەرگێڕانی بۆ کوردی ئیسماعیل کوردە- ڕەوشت ڕەشید- نوری بێخاڵی- چاپی یەکەم ٢٠٠٠ لاپەڕە (٣٠))، کەوابێ بۆ ئەوەی بە تەواوی ببینە مرۆڤ دەبێ ببینە هاوڵاتی هەروەها (جان جاك رۆسۆ) دەڵێ (نابینە مرۆڤ تا نەبینە هاوڵاتی) دیارە پەیمانی کۆمەڵایەتی نامەیەکی کۆمەڵایەتیە کە مرۆڤەکان دای دەڕێژن بۆ گەیشتن بە هاوڵاتی لەژێر بیروباوەڕی خۆیاندا، ئەو نامەیە لە کۆمەڵێکی مەدەنیدا دەگاتە ئامانجی خۆی.

بە هاووڵاتی بوون:

بە هاووڵاتی بوون، بە مرۆڤ بوونە، واتە کۆمەڵێك ئەرك و بەرپرسیارێتی و کۆمەڵێك ماف و ئازادی، بەرامبەر (خۆ/ کۆمەڵ/ دەوڵەت) کەواتە هاووڵاتی مرۆڤێکە لە کۆمەڵدا کاردەکات، بەم کارانەی خۆی دروست دەکات و خۆشی دەپارێز و دەوڵەتیش دەپارێزێ و ئازادی و مافی خۆشی بەدەست دەهێنێ، ئەو مرۆڤە ئەندامێکە لە کۆمەڵداو هاوڵاتیەکە لە نیتشمانێکدا کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا توخمی دەوڵەت پێك

دەهێنن، کەواتە بوون بە ئەندام و هاوڵاتی خۆی لە خۆیدا پێکهێنەری شتێکن کە لەسەرو ئەوەوەن، ئەویش کۆمەڵە کە خۆی تیایدا ئەندامێکە و لە خۆی دادەدڕێ و دەیدات بە گشت، بە راستیش ئەندامێکی وا شایتسەی هاوڵاتی بوونەو شایستەی دەوڵەتە، دروست بوونی کۆمەڵگاو پێکەوە ژیان و پێکەوە گونجان و بەرەوپێش چوون خۆی لە خۆیدا دەوڵەتە واتە کۆمەڵگا بە دەوڵەت چوێنراوە، وەك ئاشکرایە چەمکی (Polis) هەمیشە لە تەرجومەی زمانی روسیدا مانای زاراوەی (دەوڵەت) دەدات بۆیە باس لەوە نەکراوە کۆمەڵ و دەوڵەت وەك دوو شتی دژبەیەك بەرامبەر یەکتر دابنرێ، بۆیە لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن سنوور لە نێوان هەردووکیاندا نەکێشراوە کۆمەڵ و دەوڵەت وەك دروست لەناو یەکتردا توابنەوە وابوو) (گۆڤاری مەدەنیەت ژمارە (٨) تەمووز — ئاب- ساڵی دووەم ٢٠٠٠ لاپەرە (٧١)، دەتوانین کۆمەڵی مەدەنی بە دامەزرێنەری بینای مرۆڤ دابنێین لە پرۆسەی هاوڵاتی بونیدا، ئەمەش جەستەیەکی نوێیە بۆ مرۆڤێکی نوێ و هوشیار کە هەموو ساتێ هەڵگری توخمی نوێگەری و دەوڵەت بێت، دیارە بۆ حاڵەتەکانی داڕمانی دەوڵەت کۆمەڵگا جارێکی تر دەوڵەت لەسەرشانی خۆی بینا دەکاتەوە واتە ئەگەر دەوڵەتیش پوکایەوە ئەوا کۆمەڵگا هەیە دەتوانێ جارێکی تر لە منداڵدانی خۆیدا دروستی بکاتەوە، ئەمەش شتێکی سروشتی و ئاسایی‌یە کە ئەو سەروەریە بگوازرێتەوە بۆ دەوڵەت ئەو سەروەریە لە کۆمەڵەوە بگوازرێتەوە بۆ دەوڵەت مادامەکی خۆی هەڵگری

توخمەکەی بێت و ئاسایی‌یە مل کەچ کردن بۆی، ئەمەش بۆ لەدەست نەدانی رەگەزی مرۆڤ و کۆمەڵگا، لە هەمان کاتیشدا کە دەوڵەت لەو کۆمەڵە داکەوتووە (ناتوانێ کۆمەڵ قوت بدات) گۆڤاری مەدەنیەت هەمان ژمارەی پێشو لاپەرە (٧٣)، چونکە ئامانجی دەوڵەت پاراستنی ئەو منداڵدانەیە واتە ئۆرگانیزمی کۆمەڵگا، چونکە کۆمەڵ لەنێو ئەو دەسەڵاتە مەدەنیەتەدا رۆڵی خۆی دەبینێ بۆ گەڕخستنی ئالیەتەکەی و کۆمەڵگاش رێگای جوڵەو گەشەی خۆی دەگرێتەبەر، لێرەدا پێویست بوون بە دەوڵەت پێویست دەبێت، دەوڵەتیش بەپێی یاساو کۆڕانکاریەکانی کۆمەڵ دەسەڵاتی خۆی جێبەجێ دەکات واتە زۆرجار کە رەستەیەو زۆرجار ئامراز، تا کۆمەڵی مەدەنی کامڵ بێت و لەسەر پێی خۆی راوەستێ، کۆمەڵی مەدەنی تا گەشەتر بێت ئەوا کارەکان زیاتر رێك دەخرێن و کۆمەڵ کەمتر پێویستی بە دەوڵەت دەبێت واتە خۆی ژیانی خۆی دەبات بەرێوە لە هەمان کاتیشدا مەرجەعیەتیش دەدات بە دەوڵەت.

دەوڵەت:

دەوڵەت بەپێی پرۆسەو هاوکاری کردنی تاکەکانی کۆمەڵ پێك دێت و خۆیان کۆدەکەنەوە لەژێر ئەو سیستەمەداو ئەرکی دەوڵەتیش داکۆکی کردن لەمافەکانی هەر تاکێك لەو کۆمەڵە، دەوڵەت زۆر جار لەوەش زیاتر دەڕوات خۆی هەڵدەستێ بۆ بەگەڕخستنی ئالیەتی کۆمەڵو خۆی،

لەکۆمەڵگای دواکەوتوودا دەوڵەت باوکسالاریە تا ئەو کۆمەڵە خۆیان هوشیار دەکەنەوەو ئەگەنە ئەوەی لەدەوڵەت و کاروبارەکان بگەن و دواجار بەشداری دەوڵەت بکەن لە ئەرکەکاندا، لێرەدا دەوڵەت ئامانج دەبێت و ئامرازیش دەبێت بۆ هوشیارکردنەری هاولاتیان.

ویلهێلم قۆن هومبۆکت چەندین جار دووبارەی دەکاتەوە کە ئامانجی دەوڵەت لەیەك وشەدا بریتیە لە (ئاسایش) یان (دەستەبەرکردنی ئازادیە سیاسیەکان)، خەڵکان ناتوانن لەنێو خۆیاندا خۆیان رێك بخەن بەو شێوەی کە هەموو دەیەوێ سەرەڕای ئەوەش ناتوانن خۆیان بەڕێوە بەرن، بەلام دەوڵەت دەتوانێ ئەو خەڵکانە رێك بخات و بەپێی یاسا بیانبات بەڕێوە (هەر بۆیە حکومەتی یاسا لەحکومەتی مرۆڤ باشترە، هەروەك ئەو وتەیەش کە دەڵێ (یاسا پادشا دادەنێ)، بەقسەی لۆك دەوڵەت بریتی‌یە لە جەستەیەکی نوێ بەکۆمەڵێك مافەوە کە لەسەروی مافی ئەو کەسانەن کە پێکهێنەری دەوڵەتن)، (گۆڤاری مەدەنیەت هەمان ژمارەی پێشوو ل٧٣).

کۆمەڵگای کوردەواری

کۆمەڵگای کورد، کۆمەڵگایەکی داخراوەو بەپێی سیستەمی خێڵەکی دەڕوات بەڕێوە، ئەو سیستەمە وای لەتاکی کورد کردووە کە بوون بەمرۆڤ و بوون بەکۆمەڵ نەبینێ بەخۆیەوە، تاکە کوردیش تاکێکی

ووشك‌و توندە لەژێر باری سیستەمی خێڵەکیدا گۆشەگیرو لول پێچ بووە، واتە یەکەیەکی بکەر نیە لەکۆمەڵێکدا بەڵکو بەکارێکە لە کۆمەڵێکی داخراودا، بەمەش تاکی کورد پرۆسەی پێشکەوتنی ئاوەزوو هوشیاری نەبینیوەو هەر لەنێو بازنەی خێڵدا خۆی بینیوەتەوە، سیستەمی خێڵیش خۆی لەخۆیدا سیستەمێکی دواکەوتووە هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای کورد بەگشتی بەکۆمەڵگایەکی دواکەوتووی سەرەتایی بدەینە قەڵەم، تاکی کورد نەیتوانیوە بەشداری لەکۆمەڵدا بکات لەهەمان کاتدا هەڵگری توخمی دەوڵەت نەبووە، بەهۆی پابەند بوونی تاکی کورد بەسیستەمی خێڵایەتیەوە واتە پرۆسەی بوون بە دەوڵەتی خۆی لەو سیتسەمەدا دۆزیوەتەوە، واتە لەوێدا بەدی هێناوە نەك لە دەوڵەتدا، سیستەمی خێڵ سیستەمی شەرەف و نەسەب و پاڵەوانێتی و دەمارگیری خێڵی بووە، لەسەر بنەمای خوێن نەبووە، هەربۆیە تاکی کورد بەدەر لەو ئۆرگانە بە تاکێکی نامۆ سەیرکراوەو دابڕاوە لەو ئۆرگانەش کە بەشێك بووە تیایدا، واتە بە نامۆبوونی لە خێڵ و لە هەمان کاتدا لەو ئۆرگانەش بێبەری کراوە، بە (گۆران) سەیرکراوە لەلایەن خێڵەکانی ترەوە، ئەمە نەك هەر تاك دەگرێتەوە بەڵکو (هەموو)ش دەگرێتەوە، کە هەموو لە هەمواندا کۆ نەبوونەتەوەو بە کۆمەڵایەتی بوونی خۆیان پێك نەهێناوە واتە هەموو هەر بە سەرەتایی ماونەتەوە، تاکی کورد نەیتوانیوە لە کۆمەڵگادا جێگیر بێت و ببێتە کۆمەڵگا، دیارە فشارەکانی دەرەوەی

تاکی کورد (فشاری خێڵ) زۆر بەهێز بووەو جەستەو ئاوەزی تاکی داگیرکردووەو وای لێکردووە ببێتە تاکێکی لاواز و بێدەسەڵات و تەمبەڵ. کە ئەمەش پرۆسەی بوون بە مرۆڤ دەکوژێ. بۆیە ئێستاش سەیردەکەین تاکی کورد خۆی بە بچووکی دێتە بەرچاو واتە خۆی بە بچووك دەزانی، ئەمەش بەهۆی کامڵ نەبوونی لایەنی مرۆڤی تاکی کورد خۆیەتی، لە هەمان کاتدا سیستەمی خێڵ نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پێی بوترێ کۆمەڵگا بەڵکو هەر بە داخراوی ماوەتەوەو لەنێو خۆیدا رەگەزی مرۆڤی یان بوون بە مرۆڤی خۆیانیان رووخاندووە و نەیانپاراستووە، بەڵکو هەر هەرەم پارێزراوە، واتای هەموو خۆیان گەڕاندۆتەوە بۆ تاك و تاکی کوردیش کە هەموو دەگەیەنێ (لێرەدا مەبەست کۆمەڵگای کۆمەڵایەتی نیە) تواونەتەوە لە تاکێکدا ئەمە پێچەوانەی بوون بە کۆلمەڵگایە خۆی دەبێ تاك لە کۆمەڵدا بتوێتەوە چونکە کۆمەڵ سەرو تاکە هەرەمیش کە دەسەڵاتە سەروو هەموو دەبێ، بەڵام لای تاکی کورد تەنها سەرۆك خێڵە دەسەڵاتە و هەموو شتێکە ئەوانی تر نەمرۆڤن نە هاوڵاتی و نە تاکن بەڵکو یەکەیەکن بەپێی ئارەزوو خواست و ویست سیستەمی خێڵ (سەرۆك خێڵ) بەکاردەهێنرێت، ئەمەش وای کردووە کە هەرکاتێك سەرۆك هۆز نەمێنێ ئەمان نەتوانن سەرۆکێکی تر لە جیاتی ئەو دابنێن بەڵکو کوڕی — نەوەی سەرۆك خێڵ شوێنی گرتۆتەوە، ئەو سیستەمە نوێیە هەر

شێوەیەك بێت دەبێ تاكی كورد قبوڵی بكات، بێدەر لەوە تاكی كورد فێری دراوەتە دەرەوەی ئەو سیستەمە، خێڵەكانی كورد زۆربەیان خێڵی كۆچەرین‌و جێگیر بوونیان نەدیوە بەخۆیانەوە، دەتوانین بڵێین سیستەمی خێڵی كورد (كۆچەری — شوانكاری) بووە وەك لەوەی كشتوكاڵی بووبێت، لەبەر ئەوەشە خێڵەكان یەكیان نەگرتووەو نەبوونەتە كۆمەڵگایەك، چونكە گەرمیان‌و كوێستانیان كردووە، لەبەر ئەو هۆیەشە كە كۆمەڵگای كوردی كۆمەڵگایەكی تەمەڵەو هەوڵی پێشكەوتنی نەداوە بەڵكو ژێرخان‌و سەرخانی ژیانی لەسەر سروشتی ئامادەكراو بەڕێ كردووە، ئەمەش سیمای ناسینی مرۆڤی كۆنەو میللەتی سەرەتایی‌یە، لێرەشەوە لێك نزیك بوونەوە پێك نەهاتوە چ وەك تاك چ وەك كۆمەڵ چ وەك خێڵ، واتە هەڵگری ئەو توخمە نەبوون كە كۆمەڵ پێك بهێنن، چونكە مەبەستیان نەبووە تەمەڵ بوون بەڵكو مەبەستیان تەنها بژێوی بووە، لەو پرۆسەیەدا تاكی كورد بووەتە تاكێكی بێ خێرو لاواز، ئەمەش وای لێ كردووە وەك بوونەوەرێكی سەرەتایی لێی بڕوانین، كە هەمیشە لەسەر دەرەوەی خۆی بژی‌و هیچی لەباردا نەبێت‌و رەگەزی خۆی نەپارێزێ‌و هەمیشە بەر لێدان بكەوێ چ لێدانی ناوەوە چ لێدانی دەرەوە، كە هەردووكیان رووخاندنی رەگەزی مرۆڤی كورد بووە، دەتوانین بڵێین تاكی كورد وەك رەگەزیش خۆی، خۆی نەپاراستووە، بۆ مانەوەی خۆی، ئەرستۆ دەڵێ (ئەو كەسەی هیچی لەبار نیە، ببێتە ئەندامی كۆمەڵ،

واهەست بەخۆی دەکات خۆی بۆ خۆی بژێت، پێویستی بەهیچ نەبێت، ئەو ئەو کەسە توخمی پێکهێنەری دەوڵەت نیە، ئەم کەسەش یان دەبێتە بوونەوەرێکی حەیوان یان خودایی)، (گۆڤاری مەدەنیەت هەمان ژمارەی پێشوو لاپەڕە ٨٠)، لەبەر ئەوەی تاکی کورد هەڵگری توخمی کۆمەڵ نەبووە، چونکە لەدوای رووخاندنی دەوڵەتی (مید) دەوڵەتێکی تری دروست نەکردۆتەوە، هەروەها دوای رمانی کۆماری (مهاباد) کۆمارێکی تری دروست نەکردۆتەوە، هەمیشە بەرەو خوار هاتووەو خۆی بچوك کردۆتەوەو هەڵکشانی بەخۆوە نەدیوە، کەوابێ سووڕی ژیانی دەوڵەتی نەدیوە لەکۆرپەیی‌یەوە بۆ گەنج و لەوێشەوە بۆ پیری دوایش لەپیری‌یەوە جارێکی تر بۆ منداڵی واتە دروست کردنەوەی دەوڵەت. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا خۆی لەخۆیدا دەوڵەتە کاتێك ددبێتە کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە زۆرجار بە گوێی کورددا دراوە کە ناتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن، یان شایستەی ئەوەبن ببن بە دەوڵەت، ئەمەش زۆر راستە، چونکە هۆکار لە ناوەوەیە بە زۆری نەك لە دەرەوە، دیارە ددرەوەش کاریگەری خۆی هەیە، هەرکاتێك بوونەوەر بووە مرۆڤ و هاولاتی و کۆمەڵگا ئەوجا شایستەی دەوڵەت دەبێت و خۆی لە خۆیدا دەبێتە هەڵگری ئەو توخمەی دەوڵەتی پێ دروست دەکرێت و کۆمەڵگای دیش دان بە بوون و دەوڵەتیان دەنێن، واتە شایستە دەبێت، مێژوو شاهیدی ئەوەیە کە کورد زۆر هەوڵیان داوە بچنە نێو کۆمەڵگاکان و بناسرێن و دان بە بوونیا

بنرێت و مافی خۆی پێ بدرێت، بەڵام تا کۆتایی سەدەی بیست بە (نەخێر) وەڵامی دراوەتەوە، ئەمەش ئەو کارەیە کە کورد ناتوانێ خۆی دروست بکات و ببێتە کۆمەڵگایەکی کۆمەڵایەتی، واتە لاوازی کورد خۆیەتی و بێ خێری خۆیەتی دەنا پەنا بردنە بەر دەرەوە بێ هودەیەو خۆ هیلاك کردنە، کۆمەڵگای کورد تا ئێستا کۆمەڵگایەکی سەرەتایی‌یە نەك لەبەر ئەوەی دەوڵەتی نیە، بەڵکو لەبەرئەوەی نەبووەتە مرۆڤێکی تەواو، چونکە پێشتر دەوڵەتی هەبووە (مید-مهاباد) بیار کلاستەر، دەڵێ (کۆمەڵگە سەرەتایی‌یەکان کۆمەڵگەی بێ دەوڵەتن) (بڕوانە چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگای کوردی‌دا- عەتا قەرەداغی سلێمانی ١٩٩٩/ ل١٨)، کورد دەوڵەتی هەبوو بەڵام لەدەستی داوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کورد بە هیچ شێوەیەك کۆمەڵگایەکی کۆمەڵایەتی نەبووەو هەمیشە هەڵگری توخمی دەوڵەت نەبووە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین تا ئێستاش سەرەتایی‌یە، بەڵام هەندێ ئیمارەتی دروست کردووە لە جوگرافیایەکی بچوکدا بۆچی!؟ لەبەرئەوەی خۆی لەو شوێنە بچوکەدا دۆزیوەتەوە کە هەر ئەوەندە دەسەڵاتی بەسەردا شکاوە، ئەم خۆ بە بچوك زانینە کە ئیفرازێکی خێڵەکی‌یە وای‌کردووە دەوڵەت لەدەست بدات و نەتوانن دەوڵەت دروست بکەنەوە دوای رووخاندنی هەردوو دەسەڵاتی سەرەوە، بەهەرحاڵ وایان لێهاتووە بەناوچەیەك رازی ببن، (ئەشلی مونتاگیۆ) دەڵێ (گەلانی سەرەتایی ئەوانەن کە نزیکترین گەلن

لـە مرۆڤـی کۆنـەوە) (بڕوانـە هـەمان سـەرچاوەی پێشـوو ل ١٨) دیـارە کۆمەڵگای کوردی هەم سەرەتایی‌یەو هەم نزیکە لە مرۆڤی کۆنەوە من وای بۆ دەچم کە کۆمەڵی کوردی تا ئێستاش لە سەرەتایی‌دا دەژی و لە پرۆسەی بوون بە مرۆڤی دوور بۆتەوە، یان دواکەوتووە، ئەگەر کورد کۆمەڵگایەکی سەرەتایی بووە ئەدی چۆن دوو جۆر دەوڵەت هەبوو (مید/ مهاباد)؟ ئەگەر دەوڵەت پێناسەیەك بێت، یان ناسنامەیەك بێت بۆ بوون بە کۆمەڵگا، یان بوون بە مرۆڤ! ئەدی بۆ کورد نەبووە بە مرۆڤ نەبووە بە کۆمەڵگا، کەوابێ لێرەدا حاڵەتێکی یان کرۆکێکی یان بازیەکی ون بوو هەیە لە ناوەڕۆکدا، یان هۆکارێك وای‌کردبێت ئەو دوو حاڵەتەی سەرەوە روویدات! دەتوانم لەم خاڵانەی خوارەوە پرۆسەی بە نەبوونی کورد بە مرۆڤ روون بکەمەوە:

١-کۆمەڵگای کورد سووڕی ژیانی خۆی بینیوە لە پێش دروست کردنی دەوڵەتی مید (لە جوڵەی مێژوودا)، بەڵام سووڕی ئەو ژیانەی تەواو نەبووە و دەوڵەتی مید لە پیریدا رووخاوە (نەمردووە) واتە نەمردووەو لە هەناویدا توخمێکی تر هەڵگرێ بۆ درەوست کردنەوەی دەوڵەت، لێرەشەوە کۆمەڵگا تووشی نەزۆکی بووەو توخمی دەوڵەتی نوێی پێ نەبووە، واتە نەخۆشی‌یەکە لە مناڵدانیدایە، هەروەها دەروونی تاکی کوردیش بەهۆی ئەو رووخاندنەوە تووشی رووخاندنی دەروونی

هاتووه، بۆیە نەیتوانیوە تا کۆتایی سەدەی بیستەم دەوڵەت دروست بکاتەوە. "بڕوانە لاپەڕە (١٤) سووڕی ژیانی دەوڵەت"

٢-دەوڵەتی (مید) بە پیری روخێنرا واتە سووڕی ژیانی پیری نەبردە سەر هەر بۆیە دەتوانین ئەو کۆمەڵگایەی لەو ساتەدا تووشی نەزۆکی توخمی دەوڵەت بوو واتە لە دوای شکست هێنانی دەوڵەت، نەتوانرا جارێکی تر دەوڵەت دروست بکرێتەوە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە رەحمی کۆمەڵگا تووشی نەخۆشی هاتبوو، ئەو نەخۆشی‌یەی کە نەتوانێ کۆرپەلەی دەوڵەتی تر هەڵگرێ، واتە کەمەری شل بووە، یان رەحمی کۆمەڵگای کورد تووشی داکەوتن/ دابەزین بووە، بۆیە زۆرجار کۆرپەلەی لەبار دەچێ وەك ئیمارەتەکان و کۆماری مهاباد.

ئەوەش وای کردووە کە سووڕی ژیانی دروست بوونی دەوڵەت لەدەست بدات،

٣-کۆمەڵگای کورد لە دوای (مید)ەوە پەرش و بڵاو بوو بۆ یەکە یەکەو، دوورکەوتنەوە لە یەکتری لەنێو، کۆمەڵگادا سەری‌هەڵدا، ئەمەش دەروونی کوردی تێك شکاندو تووشی رەشبینی و چەپاندن و گرێ کوێرەی مێژوویی کرد.

٤-هەمدیسان تاکی کورد لە دوای ئەو رووخاندنەوە خەسڵەتی مرۆڤی لێ سەندرایەوەو بووەوە بە کۆمەڵگای پێش دروست بوونی دەوڵەتی)مید)

و بووەوە سەرەتایی و ئەمجار لەژێر سیستەمی کۆمەڵی سەرەتایی خێڵدا مایەوە.

٥-بەهۆی تێنەگەیشتن لە مێژوو، بەسەرچوونی پلەی بوون بە نەتەوە لە مێژوویەکی دیاریکراودا وەك گەلانی تر، خۆی وەك نەتەوە دروست نەکردەوە، واتە خەسڵەتی نەتەوەییشی لەدەست دا.

٦-لێرەوەو لەو بۆچوونانەی سەرەوە مرۆڤی کورد خەسڵەتی مرۆڤی لێ سەندرایەوە لەلایەن کۆمەڵگاکانی ترەوە و چووە خانەی گەلە بێ دەوڵەتەکان کە ناسراون بە گەلی سەرەتایی یان ئەو گەلە سەرەتاییانە کە ناتەواویەکیان هەیەو لە مرووڤی کۆنەوە نزیکن. یان دوانەن لەگەڵ مرۆڤی کۆندا.

کەوابێ دوای ئەو رووداوە دەرونیانەو دوای پرۆسەی مێژوویەکی دوورو درێژ چۆن ببینە هاولاتی/ بۆ ئەوەی ببینە مرۆڤ!؟ چۆن حاڵەتەکانی دڕەندەیی و گورگ و (نایندەرتاڵ)ی بگۆڕین و ببینە مرۆڤ؟! ئەم پرسیارە دەبی هەموومان لە خۆمانی بکەین تا لە حاڵەتی نامرۆڤی و مرۆڤی کۆن دەرچین و ببینە مرۆڤ.

سوڕی ژیانی ئاسایی دەوڵەت دەوڵەت



سوڕی ژیانی نائاسایی دەوڵەتی (مید)



سەرچاوەکان

١-مرۆڤ لە روانگەی مارکسەوە -ئەریك فرۆم- وەرگێڕانی- هەنگاو چاپی یەکەم ١٩٩٩ (ل٥-ل٧٨).

٢-گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی- نوسینی د. کەریك ئەبوجەلادە وەرگێڕان بۆ کوردی- ئیسماعیل رەشید کوردە، رەوشت رەشید، نوری بێخاڵی، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٠ (ل٣٠)

٣-چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگای کوردیدا، عەتا قەرەداخی، سلێمانی ١٩٩٩، ل١٨.

٤-لیبرالیزم و دیموکراسی- نۆربێر تیۆبیۆ- وەرگێڕانی رێباز مستەفا- سلێمانی ٢٠٠٠ (ل٢٠ و ل ٢٨).

٥-گۆڤاری مەدەنیەت ژمارە (٨) ساڵی ٢٠٠٠ تەمووز- ئاب (ل٧٠- ل٧١-ل٧٣).

٦-الانسان و الارتقاء- جونم لويسز نقله عن الوسيه عدنان جاموس، اصدار دار الجماهير- دمشق ١٩٧٠. (ل١٥).

٧-گۆڤاری ژیار ژمارە (٥) ساڵی دووەم ٢٠٠٠ ل ١ذ٧- ل ١٨.

فاكتەرەكانی دروست نەبوونی كەسێتی نەتەوەیی كورد

لێكۆڵینەوە لە كەسێتی نەتەوەیی پابەندە بە هەندێ دیاردەی پێكهاتەیی یان شێوازێك لە دیاردەی ئەو پێكهاتەیە كە كەسێتی نەتەوەیی دەردەبڕێ و دوایش نەتەوە وەك ئەفرازێكی كەسێتی خۆی دەردەخات و خۆی پێ دەنوێنێ، واتە وەك كەسێتییەكی نەتەوەیی هەڵدەتۆقێ، خەسڵەتەكانی كەسێتی نەتەوەیی پابەندی هەندێ هۆكارە، لەوانە شارستانی، كلتوری، مێژوویی، رۆشنبیری، دەروونی، ئایینی.. هتد، ئەمەش واتای سەربەخۆیی لە كەسێتیدا و لە كەسێتی نەتەوەییدا دەردەخات، هەر لەو رێیەشەوە دەتوانێ كەسێتی خۆی بەدەرەوە بناسێنێ و دیاردەی خۆ جیاكردنەوە لە نەتەوەكانی تر دێتە ئاراوە، واتە كەسێتی نەتەوەیی پێكهاتەیەكی تایبەتی خۆی هەیە، كە جیاوازە لە كەسێتی نەتەوەكانی تر، كە هەڵگری باری ژیان و داب و نەریت و باری

شارستانێتی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی پێوە دوبارە، ئەو کەسێتی‌یە بەپێی قۆناغی مێژوو و هەروەها دووری مێژوو کاردەکاتە سەر دەرونیان و تێکەڵاو بە لۆژیك و دەرون دەبێت و بەمەش پێکهاتەیەکی تایبەتی بۆ کەسێتی نەتەوەیی لای تاکی نەتەوە پێکدێت،

وێك چوونی شارستانیەت بە کەسێتی تاك لەنێو هەر کۆمەڵێکی بەشەریەتدا (وێنەیەکی بچوکە) یان خشتەیەکی بچوکە (Microcosm) بۆ هەموو کۆمەڵەکەی خۆی، واتە بۆ ئەو شارستانیەتەی کە ئەو کۆمەڵە یان ئەو سیستەمە پێك دەهێنن، شارستانیەت بە هەموو ناوکەکانیەوە کە هاوبەشن لە پێك هێنانید؛ لە ڕێی پەروەردەو پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی دەگوازێتەوە بۆ ناوەزی تاکەکەس و پانتاییەکی گەورەی قوڵ داگیردەکات لە شانەکانی مێشك بە شێوەیەك کە هەریەك لەو شانانە دەبنە کۆی ئەو شانانە کە سیستەمی شارستانێتی پێك دەهێنن کە خۆی لە ئاوەزدا دیاری دەکات ناوك بەناوك، بەو پێیەش کەسێتی تاکەکەس لەنێو کۆمەڵدا دەبێتە نوێنەری کەسێتی شارستانیەتی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە کاری پێکراوە کە بە شێوەیەك ئەو سۆزو دەروونە تێکەڵاو هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دەبێت، ئەو کەسێتی‌یە بەو شێوەیە دەچێتە دەرەوەی بازنەی خۆیی و خۆی وەك کەسێتی‌یەکی نەتەوەیی دەناسێنێ بە دەرەوە، وەك کەسێتی ئەڵمانی/ ئینگلیزی/ فەرەنسی/ رووسی.. هتد، کە هەر کەسێتی‌یەك سەربەخۆیی خۆی هەیەو شێوە دیاردەیەکی

کۆمەڵایەتی و دەرونی خۆی هەیە، دەتوانێ خۆی بناسێنێ و خۆی پەخش و والا بکات چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوە، قۆناغی منداڵێتی بە گرنگترین قۆناغی گەشەکردنی کەسێتی و دروستکردنی کەسێتی دەژمێردرێ ئەویش لە رێی پەروەردەکردنیەوە لە رێی خێزان و کۆمەڵەوە ئەوجا دەوڵەت کە دەتوانرێ لە رێی ئەو سێ پێکهێنەرەوە کەسێتی دەرخواردی منداڵ بدەن، ئاواش بەو شێوەیەو بە ئەزمونی گەورە کە تیایدا تێپەڕیوەو لە خۆیەوە ئەو کەسێتی‌یە دەگوازێتەوە بۆ منداڵ ئەمەش وادەکات کە یەك مەیل و یەك سیفەتی هاوبەشیان هەبێت.
کە سیفەتی بەردەوامی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دیاری دەکات لە قۆناغەکانی پەروەردەکردن، گەشەی منداڵ بە شێوەیەکی رێك و پێك بایەخێکی زۆری هەیە لەنێو کۆمەڵداو لەوێشەوە بۆ هەڵگرتنی سیفەت و پەروەردەو دواجار کەسێتی ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا پەروەردە دەکرێت، ئەمە بە یەکەم تێڕوانین سەیر ناکرێت بۆ تێگەیشتن لە کەسێتی لەبەرئەوەی بوار کراوەیە بۆ گریمانەی سەپاندنەکان و جی‌بەجێکردن و راجیاوازەکان لەسەر تاك و کەسێتی تاك و شارستانیەت ئەمەش لە چوارچێوەی هۆکارو پەیوەندیەکان کە مەیلی تاك دیاری دەکات بۆ دووبارە بوونەوەی ئەو پەیوەندیانەو لەوێشە راسەوخۆ لکاندنەوەی بە کەسێتی نەتەوەیی، ئەو لێکۆڵینەوانەو ئەو شێوازانە دەربارەی کەسێتی نەتەوەیی لە ئەزموونی منداڵیدا یان لە قۆناغی منداڵیدا سیمای سەرەکی

کەسێتی کەسی پێگەیشتوو دیار دەخات واتە یەکێتی شارستانی کە شێوازەکانی پەروەردەکردن دەهێننە کایەوەو لەوێشەوە شێوازێکی نەتەوەیی هاوبەش کە پەیوەستە بە سیمای کەسێتی کۆمەڵ. ستێرکی "هدف" شارستانێتی کۆمەڵگا وا ناسراوە کە کەسێتی بەرجەستە بکات لەسەر ئەندامەکان بە شێوەیەکی ئاسایی هەروەها بەهەکان سۆزیش لەخۆوە بچەسپێ بەسەریاندا واتە بەسەر تاکەکاندا، لەگەڵ بەردەوامی ژیان و رۆژگار ئەم بەهایانە وردە وردە گەشە دەکەن و بەسەر منداڵەکاندا خۆیان دەسەپێنن لەگەڵ کۆتایی هاتن بە قۆناغی منداڵی وادەکات کەسێتییان داگیربکات بە شێوەیەکی نەستی، دەتوانین بڵێین کامڵ بوونی کەسێتی تاکەکەس لەنێو کۆمەڵدا ئاوەژووی کامڵ بوونی شارستانیەتی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تاکەکەس تیایدا نەش و نما دەکات، هەروەها ناڕێکی دەروون و ئاوەز لەنێو خەڵکان پێوەری ناڕێکی و ناکاملی سیستەمی شارستانی دیاری دەکات، هەروەها گۆڕانکاری سێکسی و تەمەن و مێژووی کۆچ کردن و چینایەتی کۆمەڵ وز فێربوون و دووچاربوون بە نەخۆشییە جیاوازەکان هەروەها کێشەی ئابووری و دەروون و دەوروبەر ئەمانەش سەربەخۆ نین و هۆکارن لە شارستانیەت و کاری خۆیان دەکەن لە ناوکی شارستانیەت و پەیوەندیان پێوەی هەیە بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان. لە لێکۆڵینەوە بۆ کەسێتی نەتەوەیی بۆ نیشان کردنی جۆری رۆشنبیری لەنێوەندی پێکهاتەی دەروونی نێو

تاکەکاندا راڤـەی رۆشـنبیری و دەرونـی و سـایکۆلۆژی گشـتالت Gestolt Psyhology تێکەڵاو دەبێ. بۆ پێگەیشتنی منداڵ و زانستی دەرونی فرۆیدی لەنێو چوارچێوەی پرۆگرامێکی دەروونی رۆشنبیری نوێدا ئەمەش زیاتر گەیشتنە بە بەرجەستەکردنی رۆشـنبیری کۆمـەڵ لـە تـاکدا کـە تیـایدا دەژین. ئەنترۆپۆلۆجیەکان لەنێو کۆمەڵگا ئاڵۆزەکاندا توانیان لێکۆڵینەوە دەربارەی کەسێتی نەتەوەیی (Nation) بکەن، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوانە هـەر بە دەست نووسی مانەوە، مامۆستا (وستمن لابار) توانـی لێکۆڵینـەوە لەسەر کەسێتی یابانی و کەسێتی چینـی بکـات، (لابار) دەڵـێ (کەسێتی یابانی دووچاری چەند پێکهاتەیـەکی کـەم و کـوڕی ئـاڵۆز بـووە) بـەڵام لێکۆڵینەوەکەی (بندکت) دەربارەی کەسێتی یابانی ئەو جۆرە پێکهاتەیە رەت دەکاتـەوەو دەڵـی (متمانەیـەکی بـەرز هەیـە بـە خـۆ لـەنێو یابانیەکانکدا)، هەروەها لەسـەر کەسێتی چینـی چەند لێکۆڵینەوەیـەکی جیاواز هەیە، (دوبـوا) لێکۆڵینەوەیـەکی کـرد لەسـەر ئەندامانی کەسێتی تاکەکەس لە شارسـتانیەتی دوورگـەی (ئـەلۆر-Alor) ئـەو لێکۆڵینـەوەی ئەوەی دەرخست کە هەموو یەك سیفەتی جۆرە کەسێتی‌یان هەیە، واتـە جۆرە کەسێتی‌یەکەی بنـەڕەتی هاوبەش، ئـەو جـۆرە لێکۆڵینەوانـە لـەو بۆچوونـەوە دەردەکـەوێ کـە ئـەزموونی منداڵێتـی روخسـاری کەسێتی مرۆڤی کـامڵ دەردەخـات، هـەروەها یـەکێتی شارسـتانی واتـە نمونـەی شێوازەکانی پەروەردەکردن کە رۆڵی خۆی لە دروست کردنی شێوەیەکی

نەتەوەیی هاوبەش دروست دەکات کە هەموو دانیشتوانی کۆمەڵ هەڵگری ئەو جۆرە کەسێتی‌یە دەبن، سەرەڕای ئەو بنەما ژێرخانیانە زمانیش (اللغه) رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لەو پێکهاتەیەدا کە سیفەتێکی تری شارستانێتی و رۆشنبیری و لەهەمان کاتدا دەرونی دەدات بە کەسێتی تاکەکەس، چونکە زمان هۆیەکە بۆ گواستنەوەی راو گواستنەوەی بیرو لێك تێگەیشتن لەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا، زمان لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵ و تەکنیك و تەکنەلۆژیا دەگۆڕی و پێشکەوتن بەخۆوە دەبینێ، زمان گەورەترین ئامرازی دەربڕینە لە لۆژیکی ئەو کەسێتی‌یە کە دواجار وای لێ دێ زمان کەسێتی‌یەکی تر دەبەخشێ بە کەسێتی، کەسێتی تاك/ کەسێتی کۆمەڵ/ کەسێتی دەوڵەت/ ئەمەش واتای زمان لە چوارچێوەی دەوڵەت دەردەچێ و رەهەندێکی نێونەتەوەیی وەردەگرێ و پێناسەی دەکرێ بە ئاراستەی کەسێتی نەتەوە، وەك زمانی ئینگلیزی کە بە زمانی (دیبلۆماسی) نێودەبرێ و زمانی رووسی بە زمانی (هێز) و زمانی (فەرەنسی) بە زمانی (رۆمانسی) و زمانی فارسی بە زمانی (شیعر) نێودەبرێ، واتە زمانیش جۆرێك لە کەسێتی نەتەوەیی وەردەگرێ، کە ئەمەش دەرهاویشتەی ئەو کەسێتی‌یەیە کە زمان دەری دەبڕێ، ئەویش لە رێی لۆژیك و دەروونەوە، دەتوانین بڵێین زمان گوزارشە لە کەسێتی نەتەوەیی کە بەهۆیەوە دەتوانێ لەخۆی بدوێ و بەرامبەرەکەی تێ بگەیەنێت و

بەرامبەرەکەشی دەزانێ کە ئەو زمانە چ کەسێتی‌یەکی لـە پشـتەوەیەو لەوێشەوە "پێکهاتەی زمانی Strucureo Language" پـێ دەبەخشـێ، کەسێتی نەتـەوەیی بەهۆی زمانەکەیـەوە دەتوانــێ لـەخۆی بـدوێ، لـە دەرون و لۆژیکی خۆی بدوێ، دیارە گەشەی شارستانی رۆڵێکی تایبەتی گەورە دەبینێ لە پێگەیاندنی ئەو جۆرە کەسێتی‌یە، کامڵ بوونـی شارسـتانیەت کامڵ بوونی کەسێتی‌یەو کەسێتی گـوزارش لـە شارسـتانیەت دەکـات، وەنــەبێ شارســتانیەتەکان بــێ‌دەربن لــە نەخۆشــی، لــە تــێڕوانینی ئەنترۆبۆلۆژیـەوە شارستانیەکان دووچاری نەخۆشی دەبـن (راسـتەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ) بە تایـەبتی نەخۆشـیە دەروونیـەکان وەك (نەخۆشـی نوسـتن) (Sleeping Sickness) کـە ئـەو نەخۆشـی‌یە لەناوچـەکانی خـواروی ئەفریقیا بڵاوەو ئەویش لە رێگای مێش و مەگـەزی (تسـی تسـی Tse. Tse) نەخۆشــەکە تووشــی نــاڕێکی عــەقڵی دەبێــت کــە لەگــەڵ شــیزوفرینا جیاناکرێتــەوە، زۆربــەی ئــەو نەخۆشــیانە دەگەڕێتــەوە بــۆ نــەبوونی پێداویستی‌یە پزیشکی‌یە پێشکەوتووەکان (تەکنەلۆژیا) ئەم نەخۆشی‌یە وەك نەخۆشیەکانی ناڕاستەوخۆ سەیردەکرێ لەو ناوچەیەدا، ئیتالیەکان دووچاری نەخۆشی (شیزوفرینیا) بوون واتـە بە ئاژاوەچی و شەڕانگێز دەناسـرێن، بـەڵام ئەیرلەندیـەکان کـە تووشـی هــەمان نەخۆشـی بـوون سـیفەتی (هێمنــی‌و کشــانەوە)ن هــەندێ لــەو نەخۆشــیانە لەگــەڵ شارستانیەتی نەتەوەکان لەدایك دەبن وەك نەخۆشـی (ئـەمۆك AMOCK) و

(لاتا Lath) له باکوری رۆژهەڵاتی ئاسیا، هەروەها نەخۆشی (بیبلۆکتۆ Piblokto) لای ئەسکیمۆکان و نەخۆشی (هستریا) لەنێو خێڵەکانی سیبیریادا هەیە، ئەم نەخۆشی‌یە بەوە دیاردەکەوێ کە ئەو کەسە تووشی هەڵچونێکی سۆزدارانە دەبێت لەکاتی پچرپچردا کە ئەمەش بە زۆری لەنێو ئافرەتەکانیاندا دەردەکەوێ. ئەم نەخۆشی‌یەش لەوەوە سەرچاوە وەردەگرێ کە نەخۆشەکە لە دووچاری مردنی مێردەکەی یان یەکێك لە خزمەکانی ئەو نەخۆشی‌یە دەگرێ، دیارە پێشکەوتنی باری ئابووری و بەتایبەتی تەکنەلۆژی و تیۆرەکانی دەروونی و چارەسەری هەندێ لەو نەخۆشیانەیان کردووە، ئێستاش لای شارستانیەتە دواکەوتووەکان، یان ئەو خێڵانەی کە لە ناوچەیەکی گۆشەگیر دەژین ئەو نەخۆشیانەیان تێداماوە، سروشتی کەسێتی گۆڕانکاری دەکرێ واتە نەوەیەك تا نەوەیەکی دی ئەویش لەسەر بنەمای مێژوویی بەو شێوەیەی کە هەر ئەندامێك بەشێکە لەو نەوەیەی کە پێی دەڵێن نەوەو لە قۆناغی خۆیدا، واتە لە منداڵیەوە تا پیری، کەسێتی رۆشتنێکی هێواشانەیە بەرێرەوی کات دەگۆڕێ. لەبەرئەوەی کەسێتی کۆمەڵێك بە شێوەیەکی هێواشانە پابەندە بە گۆڕانی خۆ لەنێو خۆدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازانەی کە کەسەکان پێی هەڵدەستن لە پەروەردەکردنی منداڵ و کەسێتی خۆیاندا، هەروەها هەموو شارستانیەتێك گۆڕانکاری تێدا روودەدات ئەویش لەژێر کاریگەری رووداوە بەهێزەکاندا کە

شارستانیەت پێیدا تێپەڕوە وەك پەلامارەکانی دەرەوە، یان بومەلەرزە، یــان نەخۆشــیەکی کوشــندە، ئەمــەش وا دەکــات کــە لــە رووی مێژوویی‌یەوە شارستانیەت شێوە سیستەمێك پێك بهێنێ لەسەر بنەما مێژوویی کە هەر نەوەیەك سەر بە مێژووی خۆی بێت، زۆرجار ئەو شێوە گۆڕانە لە شارستانیەتدا دەڕوخێ کاتێ رووبەڕووی کەسێتی نەتەوەیی دەبێتەوە، ئەو رووداوانەی کە روو دەدەن لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر یان ئەو رووداوانەی لە شارستانیەتدا روودەدات هەموو لە رێگەی گەشەی کۆمەلایەتیەوە روودەدەن. گۆڕانکاریی ئابووری و تەکنەلۆژیەکان کە هۆکارێکی پاڵنەری عەقلانین، یان جەختی بارودۆخی دەوروبەرە گۆڕانکراوەکە وا دەکات کە گۆڕان دروست ببێت و کاریگەری خۆی دەکات بە تایبەتی لەسەر ئەزمون و قۆناغی دوای منداڵی، هەندێ جار شارستانیەتی کۆمەڵ جیاوازە لە پێکهاتەیانداو خێرایە لە گۆڕاندا ئەمەش هەمە کەسێتی پەیدا دەکات، بەلام لە شارستانیەتی هێواشدا (هێواش گۆڕاندا) و شارستانیەتی تێکەلاو ئەو کەسێتی‌یە یەك چەشن بەخۆوە دەبینێ، واتە کەسێتی خێرا ئەو کەسێتی‌یەیە کە تووشی پەرت بوون دەبێ بە هۆی گۆڕانی خێراو هەمەچەشنە لەبەرئەوەی کەسێتی‌یەکان خۆیان سازنادەن لەگەڵ دەوروبەرداو ماوەیان نیە لەگەڵ شارستانیەتدا خۆبگونجێنن هەر بۆیە تووشی پەرت بوونی دەروونی دەبن و تووشی دەمارگیری و سۆزداری دەبن دیارە نەبوونی

شارستانیەت دەبێتە نەبوونی کەسێتی کەسەکان یان کەسێتی نەتەوەیی، چونکە کەسێتییەکان خۆیان لە دەرەوەی بازنەی شارستانیەتدا دەبیننەوە، دوورن لە گەشە شارستانی و کۆمەلایەتی و نەتەوەیی‌یەکان، بوونی شارستانیەت بوونی نەتەوەیی دەردەخات و لەهەمان کاتدا سیفەتە کۆمەلایەتیەکان هەلدەگرێ، واتە پێك هێنانی شارستانیەتێکی کۆمەلایەتیەکان هەلدەگرێ، واتە پێك هێنانی شارستانیەتێکی تەواو کە جیاوازی تێدا نەبێت، بەلام شارستانیەتێك جیاوازی لە ئەندامەکانیدا هەبوو ئەوا کەسێتی ئەو ئەندامانە قالبی پال پێوەنەرانەو نائارامی و هەلچونی سۆزی پێوە دیار دەبێ یان لەخۆ دەگرێ، (بندکت) خێلی (کواکیوتل— kWAKIUTL) بە نمونە دەهێنینەوە بۆ ئەو جیاوازیانە کە لەنێوانیاندا هەیە. بە کەسێتی بوون کارێکی گرانەو لە خۆشەوە پەیدا دەبێ، کە دەلێین گرانە واتە بە پێی نۆناغەکانی مێژوو هەروەها ئەزموونی پەروەردەکردن بەلام کە دەکەوێتە نێو کۆمەلێکی هوشیارو عەقلانی کارەکە ئاسان دەبێت و لەخۆوە کەس کەسێتی نەتەوەیی /شارستانی/ کۆمەلایەتی وەردەگرێ کە دەبێتە پێناسە بۆ کەسێتی شارستانی /کەسێتی نەتەوەیی/ کەسێتی کەس/.

کەسێتی نەتەوەیی کورد

بــــەهۆی لەدەســــتدانی شارســــتانیەتی (میــــد) و تێکــــەڵاوبوونی شارستانیەتەکانی تر لەنێو کورددا بە تایبەتی شارستانیەتی ئیسلام و کلتوری ئیسلام کـورد شارستانیەت و کەسێتی /نەتـەوەیی/ کلتـوری/ دینی/ خۆی لەدەست دا، ئەمە وای کرد کە بە درێژایی مێژوو کورد بی بیناکردنەوەی کەسێتی نەتەوەیی هەمیشە لە جەنگ و شەڕو شۆڕدا بێت و هـەروەها بەهۆی زەبروزەنگی نەتەوەکانی تر کەسێتی خۆشـی لـەبیر بچێتەوەو نامۆ بێ لێی، سەرەڕای ئەوەش بڵاوبوونەوەی هەندی ئاینزای تر وای کرد زیاتر مەسەلەی کەسێتی نەتەوەیی لای کورد ئاڵۆز بێت و زۆر جار ململانێیەکی خوێناوی و توند بەخۆوە ببینـێ، ئەم حاڵەتانەش وای لـە دەروونـی تـاکی کـورد کـردووە کـە هەمیشــە بـە بێدەسـەڵاتی بمێنێتـەوە بەرامبـەر دەرەوەی خۆیی و سۆزی بۆ کۆمـەڵی خۆی نـەبێت بەڵکو تەنـها لـەژێر کاریگـەرێتی شارسـتانیەتی داگیرکـەردا بـژی لـەژێر سۆزی کلتورو بەتایبەتی کلتوری دینـدا بـژی دواجار وای کـردووە کـە کورد لە کەسێتی دینیشی نـامۆ بێت و لـە کەسێتی نەتـەوەیش بێبەری بێ، هەر بۆیە کەسێتی لای کورد پابەندی قۆناغەکانی سەردەمی خۆی نەبووەو جێگیری بەخۆوە نەدیوە، بەڵکو زۆر بـە تونـدی پابـەندبووە بەو کلتــورەی کــە داگیرکــەران ســەپاندویانە بــە ســەریاندا، لــەژێر ئــەو کاریگەرانـەدا کەسێتی کورد کەسێتی‌یەکی گێل و خێڵـەکی ماوەتـەوەو

ئەو جۆرە کەسێتی‌یە وای کردووە زیاتر بەسەر کەسێتی نەتەوەیی‌دا زاڵ بێت و لەو چوارچێوەیەدا هەمیشە تووشی گرژی و ئاڵۆزی بێت، واتە پابەند نەبووە بە گۆڕانی شارستانیەت و بنیات نانەوەی شارستانیەتی (دوای روخاندنی شارستانیەتی خۆی) کە کەسێتی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، بۆیە شۆڕشی درێژخایەن لای کورد چ شۆڕشی کلتوری بێت یان رۆشنبیری یان رامیاری، شۆڕشێکی خوێناوی درێژخایەنی بەخۆیەوە دیوە، جۆرێکی تراژدیی لەخۆگرتووە، پابەند نەبووە بە قۆناغەکانی گۆڕان و پاراستنی، زیاتر کلتورو شارستانیەتی غەیرە کورد وای کرد کە زیاتر خۆی بە دەستی کەسێتی خۆی تێك بدات و زیاتر پەرتەوازە بێت، ئەمەش وای کرد کە کورد وەك کەسێتی‌یەکی نەتەوەیی نەناسرێ و سەرهەڵنەدات و زۆرجار لەنێو هەندێ نەتەوەی تردا هەر نەناسرێ، لەبەرئەوەی ناسنامەی کەسێتی نەتەوەیی پێ نیەو خۆشی خۆی ون کردووە لە بۆتەی کەسێتی نەتەوەکانی تردا بەتایبەت نەتەوەکانی سەردەستدا، زۆرجار نەتەوەکان لەژێر کاریگەری کلتورێك یان شارستانیەتێکی تر کەسێتی خۆیان دروست کردووەو خۆیانیان پێ پاراستووە، عەتا قەرەداخی دەڵێ (دەوڵەتی فارس و کلتوری فارسی لە ئەنجامی پرۆسەی فەتحدا دووچاری شکست بوو، بەڵام لە دەوروبەری سەدەی دووەمی کۆچیدا بەخۆیان کەوتن و توانیان شیعەگەرێتی بکەنە هۆکاری زیندووکردنەوەی کەسێتی نەتەوەیی/ خۆیان)، پابەندبوونی

کورد بەو کلتورە نامۆیە بە زەرەری خۆی و قازانجی خاوەن کلتور بووە واتە کراوەتە داش، نەتەوەکانی خاوەن کلتوری نامۆ توانیویانە لە ڕێی هەڵگری کلتوری نامۆوە سیستەم/ دەوڵەت/ نەتەوە/ دروست بکەن دواجاریش خۆیان لەو کلتورە نامۆیە جودا کردۆتەوەو لە دەروونندا گەڕاونەتەوە سەر کلتوری خۆیان، کە لێرەشەوە توانیویەتی کەسێتی خۆ/ کەسێتی نەتەوەیی دروست بکات کە گەلانی ترو شارستانیەتی تر پێی ئاشنابن، وەك کەسێتی‌یەکی نەتەوەیی و خاوەن ئاینزاو ئاینێك سەیریان بکەن و ئاماژەیان بۆ بکەن. دراوسێکانی کورد یان ئەو نەتەوانەی لە جوگرافیای کوردستاندا و تێکەڵاویان لەگەڵ کورددا دروست کردووە ئیتر بە هەر هۆیەك بوبێت/ داگیرکردن/ قڕکردن/ کۆچ پێکردن/ بەرژەوەندی تایبەت، وای کردووە کە گەلی کورد زمانی دیالۆگ و پێکەوە ژیان و ناسنامەی کلتوری لەدەست بدات داوای جودابوونەوە بکات و بچێتە حاڵەتی بەرگری کردن و شەڕەوە، چونکە سەرەڕای ئەوەی ئەو نەتەوانە لە ڕێی کوشت و کوشتارەوە ناوچەکەیان داگیرکردووەو بە زۆریش کلتوری خۆیان سەپاندووە بەسەر ناوچەکەداو ڕۆژانە کورد کۆمەڵ کوژ دەکەن، هەر بۆیە زمانی دیالۆگ و پێکەوە گونجان لای کورد خۆی لەدەست داو بە ناچاری زمانی شەڕو بەرگری کردنی هێنایە ئاراوە کە لێرەدا مافی خۆی بووە، ئەم شەڕو پێکدادانە بواری نەداوە بە کورد کە شارستانیەتی/ کەسێتی خۆی/ دروست بکاتەوەو داگیرکەریش

نەیهێشتووە ئەو بووارە بڕەخسێ، بۆ ئەوەی کورد بیر لە سەربەخۆیی/ کەسێتی/ کەسێتی نەتەوەیی/ کلتور/ بکاتەوە، ئەمەش واتە ئەو سیاسەتە بەڕێ چووە، واتە دوژمن زیرەکانە توانیویانە ناوچەکە داگیربکەن و کلتوریشی لێ داگیربکەن ئەمەش خۆ بەدەستەوەدان و نائاگایی کورد دەردەخات بەرامبەر چارەنوسی، ئەو تێک شکاندنە دەرونیە لای کورد وای کرد کە نەبێتە خاوەنی کەسێتی سەربەخۆی خۆی، کە کەسێتی نەتەوەیشی لەگەڵدایە، ئەمەش بێجگە لەو شکستە تووشی چەند نەخۆشییەکی تری کردووە چ راستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ وەك نەخۆشی تەمبەڵی، ئەویش بەهۆی جوگرافیای وشکیەوە کە نەتوانراوە پاڵنەرێکی سروشتی بێت بۆ کارکردنی مەسەلە کشتوکاڵی و ئابووریەکاندا، هەربۆیە کەسێتی کورد کەسێتییەکی تەمبەڵەو هەوڵ نادات گۆڕانکاری لەو جوگرافیا وشکەدا بکات، سەرەڕای ئەوە ئەو جوگرافیایە لەمپەرێك بووە بۆ زیاتر پەرت و تێك شکاندنی کۆمەڵی کوردی، کەچی عەرەبەکان لە نیمچە دوورگەیەکی بیابانی وشکدا توانیان یەك بگرن و پێکەوە بژین و ئازاترین جەنگاوەریان لێ دەربچێ و هەموو خێڵەکان یەك بگرن و دەوڵەت و دەسەڵاتیش دروست بکەن و سنووری خۆشیان بەزاندوو دەرەوەی خۆشیان داگیرکرد، نەگەیشتن بە چارەسەری کەسێتی نەتەوەیی وایکرد لەنێو دەروونی هەر تاکێکی کورددا بیر لە تایبەتمەندیەك بکرێتەوە کە وەك نەخۆشی هەڵتۆقین، وەك

/كێلی/ تەمبەڵی/ خۆ بەزل زان/ تامەزرۆی دەسەڵات/ دەبەنگی/ درەنگ تێگەیشتن/ تورەیی، کە مێژوو هەندێ لەو حاڵەتانەمان لەسەر زاری ئەندامانی تیرە یان سەرۆك تیرەو دەرەبەگ و کەسایەتیەکان بۆمان دەگێڕنەوە، نمونەش بۆ ئەوە، (هەستی کوردایەتی لەنێو بابانەکانیشدا زۆر بە گوڕو تین بوو (ریچ) لە زمان یەکێکیانەوە دەیگێڕێتەوە: (بێتو دووبەرەکی و ناکۆکیی بنەماڵەیی لەنێوان سەرۆکەکانمان هەڵگیرێ، نە تورك، نە ئێران، ناتوانن بەسەرماندا زاڵ بن، تورکەکان هەمیشە بە فێل و تەڵەکە توانیویانە بەسەرماندا زاڵبن، لە راستیدا ئێمەی کورد درەنگی تێدەگەین)

ئەوەی سەرەوە نمونەیەکە بۆ درەنگ تێگەیشتن، بگرە دەیەها نمونەی تری وا هەیە لەنێو لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کورددا، دیارە ئەو نەخۆشیانە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەریان کردۆتە سەر شارستانیەت و کەسێتی کورد، وای لێکردووە کە کەسێتی‌یەکی تایبەتی نەبێت چ لە رووی کەسێتی تاکەکەسەوە چ لە رووی کەسێتی نەتەوەیی‌یەوە، دەتوانین ئەو فاکتەرانە دەست نیشان بکەن کە بوونەتە هۆی دروست نەبوونی کەسێتی نەتەوەیی کورد.

١-فاکتەری شارستانیەت

٢-فاکتەری ئایینی

٣-فاکتەری نەتەوەیی

٤-فاکتەری سۆزی نیشتمانی

٥-فاکتەری دەروونی

٦-فاکتەری تاکی کورد

٧-فاکتەری سەرکردە

٨-فاکتەری دەرەوە

٩-فاکتەری پەروەردەکردن

١-فاکتەری شارستانیەت

دیارە کورد خاوەنی گەورەترین شارستانیەت بووە لە مێژوودا ئەویش شارستانیەتی (میدیا)، سەرەڕای ئەوەش خاوەنی کلتوورو ئایینی خۆی بووە، بەڵام بەهۆی شکست هێنانی دەوڵەتی میدیا لەلایەن ئەخمینییەکان و دواجار لەلایەن لەشکری ئیسلامەوە بۆ سەر دەوڵەتی ساسانی (چونکە کوردستان بەشێك بووە لە دەوڵەتی ساسانی)، کورد ئەو شارستانیەتەی لەدەست داو وردە وردە کلتورەکەشی تێك شکاو لە بۆتەی نەتەوەکانی تردا

(فارس- تورك- عەرەب) تووایەوە، تاوای لێهات لە شارستانیەتی خۆی نامۆ بێت، ئەم نامۆبونەش کاری کردە سەر دەروونی کوردو وای لێکرد هەمیشە هەوڵ بدات بۆ ئەوەی لەدەستی چووە، بەڵام دیارە کلتوری داگیرکەر زیاتر خۆی سەپاندووە بەسەر ئاوەزی کورددا و کوردیش

باوەشی بۆ ئەو کلتورە کردۆتەوەو پێی رازی بووە، بۆیە نەیتوانیوە ئەو شارستانیەتەی لەدەستی داوە جارێکی تر بیژێنێتەوەو رۆحی بکاتەوە بەبەردا، ئەم کارەش زیاتر رێی بە نەتەوەکانی تر داوە کە بە ئارەزووی خۆیان کلتوری کورد بکەنە موڵکی خۆیان و درزەکانی شارستانیەتی خۆیانی پێ پڕ بکەنەوەو کەسێتی خۆیانی پێ دروست بکەن و دواجار ببنە خاوەن شارستانیەت و کورد بێبەری بێ لە شارستانیەتی خۆی، ئەم پرۆسەیە بە درێژایی مێژوو چووەتە سەر تا ئەمڕۆ گەشتۆتە ئەوەی داگیرکەر ببنە خاوەن مێژوو/ کلتور/ شارستانیەتی تایبەت، بەڵام کورد بێ شارستانیەت لە قەڵەم بدەن و بێ کلتوری بهێڵنەوە بۆ ئەوەی لەبەردەمی شارستانیەتی (تورك-فارس- عەرەب) رانەوەستێ کەواتە پرۆژەی روخاندنی شارستانیەتی کورد پرۆژەیەك بووە کە نەتەوەکانی تر پلانیان بۆ دارشتووە، لەوانەش هۆی ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زانیویانە گەلی کورد نەتەوەیەکی ئازاو بە جەرگە ئەمەش بووەتە جێی مەترسی بۆ سێ کلتور بۆیە بە یەکگرتنی ئەو شارستانیەتە کارێکی بەرژەوەندی بووە بۆ بنیات نانی کلتوری خۆیان و دارمانیی شارستانیەتی کورد، ئەم پرۆژەیە کاریگەری کردۆتە سەر دەروونی تاکی کورد و وای لێ کردووە کە بە زەحمەت بتوانێ هەڵبسێتەوەو نەتوانێ، یان لە باریدا نەبێ شارستانیەتی خۆی بنیات بنێتەوە.

٢-فاكتەری ئایینی

لە دوای ئەفسانەو سیحر ئایین گەورەترین هۆکار بووە بۆ دروست کردنی شارستانیەتی و بەرگری کردن لێی، زۆربەی شارستانیەتەکان لە کۆنکریتی ئایین بنیات نراون و بوژاونەتەوە، بگەرە پێگەکانی ئایین رەوکاری شارستانیەتی پێوە دیار بووەو ئاینەکان چ ئاسمانی چ زەوی باسیان لە شارستانیەت کردووە، بەتایبەتی روکنی ئەفسانەو سیحرو رووداوەکان، دەتوانین بلێین بێ دەقێکی ئایینی شارستانیەت هیچی نەگەیاندووەو بێ شارستانیەت ئایین خۆی لەدەست دەدات، زۆربەی شەرو شۆرەکان لە مێژووی بەشەریەتدا روویان داوە لە پێناو بەرگری کردن بووە لە شارستانیەت و ئایین، ئایین ئەو هێزە بووە بووەتە هۆی راگری بیناکانی شارستانیەت ئەویش بەهۆی زاڵ بوونی بەسەر رۆحی تاکە کەسەکانداو لەوێشەوە پاراستنی شارستانیەت و ئاینیش، کەواتە دەتوانین بلێین ئایین بەشێکە لە شارستانیەت کە کەسەکان، نەتەوەکان، پارێگاریان لێکردووە، هەم وەک نەتەوە هەم وەك تاکەکەش کە لەوێوە خەسڵەتێکی تایبەتی پێ بەخشیوە و وەك کلتورێك و رۆحێك روانیویەتە ئایین، لەژێر هێزی ئاییندا و رۆحی ئاییندا نەتەوەکان توانیویانە خۆیان بپارێزن و خۆیان لە شەری دەرەوە بپارێزن لە هەمان کاتدا توانیویانە دیالۆگی شارستانیەتانەی پێبکەن و تایبەتمەندیەکی خۆی هەبێت، لەنێو دەروونی تاکەکاندا ئەم هەست کردن بە ئایین بوونە، هەست

کردنێکی ڕۆحی بووەو لەوێوە تاکی ئیماندار هەڵگری دین دەتوانێ گوزارش لە خۆیی و ئایین و شارستانیەت و کلتورو تەنانەت نەتەوەی خۆی بکات، هەر نەتەوە خاوەن ئایینی خۆی بووەو پابەندی هێزە ڕۆحیەکەی بووە، کە کردویەتیە سەرمەشقی خۆیی و نەتەوەکەی، کلتورەکەی، شارستانیەتەکەی، مێژووەکەی، لەهەمان کاتدا ئەو چەمکانەشی پاراستووە لە ڕێگای ئایینیەوە، پەڕاوەکان ئاماژە بە نەتەوایەتی بوونی خۆیان و نەتەوایەتی بوونی پەڕاوەکانیان دەکەن، کەواتە ئایین توانیویەتی لەژێر کاریگەری هێزی خۆیدا نەتەوە/ خێڵ/ خێزان/ خڕبکاتەوەو لەژێر ڕەشماڵی ڕۆحدا گرێیان بداتەوەو لە پەرتەوازەیی و تێك شکان و پەرت پەرت بوون ڕزگاریان بکات، دواجار کەسێتی یەکی دینی و نەتەوەیی یان پێ ببەخشێ، بگرە زیاتر زۆر جار ئایین سنووری نەتەوەیی و جوگرافیایی و دەروونی بڕیوەو کاریگەری کردۆتە سەرنەتەوەکانی ترو ئەو نەتەوە تازانەی هەڵگری بیروباوەڕو ئاینزاو ئاینێکی تر بوون و ببنە دەروێشی ئاینی تازەو ئەو ڕۆحە نوێیە بکەنە سەرمەشقی خۆیان. دیارە کوردستان پێش ئیسلام شوێنی چەند ئایین و پەرستنێکی جۆراو جۆر بووە وەکو زەردەشتی/ مەسیحیەت/ جوولەکەیی.. هتد، واتە پێش ئیسلام کوردستان دۆخێکی فرە ئایینی هەبووە (Polycon Fess ionalis) واتە ئاینێکی پوخت و زاڵ نەبووە کە کورد هەڵگری بوبێ، ئەو ئاینانەی سەرەوە یەك کاریگەری کردۆتە سەر ئەوی

ترو توخمەکانیان تێکەڵاو بەیەکتری بووە، کوردەکان بەزۆری هەڵگری ئاینی زەردەشتی بوون، ئەوجا بوونە هەڵگری ئاینی ئیسلام، زەردەشتیەت دەبوایە ببوایە بە تاکە ئاینی باو و دەسەڵاتداری میدیا، بەڵام زەردەشتیەت نەبووە بنەمای دەوڵەتی میدیاو نەبووە دینی دەوڵەت، لەبەرئەوەی فەرمانڕەوایانی میدیا دواتریش هی تەخمینی هەوا خوای زەردەشتی نەبوون و جارجار ئەم ئاینە تووشی تەنگوچەڵەمەو هێرش و هەڕەشە دەهات و ئایینە کۆنەکانیش پێش برکێی زەردەشتیان دەکردو هەروەها ئاینی زەردەشتی لەناو خەڵکی نیشتەجێ و شارستانی و پیشە کشتوکاڵیدا بڵاوبووەوەو دۆگماکانیشی بەجۆرێکی سەرکی رەچاوی بەرژەوەندیی کۆمەڵگایەکی لەم بابەتەی دەکرد بۆیەش میللەتانی تری ئێران ئەوانەی چیایی و شوانکارو پیشە مەڕو ماڵات بەخێوکەر بوون، لەوە دەچێ کوردیش یەکێك لەمانە بووبێ بایەخێکیان بەم ئایینە تازەیە نەداو لەسەر ژیانی جارانی خۆیان بەردەوام بوون و بۆ خواوەندەکانی خۆیان کە هێزو دیاردە سروشتیەکان بوون، هەر بە دڵسۆزی مانەوە، زەردەشتی پەیامبەر ئەمانەی ناونا (دە ئیڤە یەسنا) بە مانای دێوپەرست بەرای هەندێ لێکۆڵینەوەی کورد (دە ئیڤە یەسنا) ئێستاش لەناو بەشێکی کورددا ماوەتەوە، بەڵام بە تۆزێ گۆڕانکاریەوە ئەویش ناوی (داسنی)یە کە ناوێکی کۆنی ئیزیدیەکانە، ئەخمینی، میناى مادەکان لە کاتێکدا دانیان بە ئاینی زەردەشتی نا کەچی هەر

نەیانکردە ئاینی رەسمی دەوڵەت، ئەوساکە دەوڵەت بۆ چەسپاندنی دەسەلاّت و مل کەچ کردنی دانیشتوانەکەی پەنای تەنها بردۆتە بەر هێزی جەنگی و لایەنی رۆحی بایەخی پێنەدراوە، کاتێك شاپووری دووەم (۳۰۹-۳۷۹) زەردەشتی رامیاری هۆشمەندانەشی لەگەڵدا بوو، دەوڵەت ئاینی زەردەشتی ناچار کرد گۆڕانکارییەك لەناو دۆگماو پرەنسیپەکانیدا ئەنجام بدات بەوە کە ئایین و پەرستنە کۆنەکانی تر بگرێتە خۆ، ئیتر دینی زەردەشتی بووە دینێکی لاوازو بەپێی رۆژگارو بارو دۆخ گۆڕانی بەسەردا هات تاوای لێهات زیاتر بە مەزیەسنا (مەزدایزم) دەناسرا (مەزددایزم) دوای ئەم دەستوبرا٫ە ئاینی و رامیارییە لەناو میللەتە جیاوازەکانی ئێرانداو بە تایەتیش لەناو کورددا بلاّوبووەو جێ پێی خۆی گرت. سەرکردەی فارس (کۆرش) کە نازناوی (کەیخوسرەو) کوڕی کەیکاوس بوو (۵۵۸-۵۳۰) دوای ئەوەی توانی کە میرنشینێکی بچکۆلە دابمەزرێنێت توانی فارسەکان یەك بخات و بۆ هێرش کردنە سەر میدیەکان و پایتەختەکەیان (ئەکباتان) و دەوڵەتی میدیای شکاندو پاشاکەیانی (ئەستیاغ)یان بەدیل گرت و بەدەست بەسەری کێشیان کرد بۆ فارس، و فارسەکان لە جێگای دەوڵەتی مید دەوڵەتی ئەخمانیشنییان دروست کرد، ئاینی زەردەشتی لەکاتی خۆیدا ناوچەیەکی جوگرافی فراوانی گرتەوەو بووە ئایینی رەسمی لە سەردەمی ساسانیەکانداو هەتا غەزو داگیرکەری ئیسلامی بەردەوام بوو

بەتایبەتی (مەلیك ئەردەشێری پاپکانی یەکەم (ئەرتەخشەر- ٢٢٦-٢٤١ی ز) خۆی بەمیراتگری ئەخیمنیەکان و ئالأهەڵگری شکۆی رەسەنی فارسان دادەنا بە تایبەتی سەروەری و شانازیەکانی مەلیك داریوش هەروا داوای گەڕانەوەی سنووری دەوڵەتی ئەخمینی دەکردو پاشان فەرمانیدا کە ئاتەشگەرەکان لە سەرانسەری ئیمپراتۆریادا ئاوەدان و کتێبە پیرۆزەکەی وەك (زەند، ئاڤێستا) و هی دیکەش بەشێوەیەکی رێك و پێك و بە تەواوی کۆبکرێتەوەو بیروباوەڕەکانی ئاینی زەردەشتی نوێ بکەنەوەو بۆ یەکەمین جار لە مێژووی گەلانی ئێراندا زەردەشتیەت کرا بە ئاینی رەسمی دەوڵەت، بەهۆی هاتنی لەشکری ئیسلامەوە بۆ ناوچەی ئێران، دینی زەردەشتی بە جارێ هەرەسی پێهات و کلتورەکەی رۆژ بە رۆژ لەنێو شارستانیەتەکانی تردا توایەوە. دەتوانین هۆی رووخاندانی ئاینی زەردەشتی بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە نیشان بکەین:

ا-کوردستانی کۆن ناوچەیەکی نیگافراوانی ئاینی بوو (التسامح الدینی). ئەمەش رێ خۆشکەربوو بۆ دینەکانی تر بۆ چوونە نێو رۆحی دینی زەردەشتیەت و ناوەڕۆکەکەی لاواز بکەن.

ب-ئاینی زەردە شتیەت لە ریزی ئاینەکانی ئاسمانی دانەنراوە لەلایەن ئاینەکانی ترەوەو پەیامبەر زەردەشت ناوی نەهاتووە لەپەڕاوەکاندا.

ج-ئاینی زەردەشتی ئاینێکی کراوە بووە لەڕووی پێکهاتەو ناوەڕۆکەوە و زەردەشتیش کەسایەتیەکە کراوە بووەو بڕوای وابووە کە هەموو کەس وەکو خۆی لێببێت.

د-ئاینەکە سەر بە چینێکی ئورستوکراتیانە بووەو چینی خوارەوە بێبەش بووە لە یاساکانی، هەر بۆیە ئەو چینە واتە چینی خوارەوە خۆیان بە ئاینە کۆنەکانی ترەوە بەستۆتەوەو جیانەبوونەتەوە لێی.

هـ-تاوی لێ هاتووە ئاینی زەردەشتیەت گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لە کۆنەستی کورددا جێی خۆی نەگرتەوەو لەگەڵ رۆحی تاکی کورددا تێکەڵاو نەبووەن هەر بۆیە دینی ئیسلام ئەو بۆشاییەی رۆحی تاکی کوردی پەی پێ بردووەو داگیری کردووە، بەمەش ئیسلام دیوارێکی کۆنکرێتی دروست کرد لەنێوان رۆحی کوردو ئاینی زەردەشتیەتدا تا وای لێهات کورد نامۆ بێ بەرامبەر دینەکەی.

دیارە بە گەیشتنی ئیسلام لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە عومەری کورشی خەتاب بۆ کوردستان دینی ئیسلام جێگای زەردەشتیەتی گرتەوەو بووە پەیامێکی رۆحی بۆ کورد، ئەم پرۆسەی بە ئیسلام بوونە مێژوویەکی درێژی بەخۆوە بینی دواجار ئیسلام هەرەمی رۆحی زەردەشتیەتی تێك دا لەژێر ناوی (ئاگرپەرست و شەیتنا پەرست) و لە جیاتی ئەوە هەرەمی دینی ئیسلامی سەپاند بەسەر کوردەکاندا، بە تێك شکاندنی ئاینی زەردەشت بۆشاییەکی گەورەی رۆحی دروست بوو

لای مرۆڤی کورد ئەم هەستەش پێویستی بە پڕکردنەوەی دەروونی و ڕۆحی بووە بۆیە کوردەکان ئاینی ئیسلامیان گرتە خۆو لە پرۆژەیەکی مێژوویەکی دوورو درێژداو تا ئەمڕۆ کوردەکان ئاینی ئیسلامیان تێکەڵ بە ڕۆحیان کردووەو، بەراستیش لە مێژوودا کورد هەزاران قوربانی بۆ داوەو هەزاران غەزویان کردووە لە پێناو فراوان بوونی جوگرافیای بیری ئیسلامداو هیچ نامۆییەك نابینێ لە نێوان ڕۆحی و دینی ئیسلامدا، و ەك ئەوەی ئەو ئاینە تایبەت بۆ کورد بووە وا بووە، یان کورد خۆیان بەو قەومەزانیبێ کە خودا ئاینەکە لە)عەرەبی مونافیق) بسەنێتەوەو بیدات بە قەومێکی تر (کورد)، بەڵام کورد پەی بەو نامۆییە نەبردووە کە بووەتە هۆی نامۆیی ئاینی لە کەسێتی ئاینیداو لەهەمان کاتدا لە کەسێتی نەتەوەییدا، واتە لە هەردوو کەسێتی کەوتووە چ ئاینی و چ نەتەوەیی، بەڵام ڕووداوەکانی مێژوو زەبور زەنگی نەتەوەی (تورك- عەرەب- فارس) وای لە کورد کردووە کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ کۆنەستی خۆیی و بە شوێن ئاینەکەیدا بگەڕێتەوە بە تایبەتی لە پرۆسەی بە نەتەوە بوون و کەسێتی نەتەوەییدا بۆی دەگەڕێ، لەبەرئەوەی چەند قوربانی داوە ئەوەندە مافەکانی وەك مرۆڤ، پێشێل کراوەو هەمیشە غەدری لێ کراوە، بەناوی دینیشەوە، ئەمانە وایان کرد کە کەسێتی دینی و کەسێتنی نەتەوەیی لای کورد دروست نەبێت و کەوردیش وای لێهات هەست بە لاوازی دەروونی بکات و نەتوانێ

دینەکەی خۆی بژێنێتەوەو نەشیتوانیوە لەژێر کاریگەری دینەکانی تردا خۆی بپارێزێت یان پارێزراو بێت،

بەهۆی پێکەوە ژیانی نەتەوەکان لە کوردستاندا ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە ئەم نەتەوانە جێگای دروست بوونی هەندێ ئاینی ترو رێبازی ترین، واتە دۆخێکی هاوبەشی ئاینی لە کوردستان هەبووە ئەمەش پرۆسەی بوون بە نەوەی و بە ئاینی دواخستوەو تێکیشی داوە، (د. عبدالرحمن قاسملو) دەڵێ (هاوبەشی ئاینی یەکێك لەو هۆیانە بووە کە پێگەیشتنی نەتەوەی کوردی وەدواخستوە چونکە ئیسلام وەك ئاینی هاوبەشی موسوڵمان کراوەتە پەردەیەك بۆ داپۆشینی زوڵم و زۆری نەتەوایەتی خەلیفەکانی بەغداو پاشان سوڵتانەکانی عوسمانی کە ئەوانیش نەخشی خەلیفەیان دیاری کردووە))، هەروەها جگە لەو توخمە هاوبەشانەی زەردەشتی و ئاینە کوردیەکانی تر وەکو ئیزیدی/ ئەهلی حەق/ عەلەوی/ کاکەیی/ واتە جێگای ئەوانەشی تیا بووەتەوە هەروەها بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیەت و جولەکە کە پەیڕەوکەرانی هەبوو لە کوردستاندا ئەمانە بە رۆح بوونی زەردەشتیەتی کوشت لە کۆنەستی کورددا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کورد خاوەن دینێکی پوخی و دیاری کراو نەبووەو بەلام دوای روخانی دەوڵەتی ماد شکستی زەردەشتیەت نغرۆی دینەکانی تر بووە ئیتر بەهەر رێگایەك بووبێ. زۆر جار ئەو ئاینانەی کە کورد هەڵی گرتووە ئاینێکی رێك نەبووەو رێکخراوێکی ئاینی بەهێزو

ڕێك و پێك نەبووەو نەیانتوانیوە سەرکردایەتی هەموو لق و گروپەکانی تر بکەن بە تایبەتی (ئەهلی هەق)، سەرەڕای ئەو لاوازیەش کوردەکان دژی ئاینی ئیسلام ڕاوەستان لەکاتی داگیرکاریدا و بەرهەڵستیان کردووە لەگەڵ شوێندا موسڵمانەکان ناچار پەیمانیان لەگەڵدا بەستوون، ئاینەکانی وەك ئیسلام یەهودیەت هەموو سەنگ و قورساییەك دەخەنە سەر بە هێزکردنی هوشیاری ئایینی و هوشیاری نەتەوەیش بۆ غەیرە (عەرەب و جولەکە) تا بکرێ لاوازو کز دەکات، ئەمەش بووە کە هوشیاری نەتەوەیی لای کورد لاواز بێت سەرەڕای هوشیاری ئاینشیان، کورد هەمیشە لەژێر کاریگەری دینی تردا بۆ نەتەوەیەکی تر قوربانی داوەو خۆشی لەبیر کردووە کە دواڕۆژ چۆن دەبێ و چی لێ بەسەردێ لێرەوە پرۆسەی نامۆبوون و خۆ بزرکردن لە دیندا دەستی پێکردووە، هەستی دین لای کورد زۆر بەهێز بووە بەتایبەتی دینەکانی داگیرکەر ئەم هەستە ڕۆحیەتێکی تایبەتی لای تاکی کورد دروست کردووەو زۆر بە توندی وەری گرتووە، زۆرجار ئەو هەستە دینیە بووەتە هۆی ڕوخاندنی ئیمارەتێك یان خێڵێك یان ئاینزایەکی تر، بگرە زۆرجار ئەو هەستە شەڕی خوێناوی خۆکوژی دروست کردووە، زۆرجار شێوە ئاینێکی تر لای کورد دروست بووە وەك ئاینی تێکەڵە (سنکریتیك) کە لە توخمی جۆراو جۆری ئاینەکانی تری کۆن و نوێ پێکهاتووە، وەك (ئیزیدی) کە پسپۆڕو نوسەران ئاماژەی پێدەکەن و بە ئاینێکی تێکەڵە سەیری

دەكەن، زۆربەی ئاینەكانی تری كورد لەژێر كاریگەری ئیسلامدا تووشی شێوان و تێك شكاندن هاتوون، بەڵام ئیسلام نەیتوانیوە ئیزیدی لەناوبەرێ، بارو دۆخێكی وا لە كوردستان هەبووە كە ببێتە هۆی پەیدابوونی عەقیدە ئاینیە سینكریتیەكان و كەسێتی دینی كورد پەرت پەرت ببێت لەو رێگایانەوە. هەروەها چالاكی و دەوری دیاری كورد لە بزوتنەوەی ئاینی و سیاسیەكانی رۆژگاری خەلیفایەتیدا بووە هۆی بڵاوبوونەوەی رێبازی تەریقەی جیاواز لە كوردستاندا وەك لە سەرەوە ناومان هێناون، سەرەڕای نیگافراوانی دینی زەردەشتیەت و زەردەشت كە ئەمەش مەترسی‌یەك بووە، ئاینی كوردی نەڕەخساند (ئازاد مستەفا) دەڵێ (بوونی چەند ئاین و مەزهەبێكی جیاجیا پێشكەوتن و سەقام گیری ئەو نەتەوە دوا دەخات و هەتا دەشیخاتە بەر مەترسی پەرت پەرت بوون و لێك ترازان وەكو (هیندستان/ پاسكات،/ بەنگلادیش))، دەتوانین بڵێین دین لای كورد بەتایبەتی دینە كۆنەكان جێگای خۆیان نەكردۆتەوە لە دەروون و رۆحی كۆنەستی كورددا و نەشیانتوانی كارێكی وا بكەن كە كەسێتی‌یەكی ئاینی بۆ خۆیان دروست بكەن بەڵكو هەر بە چەپێندراوی مایەوە، ئەمەش لەدوای روخاندنی میدیاوە دەستی پێ‌كرد كە لەگەڵیدا هەستی نەتەوەیی و هەستی كەسێتی ئاینیشی پێوە رووخاو زەردەشتیش نەیتوانی رۆحی مرۆڤی كورد داگیربكات، بەڵكو دینێكی كراوە بووە كە ئەمەش رێگە خۆشكەر بوو بۆ دینەكانی تر كە

تێکەڵاوی ببن و لەدوایدا هەرەسی پێ بهێنن، بۆیە زەردەشتیەت وەك ئیسلام نەیتوانی لەسەر بنەما هێزە رۆحی و یاسا رۆحی و دینیەکەی شارستانیەتەکەی بپارێزێ، هەر بۆیە کورد لە رێگای هەستی نەتەوەیی‌یەوە دەڕوانێتە ئاینی زەردەشتی و لە حاڵەتی نەماندا بۆی دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش واتە گەڕانەوە بۆ ئاینی کۆن پرۆسەیەکی دورو درێژی مێژوویی دەروونی هەڵدەگرێ بۆ یادەوەریەکان و کۆنەست و ئاینی رۆحی زەردەشتیەت هەم بۆ دروست کردنەوەی پرۆژەی کەسێتی دینی هەم بۆ دروست کردنەوەی کەسێتی نەتەوەیی کورد.

٣-فاکتەری نەتەوەیی

پرۆسەی بە نەتەوەبوون کارێکی زۆر ئاڵۆزە، نەتەوەکان بۆ هێنانەدی مافی نەتەوەیی و بە نەتەوە بونیان چەندەها پرۆسەی گۆڕانی مێژوویی‌یان بەخۆوە دیوە، هەر نەتەوەو خەسڵەتێکی تایبەتی خۆی هەیە کە بووەتە پێناسەو ناسنامەی نەتەوایەتی، سەرەڕای ماکەکانی نەتەوەبوون وەك خاك/ زمان/ مێژوو، کە ئەوسێ ماکە دەبێتە هۆی دروست بوونی نەتەوەو واشی لێدەکات جیابێت لە نەتەوەکانی تر، نەتەوەکان بەهۆی بوونی رەگەزەکانی ئەفسانەو کلتورو شارستانیەتەوە دەتوانن خۆیان پێناسە بکەن و گوزارش لە کەسێتی نەتەوایەتیان بکەن، نەتەوە بوون کارێکی کۆمەڵایەتی و پرۆسەیەکی دەروونیە لەنێو

تاکـەکانی کۆمـەڵدا بـەهۆی پەیوەندیەکانـەوە /ئـابووری/ هەسـتی نەتەوایـەتی/ کۆمەڵایـەتی/ مێـژوو/ زمـان/ پێـك دێـت، کـەوابێ (نەتـەوە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیە کە تاکەکانی کۆمەڵ پێکـەوە دەبەسـتێت لـە حاڵەتی گەلێك پابەندی دەوڵەت بێت. یان نەتەوەیەك لە حاڵەتی پابەندی بۆ کۆمـەڵێك) دەتوانـین نەتەوایـەتی بـە حاڵـەتێکی سـۆز دابنێـین بـۆ نەتەوەیەك یان کۆمەڵێك، بەهۆی رووخاندنی دەوڵەتی (میدیا) و هەروەها هەڵگرتنی ئاینی ئیسلام کورد مەسەلەی نەتەوەیی و کەسێتی نەتەوەیی لە بیرکردوو کەسێتی تری گرتەخۆ کە دوور بوو لە کەسێتی راستەقینەی خۆی، لـەژێر بـەرگی دین و کاریگـەری دینـدا بەتایبـەتی دینـی ئیسـلام مەسەلەی نەتەوەو نەتەوایەتی لای کورد لاواز بوو، دین وای لە کورد کرد لە جیاتی ئەوەی توندو تۆڵی و رێکی بخات بەڵام لاوازو پەرت و پـەرت و بڵاوەی پـێکرد، ئەمـەش پرۆسـەی مێژوویـی گـەورەی بـەخۆوە بینـی وایکـرد مـرۆڤ کـورد وەك نەتـەوەو وەك مـرۆڤ تێـك شـکێت کـەوابێ پرۆسەی تواندنەوە لـە دینـدا وای کـردووە پرۆسـەی بوون بە نەتـەوە لـە یادکرێ و هەمیشە کورد هەوڵ بدات بۆ مەسەلە دینیەکان و مەسـەلەی نەتەوە پشت گوێ بخات، لێرەشەوە هەستی دینی زیاتر زاڵ بووە بەسەر هەستی نەتـەوەو نەتەوایـەتیدا، بـەڵام کـورد دوای ئـەوەی زانـی غـەدری لێکراوەو غەدری لێدەکرێ لەلایەن پەیرەوکەرانی دینـەوە کە کوردیـان بـۆ مەبەستی سیاسی بەکارهێناوە و هیچ مافێکیان نەدراوەتێ، بەڵام درەنگ

ئەم هەستە واتە ئەم هەست بە نەتەوەبوونە لای کورد سەری‌هەڵدا واتە دوای پرۆسەی نەتەوەکان و بەنەتەوەبوون دەتوانین هەندێ هۆکار دیار بکەین کە بووەتە هۆی ئەوەی کورد نەبێتە نەتەوەو ئەو هەستە لەیاد بکات:

ا-کورد هەوڵی نەداوە ببێتە نەتەوە لە مێژوویەکی دیاری کراودا واتە مێژووی دروست بوونی نەتەوەکان. بەڵکو زیاتر هەوڵ دراوە بۆ دروست بوونی نەتەوەکانی ترو خۆی لەبیرکردووە.

ب-کورد زیاتر هەوڵی بۆ مەسەلە دینی‌یەکان داوە وەك لە مەسەلەی نەتەوە.

ج-هەستی دینی زیاتر بووە وەك لە هەستی نەتەوەیی.

د-تێ‌نەگەیشتن لە قۆناغە گرنگەکانی مێژوو و هەلی مێژوویی.

هـ-یەك نەگرتنی کورد لەنێو خۆدا بۆ پێك هێنانی کەسێتی‌یەکی نەتەوەیی.

و-هەڵخەڵەتاندنی کورد لەلایەن نەتەوەکانی دەوروبەرەوە بە هۆی پەیمان و بەڵێنەکانەوە.

س-سڕینەوەی کلتوری کورد لەلایەن نەتەوەکانی ترەوەو هەروەها کوردیش خۆی دەستی تێدا بووە لەو سڕینەوەیەدا ئەویش بەهۆی هەڵگرتنی زمانەکانی ترو پیرۆزکردنی کلتوری بێگانە.

ح-سەرکردایەتیەکی نەتـەوەیی دروسـت نـەبووە کـە هێمـای نەتـەوەیی پێـوە دیـاربێت و سـیمای کەسـێتی نەتـەوەیی کـوردی هـەڵگرتبێ و توانیبێتـی رۆحـی کـورد داگیربکـات و کەسـێتیەکی نەتـەوەیی پـێ ببەخشێ.

ط-کـورد داردەستی نەتـەوەکانی تـر بـووەو هەمیشـە لـە قۆناغـەکانی مێژووی زێرپێنیدا کاری بۆ خۆی نەکردووەو بێئاگا بووە لەو رووداوانە کە دەبنە هۆی دروست بوونی مەسەلەی نەتەوەیی.

ی-کورد پەرتەوازەیی و دووری لە یەکتر بەخۆوە بینیوە، وەك لـەوەی کۆمەڵ بوونێکی کۆمەڵایەتی بەخۆوە ببینێ ئەمەش مەسەلەی نەتـەوەیی بوونی زیاتر دواخستووە.

ق-نەتەوەکانی دەوروبەر نکوڵیان لـە بوونـی نەتـەوەی کـورد کـردووەو سـەیری کوردیـان وەك نەتـەوەو مـرۆڤ نـەکردووە بـەڵکو وەك خێـڵ و بنەماڵەو شەڕخواز سەیریان کردووە

ل-کـەم دەرکـەوتووە سـەرکردەیەکی کـورد هـەوڵ بـدات بـۆ یـەکگرتنی کوردو مەسەلەی نەتەوەی گەلی کورد.

لەو خاڵانەی سەرەوە وا دەردەکەوێ کە کورد خۆی زیاتر کەمتەرخەمی کـردووە بەرامبـەر بـەخۆی بۆیـە هەمیشـە هـەوڵ دراوە کـورد پرۆسـەی بەتـەوەبوونی خـۆی بسـەلمێنێ و شۆڕشـەکان هەمیشـە خۆیـان لـە چوارچێوەی جوداخوازیدا بینیوەتەوە لە نەتەوەکانی تـر، وەك ئـەوەی

کوردیش نەتەوەیەکی جیایە لە نەتەوەکانی دەوروبەر کە کورد درەنگ بەوەی زانی ئەمەش واتای گەڕانەوە بووە بۆ پرۆسەی دروست بوونی نەتەوە بەڵام لەدوای بەسەرچوونی پرۆسەی دروست بوونی نەتەوەکان کە ئەم کارەش هەمیشە شکست و هەستانەوەی بەخۆوە بینیوەو مێژوویەکی تراژیدی و خوێناوی بەخۆوە دیوە.

٤-فاکتەری سۆزی نیشتمانی

سۆزی نیشتمانی بەهێزترین خاڵی بە کەسێتی بوونە لە پرۆسەی کەسێتی نەتەوەیی‌دا، چونکە بەهۆی سۆزی نیشتمانیەوە سۆزی نەتەوەیی دروست دەبێ لە دەروونی تاکەکەسداو لەوێشەوە پێکهاتەیەکی پوخت لە کەسێتی نەتەوەیی دروست دەبێت، ئەو سۆزە بەری چەندەها ساڵەی مێژووە کە لەلایەن مرۆڤەکانەوە لە دەروونـدا هەڵدەگیرێن و پابەندی نیشتمان و نەتەوە دەبێ و کەسەکان قوربانی بۆ دەدەن. دەتوانین بڵێین سۆز فاکتەرێکی دەروونی زۆر گرنگە بۆ مەسەلەکانی وەك ئەفسانە/ دین/ نەتەوە/ کە کەسایەتیەکان لە کۆنەستدا هەڵی‌دەگرن و بە هۆی هەستەوە پیادەی دەکەن و گوزاری لێ‌دەکەن ئەویش لە ڕێگای سۆزەوە یان بەسەر ئەو هێڵە پان و بەرینەی ناوەوەی مرۆڤ تێ‌دەپەڕی و لەوێوە هەست کاری خۆی دەکات و یادە کۆنەکان و مێژووە کۆنەکانی تاکەکەسی وەبیر مرۆڤ دەهێنێتەوە کە ئەمیش

نیشتمانێکی هەیە/ نەتەوەیە/ کەسێکە/ مرۆڤێکە/ مێژووی خۆی هەیە/ کلتوری خۆی هەیە/ لێرەوە هەستی نیشتمانی و سۆزی نیشتمانی دروست دەبێت کە بەمێژوویەکی دوورو درێژی هەزاران ساڵدا تێدەپەڕێ. ئەو سۆزە بەخاك و مێژوو و کلتورەوە گرێ دەدرێ و لە نەتەوەو نیشتماندا خۆیان دەبیننەوە، ئەم پرۆسەیە گەورەترین پرۆسەی پێگەیاندنی کەسێتی نەتەوەیی دەردەخات هەر لە منداڵیەوە تاکو پیری و لەوێوە بۆ نەوەیەکی ترو هەروەها، هەموویان بەهۆی پێکەوەژیان و کاریگەری کردنە سەر یەکتری بەهۆی ئەو پرۆسە مێژوویییانە ئەو هەستە دەمێنێتەوە لە کۆنەستی نەتەوەدا لەکاتی پێویستیدا دەوروژێتەوە بۆ مانەوەی نەتەوەو نیشتمان و ئەو مێژووەی لەسەری بنیات نراوە واتە پاراستنی ئەوەی بووەو هەیەو دەبێ. ئەمەش هێزێکی تری خۆشەویستی دەدات بە مرۆڤ چ بەرامبەر کەسەکانی دی و چ بەرامبەر دەوروبەر، ئەویش لە رێگای پەروەردەکردنی مرۆڤەوە هەر لە منداڵیەوە پەیدا دەبێ وایان لێ دەکات یەك کەسێتییان پێ ببەخشێ بۆ کەسێتییەکی نەتەوەیی، لە مێژوودا هەزاران قوربانی دراوە لە پێناو نیشتماندا لەلایەن مرۆڤەکانەوە، ئەمەش هۆکاری سۆزی نیشتمانیە، واتە هەستی دەروونی خۆ بە (نەتەوە) زانین بڕبڕەی بوونی نەتەوایەتی دەردەبڕن کورد بە هۆی دابڕانیان لە یەکتریەوە و هەروەها هۆی جوگرافیاکەی ئەو هەست و سۆزە لای دروست نەبووە کە بتوانن لە هەر

دۆخ و مێژوویەکدا گوزارشی لێبکەن، گەڕان بە شوێن بژێوی و کاری شوانکاری و مەڕومالاّت و کۆچ پێکردن و کۆچەری لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر وای کردووە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی پەیوەست و پابەند نەبێت بە خاکەوەو سۆزی بەرامبەر خاك و نیشتمان نەبێت لەوانەیە هەندێ جار ئەو سۆزە ورووژابێت لەبەر شالاّوی دەرەوە بۆ کوردستان بەلاّم ئەو سۆزە زۆری نەخایاندووەو لە زەمەنێکی کەمدا ڕۆچووەو نەماوە، کورد سۆزی نیشتمانی بەلاوە گرنگ نەبووە، تەنها سۆزی دین و خێڵ و بنەماڵەی بە خاڵی یەکەم و لەسەرو هەموو شتێکەوە دایناوە، خۆی قوربانی دین و خێڵ و بنەماڵە کردووە، واتە ئەم هەستە توندتر بووە وەك لە هەستی سۆزی نیشتمانی، لێرەوە دابڕانێکی دەرونی لە نەستی کورددا بەدی دەکرێ لە نێوان سۆزی نیشتمانی و کەسێتی کورد، واتە نەیزانیوە چۆن نیشتمانی خۆش بوێت، کە ڕەنگەکانی نەخشەی کوردستان قوڵ نەبۆتەوە بۆ ئەوەی ئەو وێنەی نەخشەیە کاریگەری خۆی بکاتە سەر سۆزو دەروون، زۆرجار دەربڕینی ئەو سۆزە لەژێر دەمامکی ناسیۆنالیزمدا دەری بڕیوە ئەو دەربڕینەش ناچاری بووە، زیاتر توێکڵی شۆڤێنێتی پێوە دیاربووەو وایکردووە زەرەر لە مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەیی یەکان بدات، واتە ئەو سۆزە نەزانراوە لە ڕێگای ناسیۆنالیزمانەشەوە دەیبڕێ، کە دەبوایە ئەو شۆڤێنێتی یە دوای مەسەلە سۆزی نیشتمانیەکە بوایە کە زۆربەی

نەتەوەکان لە ناوەڕۆکدا هەڵیان گرتبوو تا ئەو کاتەی نەتەوەی خۆیان دروست کرد دواجار ئەو شۆڤێنی‌یەتە بووە دیاردەیەکی کلاسیك و نەما، کورد نەیزانیوە گوزارش لە نەخشەی وڵاتەکەی بکات چ جۆرە وێنەیەکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی ئەو قوڵ بونەوەیە لە سۆزدا تێکەڵاو بێت و ببێتە خاڵێکی تری کاریگەر بۆ مەسەلەی سۆزی نیشتمانی، زۆر لە نەتەوەکان لە ڕێگای وێنەو شێوەی پێکهاتەی نەخشەی وڵاتەکەیان گوزارش لە سۆزی نیشتمانیان دەکەن. بۆ نمونە فارسەکان نەخشەی وڵاتەکەیان بەچاوی پشیلە دەشوبهێنن، وڵاتە عەرەبیەکان بە هێمای (هەڵۆ) گوزارش لە نەخشەی وڵاتەکەیان دەکەن، زۆرجار شێوازێکی ڕەگەزو مێژوویانە لەخۆدەگرێ بۆ گوزارش کردن لە نەخشەی وڵات، بەڵام کورد بە شێوەیەکی میکانیکی گوزارش لە نەخشەی وڵاتەکەی دەکات کە گوزارشێکی ترس و تۆقێنەرەو جێگای بێ متمانەیی و تەقینەوەیە ئەویش بە (دەمانچەیەك) گوزارشی لێ‌دەکات، ئەم گوزارشە وا لە تاکی کورد دەکات کە بێ بایەخانە بڕوانێتە نەخشەی وڵاتەکەی و لە هەمان کاتدا سۆزی نیشتمانی لادروست نەکات، یان لای دروست نابێ، ئەم وردەکاریانە وادەکەن کەسێتی نەتەوەیی دروست نەبێت لەبەر ئەوەی سۆزی نیشتمانی لاوازە و گرێ نەدراوە بە نیشتمانەوەو ئەو سۆزە بەهۆی تێك شکانە مێژوویی‌یەکانەوە جێگیر نەبێت و ئەو توێژاڵە سۆزیە دروست نەکات بۆ پاراستنی کەسێتی نەتەوەیی، لەهەمان کاتدا

مەسەلەی کەسێتی نەتەوەیی بەو دیوارە ژێری‌یە نەپارێزێت بەڵکو هەر وا بمێنێتەوە و مەسەلەی لاوازی بەرامبەر نیشتمانی کۆسمۆپۆلەتیک بهێنێتە بەرهەم، کە ئەمەش بۆ مەسەلەی نیشتمان و نەتەوە مەترسیەکی گەورەیەو زۆرجار دەبێتە نەخۆشی‌یەکی کوشندەی ژەهراوی.

٥-فاکتەری دەروونی

فاکتەری دەروونی ئەو فاکتەرە گرنگەیە کە دەبێتە فاکتەرێکی کۆنکرێتی بۆ دروست کردنی کەسێتی تاکەکەسی و هەم کەسێتی نەتەوەیی دەتوانرێ بەهۆی سۆزەوە هەستە دەروونیەکانەوە کاری بە کۆمەڵ بوون و دوایش بە نەتەوەبوونی لێ پەیدا دەبێت کە دواجار گوزارش دەکات بۆ کەسێتی نەتەوەیی، کاری دەروونی بە هۆی پەروەردەیی کەسەکان لەژێر کاریگەری کلتورو رۆشنبیری نەتەوەیدا دێتە بەرهەم ئەویش بەهۆی پێکەوە ژیان و لەیەك گەیشتن و لەسەر کایەیەکی بەهێزی فاکتەرە کلتوریەکان دێتە بەرهەم، پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردن لەسەر یەك خاکداو گونجاندن و خەبات کردن ئەو هەستە دەرونیە پەیدا دەکات کە هەموو لە پێناو هەموودا بن و هەموو لە پێناو نەتەوەدابن و یەك هزرو یەك بۆچوون، ئەم کۆدەروونیە دواجار دەبێتە یەك دەروون بۆ کەسێتی نەتەوەیی واتە وەك رۆح، ئەو رۆحەی پابەندە بە بنەما شارستانی‌و کلتوری‌یەکان ئەو رۆحەی تەماهی دەکەن لە نێوان خۆیانداو دواجار

ڕۆحی گەورە پێک دەهێنن کە گوزارشە لە هەموو، کاری دەروونـی بـە کۆمـەڵی بوونـی کۆمـەڵگای لێدەکەوێتـەوە، ئـەم بەکۆمـەڵ بوونـە بـە هێڵەکانی دەروونـدا دەخولێننەوەو هەمیشە لە گەڕاندایە بۆ پاراستن و پێکهێنانی کەسێتی دەروونی و وێك چوونی کەسێتی تاکەکەسـی کـە تیایدا بەرژەوەندی کەسێتی نەتەوەیی دروست دەکات و دەیپارێزێ و بە ڕۆشنبیری دەکات و شارستانیەتی پێ دەبەخشـێ و گەشـە بـە نەتـەوە دەدات و دەروونێکی تایبەتی پێدەبەخشـێ نـەك هەمـە دەروون، دیـارە لای کورد کاری دەروونی کاری پێ نەکراوەو هەستی پێنەکراوە ئەم بە ڕۆژگارێکی دوورو درێـژ بووەتـە ھـۆی لاوازی دەروونـی کـورد بەرامبـەر کەسێتی خۆی، کورد بەهۆی دابڕانی لە یەکتری و شپرزەی کۆمەڵگاکەی دەروونی تووشی ئـەو نائارامیە بووەو جێگـری بـەخۆوە نـەدیوە، واتـە دەروونی کورد لە هەل و مەرجی تایبەتدا نەژیاوە بۆ ئەوەی لە قۆزاخـەی پاراسـتن و گەشـەدا بـژی و پێبگـات، هـەروەها بـەهۆی شکسـتە مێژوویی‌یەکانەوە کورد دووچاری نەخۆشی دەروونـی و گـرێ کوێـرەی دەروونی هاتووە، کە ئەمەش پەیوەستە بەو واقعەی کورد تیـایدا ژیـاوە، لێرەشەوە سەیر نیە گەر دەروونـی کورد کاری خۆی نـەکردبێ، بـەڵکو ئەوە واقیع بووەو تاکی کورد لە دەروونیەوە دوور بـووە و ئاشنایەتی پەیدا نەکردووە، واتە دابڕانێکی دەروونی هەبووە لە نێوان تـاکی کوردو دەروونیکورددا، ئەم لێك دابڕانە بەهۆی فاکتـەری مێژوویـی بـووە کـە

بووەتە نەخۆشیەك و تاكی كوردی هیلاك كردووەو زۆرجار رەشبینی كردووە و هەمیشە بە بێزاری دەبینرێ. دەروونی كورد پاڵەپەستۆی سۆزی كرچ و كاڵی بەسەرەوەیە زیاتر وەك كاری پراكتیكی لۆژیك واتە زیاتر شتەكان لە كۆنەستدا كۆبوونەتەوە و لە هەمان كاتدا چەپێندراون، واتە ئەو هۆكارە وردانە كە زۆر گرنگن وای كردووە كورد لەنێوخۆدا (تاك-تاك) و (كۆمەڵ- كۆمەڵ) جیابن و دووربن لە یەكتری‌یەوەو دەروونیان پەرت پەرت بێت و بۆ یەكگرتنی كەسێتی نەتەوەیی خەم خۆر نەبن.

٦-فاكتەری تاكی كورد

درووست بوونی كەسێتی نەتەوەیی پابەندبوونە بە یەكە یەكەی كۆمەڵ، واتە كۆبوونەوەی تاكەكان لەنێوان خۆیاندا بۆ پێك هێنانی كەسێتی سەربەخۆ، واتە پەیمانێكی دەروونی و كۆمەڵایەتی و ئابووری كە لەسەر بنچینەی هەموو لە پێناو هەمووددا بۆ پێك هێنانی بە كۆمەڵ بوون ئەمیش لە راڕاوەكانی تاكەوە دەست پێ‌دەكات تا دەگاتە لوتكەی كۆمەڵ واتە هەرەم، تاكی كورد تاكێكی نەخۆشە لە رووی دەروونیەوە سەرەڕای لاوازی و پابەند نەبوونی بە نەتەوەوە خۆشی كۆنەكردۆتەوە، نەیتوانیوە خۆی بكاتە كۆمەڵ و لەوێشەوە لەنێو، چوارچێوەی كۆمەڵگادا/ نەتەوەدا/ خۆی بتوێنێتەوە، یان بێتە كۆمەڵ و لە نەتەوەدا خۆی

خەریکاتەوە، تاکی کورد تاکێکی تەمەڵە بەرامبەر بە خۆیی بەرامبەر نەتەوەکەی ئەمەش وایکردووە دووریەك هەبێت لەنێوان تاکەکاندا، ئەمەش پەرت پەرتی کۆمەڵگای کورد دەردەخات و تاکەکانیش نەیانتوانیوە ئەو کۆمەڵە بپارێزن و خۆشیان واتە تاکەکان رووبەرووی یەکتری بوونەتەوە خۆیان لەنێوخۆدا یەك ناگرن و دژی یەکترن و هەرکەسە خۆی بە هەرەمێك سەیردەکات، هەر لە خۆی دەڕوانێ و لە نەخۆشی بەرزتر یان بالاّتر نابینێ، ئەم تێڕوانینە وای لە تاکی کورد کردووە کە تاکێکی فووداری لێدەرچێت بایەخ و حساب بۆ بەرامبەرەکەی نەکات لێرەوە هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی پێی دەگوترێ خێزان/ کۆمەڵ/ کۆمەڵگا/ نەتەوە/ دەسەلاّت/ کەوتۆتە بەرنامەوە، تاکی کورد خۆی نەدۆزیوەتەوەو لەوەهمی هەرەمدا دەژی، زۆرجار حاڵ گەیشتۆتە ئەوەی کە تاکی کوردو خۆزگە بە کورد نەبوونی یان بە مرۆڤی نەبوونی بخوازێ، ئەمە وەك نەخۆشەیك سەری هەڵدا دوای ئەوەی مێژووی بە مرۆڤ بوون و بەنەتەوە بوون تێپەڕی و بەسەرچوو، دوای ئەو مێژووە تاکی کورد کەوتە ورێنەو هەردەم لەخۆی دەدوێ، واتە تەنها لە تاکایەتی خۆی دەدوێ و کۆمەڵی لە بیرچۆتەوە ئەم دابڕانە پرۆسەی بوون بە کۆمەڵ دەکەوژێ و لەنێو کورددا کوشتویەتی و تێکی شکاندووە لەنێو خۆدا، تاکی کورد تاکێکی یەکجار ئاڵۆزو لول پێچەو بەسەر خۆیدا شکاوەتەوە لەژێر باری گرانی رووداوەکانی مێژوو، وای لێکردووە

متمانه نەكات بە هیچ و حساب بۆ بەرامبەرەكەی نەكات یان هەستی پێنەكات ئەمەش كارێكی زۆر مەترسیە كە كوشتنی كۆمەڵ و نەتەوەو سۆزی نیشتمانی لێ دەكەوێتەوە، لە كۆمەڵگای كوردیدا خۆشەویستی‌یەك/ پەیمانێك/ سۆزێك/ هاوكاریەك/ نیە لە نێوان تاكەكاندا، ئەوەی هەیە هەموو رق و كینەو تۆڵە سەندنەوەیە ئەمەش بنەمای پێكەوە ژیان و گونجاندن و بوون بە كەسێتی دەرمێنێ، بایەخ نادرێ بە مرۆڤ و بەهاكانی، ئەوەی بایەخی پێدەدرێ تێك شكاندنەو بەس، دروست كردنەوەو بیناكردنەوە بیری لێنەكراوەتەوە، چ تاكی كورد چ كۆمەڵی كورد بەرهەم هێنی نیە، زۆرجار هەندێ بەرژەوەندی تایبەتی كۆیان دەكاتەوە بەلآم كە لە بەرژەوەندی بدرێ ئەوجا كۆمەڵێك لەرێ دەردەچێ/ پەرتەوازە دەبن/ دژی یەكتر دەبن/ دەبنە داردەستی دوژمن/ و بیر لە دواڕۆژ ناكەنەوەو بایەخی پێنادەن/ شەرەفخانی بەدلیسی دەڵێ (كوردەكان پێیان وایە ئەگەر بیر لە دواڕۆژی خۆیان بكەنەوە ترسەنۆك دەبن بۆیە قەت بیر لە دواڕۆژیان ناكەنەوە)، سەركردەیەك خێڵێك تەنها خۆی بە شایستە دەزانێ و ئەوانی تر بە كۆیلە، دەستەیەك تەنها خۆیان بەراست دەزانن و ئەوانی تر بە نەزانن و خائن دەدەنە قەڵەم/ ئەمە ئەو پێناسەیە كە كۆمەڵگای كوردی هەڵی گرتووە، واتە هەركەسە بۆ خۆیی و لە پێناو خۆیدا، كەس كاغەزی كەس ناخوێنێتەوە، (شەرەفخانی بەدلیسی) سەبارەت بە ناكۆكی و ناتەبایی كوردانیش راست و رەوان

ئامانجەکە دەپێکێ و دەنووسێ (هەرکەس بیر لە سەربەرزی خۆی دەکاتەوە؟ بە تێکڕایی بیر لە سەربەرزی تێکڕایی ناکەن و پشتی یەکتری ناگرن و نابنە یەك).

٧-فاکتەری سەرکردە

ستراتیژی کەسێتی سەرکردە هەرەمە پێکهێنەرەکانی کەسێتی نەتەوەیی دەردەخەن لە هەموو ڕوویەکەوە، سەرکردە ئەو کەسایەتیەیە کە نەتەوە کەسێتی خۆی تیا بەدی دەکات و گوزارش لە کەسێتی تاکەکانی کۆمەڵ دەکات، واتە چ کۆمەڵ چ تاك خۆیان لە کەسێتی سەرکردەدا دەبیننەوە، سەرکردە نابێتە ئەو کەسایەتیەی کە نەتەوە دەیەوێ تا ئەوکاتە لەگەڵ هەست و ڕۆحیانەدا تێکەڵ نەبێت و ئامانج و خواستەکانیان نەهێنێتە دی و نەبێتە فریادڕەسیان، دەتوانین بڵێین سەرکردە گەورەترین ڕۆڵ دەبینێ لە کۆمەڵگادا بۆ ڕاگرتنی پایەکانی مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان، کە لەوێوە دەتوانێ کاریگەری خۆی بکاتە سەر تاکەکانی کۆمەڵ، یان نەتەوەو لەیەك خاڵدا کۆیان بکاتەوە، واتە هەم سەرکردە بێت هەم حاڵەتێکی گوزارش بێت لە دەروونی تاکەکانی کۆمەڵ، لێرەوە سەرکردەی ئازاو بلیمەت و ڕاستەقینە هەڵدەکەوێ کە بتوانێ کۆمەڵ/ نەتەوە/ لە حاڵەتەکانی ون بوون و خلیسکان و لەناوچون ڕزگار بکات، واتە ئەو سەرکردەیە دەبێتە پارێزەری ماکەکانی نەتەوە بەهەموو

فەرهەنگەکانیەوە، تا دەگاتە ئەوەی وەك ئەفسانە سەیر بکرێ، (الفارابی) دەڵێ (سەرکردە لە کۆمەڵدا، وەك دڵ وایە بۆ لەش، ئەگەر سەرکردە چاك بێت ئەوا کۆمەڵگا هەموو چاکە)، کۆمەڵیش بە هۆی بلیمەتی سەرکردەوە زیاتر لە دەوری خڕدەبنەوەو دواجار دەیکەنە سەرکردەی نەتەوەیی خۆیان و جڵەوی کەسێتییان دەبەخشنە سەرکردە، لەلای نەتەوە ژێردەستەکان و دواکەوتووەکان تا ئێستاش سەرکردە گەورەترین رۆڵ دەبینێ واتە بە پلەیەك دێت لە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش بایەخدانی کۆمەڵە بە تاکە کەس و زیاتر سەیری تاکەکەس دەکرێ وەك کۆمەڵ، کۆمەڵی نەتەوە دواکەوتووەکان رۆڵی خۆیان نابینن لە گۆڕانکاریەکاندا بێئاگایی دێن و دەچن زۆرجار رۆڵی خۆیان هەیە بەڵام پێنازانن لێرەوە سەرکردەی بستەباڵا ئەو بێئاگاییە دەقۆزێتەوەو سەرکردایەتی ئەو کۆمەڵە دەگرێتە دەست، هەر بۆیە سەرکردە دەبێتە هەموو شتێك لای ئەو کۆمەڵگایە، ئەمەش ناهوشیاری کۆمەڵ دەردەخات بەرامبەر خۆیی بەهاکانی، کەواتە سەرکردە لەو حاڵەتەدا رۆڵی (شوان دەبینێ بۆ مێگەل)، لێرەدا کۆمەڵگا دەچێتە حاڵەتی ئەوەی بێ سەرکردە ژیانی مەحاڵ دەبێو بێ سەرکردە هەڵناکات، سەرەڕای حاڵەتی باشی ئەو جۆرە میکانیزمە، حاڵەتی مەترسیشی هەیە بگرە حاڵە مەترسیەکەی لە حاڵەتە باشەکەی ترسناکترە چونکە چەند سەرکردەی نەتەوەیی حاڵەتەکانی کۆمەڵ رادەگرێ و لە گۆڕانکاریەکاندا (دەستی هەیەو

نایەڵی نەتەوە تیا بچێت، ئەوەندەش مەترسی هەیە واتە ئەو ساتانەی کە سەرکردە تیا دەچێ یان تووشی حاڵەتێکی پەشێوی و دژوار دەبێت، کۆمەڵگا سەری لێ دەشێوێ وەك ئەوەی بڵێی (مەڕی بێ شوان گورگ دەیخوات)، یان ئیتر ژیانی ئەو کۆمەڵە مەحاڵ دەبێت و حاڵەتێکی شکست پێهێنان لەنێو کۆمەڵدا روودەدات زۆرجار ئەو حاڵەتە دەگاتە لەدەست دانی خێڵێك/ نەتەوەیەك/ بنەماڵەیەك/، ئەمەش حاڵەتی شپرزەیی و تێك شکانی کۆمەڵ/ نەتەوە/ دیاردەخات کە لێرەوە دەتوانین بڵێین کەسێتی و هەرەمی نەتەوە ئەو رۆڵەی لەدەستدا ئەوا کۆمەڵگاش ئەو کەسێتی‌یە نەتەوەیی‌یە لەدەست دەدات بەهۆی ئەو تێك شکاندنەوە لە کەسێتی سەرکردەدا روودەدات واتە (گورگ مەڕەکان دەخۆن) ئیستاش کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگەیەکی سەرکردە پەرستە، سەرەڕای ئەوە کۆمەڵ سەرکردایەتی نەکردۆتە حاڵەتەکانی رۆح/ باوك/ فریادرەس/ بەڵکو هەر لە دەرەوەی ئەو سێ چەمکەوە دەیپەرستێ، سەرکردایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا پابەندی جوگرافیایەکی تەسك و ناوچەیەکی بچوکی هەیە لەوێشدا هەڵتۆقیوە، واتە سەرکردایەتیەکی نەتەوەیی کە کەسێتی نەتەوەی کوردی تیادا بەرجەستە کرابێت لای کورد دروست نەبووە، کۆمەڵگای کوردی تاك پەرست و سەرکردەپەرستە تا ئەو کاتەی سەرکردە لە هەرەمی سەرکدایەتیدایە بەلام کە بزانن سەرکردە شکست دەهێنێ ئەوا بەجێی دەهێڵن و رووی لێوەردەگەڕێنن

و ڕێزی لێ ناگرن، کاتێك هەرە هێنان ڕووی لە شۆڕشی (سمکۆ- سمایل خانی شکاك ١٨٧٥-١٩٣٠) کرد هێزی کۆنفیدراسیۆنی عەشایەریش خۆی ڕانەگرت و بڵاوبووەوە، (سمکۆ) بە (ئەحمەجد تەقی) دەڵێ: (لە هەموو کەس زیاتر کورد بۆ خۆی لەگەڵ خۆی خراپە، فێری نۆکەری بوە، پشت بەخۆی نابەستێ باوەڕی بە خۆی نیە، پشتی یەك ناگرن گەورەیی یەکتری قبووڵ ناکەن، چاوتان لێیە کە من ئێستا لەم دێیە کەوتووم، چونکە وەك جاران دەستم ناڕوا، بزانە هیچ کوردێك مەرحەباییم لێدەکات و یارمەتیم دەدات؟ کوردی ئەم ناوچەیە هەموو برسی بوون بە هۆی جووڵانەوەی منەوە لە ئێراندا هەمووی بووژانەوە بێگانەکان و تەورکەکانیش باشمان تێگەیشتوون بۆیە گوێمان نادەنێ)، لە وەزعێکی وادا ئەوەی بۆ سمایل ئاغا (سمکۆ) مابۆوە تەنیا ناوو ناوبانگەکەی بوو، دواجار پاش چەند ڕۆژێك وەزعییەتەکەی گۆڕا کاتێك بۆ شاری (وان) دەعوەت کرا فەرماندەی سپاو هەموو ئەفسەرو کاربەدەستانی حکومەت بە پێشوازی سمایل ئاغاوە چوون مەسەلەکە کوت و پڕ گۆڕا. سمایل ئاغا دەتگوت هەنگەو شەلغەی داوە، ئەوانەی تخوونی نەدەکەوتن سەرلەنوێ بایان داوەو لە دەوروبەوری ئاڵان و کڕنوشیان بۆ برد سمایل ئاغایش بە واق وڕماوی‌یەوە بە (ئەحمەد تەقی) گوت (چاوت لێیە چلۆن دەوریان داوم، بڵێین چی ئێمەش تووشی ئەم نەتەوە بەدبەختە بووین ناچارین بەو وەزعەش هەردەبێ لەگەڵیان هەڵ بکەین)، کورد تاك پەرست

بووه لە هەرەمە بچووکەکاندا نەک لە هەرەمی گەورەی نەتەوەدا، واتە هەر خێڵێك و سەرکردەیەك، هەر کۆمەڵەو سەرکردەیەك هەر دەستەو سەرکردەیەك، لە هەمان کاتیشدا، تاکی کورد و زۆر تامەزۆری سەرکردایەتی بووەو حەزی لە دەسەڵات بووە، بەمەش مەسەلەی سەرکردایەتی دابەش کراوەو لە هەمان کاتدا قان دراوە بەبێ ئاگاکان، هەوڵ نەدراوە سەرکردایەتی لەژێر رەشماڵی سەرکردایەتیەکی یەکگرتوودا یان سەرکردایەتیەکی نەتەوەییدا کۆبکرێتەوە ئەویش بەهۆی لوت بەرزی و خۆبەزل زانی تاکەکانی کۆمەڵ و سەرکردە خێڵ و بنەماڵەکان، تەنانەت سەرکردەی بزوتنەوەکان زۆرجار بێ بەرنامە بوون هەر بۆیە وەڵامیان نەبووە بەرامبەر بە رەوشی نەتەوەی کورد کە ئەمەش جێی مەترسی بووە (مستەفا پاشای یامولکی) کە (سمکۆ)ی پرسیبوو: تۆ کە لەو خاکەی بەدەستتەوەیە دەتەوێ حکومەت دامەزرێنی و سەربەخۆیی، ئەی ئاڵات بۆ هەڵ نەکردووە؟ (سمکۆ) چونکە وەك خۆی هیچ بەرنامەیکی بۆ دامەزراندنی حکومەت نەبوە وەڵامی داوەتەوە (لە حاڵی حازردا هیچ بەرنامەیەکمان بەرێوە نەبردوە. من مرۆڤێکم کوردم وەرە ئەو وڵاتەی رزگارکەین، ئەوە گرنگ نیە کێ دەبێتە حاکم و رێبەر، من لەم وڵاتەدا ئەو پیاوە نیم مەقام پەرەست و لەخۆرازی بم)، راستە (سمکۆ) لە خۆبایی نەبووە، بەڵام سەرکردەیەك بتوانێ شۆرشێك هەڵبگرسێنێ گەر لە رێی سۆزی نەتەوەیشەوە بێ دەبێ ئەوەش بۆ

خۆی قبوڵ بکات کە ببێتە سەرکردە، خۆشی بە شایستە بزانێ دەنا تووشی تێك شکاندن دەبێ، چونکە ئەو کۆمەڵگایەی کە (سمکۆ) بەڕێوەی دەبرد کۆمەڵگایەك بوو لە دووی (سمکۆ) دەڕۆیشتن بەڵام بێ بەرنامەیی سمکۆ هەم شۆڕشی شکاندو هەم خۆشی و هەم کۆمەڵەکەشی، لە لاپەڕەکانی مێژووی کورد بڕوانین دەبینین سەرکردەکانی کورد خۆیان بە شایستە نەزانیوە بۆ سەرکردایەتی نمونەی گەورەش بۆ ئەوە کەریم خانی زەندە (بڕوانە پێکهاتەی کۆمەڵگاو چەمکی دەسەڵات- رەحیم سابیر)، ئەمەش حاڵەتێکی نەخۆشی دەردەخات، یان لاوازی سەرکردەی کورد دەردەخات لە تروٌپکی هەرەمدا، کاتێك دەگاتە دەسەڵات دەسڵەمێتەوە لێی، دیارە ئەو نەخۆشییە تاکەکانی کوردیشی گرتۆتەوە، کە هەم داوای دەسەڵات دەکەن و هەمیش ناتوانن بیبەن بەڕێوەو بواریش نادەن بە کەسانی ترو تاکەکانی تر دەسەڵات بگرنە دەست یان سەرکردایەتی بگرنە دەست، کەسیش رێ نادات بە کەس سەرکردایەتیان بکات، واتە کەس کاغەزی کەس ناخوێنێتەوەو هەرکەسە ئاغایەکە بۆ خۆی، ئەمە پەرت بوونی کۆمەڵگایەو تێك شکاندنی سەرکردایەتیە لە کۆمەڵدا بڕوانە مێژووی ئیمارەت و خێڵەکان و کۆماری کوردستان کە چۆن تاکی کورد هەوڵی داوە بۆ ئەوەی بگاتە سەرکردایەتی یان پلەو دەسەڵات بگرێتە دەست لەناو ئەرتەشی کورددا (احمد خانی) نەزەری شەرەفخان سەبارەت بە

کەللە رەقی و خۆ بەزل زانینی کوردەکان دەسەلمێنێ ئەمەش بابەتێکی سەرەکی و ناتەبایی و نایەککرتوویی داوەتێ کە تەنیا بێگانە سوودی لێوەردەگرێ.

(هندی ژ شه جاعەتی غەیورن
ئەو چەند ژمیننەتی نەفورن
ئەڤ غیرەت و ئەڤ علۆوی هیممەت
بۆ مانعێ حەملی باری میننەت
لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن
دایم ب تەمەروودو شیقاقن)

دیارە درنك بێ نەکردنی سەرکردایەتی لای کۆمەڵ مەترسیەکی گەورەی دەرخست بۆ نەتەوەی کورد، بەڵام لای هەندێك وەك شاعیران و نووسەران مەسەلەیەکی گرنگ بووەو بە چاوێکی بەرزەوە سەیری سەرکردایەتیان کردووەو خەڵکیشیان بۆ ئەوە هوشیار کردۆتەوە ئەوەتا (سیف القضات)ی شاعیری نیشتمانبەروەرو ناوداری ئەو سەردەمەی (سمکۆ) هەستی خۆشەویستی خۆی سەبارەت بە (سمکۆ) ئاوا دەردەبڕێ.

(سمکۆ کە خودا داویە بە مەساحیب و رئیس
شوکری بکەین بەزارو زبان و ددان و لێو
مەقسوودی وی ئەمە، کە هەقی مە بداتە مە
تەکلیفی مەش وەهایە فیدای بین بەنێرو مێ)

دیار بوو سەرکردە پێویستی‌یەکی مێژوویی بووە لە پێناو مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانیەکاندا، لەو بۆچوونەوە ئەوە دەردەخەین کە کورد نەیتوانیوە کەسێتی‌یەك نەتەوەیی دروست بکات چ بۆ سەرکردە چ بۆ کۆمەڵەکەی و سەرکردەش ئەو هەرەمە بەهێزە نەبووە کە بتوانێ تا سەر هەڵگری کەسێتی نەتەوەیی بێت و دوژمنیش ئەو هەڵەی نەداوە کە کەسێتی نەتەوەیی لای کورد دروست بێت، چونکە جێی مەترسی بووە بۆی هەر بۆیە دوژمن ئەو پردەی رووخاندووە کە کەسێتی نەتەوەیی بەسەریدا تێپەڕێ لە نێوان تاکە کەسی کوردو سەرکردەدا، ئەمەش بە لەناوبردن و ناوزڕاندن و لە سێدارەدان و ئاوارەکردنی سەرکردەکانەوە پیادەی کردووە، لەو درزەوە توانیویەتی ئەو هەرەمە بشکێنێ کە پێی دەڵێن هەرەمی کەسێتی نەتەوەیی، هەروەها توانیویەتی کەسێتی نەتەوەیی تێك بشکێنێ، تاکی کورد دوو سەرکردەی کورد هەرەمیان لە دەستداوە بۆ مەسەلەی کەسێتی‌یان و پرۆژەی کەسێتی نەتەوەیی‌یان لەدەست داوە. مێژوو بە وێنەو قسەو بەڵگە حاڵەتەکانی تێك شکاندنی کەسایەتیە کوردەکانمان بۆ دەگێڕنەوە کە چۆن کەسێتی‌یان شکاوە لەلایەن دوژمنانەوە. تاکی کورد دەتوانێ بگەڕێنەوە بۆ ئەو وێنانەی کە دوژمن لەکاتی تێك شکاندنی سەرکردەی بزوتنەوە کوردەکان دەری‌خستووە وەك وێنەی شێخ سەعیدی پیران و سمکۆو قازی محمد و شێخ محمود.. هتد، ئەو حاڵەتی وێنانە کە سەرکردە کوردیەکانی تیا

بەدی دەکرێ کە کەسێتی‌یان تێك شکاوە کاریگەری زۆری کردۆتە سەر دەروونی کوردو وای لێکردووە کە لە ڕێی ئەو وێنانەوە دەروونی کورد بشکێ و کەسێتی نەتەوەیی پێ بڕوخێ.

٨-فاکتەری دەرەوە

لەم بەشەدا بە پێویست نازانم زۆر بگەڕێمەوە دواوەو مێژوویەکی دوورو درێژی نەتەوەی کورد لەگەڵ هاوسێکانیدا باس بکەم، بەڵام دەتوانم لە دوو بازنەی دیار کراودا باسیان لێوە بکەم:

ا-نەتەوەی کوردلە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانی و سەفەویدا.

ب-سەرهەڵدانی ئیمپریالیزمە گەورەکان و پێگەیشتنی ناسیۆنالیزمی داگیرکەر.

ا-لەگەڵ سەرەتای سەدەی شانزەهەم تەرازووی سیاسی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕا شا سمایلی سەفەوی (١٤٨٥-١٥٢٤) دامەزرێنەری بناغەی دەوڵەتی سەفەوی داڕشت و توانی فارس لەژێر سەرکردایەتی یەککگرتوو کۆبکاتەوە، مەزهەبی شیعەگەریی کرد بە بنەمای حوکمڕانیەکەی بەرامبەر ترادسیۆنی مەزهەبی سوننی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، شا سمایل لە ساڵی ١٥٠١ بۆ فراوانخوازی حوکمڕانیەکەی پەلی هاویشت و کەوتە هەڵپەی داگیرکردنی کوردستان، سیاسەتی فەناتیزمی مەزهەبی شا سمایلی سەفەوی ناکۆکی قووڵی

خستە نێوان پەیوەندیەکانی کوردو ئازەرو تۆوی ناکۆکیەکەی قووڵی مەزنهەبی شیعە- سوننی و ناکۆکیەکی قووڵی نەتەوەی کورد- عەجەمی چاند، ئەم دەرکەوتنەی ئیمپراتۆریای سەفەوی شیعە دابڕانێکی تەواوی دەرخست لە بلۆکی ئیمپراتۆریای عوسمانی سوننی. بۆ فراوانخوازی هەردوو ئیمپراتۆر کوردستان هاوکێشەی ئەو ململانێ سیاسی- عەسکەرییەی عوسمانی سەفەوی بوو هەردوولا لەشکر کێشەکانیان بەناو خاکی کوردستان تێپەڕ دەبوون، بە قسەی سوڵتان سلێمانی قانوونی (دیوارێکی گۆشت و خوێن لە نێوان سەفەوی و عوسمانیدا لە کوردەکان دروست کرابوو)، ئەمە وای کرد کوردستان بکرێتە دوو پارچە بە تایبەتی لە شەڕی چالدێران ١٥١٤/٨/٢٣ کوردستانی بە عوسمانی و کوردستانی ئێرانی دەناسران، کوردستان بووە کەلاوەو جێگای شەرشو پێکدادان هەردوو ئیمپراتۆر دوای ئەوەی کوردەکان هەر دەستەیەك لایەنێکی ئیمپراتۆریای دەگرت دژ لایەنێکی دی لەوێدا کوردەکات یەکتریان قڕدەکرد بەوەی لە پێش لەشکرەکانی هەردوو ئیمپراتۆریای شەڕکەردا بوون، بە شکستی ئیمپراتۆریای سەفەوی لە جەنگی چالدێران بەشی زۆری کوردستانی خستە ناو قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریای عوسمانیەوە لەدوای ئەو شەڕە سوڵتان سەلیم لە پاداشتی چاکەی کوردەکان ئەو هەلەی بۆ پێدانی کورد رەخساند بە یارمەتی مەولانا ئیدریسی بتلیسی کوردستانێکی یەکدەست و

یەکگرتوو لە بەرامبەر دەوڵەتی سەفەویدا قوت بکاتەوە، لێرەوە شەڕی میرایەتی و ئیمارەتە کوردەکان دەستی پێ کردو زۆرجار میرە کوردەکان سنووری راگیریان لە سەلاتینی عوسمانی و پاشاکانی ئێران دەپساندو سەربەخۆیی خۆیان رادەگەیاند، شەرەفخانی بەدلیسی لەزاری مەلا سەعدەدین کە فێرکاری سوڵتان موورادخانی خوالێخۆشبوو بووە لەناو مێژووە ترکیەکەیدا کە بۆ عوسمانیان داینراوە لەمەڕ کوردیشەوە دواوەو دەڵێ (میرو پاشا کوردەکان هەریەکەیان لەلایەکەوە بۆ خۆ ئاڵای سەربەخۆیی هەڵکردبوو لەسەر دوندو ترۆپکی کەژو کێوان دەژیان لە خوا بەیەك زانین بەولاوە هیچ جۆرە یەکێتیەکیان نەبوو) شەڕو پێکدادان لەلایەن میرەکانەوە هەردەم لە ئارادا بوو ئەمەش بارێکی تری نالەباری بۆ عوسمانی و سەفەویەکان خولقاندو سەرەڕای ئەوەش دژایەتی کردنی مەزهەبی سوننی و شیعە لە هەردوو ئیمپراتۆر وای کرد لەژێر پەردەی سوننی شیعەدا دژی میرە کوردەکان بجەنگن. دوای نزیکەی نیو سەدە لە ململانێی جەنگی خوێناوی بۆ یەکەمجار هەردوو زلهێز لە پەیماننامەی (ئاماسیە)دا ١٥٥٥ لەسەر چەند خاڵێك ئاشتیەکی کاتیان دروست کرد، ئەمە بە یەکەمین پەیماننامە دادەنرێ لە نێوان دوو دەوڵەتی موسڵمانی ناکۆك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم پەیماننامەیە زەنگێکی ترسناکی لە بەرامبەر میرە کوردەکان لێدەدا، لە سەدەی نۆزدەدا لاوازی ئێران و عوسمانی وایکرد کێشەی ئاینی لەبیر چوونەوە بەرژەوەندی بەریتانیاو

رووسیا ئەوەبوو ئێران و عوسمانی چی دی بەگژ یەکتردا نەچن و ئاشتی لە نێوانیان بەرقەرار بێت سەرەنجام هەردوو دەوڵەت بەو ئاکامە گەیشتن کە دەستی کوردەکان کورت بکەنەوە، دوایی پەیماننامەی زەهاو کە لە رووی شێوەو بابەتەوە مەرجە یاساییەکانی پەیماننامەی نێودەوڵەتیەکانی تێدابوو ئەمەش بۆ دیاری کردنی کێشەکانی سنوور، ئەو پەیماننامەیە بەتەواوی کوردستانی لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانی و سەفەویدا دابەش کرد تەنانەت هەردوو ئیمپۆراتۆر هۆزە کوردەکانیشیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد، بە مۆرکردن پەیماننامەی (زەهاو- ١٦٣٩) بۆ نزیکەی هەشتا ساڵ جەنگ شەڕی ئۆفیساڵی هەردوو ئیمپراتۆر راگرات، دوابەدوای ئەوە پەیماننامەی هەمەدان بەسترا، دوای ئەوە پەیماننامەی (ئەحمەد پاشا١٧٣١) و پەیماننامەی (شێرواندا١٧٣٦) کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو دوای ئەوەش پەیماننامەی (کوردان ١٧٤٦)دا گەیشتنە پەیماننەمەیەکی ئاشتی، پەیماننامەی یەکەمی (ئەرزەڕۆم١٨٢٣) بە رەزامەندی روس و ئینگلیز لە نێوانیاندا بەستراو هەڵیان کوتایە سەر میرە کوردەکان ئەو پەیماننامەیە نەیتوانی کێشەکانی سنووری عوسمانی و فارس چارەسەر بکات دواجار هەردوو حکومەتی روسی و بەریتانی بە توندی فشاریان خستنە سەر هەردوو دەوڵەت بۆ مۆرکردنی پەیماننامەی (دووەمی ئەرزەڕۆم ٣١/ ئایار/ ١٨٤٧)دا بە چاودێری دەوڵەتی روس و بەریتانیا مۆرکرا کۆتایی

هێنا بە دەسەڵاتدارێتی ناوەخۆی کورد. بەوەش دوا ئیمارەتی بابانیش سەری تێداچوو، دیارویو هەواو گۆڕینی هۆزە کوردەکان گێچەڵی زۆری لە بارەی پێوەندیەکانی عوسمانی-فارسی دروستکردبوو چونکە هۆزە کوردەکان هەردوو دیوی سنووریان بە یەك نیشتمانی خۆیان دەزانی و ئەم دیو ئەو دیویان دەکرد، دەتوانین بڵێین هۆی پەیماننامەکانی هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی و کە لەو رێگەیەوە رێ نەدرا بە کورد وەك نەتەوەیەك خۆیان بناسێنن و کەسێتی‌یەکی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، لە ساڵی ١٨٤٩ بەدواوە ناوچەی شارەزوور راستەوخۆ بەسترایەوە بە ئەستەمبوڵەوە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و تا ئەمڕۆ وەکو پراتیکی ناڕەوا بۆ دەوڵەتی ناسیۆنالی عێراق ماوەتەوە، بەریتانیاو رووس بە تەواوی دەستیان خستبووە ناو کاروبارەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و فارسی بە شێوەیەك هەردوو دەوڵەت بوو بوون بە نیمچە کۆڵۆنی.
سەدەی هەژدەهەم بەتایبەتی لە نیوەی دووەمدا هێزەکانی ئەورووپی بە گەرمی لەسەر رۆژهەڵات لە ململانێیەکی تەواودا بوون. بە تایبەت رووس و ئینگلیز ئەمانە هەندێ پەیوەندیان لێ بووەوەو لێدروست بوو بە تایبەتی پەیوەندی بەرژەوەندیان لەگەڵ عوسمانی و فارسیدا.
دەست تێوەردانی کۆڵۆنیالیزمە گەورەکان وای‌کرد لە کوردستان و میرە کوردەکان گرنگی تایبەتیان هەبێ بۆ بەرژەوەندی ئینگلیز لێرەوە پرسی کورد پابەندبوو بە سیاسەتی کۆڵۆنیالیزمی ئەورووپیەوە بەم چەشنە بە

درێـژی سـەدەی نۆزدەهـەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم پرسـی کـورد مەسـەلەی گەورەی سیاسـەتی بـەریتانی و رووسـی بـوو، کوردسـتان لـە نێوان ئەم سیاسـەتەدا هەموو بنکەو هێزی بەرهەمهێنی لێـوە تێکدراو سـەرەنجام هیـچ گەشـەو پەرەسـەندنێکی ئـابووری بەخۆیـەوە نـەبینی تێکشکان و ئیفلیج بووی هێزی ئابووری کوردستان لەگەڵ خۆیـدا بـە پێویستەوە تێکشکانی کولتورو رۆحی کەسێتی نەتەوەیی لەگەڵ خۆی هێنـا، مەسـەلەی کـورد لـە رووی جیهانیـەوە دوو رەهـەندی سـەرکی بەخۆوە گرت:

١-رەهەندی ناوچەیی بە عوسمانیکردن و بە فارسیکردنی مەسەلەکە.

٢-رەهـەندی نێونەتـەوەیی واتـە دەستبەسـەراگرتنی ناڕاسـتەوخۆی مەسەلەکە لەلایەن هێنزە کۆلۆنیالەکانەوە بۆ فشارو فشاری سیاسی بۆ سـەر هـەردوو ئیمپراتۆریـان هـەموو مێـژووی سیاسـی کوردسـتان لـە سەدەی نۆزدەهەمـەوە تـا کۆتـایی جـەنگی یەکـەمی جیـهانیش لـەم دوو خاڵە کۆبوونەوە.

ب-سـەرهەڵدانی ئیمپریالیزمـە گـەورەکان و پێگەیشـتنی ناسـیۆنالیزمی داگیرکـەر رەقابـەتی فەرەنسـاو ئینگلیزو رووسیا بـۆ بەدەسـتەوە گرتنـی بـازاڕی مەڵبـەندی رۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت لـە سـاڵی ١٧٩٨دا دەسـتی پـێکرد، بـەریتانیا ئـەو ناوچانـەی گرتـە ژێـر دەسـتی خـۆی و بـە یەکـەم دەوڵـەتی کۆلۆنـی دەژمـێردرا لـەو ناوچەیـەدا پانتـایی ئیمـپراتۆری

بەریتانیا لە هیندستانەوە تا رووباری فورات خۆی راکێشابوو، لە سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا تا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی دەوڵەتی ئینگلیز لە مەڵبەندی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێزترین دەوڵەتی بێگانە بوو سەرانسەری خاکی کوردستانیش بووە بەشێك لەو مەڵبەندە تەماح کاریە، رووسیای تەزاری لە دوو شەڕدا فەتحعەلیشای شکست دابوو بەسەر قەفقازدا حاکمیەتی هەبوو لە باکووری ئێران رووس کوێخای وڵات بوو لە خاکی کوردستان تەنیا ناوچەی قوتوور لە باکووری کوردستانی ئێران بەهۆی نزیك بوونی لە قەفقاز بەگرنگترین شوێنی ستراتیژێکی رووسەکان دەژمێرردرا بۆیە ئەو ناوچەیە هەمیشە لەژێر چاوەدێریدا راگرتبوو، رووس و ئینگلیز لە تاران و ئەستەمبوڵ رۆڵی سیاسی و بازاڕی هەردوو وڵاتیان بەدەست بوو ئەو پەیوەندیە نالەبارەو بەرژەوەندیە کاریگەریەکی زۆری هەبوو بەسەر ناوچەکانی کوردنشینەوە لەو نێوەدا خەبات و شۆڕشی رزگاریخوازانەی کورد هۆکاری تێکدانی ئەو رۆڵ و نەزمە ستراتیژییە بوو کە رووس و ئینگلیز لە وڵاتی ئێران و ئیمپراتۆری عوسمانیدا بەڕێوەیان دەبرد، ئینگلیز بە توندی و رووسەکان بە شلتر ئەو نەزمەیان بەڕێوە دەبرد لە ناوچەکانی کوردستان هەر بۆیە هەر شۆڕشێك هەڵگیرسایە بەدەستی رووسی یان بەریتانی تێك دەشکا چونکە هەردوولا خوازیاری ئەوە نەبوون قەوارەیەکی سیاسی بۆ کوردستان

پەیدا ببێ یان کوردەکان داوای سەربەخۆیی بکەن بۆیە هەمیشە ئەم ناوچەیە لە شەڕو پێکداداندا بووە، هەروەها تێك شکاندنی شۆڕشەکانی کوردو سەرکردەی بزوتنەوەکان، دەرکەوتنی ئەو زلهێزانە لە کوردستان بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە شتومەکی دەوڵەتە پیشەسازیەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپی گەیشتە بازاڕەکانی کوردستان.

دیارە هەریەکە لەو دەوڵەتانە دەیانویست لە ڕێگای سەرف کردنی کاڵاکانیان سەرنجی خەڵکەکانی ناوچەکە بۆ شارەزایی و دەست ڕەنگینی وڵاتەکەیان رابکێشن هەرواش بووە، ئەم کارە لە ڕێی بازرگانیەوە دەکراو بەهۆی دروست کردنی کۆمپانیاکان تا بازاڕیان ببەستن بە بازاڕی جیهانەوە، وەك دامەزراندنی کۆمپانیای (هیندی- بەریتانی) لە عێراقدا لە سەدەی حەڤدەهەمدا، کوردستانیش بەو سیفەتەی ناوچەیەکی دەوڵەمەندی دابەشکرابوو لە رووی کەرەسەی خاوو بازاڕو ستراتیژی شوێنەکەی وای کردبوو دەوڵەتە گەورەکان هەموو تواناى خۆیان بخەنەگەڕ بۆ شوێن پێکردنەوەیان لەم ناوچەیەدا، دوو دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ئینگلیزی و فەرەنسی بەتایبەتی لەسەر پێکەوەنانی دوو وڵاتی موستەعمەرەی شام و عێراق و مانەوەی قەوارەیەکی سەربەخۆ بەناوی کۆماری تورکیا چارەنووسی سیاسی کوردستانیان تووشی دواڕۆژێکی ڕەش و پڕ مەینەت کرد تەنانەت حازر نەبوون کوردستان لە پلەی وڵاتێکی موستەعمەرەشدا بهێڵنەوە واتە موستەعمەرەیی کوردستان ناڕاستەوخۆ بوو بۆ ئەوەی هەمیشە

کوردستان بە کۆلۆنـی و ژێردەستەیی بمێنێتـەوە و لـەژێر چاودێری ناسیۆنالیزمە تازە لەدایك بووەکانی (عەرەب-تورك-فارس) بمێنێتەوەو سـەربەخۆیی وەرنـەگرن، دوای ئـەم کارەسـاتە سەرانسـەری خـاکی کوردستانیان کردە تەواوکەری کیانی سیاسی چوار دەوڵـەتی تورکیـا/ عێراق/ سوریا/ ئێران، سەرەتای سەدەی بیستەم و بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان ئەو شەڕەی گەلی کوردیشی دووچاری مەینەتی کردو لەوێدا کوردستان بە تـەواوی دابـەش کـراو کرایـە چـوار پارچـە و هـەر پارچەیـەك بەدەوڵـەتێکی ناسیۆنالیزمی ڕەگەزپەرستییەوە لکێنراو ناسنامەی نەتەوەیی و کلتورو مێژووی لێ سەندرایەوە، تا ئێستاش کورد وەك نەتەوەیەك سەیر ناکرێ و ئاماژەی پێ ناکرێ لەنێو دەوڵەتاندا، بە کشانەوەی دەوڵەتە زلهێزەکان و دابـەش کردنـی کوردسـتان بەسـەر دەوڵەتـە تـازە پێگەیشتووەکاندا کوردستان کرایە کەلاوەو مێژوویەکی تراژیدی بەخۆوە دەبینێ لە کۆمەل کوشـتن و جینۆسـایدو دەربـەدەرکردن و سـڕینەوەی شـوێنەوارەکان و دواجار سڕینەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی و ناسنامەی نەتەوایـەتی کـە ئەمەش کاریگەری کردە سەر کۆمەڵگای کوردو شۆڕشێکی درێژخایـەنی بەخۆوە دیوەو مێژوویەکی تراژیدی بەخۆوە دیوە بۆ بەدەست هێنانی، مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان و کەسێتی نەتـەوەیی و ئێستاش ئـەم هەوڵە بەردەوامە.

٩-فاکتەری پەروەردەکردن

پەروەردەکردنی منداڵ لە ڕێی خێزانەوە دەست پێدەکات و لە کۆمەڵدا خۆی دەدۆزێتەوە تا دەگاتە دەوڵەت لەدوای پلەی پەروەردەو فێرکردنە، تاکەکەس لە کۆمەڵدا بەشێکی گرنگ پێك دەهێنێ ئەویش بەهۆی پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردن لە پێناو ئامانجە گشتییەکاندا و هەروەها لە پێناو بەرژەوەندییە گشتییەکاندا. لەگەڵ گەشەی شارستانێتیدا منداڵیش گەشەی خۆی دەکات و دەبێتە هەڵگری ئەو کەسایەتییەی نەتەوە گوزارش لە شارستانیەتی خۆی دەکات، ئەو کەسێتییە لە دەروونی تاکەکەسدا چەکەرە دەکات هەر لە منداڵییەوە و لەگەڵیدا گەورە دەبێت ئەویش بە هۆی کاریگەری تاکەکانی خێزان/ کۆمەڵ/ نەتەوە/ دەوڵەت/ هەروەها ئەو فەرهەنگە رۆشنبیرییەی کە ئەو تاکەکەسە پێی گۆش دەکرێ، ئەمەش لە ڕێگای گواستنەوەی فەرهەنگی کلتوری لە گەورە بۆ منداڵ لە ناوەرۆکیدا کەسێتی تایبەت هەڵدەگرێ و لە ڕێی کۆنەستەوە دەگوێزرێتەوە بۆ منداڵ و بە کەسێتی نەتەوەیی پەروەردە دەکرێ تا ئەو قۆناغەی دەتوانێ خۆی گوزارش لە کەسێتی خۆی بکات، ئەمەش لە کۆمەڵگایەکی سەقامگیرو جێگیرو ئارامدا پیادە دەبێ و زۆر لەسەرخۆ جێگەی خۆی دەگرێ و ماندووبوونی زۆر ناوێ بەڵکو ئەو ڕۆڵە گرنگەی پەروەردە کۆمەڵ دەیبینێ و بە ئەرکی خۆڕسکانەی خۆی دەزانێ ئەوجا ئەرکی گرانتر دەکەوێتە سەر پەروەردە کراو بۆ ئەوەی ئەویش لە ڕێی خۆیەوە گەشە

بە شارستانیەتەکەی بدات و لە هەمان کاتدا پارێزەری بێت و بەرگریشی لێ بکات، سەرەڕای ئەوەی تاکەکەس لە کۆمەڵدا دەتوێتەوە بەڵام هەر بیرکردنەوەیەکی نوێ بۆ گەشەی شارستانیەت کە تاکەکەس ڕۆڵی تیا دەبینێ و پێشکەوتن بەخۆوە دەبینێ، ئەمەش بایەخی تایبەتی خۆی دەبێت لەنێو نەتەوەکاندا، کەوابێ تاکەکەس لەنێو کۆمەڵدا زیاتر دەتوانێ هەڵگری کەسێتی نەتەوەیی بێت و لەوێدا کەسێتی نەتەوەیی پێ دەبەخشرێ، ئەویش بەهۆی تێکەڵاو بوون و لەیەك گەیشتن و گونجاندن تا وایان لێ دێ هەموو یەك کەسێتی تایبەتی هەڵدەگرن کە ئەویش کەسێتی نەتەوەیی‌یە، ئەو کەسێتی‌یە پابەندە بە باری ئابووری و کۆمەلایەتی و هوشیاری و ئارامی شارستانیەت و نەتەوەوە. کە لە پێشدا بوونەتە ژێرخانی کۆمەڵ و شارستانیەتیان لەسەر بنیات نراوە هەر لە مێژوویەکی دوورو درێژەوە، دیارە لە کۆمەڵگای کوردا ئەو جۆرە شارستانیەتە قۆناغی مێژوویی خۆی تەواو نەکردووەو کۆمەڵگای کوردی ئارامی و جێگیری بەخۆیەوە نەدیوە بۆیە پەروەردەکردن بەهەموو فەرهەنگەکانیەوە لاوازەو نەتوانراوە مندال بەشێوەیەکی فەرهەنگیانە گۆش بکرێ و پەروەردە بکرێ تا بتوانرێ لەوێوە ناسنامەو کەسێتی نەتەوەیی سەربەخۆیی پێ ببەخشرێ، ئەم ناتەواویە کاریگەری گەورەی کردۆتە سەر کۆمەڵ و کۆمەڵیش لە حاڵەتێکی بێ کەسێتی و بێ ناسنامەدا دەژی واتە پەرت پەرت بوون و تێك شکاندن لەنێو کەسێتی نەتەوەییدا، ئەمەش بۆ ئەو شکستانەی پێشوو دەگەڕێتەوە کە

مێژوویەکی تراژیدی بەخۆوە دیوە، ئەوجا باری ئابووری و رۆشنبیری و سیاسی کورد لەبەر ئاستی نزمیان نەبۆتە ژێرخانێك بۆ دروست کردنی هەر شێوە کەسێتی‌یەی بۆ تاکەکەسی کورد، لەبەر پێکدادانی شارستانیەتەکان لە کوردستاندا کەسێتی‌یەکی هەمە کەسێتی دروست بووە کە کورد یان تاکی کورد بە زەحمەت دەتوانێ گوزارش لە کەسێتی خۆی بکات، هەروەها خێزانیش لە شێوەکانی پەروەردە کردن و گۆش کردنی مندالٚ بێبەری کراوە گوێزانەوەی ئەو بارە نالەبارە لە گەورەوە بۆ مندالٚ بە تێك شکاوی هاتووە هەر بۆیە کۆمەلٚی کوردی کۆمەلٚێکی تێك شکاوە، بە هیچ جۆرێك بووار نەدراوە بۆ پەروەردەکردن هۆی ئەمەش ئەو مێژووەیە کە کوردو کوردستان پیایدا تێپەڕیوە، هیچ فەرهەنگێك لای کورد ئارامی بەخۆوە نەدیوە تا بتوانرێ بیرێك لە پەروەردە کردن بکرێتەوەو لەوەێوە کەسێتی‌یەك یان ئەو کەسێتی‌یەی لێی سەندراوە بە دەستی بخاتەوە بەلٚکو ئەو کەسێتی‌یە هەر چەپێندراوە، هۆکاری سەرەکی ئەو جۆرە کەسێتی‌یەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەکانی دراوسێی کورد لە رێی داگیرکردنی کلتورو فەرهەنگەوەو نکوڵی کردنی مەسەلەی نەتەوەیی و مێژووی کوردن کە ئەو بارە گوازراوەتەوە لە گەورەوە بۆ مندالٚ، ئەو هەستەش کە بووەتە هۆی خۆ بە نەتەوەیەکی جیاواز لەوانی دی هەر لە کۆنەستدا بە چەپێندراوی ماوەتەوەو لە سندوقەکانی کۆنەستدا هەڵگیراوەو جاربەجارێ کە رووداوێکی دژواری گەورە روودەدات ئەو هەستە چەپێندراوە بە ئاگا دێتەوەو لە ماوەیەکی

کەمدا کپ دەبێتەوە، ئەمەش واتای نەبوونی کەسێتی نەتەوەیی دەردەخات، کەسێتی کورد ناتوانێ گەوزارش لە خۆیی و کۆمەڵ و نەتەوەکان بکات لەبەرئەوەی خاوەن ناسنامەی کەسێتی نەتەوەیی و کەسێتی خۆی نیەو نامۆیە لێی بۆیە زۆرجار لەلایەن نەتەوەکانی تردوە رەت دەکرێنەوە یان ناناسرێن و تەنانەت بە کوردو بە نەتەوەش سەیر ناکرێن. کەسێتی نەتەوەیی پێش دروست بوونی دەوڵەت سەرهەڵدەدات. جاری واشە دوای دروست کردنی دەوڵەت ئەو کەسێتی‌یە جێی خۆی دەگرێ، نەتەوەی کورد لە مێژوودا توانیویەتی خێڵ/ کۆمار/ دەوڵەتۆکە دروست بکات بەلاّم نەیتوانیوە بۆیە ئەو پێکهاتانە تێك شکان، ئەمانەش لاوازی کەسێتی کورد دەردەخات کە نەیتوانیوە کەسێتی نەتەوەیی‌یان بپارێزن، بۆیە رووخان و تێك شکاندن کارێکی چاوەڕوان کراو بووە. سەرەڕای بوونی ئالاّ، دراوو... هتد، دیارە ئەو کەسێتی‌یە لەژێر زەبرو زەنگی داگیرکەراندا تێك شکاوەو داگیرکەردی لە بۆتەی کەسێتی خۆیدا تواندویەتیەوەو کردوویەتیە خزمەت خۆی. تا کورد وای لێ هاتووە زیاتر لە داگیرکەر هەڵگری کلتوریان بێ و قوربانی بدەن لە پێناو فەرهەنگ و کلتوری داگیرکەران، واتە تاکی کوردیش خۆی هەڵخەڵەتاندووەو لەو گێلیەدا دەژی کە رۆژانە خۆی کەسێتی نەتەوەیی و کەسێتی خۆی دەکوژێ.

زەردەشت

"٥٨٣ پ. ز" "٦٦٠ پ.ز"

ئەو پێغەمبەرەی ئەیتوانی لەگەڵ ڕۆحی کوردا [illegible] بێت و ڕۆحی کورد [illegible]. تا لەوێوە بتوانێ کەسێتی دینی و کەسێتی نەتەوەیی پێ ببەخشێ

زەردەشت کەسێکی کراوە بووەو بڕوای وابووە کە هەموو کەس وەکو ئەوی نەبینێت و ببێتە عروقێکی خودایی.

[illegible] هەندەکان، کاری ریکلۆس فەرەنسی، سەدەی ١٩

دەرەبەگە کوردەکان، ئەوانەی تەنها بەرژەوەندی خۆیان ویستووە بەرژەوەندی گەل و نەتەوەیان لەبیر چووبوو،

(میر شەرەفخانی بەدلیسی ١٥٤٣-١٦٠٣، ١٦٠٤ :

ئەو سەرکردەیەی وازی لە دەسەلات هێناو کەوتە نوسینەوەی مێژوو

(قـازى محمد ١٨٩٣-١٩٤٧)

(له لايەن رژێمی کۆنەپەرستی پەهلەویەوە لە سێدارە دراوە)

لەبەردەم پەتی سێدارەدا دەڵێ: (ئێوە ئێستە قازی محمد-ێك ئەکوژن و ئیعدامی ئەکەن، بەڵام شەعبی کوردی هەریەکەی قازی محمد-ێکن بڕوام وایە ئەو قازی محمد-انە زۆر دڵڕەق ئەبن بەرانبەر بەو کەسانە کە بوون بە جەلادی شەعبی کوردی)

"مستەفا بارزانی"

" – "

پێش کۆچ کردنی وەتی: (متمانەم بە دەوڵەتی ئەمریکا هەبوو ئەمیش خیانەتی پیٚکردین)

کەریم خانی زەند ١٧٠١-١٧٧٩ز

کەریم خانی زەند کە هەموو ئێرانی داگیرکرد نەك هەر دەوڵەتێکی کوردی دانەمەزراند بەڵکو خۆی بە شایەنی ئەوە نەدەزانی ناسنامەی (شا) لەخۆی بنێت و نازناوی (وەکیل)ی لەخۆی نا واتە وەکیلی شا لە کاتێکدا هیچ شایەك لە ئێراندا نەبوو ئەوە بوو بە رەوای هەقی خۆی نەبینی خۆی بکاتە شای ئێران، بەڵام (محمد ئاغا خانی قاجاری) تورکمان کە جڵەوی حوکمی لەدەستی زەندیەکان وەرگرت (شا)یەتی خۆیی راگەیاندووە خۆی ورە بەرز بوو ئەگەرچی نێرە مووکیش بوو خۆی بەلایەقی پاشایەتی ئێران زانی بە پێچەوانەی ورەنزمی (کەریم خان)ەوە.

(نسماعيل خانى سمكۆى شكاك ١٨٧٥-١٩٣٠)

(به ريكەوتنى هەردوو دەولەتى ئێران- توركيا شەهيدكرا)

(ئيسماعيل خانى سمكۆى شكاك كە يەكەم جار چاوى بە رەزاشا دەكەوێ دەڵێ: من لە ژيانما لە كەس نەترساوم بەلام كە چاوم بە رەزا شا كەوت پشتم هاتە لەرزين من هەلم بۆ هەڵكەوت ئەوم نەكوشت و هەلم لە دەست بەردا،/ بەلام لە ئاخردا ئەو من ئەكوژێ)٠

لە نيسانى ١٩٣٠ رەزا شا فێڵى لێدەكاو گوللەباران ددكرێ قسەكەى خۆشى هاتەدى كە وتى (من ئەوم نەكوشت، بەلام ئەو من ئەكوژێ)

سەلاحەدینی ئەیوبی ١١٢٨-١١٩٣ز

(رزگارکەری قودس لە دەستی خاچ پەرستان)

"ئـەو کەسـایەتیەی وەك کەسـایەتی ئیسـلامی دەرکـەوت نـەك وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی و کەسێتی‌یەکی نەتـەوەیی"

شێخ سەعیدی پیران ١٨٦٨-١٩٢٥)

لە بەردەم پەتی سێدارەدا دەڵێ (ئەمشەو مانگەشەوە.. سوپاس بۆ تۆ خوای گەورە کە ئێمە شەویشمان هەر رۆژە، چونکە دەرونمان تاریکی تیا نیە، وە ئەمڕۆش ئێمە ئەبینە قۆچی قوربانی بۆ ئازادی کوردستان.. وە ئێمە بڕگەیەکین لەو قوربانیانەی لاشەکانمان ئەکەین بە پرد بۆ ئەوەی

کورد بەسەریا بپەڕێتەوە بۆ بەری ڕزگاری و ئازادی.. وە ئەو مانگە جوانەی کە بە ئاسمانەوە خەرمانەی داوەو ئەدرەوشێتەوە ئەوە هیوای کوردە، ئەو ئەستێرە گەشانەی دەورو پشتیشی ئەو قۆچانەن کە لە ڕێی کوردستانا بەخت بوون و ئێستا بە ئاسمانی کوردستانەوە پرشنگ ئەدەن و ئەدرەوشێنەوە، پێویست ناکات کەس بۆ ئێمە بگری، وە داوای ئێمە لە کەس و کارمان و هەموو کوردێك ئەوەیە تەنانەت دڵیشیان تەنگ نەبێ، بەڵکو پێ‌بکەنن و شانازی بکەن کە ئێمە لە ڕێی خواو کوردستانا ئەڕۆین و دوعای خێرمان بۆ بکەن، بەڵام ئێوە بۆ خۆتان بگرین هەی تاوانکارینە کە ڕۆژێك یەت گەلی کورد ئەم ڕۆژەتان یەنێتەوە بەرچاو) ئەمەی وت و دانەوی‌یەوە بۆ زەوی و مشتێ لە خۆڵەکەی هەڵگرت و ماچی کردو سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕیەوە (وتی: خوایە خۆت ئاگاداری ئێمە لە پێناوی ئەم چاکە پیرۆزەدا ئەڕۆین، کە پێی گڵاوی زۆرداران و بێگانەی لێ ببڕین) ئەمجارەش مشتەخۆڵەکەی دەستی ماچ کردەوەو وتی: (.. بەڵێ ئێمە لەڕێی تۆدا ئەڕۆین. تکامان هەر ئەوەیە ئەو خوێنەی ئێمەو هەموو شەهیدان کە ئەڕژێنە سەرت بیکەی بە گوڵاڵە سورە لە هەموو لایەکا، بۆ ئەوەی نیشانەی خوێن و ڕشتنی ئێمەو تۆڵە سەندنەوەی خەڵکی کوردستان بێ).

(شێخ مەحمود ۱۸۸۳-۱۹۵٦)

(لە لایەن حکومەتی ئینگلیزەوە سزادراوەو حکومەتەکەی رووخاوە)

شێخ مەحمود محاکەمەی بە حەق نەزانیوە لەلایەن ئینگلیزەوە و بە حوکمی ئینگلیز رازی نەبووەو بە عەدالەتیشی نەزانیوە. شێخ لە

مەحکەمـەدا سـەروپێچکەی خـۆیدا راتـەکان و دای بەسـەر سـنگی (گرینهاوس)دا کە لە هۆڵـی مەحکەمـەدا بـۆ شـایەتی وەسـتابوو وتـی: بەدبەخت ئەوە هـەموو گۆبـەندی تۆیـە (واتـە تـۆو هاورێکـانی تـۆ ئـەو فیتنـەتان نایـەوەو ئاوا کـوردو کوردسـتانیان شـێوان). شـێخ مـەحمود داوای مافی گەلەکەی نەبێ داوای هیچی تـری نەکردووە، هـەروەها شێخ مەحمود پێش مردنی وتـی: بەشێکی زۆر لـە تەمـەنم لـە چیـاو شـاخ و ئەشکەوت و دەربەدەری و دورخستنەوە لە خاکی نیشتمانم بەسەربرد، هەمیشە پێچەوانەی شەپۆل و گەردەلوول مەلەم کردووە.. لەهەرە قوڵایی دەریاکاندا ژێرە مەلەم کـردووە.. هەمیشـە پێشـەنگی بـازو هـەڵۆ بـووم لـەپاوی دوژمنـاندا گـەرچی جـێی داخـە (دواکـەوتویی گەلەکـەم) بـووە ئاستەنگ بەسەر شانمەوە!

سەرچاوەکان:

١-حکومەتی کوردستان و کورد لە گەمەی شۆڤێت/ نەوشیروان مستەفا/ ١٩٩٢.
٢-تابلۆکانی شەرەفنامە/ عبدالرقیب یوسف/ چاپی دووەم/ ١٩٩٨.
٣-ئەو هۆکارانەی مەسەلەی کورد پێك دەهێنن/ لازارییف/ سعد عبدالله کردوویە بە کوردی/ بێ مێژوو.
٤-کوردو کوردستان: ئەبو القاسمی لاهوتی/ د. جەبار قادر لە روسیەوە کردویە بە کوردی و تێبینی بۆ نوسیوە/ هۆڵەندە ١٩٩٨.
٥-جوگرافیای کوردستان/ عەبدوڵڵا غەفور/ چاپی دووەم سلێمانی ٢٠٠٠.
٦-کوردو شۆڕش و هەڵی مێژوویی/ حوسین محەمەد عەزیز/ چاپی دووەم ٢٠٠٠.
٧-پەیوەندی نێوان کوردو روسیا (کوردستانی قەفقاز یا سۆڤێتی)/ ئارام علی/ ستۆکهۆڵم ١٩٩٩.
٨-ئاغاو شێخ و دەوڵەت/ مارتن ڤان برونەسن/ کوردۆ لە ئەڵمانیەوە کردوویە بە کوردی/ بەرگی یەکەم/ چاپی سێیەم/ سلێمانی ١٩٩٩.
٩-راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران/ روبەرت ئولسن/ وەرگێڕانی بۆ کوردی ئەبوبەکر خۆشناو/ ١٩٩٩.

١٠-گەلێکی پەژموردەو نیشتمانێکی پەرت/ وەرگێڕانی لە عەرەبی و فارسیەوە و کۆمەیی/ لە ئینگلیزیەوە ا حەوێزی سوید ١٩٩٨.
١١-کۆمەڵزانی و کورد/ فوئاد تاهیر سادق/ سلێمانی ١٩٩٩.
١٢-چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگای کوردیدا/ عەتا قەرەداغی/ ١٩٩٩.
١٣-ستراتیژی کەسێتی نەتەوەیی کورد/ عەتا قەرەداغی/ سلێمانی ١٩٩٨.
١٤-دەروازەی گۆڕانی کۆمەڵ/ بەیاد عبدالقادر/ بغداد ١٩٨٧.
١٥-کۆمەڵی مەدەنی/ وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو ٢٠٠٠.
١٦-مرۆڤ لە روانگەی مارکسەوە/ ئەریك فرۆم/ وەرگێڕ هەنگاو/ چاپی یەکەم ١٩٩٩.
١٧-گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی/ نوسینی د. کەریم ئەبوجەلاوە/ وەرگێڕانی بۆ کوردی/ ئیسماعیل کوردە، رەوشت رەشید، نوری بێخاڵی. چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٠
١٨-لیبرالیزم و دیموکراسی/ نوربیر توبویۆ/ وەرگێڕانی/ رێباز مستەفا/ سلێمانی ٢٠٠٠.
١٩-تطور النظرة الواحدية الى التأريخ/ جورج بليخانوف/ ترجمة متجير مصطفى/ مراجعة د. مراد وهبة بيروت/ بێ مێژوو.

٢٠-اشكالية مفهوم المجتمع المدنى/ د. كريم ابو حلاوة الطبعة الاولى/ سوريه ١٩٩٨.
٢١-المجتمع المدنى دراسة نقد/ د. عربى بشارة/ مركز دراسات الوحدة العربية/ الطبعة الاولى بيروت ك٢/ ١٩٩٨.
٢٢-كردستان مستعمرة دولية: اسماعيل بيْشكچى/ ترجمة زهير عبدالملك ١٩٩٨.
٢٣-العصبيه و الدولية/ د. محمد عابد الجابرى/ بغداد/ بیٚ میٚژوو.
٢٤-العامل الاقتصادى فى التأريخ/ جورج بليخانوف/ بیٚ میٚژوو.
٢٥-الفرد و المجتمع/ ب. بخوفسكى/ ترجمة هندى رياض/ الطبعة الثانية/ بيروت ك ٢، ١٩٧٨.
٢٦-الانسان و الارتفاء/ جون لويس، نقله عن الروسيه/ عدنان جاموس/ دمشق ١٩٧٠.
٢٧-الانا و الهذا/ سغموند فرويد/ ترجمة جورج طرابيش/ الطبعة الاولى/ بيروت ١٩٨٣.
٢٨-مباديء علم النفس الفرويدى/ تأليف كالفن –س- هةول/ تعريب دحام الكيال/ الطبعة الثالثة، بغداد ١٩٨٨.
٢٩-علم النفس الجمعى و تحليل الأنا/ سغموند فرويد/ ترجمة جورجد طرابيش/ الطبعة الاولى/ بيروت ١٩٧٩.

٣٠-بافلوف و فرويد/ تأليف هارى ويلز/ ترجمة شوقى جلال/ الجزء الاول/ الهيئة المصرية العامة للكتاب ١٩٧٥.
٣١-علم النفس الاكلينيكى/ د. مصطفى فهمى/ دار مصر للطباعة/ بێ مێژوو.
٣٢-قاموس علم النفس/ د. عبدالستار طاهر شريف/ الطبعة الاولى ١٩٨٥.
٣٣-گۆڤاری نڤار/ ژماره (٢) ساڵی یەکەم هاوینی ١٩٩٨.
٣٤-گۆڤاری نڤار/ ژماره (٥) بەهاری ١٩٩٩.
٣٥-گۆڤاری مەدەنیەت/ ژماره (٢) ساڵی یەکەم ١٩٩٩.
٣٦-گۆڤاری مەدەنیەت/ ژماره (٤) ساڵی یەکەم ١٩٩٩.
٣٧-گۆڤاری مەدەنیەت/ ژماره (٨) ساڵی ٢٠٠٠.
٣٨-گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی/ ژماره (٢) ساڵی حەوتەم مایسی ١٩٩٩ سلێمانی.
٣٩-کورد- کورتە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی‌یە/ فوئاد حەمە خورشید وەرگێڕ سالح سەعید دەلۆیی ساڵی ٢٠٠٠
٤٠-رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا/ د. رەشاد میران چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێکی کوردستان- چاپی دووەم ٢٠٠٠

٤١- نەتەوەو نەتەوایەتی/ ئازاد مستەفا- لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شەهید ئارام/ چاپی دووەم ١٩٩٢.
٤٢-پەندی پێشینان/ شێخ محەمەدی خاڵ/ چاپی سێیەم سلێمانی ٢٠٠٠.
٤٣-کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان/ حوسێنی مەدەنی- بەرگی دووەم چاپی یەکەم ئادریلی ٢٠٠١.
٤٤-چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی گەلی کورد/ کەیوان ئازاد ئەنوەر، چاپی دووەم سلێمانی ٢٠٠٠.
٤٥-کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی- ئێرانی (١٦٣٩-١٨٤٧) نەجاتی عەبدوڵلا- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر ٢٠٠١.
٤٦-کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد- عەتا قەرەداخی، وەزارەتی رۆشنبیری/ ٢٠٠١.
٤٧-کوردستان لە مێژوودا- چاخە کۆنەکان (١٠٠٠ هەزارساڵی پ.ز- ٤٠٠ی ز) نوسینی خەسرۆ گۆران- وەرگێڕانی ئاسۆ کەریك بەشی یەکەم/ چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر/ ٢٠٠١.
٤٨-الدولة و المشكلات الدولية/ دراسة في الجغرافية السياسية، د. عبدالله عطوي ١٩٩٤ بيروت- لبنان.
٤٩-الحضارة و الشخصية/ د. قيس النوری/ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي بغداد ١٩٨١.

٥٠-منطق ابن خلدون في ضوء حضارته و شخصية/ د. علي الوردي المطبعة امير- قم ١٩٩٧.

٥١-مێژووی راپەڕینی کورد- عەلائەدین سەجادی/ چاپی دووەم ١٣٧٥ چاپخانەی شاری کورد، سەقز.

٥٢-شۆڕشی دیاربەکر- نوسینی شەهید عوسمان عوزێری- ئامادەکردن و ڕێکخستنەوەی بەرزان حاجی ابراهیم چەرمەگا- چاپی دووەم ٢٠٠٠.

٥٣-هەندێك داوەری بەناوبانگ- یاخود (محاکمات)ی مەزن لە مێژوودا، پارێزەر جمال بابان- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ١٩٨١ بغداد.

٥٤-لە هەرباخەی گوڵێك- نوسین و کۆکردنەوەی فەتاح رەشید بێسارانی، چاپی یەکەم ١٩٩٩.